# بازنەی ترس

## حوسێن سومێدە

**چاپی دووەم**

حەکیم کاکەوەیس
لەئینگلیزییەوە کردوویەتیە کوردی

# پێشەکی

من دەزانم ئەوەی کە لێرەیدا دەنووسم، بە چاکەم بە سەردا ناشکێتەوە. ئەم کتێبەم بۆ ئەوە نەنووسیوە هەڵە و تاوان و خراپەکارییەکانی خۆم بخەمە ڕوو. بۆیەم نووسیوە، خەڵکی دی، لە نزیکەوە بە دیوی ناوەوەی وڵاتەکەم ـ کە عیراقە، ئاشنا بن و لە سەفەرە پڕکارەساتەکەمدا بەشداریم بکەن. بەسەرهاتی تایبەتیی کەسێکە و یەک دنیا وانەی ها تێدا.

چەندین ساڵە عیراق کتێبێکە و لە خەڵکی دەرەکی داخراوە. پەیامنێران مەودای ئەوەیان بووە دەستیان بە لێپرسراوە سیاسییەکان و ڕووداوە سیاسییەکان بگا، بەڵام هەرگیز بە خەڵکی ئاسایی نەگەیشتوون. لە ناو ئەم کۆماری ترسەدا خەڵکی ـ وەک نووسەرێک دەڵێ ـ هەرگیز نەیانوێراوە بە ئاشکرا ڕای خۆیان دەربڕن. من ناوی دەنێم: بەشێکی گچکەی دۆزەخ. باسەکەم بەرەو ناو ژیانی ڕۆژانەی ناوەوەی وڵاتەکەمت دەبا تا درک بە ماددەی مرۆڤایەتیی بکەیت، ئەو ماددەیەی کە دەستی مێژوو و ڕۆژنامەوانانی ناگەنێ. بە بێ ئەوەش، هیچ شتێ ناکەوێتە بەر مەودای تێگەیشتنەوە.

لەبەر نائاسایی ژیانی ڕابردووم باسێکی ناوەوەی ئامێری ترس ـ موخابەرات ـ دەکەم کە کاریگەریێتی بە سەر هەموو دامودەزگای جاسووسێتی و پۆلیسی خەفیەتییەوە هەیە. باسەکەم، بەڵگەی توانا و سەخافەتی ئەم دنیای جاسووسێتی و تۆقاندن و تیرۆرەیە. جەیمس بۆند لە واقیعی ئەو دنیایەدا بوونی نییە.

هەروەهــا باســی لایەنێکــی ئیــسرائیلیش دەکەم کە بــێ وێــنەیە و عــارەبێکی عیــراقیش دەیگێــڕێتەوە کە بەخــۆی لە (مۆســاد)دا کــاری کردووە.

لە کۆتاییدا، ئەم کتێبە بۆ میللەتەکەی خۆم دەنووسم تا لێوەی بڕواننە دنیا. پێم گرنگە، بێ ئەوەی گوێ بدەمە چارەنووسی خۆم، هەمــوو ڕووداوەکــان بگێــڕمەوە. وشــیاربوونەوەی بەکــاوەخۆی میللەت تاکە شتێکە ئەو بازنەی ترسە بشکێنێ.

حوسێن سومێدە

( ١ )

# نێچیری ڕق

که دەست به ڕوخساری خۆمدا دێنم، هەست به مۆری باوکم دەکەم له گۆشتەکەمدا چەسپ بووه. هێشتا دووساڵانیش نەدەبووم، باوکم له کاتی تووڕەبوونێکیدا سەرمی به چوارچێوەی دەرگاکەوه نووساندبوو و دەرگای پێمدا داخستبوو و سورگی خوارەوه، بەر سەرەوەی چاوی ڕاستم کەوتبوو. به پێی قسەی دایکم، که زۆر له باوکم دەترسا، ماوەی چەندین سەعات گریاوم و خوێنم لەبەر چووه. دایکم بۆی گێڕامەوه که تەمەنم دوو مانگیش نەبووه، بۆ یەکەم جار لێدانی باوکمم خواردووه.

دەزانم به منداڵی، نێچیرێکی بێتاوانی باوکم بووم. دوایی، ڕەنگه بۆ پاراستنی ڕاستیی بۆچوونی خۆم بووبێ، فێر بووم دەمەتەقێی لەگەڵدا بکەم و به نوکته و گاڵته بەرپەرچی بدەمەوه. که بەرەو تووڕەییش دەچوو، وام لێ هاتبوو که هۆی تووڕەبوونەکەی به ڕوودا بدەمەوه. ئەوەش دەزانم: ئەگەر باوکم مرۆڤێکی ئاسایی بوایه، ئیستا ئەم چیرۆکەم نەدەنووسی.

باوکم قاڵبێکی کوشندەی بۆ من و هەموو ئەندامانی خێزانەکەمان دانابوو. هێندێ جار، دەمگوت ڕەنگه مەسەلەکه هەر لەوەدابێ که من له باوکم تێناگەم ــ ئێستاش بۆم دەرکەوتووه که زەحمەته تێگەیشتن پێچی وا گەورە به چارەنووس بداتەوه. تەنانەت ئەگەر شارەزاییت له توندوتیژیی و تیژگری پاتۆلۆژی ١ هەبێ تێدەگەی، که زەحمەته به سەلامەتی لێی دەرچیت.

هەر جارێ باوکم تووڕە بوایه، کریستاڵ و تەپڵەک و قاپوقاچاخی به دیواردا دەدان. لەبەر ئەوه، هەرگیز تاخمی تەواوی حاجەت له ماڵی ئێمەدا نەبووه. لەگەڵ کتێب و خەیاڵاتی خۆمدا وەتاک دەکەوتمەوه و وردە وردە، ڕقم بەرانبەر به باوکم پێدەگەیاند. ئێستاش بەردەوامم.

میزاجە تۆقێنەرەکەی، بە بچووکترین هۆکار دەتەقییەوە ـ ژەمە خواردنێک دە دەقیقە دواکەوتبا، یا من بە شێوەیەک وەڵآمم داباوە کە حورمەتی تەواوی تێدا نەدیبا ـ هەرگیز پێم نەدەکرا بەرانبەر یاسا سەربازییەکانی بوەستمەوە، چونکە لەو دەمەوە کە زمانم گرتبوو، لە سایەی ئەو تیرۆرەی کە تێیدا دەژیام، زمانم تێکدەئالآ. ئەمەش ئەوەندەی تر باوکمی تووڕە دەکرد: کوڕەکەی، تەنانەت قسەی ئاساییش نازانێ. کە دەمویست مەبەستی خۆم ڕوون بکەمەوە، وا تووڕە دەبوو، هەڵیدەگرتم و بە زەوی یا بە تەخت و قەنەفەی ماڵەوەیدا دەدام.

دوای ئەوەی خوشک و براکانی دیکەم لە دایکبوون، ئەوانیش زوو فێر بوون لێی بترسێن. تەمەنی (دینا)ی خوشکم و (سەیف)ی برام، لە تەمەنی منەوە نزیک بوون... لە کۆتایی شێستەکاندا لەدایک بوون. (دالیا)ی خوشکم دوایی، ساڵی ١٩٨٠ لەدایک بوو. هەموومان بابەتی تووڕەبوونی باوکم بووین، بەڵام من بەشە زۆرەکەیم پێ دەبڕا.

چەکە هەڵبژاردە بەکارەکەی باوکم بابجێکی شینی گەورە بوو. ئەوەی بە پشتی ناسکماندا دەکێشا. ئەترەشمان لەو بابجە چووبوو. ڕۆژێکیان ـ تەمەنم دەوروبەری حەوت ساڵان بوو ـ من و سەیف، غیرەتمان وەبەر خۆ نا و هاویشتمانە زبڵدانی ماڵێکی ترەوە. ئەو شەوە کە باوکم هاتەوە، بە دووی بابجەکەدا گەڕا. بە توندی شیڕاندی و داوای لێ کردین پێی بڵێین. بە تووڕەیی شەڕانییەکی شکستخواردووەوە، هەموومانی داپڵۆسی.

دایکم ـ ئێستاشی لەگەڵدا ـ ژنێکی هێمن و بەسەبر بوو و منداڵی خۆی خۆشدەویستن. قەت نەمزانی چۆن لەگەڵ باوکمدا دەحەوایەوە. بەهەر حاڵ، هەرگیز لەوی نەدەدا. بە شێوەیەک لە شێوەکان، وەک جادووی جوانی خۆی لێی دەڕوانی.

ناوی تەواوی باوکم (عەلی مەحموود سومێدە)یە. کورت و خڕ و ناشرینە، ڕەشئەسمەرێکی لووتزل و قژڕەشە. دایکیشم بە پێچەوانەوە، باریکەلە و لاوازە. قژی خەنەیی و پێستی سپیلکانەیە. وەک ناوەکەی (سوهەیلە) جوانە. لە زانکۆدا، باوکم لێپرسراوی خوێندکارانی ڕێکخراوی نهێنی بەعسییان بوو و

دایکیشم خوێندکاری (کۆمەڵناسیی) بوو، تووشی یەکتر ببوون. ئەوەی ئەو دەمە ناسیونی دەڵێن جوانترین کیژی زانکۆی بەغدا بووە.

دایکم بە چاوی تەڕەوە بۆی دەگێڕاینەوە کە چۆن بۆ بەدبەختی خۆی دەبوو تووشی بە تووشی باوکمەوە بێ و لەگەڵ پیاوێکی وادا بژی. ئەگەر دەیزانی!. جاروبار تەمێشی دەکردین بەڵام بە شێوەیەک لە شێوەکان، هێندێک جار سۆزی خۆی بەند دەکرد. بە بێ سۆزی ئەو، هەرچۆنێ بوایە ژیانمان لەدەست دەدا. خۆ من هەر دەکوژرام. باوکم هێرشی بەردەوامی بۆ دەهێنام و دایکم بەرگریی بەردەوامی لێ دەکردم و زۆری لە ئاگرەکە خامۆش دەکرد. نازانم بۆ لە هەموان پتر ڕقی لە من بوو. دەزانم کە فەرمانێکی بە خوشک و براکانم دەدا ئەوان زوو جێبەجێیان دەکرد بەڵام من، یا ساوەساوم دەکرد یا هەر لە بنیی نەمدەکرد. ئەگەر پێی بگوتینایە لە ژوورەکە دەرکەوین، ئەوان زوو دوور دەکەوتنەوە، بەڵام من بەرانبەر کارەسات دەمامەوە. نازانم لەبەر ئەوە بێئەدەب بووم کە فێر ببووم ڕقم لێی بێ یا ئەو لەبەر ئەوە ڕقی لێم بوو کە بێئەدەب بووم.

ژیانی خێزانەکەمان لە شەقامی فەلەستین ئاوها بوو. لە گەڕەکێکی تازەی بەغدا، لە خانوویەکی فراواندا دەژیاین کە لە سێ ژووری نوستن و دوو سالۆن و مەتبەخێکی گەورە و ژوورێکی نانخواردن پێکهاتبوو. خانووەکە، لە سەر شێوەی تازەترین خانووی وڵاتانی ڕۆژاوا دروست کرابوو و هەموو پێداویستییەکی تێدا بوون، ڕێڕەوی نێوان ژوورەکان لە لای ڕۆژهەڵآتەوە بوو. دایکم و نەنکە بەسۆزەکەم کاروباری ماڵەوەیان ڕادەپەڕاند و کچۆڵەیەک و چێشتکەرێکیش یارمەتییان دەدان. وەک زۆربەی منداڵآنی عیراق بە (بیبی) نەنکمان گاز دەکرد. نەنکیشم، وەک دایکم لاواز و جوان و بەڕێز بوو... دوو بلبل بوون و کەوتبوونە هێلانەی سیمرخێکەوە.

ئەگەر ماڵ و سامان بەختەوەرییان بهێنابا، دەبوو من بەختەوەرترین منداڵ بم. ئەوەی بە پارە بکڕدرێ هەمانبوو. سەرچاوەی هەموو ماڵ و سامان، سیاسەتەکەی باوکم بوو و سیاسەتیش هۆ و ئامرازی ئەو بوو.

جگە لەوەی کە باوکم وەک سنووقی شرەوپرە سەیری دەکردم، هەر بە عاستەمیش ئاگاداری بوونم بوو. جێیەکەم پەنایەک بوو و بۆی کردبووم بە ژوور. هەرگیز قسەی لەگەڵدا نەدەکردم. تەنانەت لە جەژنی لەدایکبوونیشمدا پارە و دیاریی نەدەدامێ. کە لە قوتابخانەش بووم، بەلایەوە گرینگ نەبوو چی دەخوێنم و چەند فێر دەبم.

لە تەمەنی شەش حەوت ساڵیدابووم، باوکم کترییە ئاوێکی کوڵاوی لە سەر تەباخەکە هەڵگرت و بە دەم جنێودان و شیڕاندنەوە پێیدا ڕشتم. ئەوەی لە بیرم ماوە، چزەی ئازارە نەک هۆی ئەو کردەوە دڕندانەیە. ڕان و شتە گچکە تایبەتییەکەم سووتان و بە هەموو بزووتنێک تۆقلەی گەورە گەورە ئازاریان پێ دەگەیاندم. باوکم لەو وەزعە و لە هەموو وەزعێکی لەو بابەتەدا، لێنەدەگەڕا کەس پزیشکم بۆ بانگ بکات. دایکم، سەعات پێنجی بەیانی بە دزییەوە چوو هەتوانی بۆ هێنام و دواییش هەر خۆی بردمییە تیمارخانە.

ڕاستییەکەی، ئەوەی لێرەیدا دەگێڕمەوە، هەموو بیرەوەرییەکی منداڵیمە لەگەڵ باوکمدا. وەک گەردەلوولی هار ، جاروبارێ لە ژیانمدا بەرپا دەبوو. ئەوەش بەس بوو بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی پاڵپێوەنەر بۆ ساڵانی هەڵکشانی تەمەنم.

یاخیبوون و تۆڵەسەندنەوە، دەستیان بەسەر هەموو ئەو کارانەدا دەگرت کە لە ساڵانی دواییدا ئەنجامم دەدان. سێبەرێکی لەرزۆکە و لە سەر شانم دەجووڵێتەوە. بە گێڕانەوەی ئەم داستانەش، هەر وەکی خۆی دەمێنێ. ڕژێمە دڕندەکەی بەعسی سەددام حوسێن لە باوکمدا بەرجەستە ببوو. منیش، ئەو ڕقەی کە بەرانبەر باوکم هەمبوو ئاڕاستەی یاساکانی عیراقم کرد.

کە دیتم لە قوتابخانەدا، بە هۆی ئەو باوکە تۆقێنەرەوە جێی سەرنجم و لە هاوەڵەکانم لەبەرچاوترم، پێم گاڵتەجاڕیی بوو. جیا لە زۆربەی منداڵانی عیراق، من بە ئۆتۆمبیلی گەورەی ناوبەجام، شوفێری تایبەتی دەیبردم و دەیهێنامەوە. لە یەکەم پۆلی قوتابخانەی باخچەی منداڵانەوە، کە قوتابخانەیەکی گچکەی تایبەتیی بوو - پێنج ساڵانیش بووم - دەمزانی چارەنووسم چۆن دەبێ. خوێندن، نومرە، ڕێکوپێکیی و لەگەڵ منداڵانی

تریشدا، پۆل. هەموو بە هۆی پلەی کۆمەڵایەتیی باوکمەوە دیار و ئاشکرا بوون. یەکێ لە ئەرکەکانی باوکم ئەوە بوو هەر دوو - سێ مانگ جارێک دیاریی بداتە مامۆستاکە. دیاری و تەوژم و پلەوپایەی باوکم وایان کرد ـ بۆ نموونە - لە تاقیکردنەوەی زارەکیی چاوپۆشیم لێ بکرێ، کە بە دڵنیاییەوە دەزانم لێی دەرنەدەچوم.

منداڵ زوو فێر دەبێ مافی خۆی بەکار بهێنێ. کە شەش یا حەوت ساڵان بووم، گیرفانەکانم پڕ دەکردن لە چکلێت کە جیا لە زۆربەی خەڵکی عیراق، لە ماڵەوە هەمانبوو. دەمزانی منداڵی دی بە چکلێت هاوڕێتیم دەکەن. ئەگەر منداڵێ وەڕسی کردبام یا لێیدابام، دەمتوانی کارێکی وەها بکەم کە چاودێرە تایبەتییەکەم خەمی بخوات.

تایبەتیی بووم چونکە (عەلی سومێدە)ی باوکم یەکێ بوو لە پیاوە هەرە دەسەڵاتدارەکانی ڕژێمی بەعس. دەسکەوتەکان لە تیرۆرەوە، لە ئامێری زوڵمی دەسەڵاتی سیاسییەوە هاتبوون. ئەو هەڵسوکەوتە تایبەتییانەی لەگەڵ مندا دەکران، لە قازانجی باوکمدا بوون نەک من، پلەوپایەی باوکمیان ڕادەگرت نەک هی من. ئەگەر بە ڕاستی بەهۆڵمەوە بوایە، لە جیاتی ئەوەی بەرتیل بە مامۆستاکان بدات، دەیدیت خرابوومە پۆلی چارەسەرکردنی زمانەوە. بەڵام کاری وا ناچاری دەکرد دان بە شەرمهێنەریی و گێلیی کوڕەکەیدا بنێ. دەبوو ڕووکەشی تەواوەتیی و سەرکەوتن لە هەموو کەنارێکدا دەرخرێ. وەک سەرجەمی کۆمەڵگە، سەرکەوتن و گەشەکردن، دەسکەوتی فەسادیی و فێڵ و گزیی. هەموو وڵات ڕووکەش بوو و لە پشت ئەو ڕووکەشەشەوە خۆرە و بۆگەنیی بوو.

ساڵی ١٩٦٩ باوکم لێپرسراوی سانسۆر بوو. بەڵام هەر ئەندامێکی پلەداری بەعس دوو کاری گرینگی هەبوون. کاری مەدەنیی باوکم سانسۆر بوو. لە بیرۆی سەددام خۆیشیدا وەک ئەفسەرێکی پلەباڵا، خەفێی پەیوەندییە گشتییەکان بوو.

بەبێ ڕەزامەندیی ئەو، هیچ کتێب و هیچ فیلمێک بڵاو نەدەبووەوە. بەعسییەکان سوور بوون لە سەر ئەوەی بە ئازاردانی جەستە و برسیکردنی

هۆش، دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن. گاڵتەجارییە!. لە بەر ئەوەی باوکم سەگی پاسەوانی دەرگا داخراوەکانی فێربوون بوو، پێم دەکرا بەبێ سزادان بەو دەرگایانەدا تێپەڕم. ماڵەکەمان، کتێبخانەیەکی گەورەی تێدا بوو. ژوورێکی گەرم و خۆش، پڕ بوو لەو کتێبانەی کە باوکم چنگی لێ گیر کردبوون و بڕیاری دابوو سەرف نەبن. کە لە ماڵەوە نەدەما، چەندین سەعاتم لەگەڵ یەکێ لەو کتێبە ناشەرعییانەدا بەسەر دەبرد. زۆربەیان عارەبی بوون. هەموو شتێکی لێ بوو، هەر لە کورتەچیرۆکی ئەمەریکایی و بیرەوەرییەوە بگرە تا دەگاتە لێکۆڵینەوە لە سەر کۆمۆنیزم و دارایی.

ئەو کتێبەی کە دۆزیمەوە و زۆرم بە دڵ بوو، لە سەر ژیانی (ئێلی کۆهێن)ی جاسووسی ئیسرائیل بوو. دوای ئەوەی لە خوارووی ئەفریقیادا، پێناسەی ئاوارەیەکی سووریایی بۆ خۆی ساز کردبوو، چووبوە شام و وەک نوختەیەکی ئیسرائیلی لە ڕیزی سیاسی و سەربازی باڵای سووریادا، کاری دەکرد. زانیارییەکانی کۆهێن هۆی سەرەکی و ڕاستەوخۆی سەرکەوتنی ئیسرائیل بوون لە شەڕی ١٩٦٧ ـ شەڕی شەش ڕۆژەکەدا. بەڵام بەخۆی تامی بەری سەرکەوتنەکەی نەکرد. ساڵی ١٩٦٥ ئاشکرا بوو کە ڕادیۆکەی، بەرەو ئیسرائیل پەیام دەنێرێ. لە (گۆڕەپانی گەل)ی شامدا، لە ناو هوتافی جەماوەری شامدا هەڵواسرا.

لە لاپەڕەکانی باسی کۆهێندا تێگەیشتم کە بوونی ئیسرائیل لە ناوەندی چەندین دەوڵەتی دوژمندا چ دەگەیەنێ. دوایی کە چوومە ڕۆژاوا و توانیم پڕوپاگەندەی هەردوولا لە ڕاستی جیا بکەمەوە، ئەوەش تێگەیشتم کە زایۆنیستەکان چییان کردووە تا لە ناحەزیدا پشکیان زۆر بێ. بەڵام لە قوتابخانەکانی عیراقدا فێر نەدەکراین کە جوو، چییان لە دەست نازییەکان چەشتووە. لە بری ئەوە، فێر دەکراین کە جووەکان پیلانیان گێڕاوە و هیتلەر و ڕایخ چاکەیان بۆیان بووە. هەردوو مەسەلەکەش، جێی ڕەزامەندی تەواوی باوکم و سەددام بوون.

ئێلی کۆهێن بوو بە قارەمانی من. زەحمەتە ناعارەبێک تێبگەیەنی کە ئەمە چەند مایەی شەرمەزارییە و چ دیانەتێکی باوەڕپێنەکراوە. شەیتانپەرستییەکە

لەو گۆڕە. لای باوکم و ملیۆنەهای وەکی ئەو، ئیسرائیل دوژمنی تەقلیدییە بە تایبەتی کە دان بەوەدا نەنێ خاکی عارەبی داگیر کردووە. ئا لەو ئاستەدا، ڕقەکە ڕەوایە و بێ جێ نییە. بەڵام ڕقی ئیسرائیل لە جێی خۆیدا نییە و بێ هۆیە. ئەم باسە، لە هەموو ساتێکی ژیانی سیاسیماندا هەست پێ دەکرێ و بگرە بنەمای ئەم چیرۆکەی منیشە.

لە دەمی هەرزەکاریمدا زانیم کە سیاسەتەکەی باوکم لەو جێیەیە کە لێی دەژێ. شەوێکیان گوتم: تۆ و سەددام زۆر باسی مافی خەڵک دەکەن کەچی هەموو کاری ئێوە کوشتن و بەکۆیلەکردنی خەڵکە.

گوتی: مادام ململانێمان دەکەن ئەوە تاکە ڕێگەی هەڵسوکەوتە لەگەڵیاندا. دوایی، بە توندی شیراندی و گوتی: وەک کەر و وڵاخ وان و دەبێ بە تێلآیەکەوە تێیانکەویت تا بچنە ئەو جێیەی کە دەبێ بچن. لە وەڵآمدا گوتم: ئەگەر هەرگیز ڕێی دەربڕینی ڕای خۆیان نەدەنێ چۆن دەزانن کەرن؟. ئەمەم گوت و دەمزانی پێی توورە دەبێ. گوتی: "هەتیوی زۆڵ تۆ چی لێ دەزانیت؟. بەڕێوەبردنی وڵات ئەوەیە کە دەسەڵاتت هەبێ و تاکە ڕێگەش بۆ ئەوەی دەسەڵاتت هەبێ ئەوەیە نەفرەت بکەیت و هەموو کەس لێت بترسێ و کەس قسە نەداتە بەر قسەت. ئەوەی بەرانبەرت ڕاوێستا... پخخخخ..." ئەوەی گوت و دەستی وەک چەقۆ لێکرد و بە ملی منیدا هێنا. ئەوسا گوتی: "کوژرایت..." گوتم: "وەرەمی شۆڕشێکی جوانتان هەیە. ئەو کاتەی ڕژێمی پێشووتان ڕووخاند و باسی مافی خەڵکیتان دەکرد، ئا ئەمانەتان لە خەیاڵدا بوون؟" بە شێوەیەک بزوا ویستی پێمدا بکێشێ. شیراندی: "بچۆرە دەرەوە هەتیوی زۆڵ... بەختت هەیە کە تۆشم نەکوشتووە."

چوومە ژوورە داخراوەکەمەوە.

باوکم ساڵی ١٩٣٥ لە تونس لەدایک بووە. باوکی، کە یەکێک بووە لە بنەماڵە ملکدارەکانی بنەماڵەیەکی گەورە، سێ یا چوار ژن و بڕێ منداڵی هەبوون. باوکم بە لاوێتی لە بزووتنەوەیەکی نهێنیدا لە تونس، دژی حەبیب بۆرقیبەی زۆردار، کە دوای سەرفرازی تونس لە دەست فەرەنسا چووە سەر تەختی دەسەڵات، کاری دەکرد. لە خۆپیشاندانێکدا گیرا و بڕیاری مردنی

بەسەردا درا. باوکم، هەرچۆنێ بووبێ هەڵهات و بە بەلەم چووە مەرسیلیا و لەوێشەوە چووە سووریا. ئیدی باوکم لەوێ، میشێل عەفلەقی بنیاتنەری بەعسی دیبوو.

حیزبی بەعس لە شام، ساڵی ١٩٤٣ لە لایەن میشێل عەفلەق و سەلاحەددین بیتارەوە دامەزێندراوە. وەرگێڕانی ناوی بەعس دەبێتە حیزبی سۆسیالیستی زیندووبوونەوەی عارەب. بەعس، زۆرتر لە سووریا و عیراقدا برەوی هەیە. لە ناو گەلانی تری ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستیشدا لایەنگری هەن. ئەم حیزبە، بە شێوەی ماقووڵی بۆچوونی پارێزگارانە و عارەبانەوە دەستی پێ کرد بەڵام کە ئیسرائیل ساڵی ١٩٤٨ عارەبی بەزاند، حیزبەکە پەرەی سەند و زیاتر بوو بە ڕادیکاڵ. لە ڕووی ئایدۆلۆژیاوە، بەعس لە نەتەوایەتی عارەبی سۆسیالیزم و گەرزوگوڵینگی مارکسیزم پێکهاتووە. لە ڕاستیدا ڕژێمی بەعسی سووریا و عیراق، لە دیکتاتۆرگەلێکی توندوتیژ بەولاوە هیچی دیکە نین.

بەعسایەتی بوو بە بیانوویەک بۆ ئەو کەسانەی تێنووی دەسەڵاتن تا دەسەڵات (لە پێناوی میللەت) دا بگرنە دەست و (لە پێناوی خۆیان)دا درێژەی پێ بدەن. عارەب ویستی زنجیر لە گەردەنی خۆی داماڵێنێ کەچی زنجیری تازەی بۆ خۆی دروست کرد.

ئەو شکستە تازەیە حەماسی خەڵکی بەرز کردەوە. باوکم پەیوەندی لەگەڵ بەعسی سووریادا پەیدا کرد، بەڵام زوو لەگەڵ پۆلیسی سووریادا کێشەی بۆ خولقا. ساڵی ١٩٥٧ خۆی بە عێراقدا کرد. لە کاتی وەڕوورکەوتنیشیدا بۆ عیراق، مەترسیی فرەی تووش بوون. خۆی وەک جەزائیرییەک ناساند. ئەو دەمە، عیراق پشتگیریی جەزائیرییەکانی لە شەڕی ڕزگاریی دژی فەرەنسادا دەکرد. لە بەر ئەوەی پێناسە تایبەتییەکانی باوکم بە فەڕەنسی نووسرابوون، زەحمەت نەبوو بە سەریاندا تێپەڕێ و بە خەڵکی جەزائیری بزانن.

باوکم چووە زانکۆی بەغدا و لەوێ لە ڕیزەکانی بەعسدا دەستی بە چالاکی نهێنی کرد. ئەوەندەی من بزانم، ئەو کاتە باوکم بۆ یەکەم جار، لاوێکی تری بەعسی بە ناوی سەددام حوسێنەوە دیبوو، کە بە شەقاوە ناسرابوو. لەبەر

ئەوەی سەددام لە مامۆستایەکی دابوو، لە یەکێ لە وانەکاندا دەرکرابوو. هێز و دڕندایەتی، تاکە تاکتیکی دەمەتەقێی سەددام بوون.

سەددام حوسێن سەر بە بنەماڵەیەکی پیس و هەژارە و خەڵکی تکریتی سەرووی عیراقە. بە تەمەن، دوو ساڵان لە باوکم گچکەترە. بە جووتە، چەندین سەعاتیان لەو قاوەخانە دووکەڵاوییانەدا، کە خەڵکی گەمەی تاوڵەیان تێدا دەکرد، لەگەڵ هاوەڵە پیلانچییەکانیاندا بە سەر دەبرد. لەوێ بناغەی شۆڕشیان دانا. یەکەم کاری ئەم بەعسییە عیراقییانە هەوڵی لەناوبردنی جەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم بوو لە ساڵی ١٩٥٩ دا. ساڵێک لەوەبەر، قاسم بە کودەتایەک کە بە سەر شا فەیسەڵی دووەمدا کردی، دەسەڵاتی وەرگرتبوو. دوای نەبوخەدنەزەر ڕەنگە قاسم یەکەم دەسەڵاتداری ناودار بووبێ کە حوکمی ئەو ناوچەیەی کردبێ. باوکم و سەددام ، هەردووک لەو دەستەیەدا بوون کە بۆ کوشتنی قاسم مۆریان کردبوو. سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا و زۆربەی پیلانچییەکان بلاّوەیان لێ کرد. سەددام، لەو تێکشکانەدا بە سووکی زامدار بوو و بەرەو سووریا هەیپەی لێ کرد. لەبەر ئەوەی باوکم عیراقی نەبوو و جەزایری بوو (لە ڕاستیشدا تونسی بوو) گومانی نەدەچووە سەر.

دوای هەوڵی کوشتنەکە، کە سەرکەوتوو نەبوو، حیزب باوکمی کردە لێپرسراوی نهێنی زانکۆ و بە دەم ئەوەشەوە لەسەر خوێندنی خۆی ـ لە بەشی مێژوودا ـ بەردەوام بوو.

ساڵی ١٩٦٣، بەعس بۆ یەکەم جار دەسەڵاتی لە عیراقدا زەوت کرد. باوکم سەرکردەی داروودەستەی داگیرکردنی ئێزگەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بوو. شەڕێکی خوێناوی قەومە و بەعسییەکان بردیانەوە. قاسم کوژرا و جەستەکەی بە شێوێندراوی لە تەلەڤزیۆنەوە، لە لایەن حاکمە تازەکانەوە پیشان درا. خۆیان پێیان دەگوت شۆڕش، بەڵام لە ڕاستیدا کودەتایەکی زۆردارانە بوو. دوای سەرکەوتنەکە، سەددام حوسێن بۆ بەشداربوون گەڕایەوە. خەلاّتی باوکمیان بەوە کرد کە شەرەفی هاوڵاتێتی و کاری بەڕێوەبردنی تەلەڤزیۆنی عیراقی پێ بدەن. شتێکی تایبەتی وایان بە سەددام دا کە لەگەڵ زەوقیدا بگونجێ: لە گرتووخانەی گشتیدا، کە یەکێ بوو لە

کۆشکەکانی شافەیسەڵ و بە (قصر النهایە - کۆشکۆ کۆتاییی\) ناوی دەبرا (چەنکە شا فەیسەڵ و خێزانەکەی لەویَ قەسابیی کران) بوو بە لێپرسراوی لێکۆڵینەوە. ئەویَ، زوو بوو بە کۆتایی سەدان عیراقی بەدبەخت کە کەوتبوونە بەر دەستی سەددام. سەددام لەویَ، بە تەواویی بەهرەی ئەشکەنجەدانی خۆی دەرخست. وایەر و دار، نینۆک هەڵکەن و هەموو بابەتێکی مەتبەخی ئەشکەنجەدانی لەبەر دەست بوون. ئەوانەی لە ئەشکەنجەدان دەرباز بوون ڕایانگەیاندووە کە سەددام بەخۆی بەشداریی لەو ئەشکەنجانەدا کردووە.

سەددام، زۆر لەزەتی لە کارەکەی خۆی نەدی. لە نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا لە لایەن بەعسییەکی ناو سوپاوە، هەموویان لابران.

هەر زوو ئایدۆلۆژیای بەعس بڕبڕ بوو. سەددام و باوکم خرانە زیندانەوە و لەویَ لە هۆی شکستی بەعس دەکۆڵینەوە و بۆ ئەوەیان گێڕاوە کە ئەفسەرەکانی ناو سوپا خەتایان هەبووە و هەر گرووپەی ململانێی ئەوی تری کردووە و بیری لە بەرژەوەندی خۆی کردۆتەوە. سەددام وای پێ خۆش بوو کە ئیددیعا بکا، کە بە ڕاستی پلە و پایەی سەربازیی هەیە. بەڵام نەیبوو. لە ناخەوە وەک پیاوکوژ پەروەردە کرابوو و بەخیلی بە ئەفسەری لێهاتوو دەبرد. لەناوبردنی بەکۆمەڵی نەیارە سەربازییەکان، مۆریَ بوو بە سەددامەوە و دەیسەلماند کە مرۆخۆرە. باوکم کە مافی هاوڵاتێتی لیَ سەندرابۆوە یاریدەدەرێکی چاک بوو. لەبەر ئەوەی لە ڕیزی سەربازیدا نەبوو پلەوپایەی کەمتر بوو. ئەو دووە، تا دەهات لێک نزیکتر دەبوونەوە. سەددام لە بەندیخانەدا هێندەی باوکم - کە بڕیاری دوورخستنەوەی بۆ دەرچووبوو - مەترسی لە سەر نەبوو. بەختی باوکم بەوە یار بوو کە دۆستی لە ڕیزی پۆلیسی سوپاییدا هەبوون و فایلەکەیان دڕاندبوو. هاوڕێیەکی تری یارمەتی دا و دوای سێ ڕۆژان لە بەندیخانە هەڵات. ئیدی باوکم بەوپەڕی ساکارییەوە، پەساپۆرتی تونسی و پێناسە کۆنەکانی بەکاردەهێنان. ئەو جەزائیری - عیراقییەی کە دەسەڵاتداران دنیای بە دوودا دەگەڕان، وەک تونسییەک دەستی بە چالاکی کردەوە.

سەددام، دوو ساڵی تری لە بەندیخانەدا بەسەر برد.

باوکم هومیدبڕ بوو. هەموو شتێکی لەدەست دابوو. ئەو دەمە، (سوهەیلە)ی جوانکیلەش کە لە زانکۆ ناسیبووی، هاوسەری بوو.

لە ٢٠ / ١ / ١٩٦٥ دا دایکم منی بوو. لەبەر ئەوەی باوکم نەیدەویست خۆی تووشی مەترسیی بکات، پەیوەندی بە باڵیۆزخانەی تونسەوە نەکرد. یەکێ لە هاوڕێکانی، منی لەوێ ناونووس کرد. دوای چەند ساڵێک واتای مەزنی ئەم کارە دەرکەوت.

لەگەڵ ئەو هەموو شکستانەشدا، باوکم لەگەڵ بەعسدا تێهەڵچووەوە. لە ساڵی ١٩٦٨ خەڵاتەکەی وەرگرت. ١٧ ی تەممووزی ١٩٦٨ کودەتایەکی دی بەرپا کرا و ئەمجارەیان جڵەوی هەموو هێزێکیان گرتە دەست.

وێنەیەکی ماڵەوەی خۆمان دێنمەوە یاد. هەر دوانزە سەرکردەی کودەتاکە، لە باڵکۆنی کۆشکدا دەبیندرێن. باوکم یەکێکیانە. لە کاتی کودەتاکەدا، مێوانەکانمان (کێ لە حکومەتدا چی بێ)یان دابوە بەر باس.

میشێل عەفلەق - دامەزرێنەری بەعس - بە خۆ و ژن و کوڕەکانیەوە سەردانییان دەکردین. عەفلەق بۆ بەعس وەک مارکس بوو بۆ مارکسییەکان. ئەوەی جێی پێکەنینە ئەوەیە کە عەفلەق ئەو بەعسەی دامەزراند کە بوو بە ئامێری کوشتن کەچی خۆی پیرێکی ڕوحسووک بوو و شێوەی لە ئەلبێر ئەنیشتاین دەچوو. دڵی خۆش بوو بەڵام لا پەرێز بوو.

پاشتر، پیاوێکی ڕووخۆش کە ناوی تاریق عەزیز بوو سەری دەداین. عەزیز تاکە کەسێک بوو کە هەستی گەرموگوڕی مرۆڤانەی دەردەبڕی. ئەوەی ڕاستی بێ، هێندێ جار دۆستانەش بوو. عەزیز سەردەمانێک ڕۆژنامەوان بوو. هەموو جار بیرم لێ دەکردەوە کە ئەو، یەکێک بوو لەو خەڵکە کەمە بە حورمەتانەی ناو بازنەکەی سەددام. کەس نەیدەزانی بۆچی سەددام بەرێزێکی وای پێ هرس دەکرا و کەسیش نەیدەزانی چۆن یەکێ لە بنەڕەتەوە مرۆڤانە بێ سەددامی پێ هرس دەکرێ. بەڵام هێز و دەسەڵات مرۆ لە خشتە دەبەن. عەزیز، دوای ئەوەی کە توانی ببێتە پیاوێکی تەواوی (ئەشهەدوبیللا) بوو بە وەزیری دەرەوە.

تاها یاسین ڕەمەزانی نادیاریشم بیر دێتەوە کە کتوپڕ بوو بە سێیەم پیاوی وڵات. بە زەحمەت ڕستەی بە واتای پێ پێکدەهێندرا. لەگەڵ باوکمدا زۆر کاتی خۆیان بۆ باسی (هەڵبژاردن)ی ناو حیزب بەسەر دەبرد. من دەمزانی کە هەڵبژاردن بە زەبری چەقۆ و لێدان برایەوە. ئەوە خەسێتی پیاوەکانی ئەو حیزبە بوو کە تازە دەسەڵاتی وڵاتەکەمیان گرتبوە دەست.

کودەتای ١٩٦٨ بە سەرکردایەتی ئەحمەد حەسەنلبەکر کرا، کە پاشان بوو بە سەرکردەی کۆمیتەی سەرکردایەتی شۆڕش. ئەویش وەک سەددام، خەڵکی شاری تکریتی سەرووی عیراق بوو.

تکریتییەکان، هەموو بە (ئامۆزا) گازی یەک دەکەن و وەک خوری تێکەڵاوی یەکترن. ئەو کودەتایەی کە باوکم و سەددامی گێڕایەوە سەر دەسەڵات، سەرەتای بەڕێوەبردنی عیراق بوو لە لایەن ئەو دڕندە بێکەڵکە خێڵەکییانەوە. لە سەرەتاوە، سەددام پشتی بە خەڵکی گوێڕایەڵی خێڵە نەناسراوەکانی هەموو وڵات بەست. لە هەمان کاتیشدا، بە پەلە پلەوپایەی بەرزی بە تکریتییەکان دەدا تا لە جیاتی هەر کەسێ، لە هەر پلەوپایەیەکدا بێ، دایاننێ.

دوای کودەتاکە، کارێکی وا بە سەددام سپێردرا کە زۆری هەوەس لێ بوو: سەرۆکی ئاسایشی ناوخۆ. سستەمی دڕندانەی بێهێزی کردە سستەمێکی دڕندانەی وڵاتێکی پۆلیسیی. سەددام، بیرۆی پەیوەندییە گشتییەکانی بەڕێوە دەبرد کە دەزگای چاودێریکردنی بەردەوام و گرتن و لەناوبردنی هەر کەسێ بوو، کە بە عاستەم ناحەزایەتی لەگەڵ حکومەتدا هەبوایە. باوکم، یەکێ بوو لە ئەفسەرەکانی. لە ڕاستیدا، ئەو بیرۆیە پەرەی سەند و بوو بەو دەزگا ئاڵۆزەی کە ئەمڕۆ سەددام هەیەتی. موخابەراتیش دڵی ئەو دەزگایەیە.

موخابەرات وەرگێڕانی عارەبی وشەی خەفێگەرییە بەڵام لە عیراقدا پێناسەیەکی تایبەتی بە خۆیەوە هەیە. چرپەیەکی ناوەکەی بەسە بۆ ئەوەی بڵێسەی هێزی شەیتان بەرپا بێ. موخابەرات، دەسەڵاتی بێ سنووری هەیە و گوێڕایەڵی کەس نییە سەددام نەبێ. بە بەردەوامی، وڵاتەکەی خستۆتە ژێر قوفڵ و کلیلەوە و هەموو شتێکی، هەر لە بازرگانییەوە بگرە تا دەگاتە

خەفێگەریّتی کۆنترۆڵ کردووە. یەک وشەی ئەفسەرێکی موخابەرات لەوانەیە ببێتە هۆی مەرگی کەسێکی دیکە. سەددام، زوو جڵەوی تیرۆری بە تەواوی گرتە دەست. چەکی بەکاری یەکلاییکردنەوەی دۆزییەوە: ترس. ئێستاکە ترس، هەموو پیاو و ژن و منداڵێک بەڕێوە دەبات و هەموو کووچە و کۆڵآنێکی عیراقی گرتۆتەوە.

( ٢ )

## وەک عیراقییەک گەورە بووم

باوکم هێند کاری سانسۆری بەڕێکوپێکی بەڕێوە دەبرد، کرا بە لێپرسراوی قوتابخانەی حیزبیش. قوتابخانەکە، کارگەی بەرهەمهێنانی کادیری بەعسی بوو. سەیر بوو، هەرگیز هەوڵی نەدەدا منداڵەکانی خۆی بکاتە سۆسەجی بچووکی بەعسی. دەبێ لەبەر چاوی زۆر بێ بەها بووبین یا وای زانیبێ بە شێوەیەکی ئاسایی، لە سەر ڕێوڕەسمی خواوەند و ئاغای خۆمان دەڕۆین. لە لایەنە دڕندانەکەی گەڕێ، هەرگیز تێنەگەیشتم چی وای لێ کردبوو هێندە دڵسۆزی خەتی حیزب بێ. وێدەچوو بیەوێ ئەوپەڕی دەسەڵاتی لە هەموو لایەنێکی ژیاندا هەبێ. لە سەرووی هەموو شتێکەوە، هێندەی دەیویست خەڵکی کۆنترۆڵ بکات، وا پێ دەچوو هێندەش پێویستی بە خەڵکی دی هەبێ تا خۆی کۆنترۆڵ بکەن. تەنها لە وڵاتێکی زۆرداریدا پێی دەکرا کار بکا. نازانم بۆ.

ڕەنگە بە هۆی مێشک شوشتنی خەڵکەوە لە قوتابخانەکەدا، مێشکی خۆشی شوشتبێتەوە. زۆرداریێتی، لە ماڵەوە زیادی دەکرد. گشت وشەیەکی فەرمان بوو. هەرگیز دەمەتەقێی نەبوو. دەقیقەمان دەژمارد تا لە ماڵەوە دەردەکەوت.

لە قوتابخانەدا، بابەتی پڕوپاگەندەی بەعس بووین. لە چاوی بەعسەوە مێژوومان دەدی. هەموو شتێ لە بارەی شای مەزن، نەبوخەد نەزەر،

دامەزرێنەری بابلەوە فێر بووین. باسی کارە مەزنە بەناوبانگەکانیمان بۆ دەکرا: یەکێ لە حەوت کارە سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان، باخچە هەڵواسراوەکانی بابل و سەرکەوتنەکەی بە سەر دزیوترین دوژمنی هەمواندا ـ ئیسرائیلییەکان. گرینگ نەبوو کە ئەو شەڕە لە سەدەی شەشەمی پێش زایندا ڕووی داوە.

لە وانەکانماندا ئیسرائیلی خەڵکی موزیڕ بوون و لەگەڵ شەیتاندا بەراورد دەکران. پێمان دەگوترا کە هەمیشە دژی ئەو خەڵکە شەیتانانەی کە دەیانەوێ دایک و باوکمان بکوژن وماڵەکانمان تاڵان بکەن، ئامادە بین. ئیسرائیلی، هەموو شێوەیەکی شەیتان بوو.

نەبوخەدنەزەر وەها ناوی ڕۆیشتبوو کە جوولەکەی گرتوون و بە کۆیلەی کردوون. ئەمەش وەک ئەستێرەی گەش هێنابوویە ناو کتێبی مێژووی بەعسیانەمانەوە. زۆریش دوای سەردەمی نەبوخەدنەزەر و سەرکەوتنی ئیسلام لە سەدەی حەوتەمدا، لە مێژووی نەمرماندا فێر دەکراین.

ڕاستە بەغدا و خەڵکەکەی ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕووناکییەکی گەش بوون. بە قەدەر ئەوەش ڕاستە کە ڕۆژاواییەکان کەڵکیان لە دەسکەوت و کلتووری دوای یەکەم سەدەی عارەب وەرگرتووە. ئاشکراشە کە هەمیشە ڕۆژاوا خولیای میسری کۆن و (مانگی بەپیت) لە کەللەی دابوون. بەڵام ئەوە لەبیر براوەتەوە کاتێ عارەبی خوێندەوار، باپیرانی ئەمانەی کە ئەمڕۆ وا لە سەر وڵاتە پیشەسازییەکان دەژین، خەریکی وەرگێڕان و پێشخستن و لێ زیادکردنی کەلەپووری کۆنی یۆنانی و هیندی و شارستانێتی تر بوون، ئەوان تازە لە شەڕی خێڵەکیانەی دوای ڕمانی ئیمپراتۆریای ڕۆما ببوونەوە.

سەردەمی زێڕینی بەغدا لە سەدەی هەشتەم و نۆیەمدا، لە سەردەمی خەلیفە عەبباسییەکاندا بوو. هارونەڕەشید کە پێنجەم خەلیفەی عەبباسییان بوو، تێکەڵاوی (هەزار و یەک شەوە) و سەرەتای سەردەمی زێڕینە. خەلیفەکانی دوای ئەو، لە سەر بەیتولحیکمە (دیوانی زانایی)ی ئەو کە لە بەغدا بوو، بەردەوام بوون. کلتووری عارەبی ـ ئیسلامی لە مەودای ماتماتیک و دەرمانسازی و فەلسەفە و ئەستێرەناسی و لاهوتی و ئەدەب و شیعردا،

لەوێوە هەنگاوی مەزنی نا. ئیبن سینا، دەستووری دەرمانی دانا و دەرمانی هەموو نەخۆشییەکی ناسراوی تێدا تۆمار کردن و لە مەودای نێوان سەدەی دوانزە و حەڤدەدا، ئەوە چاکترین سەرچاوەی دەرمان بوو. نەخۆشخانەیەکی مەزن لە بەغدا دروست کرا و پزیشکی موسوڵمان برینکاریی ئاڵۆزی وەک کەللەسەر و دەماریان دەکرد جگە لە برینکاریی شیرپەنجە. ئەو پزیشکانە یەکەم کەس بوون کە بەنجیان بەکار هێنا. عارەب، (ژمارە) و دەسیماڵ و فکرەی سفریان بە ڕۆژاوا دا کە بەبێ ئەمانە تەکنەلۆژیای نوێ مەحاڵ دەبو.

خوێندنی ڕابردووی نەمرمان لە ئاستێکی باشدا بوو بەڵام هیچمان لە سەر کەلێنی مێژوویی عیراق نەدەخوێند. شکست و توندوتیژیی زۆرداران وەلادەنران. من پێم دەکرا لە ڕێی کتێبە قەدەغەکراوەکانی لای باوکمەوە فێریان بم.

لە ساڵی ١٢٥٨دا کە هۆلاکۆی کوڕەزای جەنگیزخان بەغدای داگیر کرد (٨٠٠٠٠٠) هاوڵاتی فەوتاند. ساڵی ١٤٠١ تەیموورلەنگ بە مەنجەنیقی گەورەوە دەوری بەغدای دا و دوای بەرگرییەکی تۆقێنەر گەمارۆکە نەما. تەیموورلەنگ (١٢٠) بورجی لە کەللەسەری بڕاوی (١٠٠ ٠٠٠) کەس، لە بری کەرپووچ، بە دەوری دیوارەکانی بەغدادا دروست کرد. ساڵی ١٥٣٤ (سلێمان)ی گەورە چووە بەغداوە و تا ئایاری ١٩١٨ کە بەریتانییەکان جێگەیان گرتنەوە، زۆربەی ناوچەکانی عیراق لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا مانەوە. دوای یەکەم شەڕی گەورەی دنیا، دەبوو بەریتانیا دەست بە سەر ناوچەکەدا بگرێ. هەر سێ ویلایەتی موسڵ و بەغدا و بەسرا، لە یەک یەکەی سیاسیدا لێکدران و ئەم عیراقەی ئەمڕۆیان لێ پێک هات.

سنوورە تازەکە، میللەت و ئاین و گرووپی هەمەچەشنەی جیاوازی لە ناو یەک وڵاتدا کۆ کردنەوە. بەڵام جەوهەر و بنەچەی خێڵایەتی و کۆمەڵایەتی خۆیان نەگۆڕی. ساڵی ١٩٢٠ میر فەیسەڵی یەکەم، سەرکردایەتی شۆڕشێکی عارەبی کرد و حکومەتێکی لە شام دامەزراند و خۆی بە شای سووریا ناساند. هەرای نەتەوایەتی لە سووریاوە تەشەنەی کرد و لە ناوەڕاستی ١٩٢٠ دا لە عیراقیش، شارە گەورەکانی لێ دەرچێ کە چاودێری ئینگلیزی لێ بوون،

تەقییەوە. فەرەنسا، کە مەنداتی لوبنان و سووریای پێ درابوو، بڕیاری دا خۆی بسەپێنێ. فەیسەڵیان دەرپەڕاند و لە سووریایان دوور خستەوە. لە هەمان کاتدا، بەریتانیا دەیویست مەسەلەی میسیۆپۆتامیا یەکلایی بکاتەوە. ئینگلیز، عەرشی عیراقی دایە فەیسەڵ و حکومەتێکی عارەبی لە ژێر مەنداتی خۆیدا لێ پێک هێنا. فەیسەڵ، عەرشی عیراقی بەو مەرجە دەویست کە میللەت وێیدا. جگە لەوەش، سوور بوو لەسەر ئەوەی کە لە جیاتی مەندات پەیمانێکی بەرەیی ببەسترێ. پێشنیازەکان قەبووڵ کران و لە ١١ / ٧ / ١٩٢١دا، فەیسەڵ بوو بە پاشای عیراق. پەیمانە بەرەییەکە، عیراقی بە بەریتانیاوە شەتەک دا و لەوەوە، گرووپی نەتەوەیی جیاواز بۆ کۆتایی پێ هێنانی دەسەڵاتی بەریتانیا دەست بەکار بوون. بەریتانیا، کەمکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی هەڵبژارد. ساڵی ١٩٣٢ عیراق بوو بە وڵاتێکی سەربەخۆ و شا فەیسەڵیش لە سەر عەرش مایەوە و (فەیسەڵی دوەم)ی کوڕی لە دایکبوو.

لابردن و کوشتنی ئەم پاشایە بوو کە ڕێیان بۆ گەشەکردنی کتوپڕی بەعس و سەددام خۆش کرد. بە پێی قسەی مامۆستاکانم، شۆڕشە نەمرەکەمان، جوولەکە بۆ هەمیشە تێکدەشکێنێ و عیراق سەرکردایەتیی هەموو عارەب دەکات و بەرەو پاشەڕۆژی خۆرەتاو ئاسای سۆسیالیزمی بەعس دەڕوا. ئەوەش وشیارییەکی بەردەوامی گەرەکە و دەبێ لە ناوەوە تاقیبی شەیتانەکان بکرێ. سوودی ئەوە بە ئێمەی منداڵ دەگوترا کە هەرچی دژی حکومەت، لە هەرکەسێک ببیستین، بۆ مامۆستاکانمانی باس بکەین. دەبوو ناوی هاوڕێ و برا و خوشک، بە تایبەتی، دایک و باوکی خۆمان بدەین.

دیارە من پێم خۆش بوو باوکم پێوە بکەم. بەڵام باوکم بەخۆی یەکێ بوو لە پۆلیسی بیر. خۆ نینۆک هەڵکەندن و بزماری سوورکراوەی دنیا و بەندیخانەی ژێر زەمین و هیچ هێزێکی تریش نەبوو وام لێ بکات شتێ دژ بە دایکم بکەم.

وەک ئاشکرایە، ئەم بارودۆخە وای کرد کە زۆر کەس سەری خۆیان هەڵگرن. وردە وردە، لە ئەنجامی ڕەوکردنی ڕووناکبیراندا بۆ ئەورووپا و باکووری ئەمەریکا، عیراق بەرەو وێرانبوون دەچوو. هەزاران لە خاسترین

کرێکاری بەهرەمەند و لێهاتوومان، ڕۆیشتن و کادری سەر بە حیزب، کە هەموو توانایەکی کارکردنیان لەوەدا بوو وەک تووتی، دۆگما بنچینەییەکان بڵێنەوە، جێیان گرتنەوە.

خێزانەکەمان، لە ناز و نیعمەتی حیزبدا بەشی هەبوو. هەموو ساڵێک سەفەری دەرەوەمان دەکرد و حیزب مەسرەفەکەی دەدا. واتە ئەو میللەتە پارەکەی دەدا کە حیزب خوێنەکەی چۆڕبڕ دەکرد. یا لە قازانجی نەوت دەدرا. ئەو دەمەی بووم بە ١٦ ساڵان، دوو دەرزەن وڵات زیاتر گەڕابووین. ئەو وڵاتانەی کە دیمانن زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و باکووری ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون.

دوای ماوەیەک بۆم دەرکەوت کە باوکم پەساپۆرت و ناوی خوازراوی بەکار دەهێنان. تەنانەت لە سەردەمی منداڵیشمدا خەریک بوو تێدەگەیشتم کە باوکم جگە لە سانسۆر و پرۆگرامی حیزب، دەستی لە کاری تریشدا هەبوو.

هاوینی ١٩٧٣ لە بەیرووت بووین. لە بەغداوە هەواڵمان پێ گەیشت کە هێندێ کەس هەوڵی کوشتنی سەددام حوسێنیان داوە. ئەو کاتە سەددام دوای بەکر، هێشتا دووەم پیاوی عیراق بوو. بەڵام هەموو کەس دەیزانی کە سەددام پیاوی بەهێزی عیراقە و وای لێ هاتبوو کە حسێبی بۆ بکرێ. باوکم، یەکسەر ڕاپێچی کردین و بۆ ئەوەی بە لای ئاغاکەیەوە بێ بۆ بەغدای گێڕاینەوە. گرەوی لە سەر پاشەڕۆژ کردبوو و پاشەڕۆژیش، بە ئاشکرا دیار بوو کە سەددامە.

سەددام هیچی لێ نەهات و ئێمەش کاتی سەرگەرمیی خۆمان لە بەغدا، لە (نادی الصید) بە سەر دەبرد و هاودەمی یاری و گەمەم، کوڕەکانی سەددام، عودەی و قوسەی بوون. سەددامیش بەخۆی، لەگەڵ (ساجیدە)ی ژنیدا لە لایەکی دیار حەوزەکە دادەنیشت.

هەرگیز نەمدی سەددام شتێ لەگەڵ کوڕەکانی خۆیدا بکا. تەریک و توندوتیژ بوو. باوکیشم لە ناو خەڵکیدا وابوو. من و عودەی و قوسەی، لە گوڕەپانەکەدا گەمەی پۆلیس و دزمان دەکرد.

ڕۆژێکیان، سەرنجی (عودەی و قوسەی)م بەوە ڕاکێشا، کە لە پەنایەک دانیشتبووم و گۆڤاری تەنزی (باتمان - پیاوە شەمشەمەکوێرەکە)م دەخوێندەوە. بە سەسوڕمانەوە ژنەوتم گوتیان: "دەکرێ هێندێ لەوانەمان بدەیتێ؟". پێم وابوو بەو هەموو پارە و دەسەڵاتەی کە هەیانبوو، گەلێ لە من پتر پێداویستییان چنگ دەکەوێ. منیش، هێندێ (باتمان) و (سۆپەرمان) و شتی بە قاچاغ هێندراوی ترم دانێ.

کە گەورەتر بووم، حەزم دەکرد بچمە کتێبخانەکەی باوکمەوە و لەو بۆشاییانە بڕوانم کە لە چاپەمەنییەکاندا سانسۆر کرابوون و بڕدرابوون. کە سەفەری دەرەوەی عیراقمان دەکرد، ئەو دەقانەم دەدیتن کە لە لەو کاغەزانەدا بڕدرابوون. بابەتە سانسۆرکراوەکان، هەمیشە یا دژی عیراق بوون یا لە بەرژەوەندیی ئیسرائیل و ئەمەریکادا بوون.

تا پترم دەخوێندەوە، پتر پەرەم بە بۆچوونی تایبەتیی خۆم، لە بارەی عارەب و ئیسرائیلەوە دەدا. وای بۆ دەچووم کە ئیسرائیل مافی بوونی هەبێ - هەروەها فەلەستینییەکانیش. توندڕەویی هەردوکلایان دەبووە هۆی ئەوەی کە هیچیان بوونی ئاشتییانەیان نەبێ. فێربوونمان لە سەر ئەمەریکا لاواز بوو. بۆچوونی بنەڕەتیی ئەوە بوو کە ئەمەریکاییەکان تێنووی دەستەڵاتی ئیمپریالیستانەن و سزای ڕەوای خۆیان لە ڤێتنامدا وەرگرتووە. تاکە حەقیقەتی ئاشکرا ئەوە بوو کە ئەمەریکا لایەنی ئیسرائیل دەگرێ بۆیە دوژمنە.

کەمێ دەمەتەقێی پتر لە سەر سۆڤیەتییەکان دەکرا چونکە مۆسکۆ لە ماوەی پەیماننامەکەی ١٩٧٢دا سوپاکەی سەددامی چەکدار دەکرد. هاوکارییەکی دووقۆڵی لاواز بوو. پەیمانەکە، چەکدارکردنی سوپای عیراقی لە سۆڤیەت دەویست و هاوکاریش لە عیراق. دوایی، کە سۆڤیەت ئەفغانستانی موسوڵمانی داگیر کرد، حکومەتەکەمان بە ڕەسمیی ناڕەزایی خۆی بەرانبەر ئەو کارە ڕاگەیاند. بەڵام ناڕەزاییەکی ناوەڕۆک پووچ. عیراق، بۆ یارمەتیدانی ئەفغانستان هیچی نەکرد و هەوڵی پێشگرتنی سۆڤیەتیشی نەدا. یەک وشە لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی دەوڵەت و دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ترەوە لە بارەی

کێشەکەوە نەگوترا. ئەفغانییەکان ناڕەحەت بوون و ڕقێکی قووڵ و قورسیان تێدا دروست بوو.

بەڵام هێڵێکی ئاشکرا بە نێوان عیراقی دەرەوەی سۆڤیەت و کۆمۆنیستی ناوەوەیدا دەکێشرا. ئەو کاتەی، کە کریملن سەرگەرمی پڕچەککردنی سەددام بوو، سەددام بە دڕندانەترین شێوەی تیرۆر سەرگەرمی پاکسازیکردنی کۆمۆنیستەکانی عیراق بوو.

باوکم، بە هۆی کارەکەیەوە کەوتە ناوەندی ئەو پەیوەندییە سەیرەی کە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا هەبوو. ساڵی ١٩٧٦ لە پۆڵۆنیا، بە سەفیریی عیراق، ماوەی چوار ساڵان دەستنیشان کرا. ئەو دەمە ١١ ساڵان بووم. چووینە خانوویەکی گەورەی کۆنی شاری وارشۆوە. بە سێ کارەکەر و چێشتلێنەرێکەوە، ژیانی پاشایانەمان دەگوزەراند. لەو کاتەدا کە پۆڵۆنییەکان بۆ پەیداکردنی نان و خواردەمەنیی تر لە ڕیزی دوور و درێژدا ڕادەوێستان، ئێمە دێلیکاتی دانیمارکی و کۆنیاکی فەرەنسیمان دەخوارد و دەخواردەوە. لە ڕاستیدا، کۆنیاک وەک دراوێکی ڕەشی ناوچەیی وابوو. هەموو شتێکی پێ دەکڕدرا.

ئەمە، چەند ساڵێک پێش پەرەسەندن و بەهێزبوونی (بزووتنەوەی یەکگرتن)ی لێخ ڤالێسا بوو و پۆڵۆنیا بە توندیی لە چنگی کریملندا بوو. دەبوو باوکم، بە وریایی هەڵسوکەوت بکات. ئەرکی سەرەکیی ئەو ـ وەک لە دواییدا بۆم دەرکەوت ـ ئەوە بوو کە کۆمۆنیستە عیراقییەکان بڕفێنێ و بۆ وڵاتیان بنێرێتەوە. لەوێش، دەستی پۆلیسی نهێنی چاوەڕوانیان بوون. هەموو ئەرکی باوکم لەوەدا ئەوە بوو کە عیراقییەکانی پۆڵۆنیا بخاتە ژێر چاودێرییەوە و ئەو گرینگانەیان بڕفێندرێن کە بۆ سەددام مایەی هەڕەشە بوون. ئەمەش، وردە وردە کۆمۆنیستە گەورەکانی دەگرتەوە. لە دوای پەیماننامەی سۆڤیەتی ـ عیراقییەوە، زۆر عیراقی بۆ خوێندن ڕوویان لە بلۆکی سۆڤیەت کردبوو و زۆریان چالاکی نهێنییان لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا هەبوو و لە بری گەڕانەوەیان بۆ عیراق، بەهەشتی مارکسییەکانیان هەڵبژاردبوو.

بۆ تەواوکردنی خوێندنی پلەی سەرەتایی، نێردرامە قوتابخانەیەکی عیراقی لە وارشۆ. لە سێزدە ساڵیمدا، نێردرامەوە بۆ عیراق تا لە تاقیکردنەوەیەکی تایبەتیدا بەشداریی بکەم. ئەوە یەکەم جار بوو کە بە بێ باوک و دایکم لە ماڵەوە بم. تەنها نەنکم - بیبی - لەوێ بوو. بۆ یەکەم جاریش لە ژیانمدا هەستم بە سەربەستیی کرد. کاردانەوە وای لێ کردم، بە تاموچێژەوە دوای کچان بکەوم. بووم بە هەرزەکارێکی هار و شێتی حەزئامێزی دوای ئەو کچانەی کە دوایی سووکایەتیم پێ دەکردن. بەدعەمەل بووم.

کە گەورە بووم، زوو زوو نەدەچوینە مزگەوت. لە ئیسلامدا، پێنج فەرزەی نوێژ چ لە ماڵەوە بکرێ چ لە مزگەوت جیاوازیی نییە. بەڵام هەر چەند مانگێک و جارێ دەچووینە سەر مەرقەدە پیرۆزەکانی نەجەف و کەربەلا کە دوو ناوەندی گرینگی شیعەکانن. تەنها کەمایەتییەکی عیراق نەبێ کە سوننەمەزەبی ئیسلامن ئەوانی دی، نزیکەی ۳/۲ ی شیعەن. دایکم شیعەیە و باوکم سوننەیە. هاسانترین شێوە بۆ ناساندنی شیعە و سوننە کە دوو لقی ئیسلامن ئەوەیە کە بە کاتۆلیک و پرۆتستانت بەراوردیان بکەی. یەک خودا و یەک سەرچاوەیان هەیە بەڵام شێوەی عیبادەتیان جیاوازە. باوەڕی هەموو مەزەبە جیاوازەکانی ئیسلام بۆ پێغەمەرەکەی (محەمەد) دەگەڕێتەوە. بنەمای باوەڕیش قورعانە، کە زنجیرەیەک ئایەتی خوداییە و بە وەحی بۆ محەمەد هاتووە. ئەمانە، دەوروبەری ۷۰۰ ساڵ دوای مەسیح ڕوویان داوە، کە موسوڵمان، وەک دواپێغەمەری پێش محەمەد، باوەڕیان پێی هەیە. ئیسلام باوەڕی بە هەموو پێغەمەرانی ئاینە کۆنەکان و زۆربەی گوتەکانی مەسیح هەیە. هەر ئەوەیە کە مەسیح بە کوڕی خودا ناناسێ.

شیعەگەریێتی، دوای وەفاتی محەمەد پەیدا بوو. لەبەر ئەوەی محەمەد منداڵی نێرینەی نەبوو، ناکۆکی لە سەر خەلافەتی دوای ئەو پەیدا بوو. پەیڕەویکەرانی سوننە ی ئەمڕۆ دەڵێن محەممەد خەلیفەی دوای خۆی داناوە و ئەوانەی دوای خۆی دیارییان کردووە. پەیڕەویکەرانی شیعە دوای عەلی کەوتن، کە زاوای محەمەد، مێردی فاتیمەی کیژی بوو. عەلی و حوسێنی کوڕی و جێگری، لەو شەڕانەدا کوژران کە لەگەڵ سوپاکانی خەلیفەی

دیـاریکراودا کردیـان. عەلـی لە (کـوفە)ی نزیـک نەجەف کـوژرا و حوسـێن بە داوی پیلانێکەوە بوو و خۆی و لەشکرە کەمەکەی لە لایەن یەزیدی خەلیفە و پیاوەکانیەوە قڕ کران. مەرقەدی عەلی و حوسێن لە ناو دوو مزگەوتی جوانی نەجەف و کەربەلادان.

شیعەکان، هەمـوو سالێ لە کـاتی عاشـورادا یـادی شـەهیدەکان دەکەنەوە و پیـاوان، پـشتی خۆیـان ڕووت دەکەن و بە حەماسـەوە، بە قـامچی لە خۆیـان دەدەن. دوای سـێزدە سـەدە، ئێـستاش شـیعەکان غەدرلێکـراوی ئیـسلامن و ئێستاش هەر باسی تۆڵەسەندنەوە دەکەن.

بە پێـی قـسەی دایکـم، شـیعەکان ئاشـتیخواز و بەسـۆز و شارسـتانی و غەدرلێکـراو بـوون. لەبەر ئەوەی دایکـم بەخـۆی هەمـوو ئەو شـتانە بـوو، باوەڕمـان پێـی دەکـرد. شـیعایەتی بـۆ ئەو پەیوەنـدیی بـوو بە یەزدانەوە. سیاسەت لە ئارادا نەبوو، ڕقی لە هەموو بابەتە سیاسەتێک دەبووەوە.

کـاتێ خـومەینی شـای بەهێـزی ئێرانـی لە ڕێـی شۆڕشـێکی جەمـاوەریی تەواوەوە ڕووخانـد، تەمەنـی مـن ١٤ سـاڵ بـوو. هەموومـان، لە خۆشـییاندا هاوارمـان دەکـرد. هەمیـشە ئەو ڕۆژەم لە یـاد دەمێنـێ کە خـومەینی لە هەنـدەرانەوە گەڕایەوە ـ ٢/١ / ١٩٧٩ . دنیاکەمـانی گـۆڕی. هیچمـان خۆشەویـستییەکی ئەوتۆمـان بـۆ شـا نەبـوو. فارسـەکان، دوژمنـی تەقلیـدیی عارەبی عیراقن. لە هەمووی خراپتریش ئەوە بوو کە شا لایەنگری ئیسرائیل بوو. نەوتـی دەدایێ و پێداویستیی قورسـی سـەربازیی لـێ وەردەگرت. لەبەر ئەوە، عارەبە سوننەکانیش ئاهەنگیان دەگێڕا. بەڵام زۆری نەخایاند.

لە ماوەی چەند مانگێکدا، عیراق و ئێران گەڕانەوە سەر دۆخی ناحەزایەتییە کۆنەکەی جارانیان. لە عیراقدا، ئاخرێکەی پیاوە بەهێزەکە دەسەڵاتی تەواوی گـرتە دەسـت. سـەددام و تکریتیەکـانی دەوروبەری، عیراقیـان لە ڕێـی دامودەزگـای پـۆلیس و خەفـیەوە، کە خۆیـان دروسـتیان کردبـوون، بەڕێـوە دەبـرد. لە ڕێـی دەستبەسـەرداگرتنی تەواوی پیـشەسازی بەرهەمهێنـان و خزمەتگـوزارییەوە، هەر لە پیـشەسازی نەوتەوە بگـرە تـا دەگـاتە ڕەیـسز، دەسـتیان بە سـەر هەمـوو دارایـی عیراقـدا گـرت. ئـاهەنگگێڕانی ڕەسـمیی کە

هەمیشە پەتا بووە، بووە ناوەخنی سستەمەکە و یاوەری تیر دەکرد و نەیاریشی برسی دەکرد.

ئەحمەد حەسەنلبەکر هەر بە ناو سەرۆکی وڵات بوو. سەددام، بە تەواوی دەستی بە سەر ڕژێم و وڵاتەکەدا گرتبوو. بە لێدانی یاخیبووەکان و ئەو قەسابخانەیەی بۆ کۆمۆنیست و جوو داینا، یەکەم نیشانەی خۆی دەرخست. هەڵواسینی بەکۆمەڵی ١٧ جوولەکەی بە ناو سەر بە زایۆنیزم لە ١٩٦٩دا، ڕەشبگیریی کۆمۆنیستەکانی بە دوودا هات کە دوای ئەشکەنجەدان بۆ بەدەستەوەدانی هاوڕێکانیان، بە هەمان چارەنووس دەگەیشتن. ئەمانە هەموو پێشەکی بوون بۆ کارە سەرەکییەکان کە ڕامالینی نەیارانی ناو حیزب بوو.

یەکەم کەس کە دەبوو لاکەوێ، ئەلبەکر خۆی بوو. ئەلبەکر خرابووە ژێر فشاری توندوتیژی سەددامەوە تا دەست هەڵگرێ. لاکەوتنی ئەلبەکر دەسەڵاتی (لە پێناوی بەرژەوەندی حیزبدا) لە ١٧ / ٧/ ١٩٧٩/ دا، دایە سەددام.

یەکەم کارێک کە سەددام ئەنجامی دا پاکسازیکردنی ناو حیزب بوو.

کە سەددام دەسەڵاتی گرتە دەست، من پشووی هاوینم لە پۆڵۆنیا، لەگەڵ دایک و باوکمدا بەسەر دەبرد. ڕۆژێکیان باوکم، یەکجار بە شڵەژاویی هاتەوە. فەرمانمان پێ درا، یەکسەر خۆمان بۆ گەڕانەوە بپێچینەوە. پێی گوتین کە وەزعی بەغدا شلۆقە. تەلێکسی وەزارەت وا ڕادەگەیەنێ کە پیلانێکی گەورە بۆ ڕووخاندنی حکومەت ئاشکرا کراوە. باوکم بە تووڕەیی باسی خایەن و جاسووسەکانی دەکرد، دەیگوت: "دەبێ ئەم خایەنانە سزا بدرێن، دەبێ لەوە ژیوان ببنەوە کە لە کۆشی دایکیان بەربوونەتەوە. دەبێ هەموویان بکوژرێن".

کە گەڕاینەوە بەغدا، باوکم خۆی بە وەزارەتدا کرد و ئێمەی لە ماڵەوە جێهێشت تا بە پێی توانا هەواڵەکان لە تەلەڤزیۆنەوە، کە حکومەت ڕایدەگەیاندن تێبگەین. ئەوەی دیتمان، هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ ڕامالینی نەیارەکانی سەددام. ئەمە، لە کۆبوونەوەیەکی سەیر و سەمەرەی دەوری هەزار ئەندامی حیزبدا جێبەجێ کرا.

ئەمەش، بە پێی (دانپێدانان)ی خیانەتکاری، لە لایەن ئەندامێکی شیعەوە

پێکهێنـدراوە کە دوایـی لیـستەی نـاوی بەشـداریکەرانی خوێنـدەوە. هەر کە نـاوێکی خوێنـدەوە، ڕووی کـامیرا کـرایە خـاوەن نـاوەکەی، کە خەریـک بـوو دەبوورایەوە. پاشان ئەوەی دانی پێدا دەنا گوتی: "بەڵام نەیویست بەشداریمان لەگەڵدا بکا". ئیدی کابرا زیندوو بووەوە. تا ئەم کاتە، خەڵکەکە هەر هاواریان دەکرد و هیتافیان دەدا: بژی سەددام! بە قوربانت بم!...

ئەم بابەتە خۆ بەقوربانکردنە بۆ سەرکردەی مەزن، جا هەر کەسێک دەبێ بـا ببـێ، خەسـڵەتی گـشتی لایەنگـرتنە لە مەیـدانی سیاسـەتی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا. فرمێـسک و تەقیـنەوەی سـۆز، کە لە ڕۆژاوادا وەک بەڵـگەی پێداویـستی چارەسـەرکردنی سـایکۆلۆژی سـەیر دەکـرێن، بەشـی دانەبـڕاوی پیاوی دەسەڵاتدارن لە کلتووری ئێمەدا. لەو کەشـەدا کە بە سۆز و هەڵچوون پاراو ببوو، هەر ئەندام بوو و هەڵدەستا و هی تری بە دەمەوە دەدا. دانپێدانان دەخوازرا.

دەبـوو خایەنەکـان، لەلایەن هـاوڕێی حیزبیـی خۆیـانەوە ئیعـدام بکـرێن. لێپرسراوانی پایەبەرزی ڕەسمیی، لە گۆڕەپانی ئاگربارانکردنی ئەبوغرێب ڕیز بوون و هاوڕێکانی خۆیانیان گوللەباران کرد. ئەم کارە، لە تەلەڤزیۆن پیشان نەدرا. ئەمەم زانی چونکە باوکم یەکێ بوو لە جەللادەکان. ئەمە بابەتە کارێ بوو کە زۆری حەز لێ بوو.

ئەو (پیلان)ەی دژی سـەددام، بیـانوویەکی تەواوی پاکسازیکردنی هەمـوو گومانلێکراوێکی بە دەستەوە دا. سەددام زۆری هەوەس لە کاروباری سوپایی بـوو. لەبەر ئەوە، پلە و پایەی سـەربازیی بەخـۆی دا و بـوو بە فەرمانـداری هێـزە چەکـدارەکان. هێشتا ترسـێکی قـووڵی ڕەگـداکوتاو و قینێکـی بەرانـبەر ئەفسەری لێهاتوو هەر لە دڵدابوو. دوای چەند سـاڵێک، سـەیر بوو یەکێکی بە توانای وا لە سوپادا مـابێتەوە کە چەکی پێ پـاک بکرێتەوە. بـا خـۆی، هەر بە تەنها فەرماندەی سوپا بێ.

دوای گۆڕەپانی ئاگرباران، یاسای ئاسن بە سەر عیراقدا بەرقەرار بوو.

خێزانەکەمـان، هەر لەو کەمە خەڵـکە بەنـازەی جـاران بـوو. جگە لەوەی بە هـۆی پلەوپـایەی بـاوکمەوە پـارەیەکی دیـاریکراوم بـۆ بڕدرابـۆوە، دەمتـوانی بە

ڕێگەی تەنگەبەردا بچمە ناو بازاڕی کاریشەوە. هەر کاتێ سەفەرمان بکردبا، شریتی ڤیدیۆ و تەسجیل و کاسێت و تەنانەت گۆڤاری ڕووتیشم دەکڕین. پێشەکی تەماشای ئەوراقی باوکمم کردبوو تا ژمارەی تەلێکسەکەی بزانم، جگە لە ژمارەی تەلێکسی وەزارەتی کاروباری دەرەوە. بە ناوی باوکمەوە تەلێکسم بۆ وەزارەت دەکرد و پێم دەگوتن لە فرۆکەخانە چاوەڕێ بکرێم و لە گومرک دەربازم کەن. بە عادەت، باوکم لە من پتر لە دەرەوە دەمایەوە. ئیدی شتەکانم بە قازانجی گەلێ زۆر بە هاوڕێیانی قوتابخانەم دەفرۆشتن. لە کۆتایی تەمەنی پانزەساڵیمدا، زەوقی نهێنیکاری و پیلانم گەشەی کرد. تەنانەت لە بازاڕۆچکە ڕەشەکەشمدا کارێکی وام دەکرد کەس نەزانێ کێی دی لێم دەکڕێ. هێندێ جار بەخۆم بەشداریی ڕاستەوخۆم نەدەکرد بەڵکو کەسێکی ترم دەخستە نێوانەوە. دەمویست مەترسییەکە بگەیەنمە کەمترین ڕادە و دەمزانی چاکترین ڕێگە ئەوەیە لای هەر یەکە لە کڕیارەکانم شتێ بڵێم و دوور لە یەکتر ڕایانگرم و کەسیش هەموو ڕاستییەکانی بەزمەکەم نەزانێ.

ئاوها فێر بووم لە عیراقی سەددامدا بە زیندویی بمێنمەوە. عیراقییەکان تا بڵێی میللەتێکی بە سۆزن - هەروەها توندوتیژیشن. ئەگەر یەکێکمان خۆش بوێ، دەمانەوێ دڵی خۆمان، چاوی خۆمان و ژیانی خۆمانی پێ ببەخشین. ئەگەر ڕقیشمان لە یەکێ بێ ئیدی هەر خودا دەزانێ چ دەقەومێ. دامودەزگاکەی سەددام کە هەمووی چاو بوو و ڕووی لەو خەڵکە - خاوەنی ئەو سۆزە بەهێزە - کردبوو. ئیدی خەڵک باوەڕی بە خەونی خۆی نەما چجای کەسێکی دی. دەترساین نەبادا بە دەم خەوەوە شتێکمان بە زاردا بێ جێی ڕەزامەندی ئەو دڕندەیە نەبێ. من زوو فێر بووم چۆنچۆنی لە سێبەردا بژیم.

ئەوەشم بۆ ڕوون بووەوە کە شۆڕشی ئێرانی دراوسێ و قاپی بەقاپیمانەوە، ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی میللەت نەبوو کە ئێمە لە سەرەتاوە بیرمان لێ دەکردەوە. هەموو ڕۆژێ هەواڵی پترمان لە سەر کوشتن و بەندکردنی خەڵک دەبیست. حیزبە کەهنوتییەکەی خومەینی بەرهەڵستکارە سیاسییەکانی قەدەغە کردن. کتێب دەسووتێندران، زانکۆ کرانە ناوەندی دۆگمای ئیسلامی و ژنان بە تۆبزیی گەڕێندرانەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و

لە کۆمەڵ دابڕان و بە کفنی عابا و ڕۆبی درێژەوە پێچرانەوە و ئارایشیان لێ قەدەغە کرا و لێ نەدەگەڕان لەگەڵ پیاوی نامەحرەمدا دەرکەون. پاسداران یا چاودێرانی شۆڕش، شەقامی شار و گوندەکانیان تەنیی و درندانە فەرمانی نوێیان جێبەجێ دەکرد. جیاوازییەکی گەلێ زۆری لەگەڵ ئەو شیعە گەش و بەخشندەیەدا هەبوو کە دایکم باسی دەکرد. خومەینیش وەک کاهێنە شەڕکەرەکانی پێشای ئیسلام، بە خوێن و دەمی تیغ وڵاتی بەڕێوە دەبرد.

پاشان بارمتەکانیان گرت.

لە ٤ ی نۆڤەمبەری ١٩٧٩دا، کۆمەڵە خەڵکێکی هەمەڕەنگ کە بە خۆیان دەگوت خوێندکارانی پەیڕەوی خەتی ئیمام، لە تاران دەستیان بە سەر سەفارەتی ئەمەریکادا گرت و کارکەرانی سەفارەتەکەیان تا ماوەی پتر لە یەک ساڵ بە بارمتەیی هێشتنەوە. ئەو کێشەیە کۆتایی بەو هێزە گچکە زیاتر پارێزگارە هێنا کە شۆڕشی ئێران هەیبوو و مەلای ڕادیکاڵ بە سەر دامودەزگاوە مانەوە.

وردە وردە بۆم دەرکەوت کە مەرج نییە ئیسلام لە سروشتی خۆیدا بەخشندە بێ. لە ڕاستیدا، موسوڵمانانی سەرەتای ئیسلام فەرمانیان پێ دەدرا کە بە سەر کافراندا سەرکەوتن، یا بیانگۆڕن یا بیانکوژن. خومەینی و پیاوەکانی، بە چاکی پەیڕەوی ئەمەیان دەکرد.

لە سنووری بۆچوونی خومەینیدا، سەددام یەکێ بوو لە کافرەکان. پێش شۆڕشی ١٩٧٩، خومەینی لە مزگەوتی بێ زەرەری نەجەفەوە، فەتوای شۆڕشی ئیسلامی دابوو ـ چەندین ساڵ لەوەبەر، شا دەرپەڕاندبوو و لە عیراق پەنابەر بوو ـ کە شا داوای لە سەددام کرد یا دەمی خومەینی دابخا یا وەدەری نێ، سەددام بەگوێی نەکرد. بە هەرحاڵ سەددام، خومەینی خۆش نەدەویست. ئیمام، شیعەی بە ژمارە زۆری عیراقی هان دەدا. مەلاکانی ئێران فەتوای شۆڕشیان دا و لە ڕێی ڕادیۆوە، خوتبە و فەتوای خۆیان ئاراستەی ناو سنووری عیراق دەکرد. نەواری هاندانی خومەینییەکان کە کاریگەرێتیی نەبوو، بە قاچاخ گەیشتبووە عیراق و لە مزگەوتەکانەوە ئەم دەست و ئەو دەستیان دەکرد.

مەلاکانی ئێران، پشتی کۆمەڵێ شیعەی توندڕەویان لە عیراقدا گرت کە "دەعوە"یان پێ دەگوترا. دەعوە، لە عیراقدا خەریکی ئەوە بوو لە باخچەی پشتەوەی سەددامەوە شۆڕشی ئیسلامی بەرپا بکا. سەددام بڕیاری لەناوبردنی دان و " ئایەتوڵلاّ محەممەد باقرلسەدر"ی سەرکردەیان و خوشکەکەی گرتن. دڕندانە ئەشکەنجەی دا و پاشان کوشتی.

پاش ئەوە، سەددام دژی خومەینی خۆی کەوتە شەڕەوە. لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٠دا سوپاکەی ناردە ناو سنووری ئێرانەوە و دەیگوت گوایە خودای لەگەڵدایە و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا سەرکەوتن وەدەست دێنێ. بیانووی سەرەکیی پارچە زەوییەکی بە نەوتی عیراقی بوو کە لە شەڕی دژی فارسەکاندا دەمێ بوو لە دەست چووبوو. بەڵام شەڕەکە، بوو بە شەڕێکی ماڵوێرانکەری درێژخایەن.

لە قوتابخانەدا، بە پڕوپاگەندە بۆمباران دەکراین، کە چۆن ئەمەریکاییەکان، لە ئێراندا بە سزای ڕەوای خۆیان گەیشتوون. بەڵام ئێرانییەکانیش دژمنی عارەب و عیراق و باوەڕی ڕاستی سوننەی ئیسلام بوون.

هەوڵێکی چڕ بۆ ئەوە دەدرا کە هەموو کەس ڕقی لە ئەمەریکا بێ. بەهەرحاڵ، هەموو کەسێ جلوبەرگی ئەمەریکایی و هەمبەرگەر و پانتۆڵی جینس (کاوبۆ)ی شین و مۆسیقا و توێکڵەکانی تری ئەمەریکایان خۆش دەویستن. لە هەمان کاتدا، زۆر عارەب ڕقیان لە هێزی نێودەوڵەتیی ئەمەریکا بوو. هۆی ئەمەش، بە یەک وشە ڕوون دەبێتەوە: ئیسرائیل. ئەمەریکا واتای ئیسرائیلی هەبوو. ئەوەی لەمە حاڵیی نەبێ، نازانێ بۆ کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر ناکرێ. چونکە ئەمەریکا هاوکارێکی ڕاستگۆی ئیسرائیلە و ئیسرائیلیش وەک ڕەگی شەیتان لە ناوچەکەدا سەیر دەکرێ. لەبەر ئەوە، هەر خراپەکارییەک لە دنیای عارەبدا ڕوو بدات، دەستی ئەمەریکایە. من ئەمە وەک تیۆرییەک ناڵێم بەڵکو وەک حەقیقەتێک دەیڵێم چونکە لە سستەمی بێوێنەی ئێمەدا تیۆری باوەڕپێکراو حەقیقەتە.

عیراق بە چەکی سۆڤیەتیش شەڕ بکات و ئێران بارمتەی ئەمەریکاییشی لەلا بن، ئەوجا ئێرانییەکان و خەڵکی عیراقیش، بێگومان خەتاکەی دەخەنە ئەستۆی

ئەمەریکا. ئەمەریکا دوژمنە ئیدی گرینگ نییە عیراقی سواری میگ بێ و ئێران لە ڕاگەیاندنی خۆیدا بڵێ ئەمەریکا بۆمبارانمان دەکات یا عیراق ڕاییگەیەنێ کە ئەمەریکا لە پشت ڕاکێتەکانی ئێرانە و لە عیراقیان پێ دەدرێ.
لە ماڵەوە، هەموو شتێ وەکی خۆی بوو: باوکم بە سەرمانیدا دەقیژاند و دایکم هەوڵی دەدا بەرگریمان لێ بکا. لێی دەترسام، بەڵام هەمیشە شتێک وای لێ دەکردم بەرەورووی ببمەوە. ڕقم لەو زەبروزەنگە بوو کە لە ماڵەوە بەکاری دەهێنا، ڕقم لە شێوەی بەکارهێنانیشی بوو. دەتگوت تۆپ بە پەلەوەری (هامینگ)ەوە دەنێ. هەمیشە وای دەردەخست کە هەر ڕێکنەکەوتنێک لەگەڵیدا، هەوڵی سڕنوگوم کردنێتی. گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە باوکم نەخۆشیی دەروونیی هەبێ. ئەو باوەڕەشم لا دروست بوو کە باوکم ڕێک ئەو بابەتەیە کە لە ناو ڕژێمەکەی سەددامدا بە چاکیی دەگونجێ.
ئەوەی جێی سەرسوڕمان بوو ئەوە بوو کاتێ کە ماڵەوەمان چوونە زیمبابۆی، باوکم منیشی برد. ساڵی ١٩٨٢ باوکم وەک یەکەم باڵیۆزی عیراق بۆ ئەو کۆنە کۆلۆنیایەی بەریتانیا دەسنیشان کرا. بۆ ئەوەی شتی تایبەتیی بکرێ، حکومەتی عیراقی پارچە زەوییەکی نایابی بە خانوویەکی گەورە و فەراحەوە بە پارەیەکی کەم (٢٠٠ ٠٠٠) دۆلاری ئەمەریکایی کڕی. پێ دەچوو زەمانی خۆی جێی ئینگلیزە ڕۆدیسییەکان بووبێ.
دایکم وەک ژنە باڵیۆزێک خۆبەخۆ، بەڵام چالاکانە ڕۆڵی خۆی دەدیت. هێشتا دایکم پەنای گەرموگوڕ و خۆشەویستم بوو. حەڤدە ساڵان بووم و ئارەزووی ڕابواردنم بەهێز بوو. ئەو ساڵەی کە لە زیمبابۆی بووم، هاوڕێکانم کوڕ و کچی دیبلۆماسییەکان بوون و پێکەوە دەچووینە یەک قوتابخانە. لەگەڵ هاوڕێکانمدا، باسی سیاسەتمان نەدەکرد. باسی ئۆتۆمبیل و کچمان دەکرد.
تاقیکردنەوەی پۆلی شەشەمی ئامادەییم بڕی جگە لەو تاقیکردنەوەیەی کە بۆ چوونە کۆلێژ، وەزارەتی ڕۆشنبیریی عیراقی بۆی دانابووین. یەکەم هەڵبژاردنی خوێندنم فڕۆکەوانی هێزی ئاسمانیی بوو. ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوە بوو فڕۆکەیەکی میگ یا میراج بفڕێنم و وەک (مونیر ڕۆفا)، کە فڕۆکەوانێکی عیراقی بوو و ساڵی ١٩٦٦ فڕۆکەیەکی شەڕکەری عیراقی ڕفاند

و چووه ئیسرائیل، منیش خۆم به ئیسرائیلدا بکەم. ئەوەی نەفرەتی له سەددام بکردبا، قارەمانی من بوو. (ئێلی کۆهێن) بۆ پێشەوە.

دەبێ باوکم به شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ شتێکی لێکدابێتەوە بۆیە قەبوولی نەبوو تەنانەت بیریش له هێزی ئاسمانیی بکەمەوە. دەیویست ببمه پزیشک. خۆم له کۆلێژێکی لۆسئەنجلس ناونووس کرد و ویستم ئەلیکترۆنیک و ئەندازیاریی فڕۆکه بخوێنم. وەرگیرام بەڵام باوکم گوتی: نەء. له ئەنجامدا دایکم توانی نەرمی بکات تا لێم گەڕێ بچمه بەریتانیا و له سەر مەسرەفی دایکم ئیلیکترۆنیکی کۆمپیوتەر بخوێنم.

( ٣ )

## بەرەو ناو لانەی شێران

نازانم بەریتانییەکان، ئاگاداری ئەوه هەن که جاسووس و پیلانچی و پیاوکوژانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک گەورەترین (گۆڕەپانی گەمە)ی جیهان دەڕواننه وڵاتەکەیان یان نا. نەک هەر بەتەنێ لەندەن، بەڵکو شاره گەورەکانی تریش بوونەته جێی ڕاو و جموجوڵ. له مانشیستەر گیرسامەوه و چ هەڵبژاردنێکی دیکەم نەبوو.

بەریتانیام لێ خۆش هات. بۆ یەکەم جار له ژیانمدا، به تەواویی سەربەخۆ بووم . حەڤده ساڵان بووم. له بەر ئەوەی زۆربەمان له خانووه خۆشەکانی زانکۆکەدا دەژیاین، به هاسانیی ئاشنایەتیم لەگەڵ خوێندکاراندا پەیدا دەکرد. ژووری خۆمم هەبوو. قەنەفەیەکی گەورەم هەبوو که دەکرا به قەرەوێڵەش. دەسشۆر و یەکێ لەو هیتەره ئینگلیزییانەی تێدا بوو که به دراو کار دەکەن. به هەشت کەسمان، گەرماوێکمان له نهۆمی خوارەوه هەبوو. نەرویجییەک و

ئیتالییەک و مالایزییەک و ئیسپانییەک لەو کەسانە بوون کە لە نهۆمەکەی مندا دەژیان.

دەمتوانی هەر لەویٚ ژەمە خواردنەکانم بخۆم بەڵام پێم خۆش بوو بچمە دەرێ و ئینگلیزییەکەم بخەمە کار. لە قوتابخانە، ئینگلیزییەکی باش فێر ببووم، ئیدی پێم دەویست بە تەواویی بیزانم. هەموان پێیان دەگوتم: "ئەگەر بتەوێ بە تەواویی فێرە ئینگلیزی بیت کیژە ئینگلیزێک پەیدا بکە". بەگوێم کردن و بە جۆشوخرۆشەوە دوای کچان دەکەوتم. بۆم دەرکەوت کە زۆربەی کچە ئینگلیز داستانی ڕۆمانتیکانەی بیابان و شێخیان لە کەللەدایە و پێیان وایە کە من بۆ ناو جێگە لە پیاوەکانی خۆیان بەکارترم. بە هەرحاڵ، دڵم خۆش بوو. مەسەلە تەنها سێکس نەبوو. دەکرا هاوڕێتی ئاسایی لەگەڵ کچاندا بکرێ جا بە سێکسەوە یا بە بێ سێکس.

لە ناو خوێندکارە عارەبەکاندا، بە تایبەتیی عارەبە عیراقییەکان، هیچم لە بارەی باوکمەوە باس نەکرد. ناوبانگی باوکم دوا شتێ بوو کە بمەوێ لەوێ دووم کەوێ. مایەی خۆشحاڵیم بوو کە لە کۆڵم ببۆوە. بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت سێبەرەکەیم هەر لە کۆڵ نەبۆتەوە. مۆرەکەی، بە قووڵایی ڕوحمدا چزابوو.

سەیرە کە دەڵێم لە کۆڵم ببۆوە. لە هەموو کاتێ پتر حەزم دەکرد دەستی لێ بووەشێنم. سیاسەت، هەمیشە ڕێیەکی مسۆگەرە بۆ جەزرەبەوەشاندن و منیش ئیدی گەورە ببووم و لە پلەوپایەیەکی وادا بووم کە بتوانم زانیاریی خۆم وەگەڕخەم.

بڕیارم دا، پەیوەندی بە بەرهەڵستکارێکی سەددامەوە بکەم. ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە یا کۆمۆنیستەکان هەڵبژێرم یا دەعوە. بێ ئەوەی لێیان ورد ببمەوە، دووەمم هەڵبژارد. کۆمۆنیزم چ ئەنجامێکی لە عیراقدا نەبوو. جگە لەوەش، ئەوەی لە مارکسیزمم دیبوو ئەو باوەڕەی لە لا دروست کردبووم کە ئەویش بابەتە زۆرداریيەکی ترە. مایەوە دەعوە، بزووتنەوەی ئیسلامیی شیعە. دەستم بە تاقیبکردنی کرد.

ئەو دەمە، هێشتا لەو باوەڕەدا بووم کە دەبێ شیعە ئەوە بێ کە دایکم باسی دەکرد. دەمگوت ڕەنگە ئێرانییەکان ئەم باوەڕە کۆنەی عارەب، هەر وا بە ڕێی هەڵەدا بەرن و بۆ کینەی دێرینی فارسانەی خۆیان بەکاری بێنن. ئاوهام بیر دەکردەوە تا ڕوو بە ڕووی دەعوە بوومەوە.

دوای وانەکان، هێندێ خوێندکاری عیراقی پێکەوە دانیشتن و باسیی وڵاتیان دەکرد. شەڕی بەردەوامی ئێران و عیراق بابەتی سەرەکیی بوو. ئەم دەمەتەقێیە، باسەکەی بەرەو شیعەگەرێتی برد.

کە باسی شیعەبوونی دایکمم کرد، کوڕگەلی دەعوە سەرنجیان دامێ. وای بۆ دەچوون کە دەبێ من خۆبەخۆ سەروسەودام لەگەڵ ئایندا هەبێ. بە گەرمیی باسی گەورەیی خومەینییان دەکرد و ڕایاندەگەیاند: ئەگەر لەو شەڕەدا سەرکەوێ عیراقیش دەبێتە کۆمارێکی شیعەی ئیسلامیی وەک ئێران.

خوێندکاری عیراقی بوون قسانیان دەکرد، بەڵام پێ دەچوو بیانەوێ عیراق بکەنە بەشێکی ئێرانی خومەینی. ئەم بۆچوونە، هەم دڵمی دەفڕاند هەم دەیتۆقاندم. وام پیشان دا کە ڕازیم. دڵنیا نەبووم چم دەکرد و چ پیلانێکم بۆ خۆم دانابوو تا ئەنجامی بدەم.

وردە وردە یەکێکیانم ناسی. نەعمان، لێپرسراوی شانەکانی دەعوە بوو لە مانشستەر. نەعمان، لە لوبنان کە خزمی خۆی لێ بوون، ڕاهێنانی کردبوو. خۆی و هاوڕێ خۆتەرخانکەرەکانی فێری سەرەتاکانی هونەری سەربازی ببوون جگە لە هونەری تایبەتی لە سەر شتی دی کە شیعە حیزبوڵڵآییە ڕادیکالەکانی لوبنان مەشقی پێ کردبوون. لە کاتێکدا کە ناوی حیزبوڵڵآییەکان و ناوەڕۆکی ڕادیکالآنەی جیهادی ئیسلامی بە خراپە بڵاو ببوونەوە، هەردوو لایان لە لایەن تارانەوە پشتگیریی دەکران و تا ڕادەیەک کۆنترۆڵیش دەکران. لە ماوەی چەند ساڵێکدا، بە هۆی بە بارمتە گرتنی ڕۆژاواییەکانەوە، ناویان وەک تیرۆریست هەواڵە سەرەکییەکانی دنیای داگیر دەکرد. ئەوەشی کە لە بری بەردانی بارمتەکان دەیانویست، بەردانی چەند عیراقییەکی سەر بە دەعوە بوو کە سەفارەتی ئەمەریکا و فەرەنسایان لە کوێت بۆمباران کرد و بەند

کرابوون. دەعوە، بۆ کاری لەو بابەتە ڕاهێنانیان دەکرد و فێری تەقاندنەوە دەبوو.

ساڵی ١٩٨٢ بەر لەوەی بچمە بەریتانیا، دەعوە سەفارەتی عیراقییان لە لوبنان تەقاندەوە و دەوروبەری سیی کەسیان کوشت. کەس شانازی بەو تەقینەوەیە نەکرد تا وای دەربڕێ کە دەستی لە نەخشەدانانەکەدا بووە. بۆی باس دەکردم کە چۆن خۆی و پیاوەکانی دژی سەددامی کافر جیهادیان کردووە. بارمتەکانی لوبنان و هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان و بۆمبارانکردنی ئەستوڵی ئەمەریکا و باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە لوبنان، هەموویان سەرەباسی دەزگای ڕاگەیاندنی ڕۆژاوا بوون. کەچی ئەو توندوتیژییەی ناوخۆی عارەب لە ڕاگەیاندنی ڕۆژاوادا، لە بنەڕەتەوە ڕەنگی نەدایەوە.

دەعوە یەکێ بوو لە دوو بزوتنەوەی ئایینیی لە عیراقدا. ئەوی تریان، ئەندامانی سوننەمەزەبی موسوڵمانی دەگرتە خۆ. ئەمەیان کاری سیاسی دەکرد و بەشی سەربازی بۆیە نەبوو، چونکە هاریکاریی دەرەکیی نەبوو. ئەمەیان ناوی برایەتیی بوو. بەینێ پشتی سەددامی دەگرت چونکە پێی وا بوو سەددام بچووکترین شەیتانی ناو زۆر شەیتانی تر بوو.

دەعوە بزووتنەوەیەک بوو کە سەددام هەموو کارێکی لە ناو هێزی خۆیدا دەکرد تا لە ڕووی زەوی بیسڕێتەوە. ئەم گرووپە، باڵی سەربازی و سیاسی هەیە و بە شێوەیەکی سەرەکی، ئێرانییەکان پشتگیری دەکەن. دوای ئەوەی سەددام، باقر سەدری سەرکردەیانی کوشت، لە لایەن ئایەتوڵڵا محەممەد باقر حەکیمەوە سەرکردایەتی دەکران. لە ژێر سەرکردایەتی ئەمدا، سوپاکەیان ڕادیکاڵتر و ئازاتر بوو. تەقینەوە لە شارەکانی عیراقدا بوو بە ڕووداوی ڕۆژانە. بنەماڵەی حەکیم دەستی بە سەر لایەنی نەیار و لادەریشدا گرت. بۆچوونی بنەماڵەکەی ئەوە بوو، کە کۆنترۆڵی هەموو دابڕاوەکان بکەن و لە یەک ڕێکخراودا کۆیان بکەنەوە تا لە کاتی گونجاودا سەددام وەلانێن.

سەددام دەیویست دڵنیا بێ کە هەرگیز کاتی گونجاو نایات. کاتێ یەکێکی سەر بە دەعوە بە ئۆتۆمبیلی ئەمبولانسی بە بۆمبا ئاخێندراوەوە، لە کارێکی

خۆکوژیدا چووە ناو بنکەی سەرەکی هێزی ئاسمانییەوە، ڕژێمی عیراق داهێنانێکی نوێی بۆ ناسینەوەی پێناسەی ئەو کەسە دۆزییەوە. شیعەکان، بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە، هەمیشە لە کاتی ئەنجامدانی کارە نەمرەکەیاندا، پێناسەیان بە خۆ نەدەهێشت. ئیدی لەتوپەت دەبوون، پیاوە ئازاکانی سەددامیش پارچەکانیان کۆ دەکردنەوە و بە یەکەوەیان دەدروو و ئەو سەرلەنوێ خولقێندراوە ترسهێنەرەیان لە ڕێی تەلەڤزیۆنەوە پێشان دەدا و خەڵاتیان بۆ ئەو کەسە تەرخان دەکرد کە بیناسێتەوە. کە تەرمەکەش دەناسرایەوە، هەموو خێزانەکەیان دەکوشتن.

جیا لە پیاوانی حیزب و سوپا، کە سەددام بۆ گۆڕەپانی ئاگربارانی ناردن، ئەندامانی دەعوە پلەی ئەشکەنجەی تایبەتییان لە لایەن ئاسایش یا پۆلیسی خەفیەوە بۆ دادەنرا. ئەو زانیارانەی کە لە بارەی شانە و ئەندام و پیلانەکانی دەعوەوە دەسگیر دەبوون، هەموو بە زەبری ئەشکەنجەدانی گومانلێکراوانەوە دەردەهێندران. شێوەی باوی ئەشکەنجەدان ئەوە بوو هەردوو باسکی بەندکراوەکە لە پشتەوە توند شەتەک بدەن و پەت بە بن هەنگڵیدا بەرن و بەرزی بکەنەوە و بە پانکەیەکی بنمیچەوەی هەڵواسن و بیسوڕێننەوە. ئەو ئازارە کوشندەیەی کە وەک ئەوە بوو هەردوو شانی وردە وردە لە جەستەی جیا ببنەوە، مەگەر هەر بە باسی ئازاری چوارمێخە کێشان بەراورد بکرێ.

سەددام، هەزاران شیعەی دەرکردن و لەگەڵ ئەو عیراقییانەی کە بە بنەچە ئێرانی بوون، ڕەوانەی ئێرانی کردن. پیاوی خۆشی کردنە ناوەخنی ئەو دەرکراوانە تا لە ناو ئێراندا دژی ئایەتوڵڵاکان کار بکەن. ئەم دوورخستنەوانە، ئەو سوودەشی پێ بەخشی کە لە هێندێ ئەفسەری بەتوانای ناو سوپا بخەلەسێ.

جارێکیان سەددام دژی دەعوە وەخۆ کەوت. دامودەزگای نهێنی یاسایەکی دانا کە هەر شیعەیەک بە تەواوەتیی لایەنگریی خۆی بۆ ڕژێم پێشان نەدا، لە کار دوور دەخرێتەوە. هێندێ لەوانە نێردران تا بە سەر مینی ئێراندا بڕۆن.

ساڵی ١٩٨٤ کە من لە بەریتانیا بووم، سەرکردەکانی دەعوە لە ناو عیراقدا بە تەواوەتی پاکسازی کران. مەهدی ئەلحەکیمی برای ئایەتوڵڵا حەکیم لە

تـاران بـوو. لەبەر ئەوەی خەفـیەی عیراقـی لە ڕیزەکانیانـدا هەبـوو، تەنـانەت ئەوانەش دەگیران کە لە ئێران و سووریاوە خۆیان بە عیراقدا دەکرد. حەکیم، سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی بەشداریکردنی کۆبونەوەیەکدا لە سوودان، لە لایەن موخابەراتەوە کوژرا.
شانەکانی دەعوە، زۆر لەو بابەتە کارانەیان ئەنجام دەدا کە شۆڕشی ئێران لە ماوەی سالانی بەرهەڵستکاریدا ئەنجامیان دەدا. گرینگییان بە لایەنگری تازە دەدا، نارەزاییـــان دەردەبـــڕی و خۆپیـــشاندانیان دژی ســـەددام لە شـــوێنە گـــشتییەکانی وەک هایـــدپارک ســـاز دەکـــرد و لە ســـەرووی هەمووشـــیەوە پڕوپاگەندەیان بڵاو دەکردەوە.
لە خـومەینییەوە فێـر ببـوون هەمـوو دەنگێکـی ڕەوا بەرز بـکەنەوە کە چەنـد باوەڕیـان بە دیموکراسـییەتە. ئەمەش بـۆ ئەوەی سـۆزی ڕۆژنـامەنووس و سیاســەتمەدارانی ڕۆژاوایــی بە لای خۆیانــدا ڕاکێـشن. دیــارە ئەوەی ئەوان پیلانیـان بـۆ دادەنـا، دیکتـاتۆرییەتی بـاوەڕی خـودامەداری و زۆرداری وەک خومەینی بوو. لە ڕاستیشدا یەکگرتنی تەواویان لەگەڵ ئێراندا دەویست.
لە مانشستەری دووردا، لەگەڵ ئا ئەوەدا پێوە بووم.
نەعمان کە تەمەنی لە دەوروبەری ٢٥ ساڵیدا بوو، نموونەیەکی تەواوی ئەو بابەتە کەسانە بوو، کە ژیانە بێ واتاکەیان، هەر بەوە واتا و نـاوەڕۆکی دەبێ، کە ببێ بە خواناسێکی توندڕەو. هەستی بەهێزیی جێی هەستی بێدەسەڵاتیی گرتبـۆوە. ئـاین، وەڵامـی هەمـوو پرسـیارێکی بـۆ دەدایەوە و ڕوونکـردنەوە و چارەسەری هەموو کێشەیەکی دەنایە مشتی. هۆی هەموو کێشەکان، دیارە کە ئیسرائیل و ئەمەریکای کافر بوون و چارەسەریش ئیسلام بـوو. ڕۆژێکیـان لە قاوەخانەیەکدا، بڕیاری ئەوەی دا، کە هەوڵم لەگەڵدا بدا تا پتر تێڕۆچم.
"خومەینی، پیاوێکی مەزن و نەجاتدەری میللەتەکەمانە. سەددام، دوژمنمانە، دوژمنـی ئیسلام و میللەتەکەمـانە. سـەددام، تەنهـا دەسـەڵاتی لەپێنـاوی خۆیدا دەوێ. دەیەوێ وا لە خەڵکی بکات بە موسـوڵمانی سـاغی بزانن. بەڵام درۆزن و زۆرداره. ئێمە دەیدەینە دەستی خومەینییەوە. ئەوسا عیراق ڕزگار دەبێ".
لە دڵی خۆمدا، بە هێمنیی گوتم: "نیوەی یەکەمی مافەکەت چنگ کەوتووە".

نەعمان و هاورێکانی باوەڕیان وابوو هەرچی دژی خومەینی دەگوترێ، پڕوپاگەندەی دوژمنە. خومەینی، هەرگیز کەسی نەکوشتووە. ئەو خەڵکەی کە لە ئێران ئیعدام دەکران، لە لایەن یەکێکەوە دەکوژران کە خۆی بە خومەینی دادەنا. خومەینی لە هەموو زۆرداری و ئەشکەنجەیەک و لەو شەڕە ماڵوێرانکەرە بێبەرییە. لە هەمان کاتدا ئەوەیان دەردەپەڕاند کە جەنگەکە چۆن بۆ ڕزگاریی عیراق دامەزراوە و ڕزگارییش قوربانیی دەوێ. کام ڕزگاری؟. ئەوەم بە خۆم دەگوت و بە خەیاڵمدا دەهات: ئەوەی خومەینی؟. نەمدەتوانی باوەڕ بکەم. ئەمانە لە سەر کامە ئەستێرە دەژیان؟.

دەعوە، بە لای منەوە، کۆمەڵێ شێتی هیوابڕاو بوون. خومەینی و شۆڕشە ئیسلامییەکەی، مەکینەیەکی ڕێکوپێکی کوشتنیان پێکهێنابوو. گومانم نەبوو کە ئەو کوڕانەش، ئەگەر بەختیان بیهێنێ، هەمان کار لە وڵاتەکەمدا دەکەن. جێی خۆی بوو بیری لێ بکرێتەوە، کە وەک خومەینی لە شا خراپتربوو، ئەمانیش لە سەددام خرپاتربن.

شەوێکی دەوروبەری سەری ساڵی ١٩٨٤ بڕیارێکم دا. کە بە ڕابردوودا دەچمەوە، لەو هەنگاوە چارەنووسسازە و لەو بڕیاری مردن و ژیانەی کە دەمنا و دەمدا، سەرسام دەبم و ترسم لێ دەنیشێ. بۆم دەرکەوتووە کە پاڵپێوەنەرم، تەنها تۆڵەسەندن نەبووە لە باوکم بەڵکو پەرەسەندنی بیروباوەڕی سیاسیانەی خۆشم بووە. ئەوەی ئەوسا لە سەر ئیسلامەتی دەعوە و خومەینی دەمزانی، زووترم بزانیبا، نەمدەتوانی کاریان بۆ بکەم. ئێدی ئەوەم پێ لە تۆڵەسەندنەوەی تایبەتی پێ گرینگتر بوو.

بڕیارم دا کاری پێچەوانە بکەم و ئەوەندەی پێم دەکرێ دەعوە تێکبشکێنم. هەرچەندە بڕیارەکەم ئەوەی دەگەیاند کە کار بۆ ئەو هێزە دەکەم کە پشتی سەددام حوسێن دەگرێ، بەڵام بڕیارەکەم دا.

خوێندکارێکی تری عیراقی کە لە خانووەکەدا بوو، ناوی حەسەن بوو. لێرە و لەوێ زانیبووم کە جۆرە سەروکارێکی لەگەڵ بەعسدا هەیە. حەسەن کە کەمێ لە من بەتەمەنتر بوو، خەریکی خوێندنی فیزیای نەوەوی بوو. خوێندنی بابەتی وا، ئەوەی دەگەیاند کە دەبێ پەیوەندییەکی بە موخابەراتەوە هەبێ و

به دڵنیاییەوە دەبێ خەفێ بێ. چوومە لای و ڕاستیی پێناسەی باوکمم پێ گوت. ئەوەشم پێ گوت کە گەلێ شت لە سەر هاوڵاتییە شیعەکانی خۆمان، لە زانکۆدا دەزانم. دوای دوو ڕۆژ، حەسەن بردمیە ژوورێکی گچکەی زانکۆوە تا چاوم بە دوو پیاو بکەوێ کە لە سەر داوای ئەو هاتبوون. دڵنیا بووم کە لەگەڵ هێندێ لە هەڵبژاردەکانی سەددامدا بووم. خەرمانەی دەسەڵات و توندوتیژییان گومانی نەدەویست. زەلامە زلەکەیان، خۆی بە ناوی (عۆدە)وە پێ ناساندم. دوایی تێگەیشتم ئەو عۆدە سوڵتانە بوو کە ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ یەکێکی تردا لە ناو ئێران، شا دەسگیری کردبوون و دوایی وەک دەربڕینی هەڵوێستی دۆستانەی نێوان هەردوو وڵات، بۆ عیراق گێڕدرانەوە. بە وردیی گوێی بۆ باسەکەم، لە بارەی نەعمان و هاوڕێکانیەوە ڕاگرت. پاشان پرسیاری ڕابردووی لێ کردم. ناوی باوکم، خۆی لە خۆیدا بەس بوو. دڵسۆزییەکەم گەلێ لە سەرەوەی گومانلێکردنەوە بوو.

عۆدە گوتی: "لە ماوەی هەشت مانگدا، ئەمە یەکەم جارە بتوانین بچینە دیوی ناوەوەی دەعوەوە. تۆ دەبیتە نموونە".

تەنها ئەو کاتە، ڕاستیی چلۆپۆی کارەکەی خۆمم بۆ دەرکەوت. ئەە براگیان!. من کارم بۆ پۆلیسی نهێنی دەکرد. ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە بە شێوەیەک لە شێوەکان کارم بۆ موخابەرات دەکرد. ئەمەیە کە لە عیراقدا، بەهێزترین باڵی ئامێریی پاراستنە.

عۆدە لەگەڵ (جیهاز امن الحزب ـ دەزگای ئاسایشی حیزب)دا کاری دەکرد، کە لە لایەن (مکتب امانە سر القگر ـ کە لە وەرگێڕاندا بە لاوازیی دەبێتە: دەزگای پاراستنی نهێنییەکانی وڵات)ەوە سەرپەرشتیی دەکرا. ئەم ناوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان (ئەو کتێبەی کە بۆ منداڵ ناشێ) دەگەرێتەوە. لە عارەبیشدا، ناوەکە، لە خۆیدا، وەک کارەکەی توندوتیژە.

ئەگەر مەسەلە ئاسایش بوایە لە دەرەوەی عیراقدا، موخابەرات ڕێنمایی (جهاز امن الحزب)ی دەکرد. منیش لە مانچستەر، هێزی خۆم خستە پاڵ هێزی ئەو پیاوە تۆقێنەرانە.

عۆده پێی ڕاگەیاندم بەردەوام وا پیشان بدەم کە لەگەڵ برادەرانی دەعوەدا ڕێکم تا ئەوەندەی پێم دەکرێ زانیاریی بخەمە ڕاپۆرتەوە و وێیدەم. ئەگەر ڕاپۆرتم هەبوایە دەبوو هەموو ڕۆژانی دووشەممە و پێنجشەممەیەک، بچمە کتێبخانەی زانکۆ و لە کاتێکی دیاریکراودا، بچمە لای ڕەفتێکی دیاریکراو. عۆدەش دەبوو لە هەمان کاتدا لەودیوی ڕەفتەکەوە بێ و بە نێوان کتێبەکاندا ڕاپۆرتی وێدەم. ئەگەر هیچیشم نەبوایە بۆی بخەمە ڕاپۆرتەوە، هەر لە بنیی پێی نەدەویست بچم. ئەگەر شتی بە پەلەش هەبوایە دەبوو پەیوەندی بە کاپتنێکی وەزارەتی بەرگرییەوە، لە باڵیۆزخانەی عیراقدا بکەم کە لە زانکۆ ئینگلیزی دەخوێند.

کە لە لایەن جەماعەتی دەعوەوە پتر پەسەند کرام، نەعمان داوای لێ کردم لەو کۆبوونەوانەدا بەشداری بکەم کە لە ماڵی یەکێ لە ئەندامەکان بە ناوی (سەلاح)ەوە دەکران. دەوروبەری شەش یا هەشت کەس دەچووینە ژوورێکی سەرەوە. من ڕێک لە کاتی دیاریکراودا دەگەیشتم کە دەیکردە پێش هاتنی ئەوانی دی، کە هەمیشە دوا دەکەوتن. کە سەلاح دەچووە خوارەوە تا پێشوازی ئەوانی دی بکات، من بە قاقەزەکانی سەر مێزەکەیدا دەچوومەوە و بە دوای ناو و ژمارەی بانک و شتی تردا دەگەڕام.

کە هەموان ئامادە دەبووین، نەعمان باسی سەرکەوتنەکانی خومەینی لە شەڕدا دەکرد و دەبوو ئەوانی تریش ڕەزامەندیی دەربڕن. هێندێ جار نەعمان بۆی دەگێڕاینەوە کە پیاویان لە سووریا ڕاهێنان دەکەن تا بچنە ناو عیراقەوە. هەرگیز ناوی تەواوی ئەوانەی ئاشکرا نەدەکردن بەڵام ڕێی چوونە عیراقەوەی لێ ئاشکرا دەکردن: هەمان ئەو ڕێیە بوو کە کوردە بەرهەڵستکارەکان، لە ناو تورکیاوە پێیدا دەڕۆیشتن.

هاوڕێ خەفییەکانم، پڕوپاگەندەیان بە دوودا بڵاو دەکردمەوە کە چەند مەترسییەکی گەورە و دژە سەددامم. بەمەش، پتر جێی باوەڕ دەبووم. بە ڕۆژەوە، لەگەڵ جەماعەتی دەعوەدا دەسووڕامەوە و ئەفیشی وەک (سەددام هیتلەرێکی نوێیە)م هەڵدەواسین و بە شەوانیش لەگەڵ خەفییەکانی سەددامدا لێمدەکردنەوە.

هەر چەند ڕۆژ و جارێک، ڕاپۆرتی خۆمم لە ڕێی کتێبخانەکەوە دەگەیاند و تیایدا نـاو و ڕۆژی کۆبـوونەوە و پلانـی نهێنـی چالاکییەکـانم دەدایە عـۆدە. ژمارەی بانکی دەعوەم دایە عۆدە و سەرچاوەی یارمەتیشم بۆی ئاشکرا کرد. هێندێ پارە لە سووریاوە بوو و هێندێکی تریش لە جەزایرەوە.

قەتـم نەزانـی نەعمـان و برادەرەکـانی چییـان بەسـەر هـات. بەڵام ئەوانە، ماسـییەکی گچـکە بـوون و پـێم وایە عـۆدە و سـەرگەورەکانی، بـۆ ئەوەیـان هێشتەوە بە دووررودرێژیی چاودێری بکەن تـا سـەری دوژمنی پێ دەسـگیر بکەن. بە هەرحاڵ، کەس ون نەبوو. ماوەیەک بەوە باوەڕم بە خۆم دەهێنا کە بە خۆم بڵێم: دەزانـم چ چارەنووسـێ لە عەنبـاری دەعـوەدا بـۆ زۆربەی عیـراق هەڵگیراوە، ئەگەر دەسەڵاتیان دەسکەوێ.

بەڵام گرینگ نییە چۆنم بیر دەکردەوە چونکە دڵم بە کارەکەم خۆش نەبوو. وا بـزانم ئەوەی ئـازاری دەدام ئەوە بـوو پێچێکـی ترسـناکم بە چـارەنووس و سیاسـەت دابـۆوە و بـۆ سـەددامی مێردەزمە و مەکینەکەی کـارم دەکـرد. بـۆ باوکیشم. شەوێک، بۆچوونێکی سەیر وەک تەم بە بەر چاومدا هات: مۆساد.

بۆچوونی لایەنگرێتی ئیسرائیل، کە ببم بە کۆهێنی عیراقی، هەمیشە لێرە، لە بنـی هۆشـمدا دەخـولایەوە. ئەمـدیوئەودیوم کـرد و وەرچەرخـام و هەوڵمـدا بخەوم: مۆساد، ئیسرائیل.

ئەگەر لەگەڵ مۆسـاددا کار بکەم، ڕەنگە بتـوانم تـۆڵە لە بـاوکم و سـەددامی ئاغاشی بکەمەوە. دەمتوانی توانای خۆمیان بۆ بخەمە کار، تا لەگەڵ سـەددامدا شەڕ بکەن. بۆ بەیانی، دانیشتم و نـامەیەکم بـۆ مۆسـاد نووسـی. لەبەر ئەوەی ناونیشانیانم لە لا نەبـوو، ئاسـایی لە سـەر زەرفەکە نووسـیم: "سـەفارەتخانەی ئیسـرائیل ـ لەندەن".

بۆم نووسیبوون من عیراقیم، و پێشنیازم کردبوو پێکەوە شەڕی خەڵکانێک بکەین، کە هەردوو لامان ڕقمان لێیانە. نووسـیبووم: "ئەگەر دەتـانەوێ قسـەی لەسـەر بکەین، یەکێ بنێرنە ئوتێلی بەریتانیا لە مانچستەر". ڕۆژ و سـەعاتم بـۆ دانـابوون. دوایـی نووسـیبووم: "تووشـی پیاوێـک دەبـن، گـوڵێکی سـووری بە یەخەوەیە".

ئەمە بێعەقڵییەکی تەواو بوو. هەموو بیانووەکی ئەو بێعەقڵییەم ئەوەیە کە تەمەنم تەنها نۆزدە ساڵ بوو. بە نیوە ئاگاییەوە - لە بەر ئەو کارە پێکەنینهێنەرە، چوومە جێژوان. دیارە کە کەس دیار نەبوو.

ئازایانە بڕیارم دا سەفەری لەندەن بکەم و بەخۆم بچمە سەفارەتخانەی ئیسرائیل. هەستم دەکرد وەک دانیەل بەرەو لانەی شێران دەچم.

( ٤ )

## کارکردن بۆ دوژمنی پشتاوپشت

سەفارەتخانەی ئیسرائیل لە لەندەن، لە بینایەکی گەورەدایە و کەوتۆتە ناوچەی (کینسینگتۆن)ەوە. کە گەیشتم، ئەو شەقامەی سەفارەتخانەکەی لێ بوو بەسترابوو. سەفارتخانەی لەندەنیش وەک نێردراوانی ئیسرائیلی لە هەموو جیهاندا چاودێریی دەکران، چونکە چاوەڕوانیی خراپەکاریی دەکرا.

بە زەحمەت لە شەقامەکەدا، بە نێوان ڕێبەستی ئاسندا ڕێی خۆمم کردەوە و پەڕیمەوە بەردەم قەڵای ئیسرائیلی. گاردێک بە سەرسوڕمانەوە پرسی: کارێکت هەبوو؟!.

پێناسەکەم دەرهێنا و بۆم درێژ کرد و گوتم: "دەبێ یەکێکی ئاسایش ببینم". دەمم تێکئالا.

گاردەکە، چاوی گچکە کردنەوە و هێمای بۆ یەکێکی دی کرد و گوتی: "ئەم شێتە دەیەوێ یەکێکی ئاسایش ببینێ". ئەوەی دیکەیان تەماشایەکی پێناسەکەی کردم و بە مەغزاوە بزەیەکی کرد و گوتی: "ڕاستە". ئەوەی بە گەمەپێکردنەوە گوت. بە سووربوونەوە گوتم: مەسەلەکە گرینگە.

گاردی یەکەم، بە بێمبالاتییەوە شانی ڕاوەشاند و تەلەفۆنی کرد. چاوی لە پێناسەکەی من بوو و بە عیبرییەکی خێرا قسەی دەکرد. تەلەفۆنەکەی دانایەوە

و ڕووی لە من کرد و گوتی: سبەینێ بچۆرە کونسڵخانە و پرسیاری ئیسحاق بکە.

ڕۆژی دوایی، دوای ئەوەی لە بەر دەرگای دەرەوە پشکنیانم، ڕێم پێ درا بە جێیەکی تری وردبوونەوە و بە بەردەم ئامێرێکی میتاڵپشکنیندا ڕەت بم. بە ڕێڕەوێکی چۆڵدا دوای یەکێ کەوتم و لە بینای سەفارەتخانەکەوە، بەرەو کونسوڵخانەکە، کە کەوتبووە پشتەوەی باخچەی ناوەوە، ڕەتبووین.

گاردێک بە شێوەیەکی ڕەق، بەرەو ژوورێکی چاوەڕوانیی نهۆمی سەرەوە ڕێی پیشان دام. دەرگاکە، بەرەو ناو ئۆفیسێکی ڕێکوپێک دەکرایەوە. ئیسحاق لەوێ چاوەڕوانم بوو.

پیاوێکی قەڵەو، قژی ماشوبرنج و ڕەق بوو. بە قاتە خۆڵەمێشییەکەیەوە لەبەر چاوم نموونەی ئیسرائیلیی لەکارزان و ئازا بوو. پرسی: چیت دەوێ و کێ ناردووتی؟.

"کەس نەیناردووم، دەمەوێ کارتان لەگەڵدا بکەم".

"بێنە با پەساپۆرتەکەت ببینم!".

دەستم بە بەرکمدا کرد و پەساپۆرتەکەم وێ دا. بە وردی لێی ڕاما و پاشان گوتی: "باوکت دەزانێ لێرەی؟".

وردبوونەوەی ئاوها. سەرم ڕاوەشاند: "نەء ، ئاگای لە هیچ نییە. مەسەلە تەنها بۆچوونی خۆمە".

داوای لێ کردم: " لێرە چاوەڕوان بە".

چاوەڕوان بووم. دەرگا کرایەوە و پیاوێکی لاوازی سەرنجڕاکێش وەژوور کەوت. قژی ڕووتاوە و چاوی ڕەش بوون. بە عارەبی قسەی کرد. هەستم کرد شێوەیەکی تایبەتی فەلەستینی دەدوێ. بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی: "ببوورە لەو کاتەدا نەهاتم کە بۆ ژوانت دانابوو. من ناوم یوسفە".

"خەتای خۆم بوو. بە ڕاستی ژوانێکی بێ مەعنا بوو".

"نا، نا. مەسەلە هەر ئەوە بوو کەسمان بەو دەمودەستە نەبوو بینێرین. ئێ ێ... زیاترم لە بارەی خۆتەوە پێ بڵێ. بۆ لێرەی؟".

هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە. باسی باوکم و کارەکەی و هۆی ئەم هەوڵی کارکردنەم لەگەڵیاندا کرد. یوسف، هەستی ئاسوودەیی و دڵنیایی پێ دەبەخشیم. بەڵام دەمزانی هەرچی بکات، ستراتیژێکی ئانقەستە. مەعلان بوو.

کاغەزێکی بۆ پڕکردنەوە دامێ. ڕیزێ پرسیاری دوور و درێژ بوو لە بارەی هەموو ورد و درشتێکی ژیان و بیرکردنەوەمەوە. زۆریانم لەبیرە: چەند جگەرە دەکێشیت؟. مەشروب دەخۆیەوە؟. دەرمان بەکار دێنیت؟. لەگەڵ کچاندا دەنویت؟ـ ئەگەر ئا، چەند کچ؟. هاوڕێکانت کێن؟. کاریان چییە؟. بیروباوەڕی سیاسییانەیان چۆنە؟. چۆن دەیانبینی؟. هاوڕێی جوولەکەت هەیە؟. پێت وایە چەندت پارە دەدەینێ؟. پەیوەندیت بە کەسی ترەوە کردووە؟. درێژەی کێشا و چەندین سەعاتی ویست تا هەمووم پڕ کردەوە. ئەگەر نەمزانیبا چۆن وەڵامی تەواو بدەمەوە یا لە پرسیارێک دڵنیا نەبووما، یوسف یارمەتیی دەدام. کە هەموو وەڵامەکانم دانەوە، یوسف پرسیاری تری لێ کردم تا زانیاری پتری دەست کەوێ. هەموو شتێکم لە بارەی باوکم و سەردەمی نالەباری منداڵیی خۆمەوە گێڕایەوە. پاش تاوێ گوتی: "دڵنیام کە برسیتە".

سەری ئەریتیم بۆ ڕاوەشاند و ئەویش تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و فەرمانی دا، خواردن بێت.

دوای دەوری پانزە دەقیقە، سکرتێرەکە مریشکی لینتاکی هێنا و ئێمەش لە سەر کاری خۆمان بەردەوام بووین. دەستی یارمەتیی هەبوو و پیاوێکی بەڕێز بوو و مەحاڵ بوو بۆچوونەکانی بخوێندرێنەوە. نەمدەزانی چۆن بیر لە وەڵامەکانم دەکاتەوە. تا پێم کرا، بە چاکترین شێوە وەڵامی پرسیارەکانم دابوونەوە. خۆم بە دەستەوە دابوو. بە تەمابووم، هەموو کارێکیان، بێ مز بۆ ئەنجام بدەم.

لێی پرسیم: "حەز بە جگەرە دەکەیت؟".

"نا، سوپاس. ڕۆژی یەک جگەرە دەکێشم و جگەرەی ئەمڕۆم کێشاوە".

خۆی بە پشتدا خاو کردەوە و جگەرەیەکی پێ کرد. پرسی: "ئەگەر ڕۆژێ لە سەر شەقامێک بمبینی..." دووکەڵەکەی هەڵمژی و بەردەوام بوو: "چی

دەکەیت؟". لە دڵی خۆمدا وای بۆ چووم کە دەیەوەێ بزانێ داخوا پێم ناخۆش نییە ئیسرائیلیی بناسم. گوتم: "دیارە مەرحەبات دەکەم".

گوتی: "نەء. بە ڕێی خۆتدا دەڕۆی، وەک ئەوەی منت لە ژیانتدا نەدیبێ. منیش نەناسێکی وەک ئەو عالەمەی سەر شەقامەکەم. ئەگەر لە ملیۆنێکدا یەک ڕێکەوتی باش هەبێ بەکاری دێنین. لەبەر ئەوە تا ئێستا ماوین. تێگەیشتی؟".

تێگەیشتم و گەشامەوە. ئەمانە لێزان بوون. ئەمانە، ئەو پیاوانە بوون کە دەیانتوانی وام لێ بکەن بەرپەرچ بدەمەوە، هێندێ چەوتیی ڕاست بکەمەوە. دەیانتوانی یارمەتیم بۆ ئەوە بدەن کە تۆڵەی خۆم لە باوکم و ڕژێمەکەی سەددام حوسێن بکەمەوە.

یوسف داوای لێ کردم کە یەکشەممەی داهاتوو بچمەوە.

دەبوو یەکشەممەی داهاتوو بچمە بینای سەرەکی وەزارەتەکە، نەک کۆنسوڵخانە. جارێکی دی لە لایەن گاردی میتاڵپشکێنەوە پشکێندرام. لە ژوورەوە، خۆم لە ساڵۆنێکی بەتاڵی گەورەدا دی. ساڵۆنەکە، ئاگردانێکی لێ بوو و ئاوێنەیەکی ڕەشی بە سەرەوە بوو. گاردی دیوان تەماشای پەساپۆرتەکەی کردم، ئەوجا لەشم و هەرچی لە گیرفانمدابوو، هەمووی سەح کردنەوە.

ئۆفیسێکی لای ڕاستی هۆڵەکەوە پیشان دام. یوسف لەوێ بۆم ئامادە بوو.

بەدەم ڕۆژباشەوە، نەخشەیەکی بەغدای لە سەر مێزەکە ڕاخست و گوتی. دەمەوێ هێندێ جێی گرینگم پێشان دەی".

"زۆر باشە". ئەوەم گوت و سەرم بە دیار نەخشەکەوە خوار کردەوە.

"جێی وەزارەتی بەرگریم پێشان بدە".

پەنجەم خستە سەری و گوتم: "ئێرەیە".

"کۆشکەکانی سەرۆک، ئەمن، گرتووخانەی ڕەشیدییەی جەنگ و فڕۆکەخانەی سوپاییش". پرسیاری شتگەلێکی دەکرد کە دەمزانی پێشەکی بۆ خۆی دەیانزانێ. بەڵام بەگوێم کرد.

"ئەمە نەخشەیەکی زۆر کۆنە. ئەگەر نەخشەیەکی نوێترم بۆ بهێنن، دەتوانم چاکتر پیشانت بدەم".

یوسف گوتی: "نا، پێویستمان پێی نییە".
باسی ئەوەم بۆ کرد کە چۆن بە منداڵیی، لە سەر ئێلی کۆهێن، ئەو خەفیە ئیسرائیلییەی کە لە هێڵی دوژمندا کاری دەکرد و ئازایانە هەموو شتێکی ورد و درشتی، تەنانەت لە سەر دوا جگەرەی دوا سەربازیش، دەردەخست، ببوو بە قارەمانی خەیاڵی من و وای بۆ دەچووم وەک ئەوم لێ بێ.
لە بارودۆخەکەدا، هیچ شتێ ئاوها بۆ من مەیسەر نەبوو. وەک کۆماندۆ یا پسپۆری تایبەتی شتێ، لە جێی گرینگدا ڕاهێنانم نەکردبوو. بەهەرەی من لەوەدا بوو هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکیدا بکەم. قسەیان بۆ بکەم و قسەیان پێ بکەم. مۆساد، منی بە خۆتەرخانکەرێکی نموونەیی زانی. ئەگەر یەکێ پیاوکوژ بێ، منیش پیاوکوژم. ئەگەر سەر بە ئایین بێ، من مەلایەکم لەو گۆڕە. ئەگەر باغەوان بێ، من حەز لە گوڵ دەکەم. ئیدی پێم دەکرێ بچمە ناو هۆشیەوە و لایەنی لاوازیی و ڕق و ئەو مەبەستانەی دەربخەم کە لە پێناویاندا دەبێتە خەفییەی بەجێ.
پێم وایە، ئەم توانایەم ئەنجامێکی ئاسایی شێوەی پەروەردەبوونمە. بووم بە قومقومۆک چونکە کەوتبوومە گەلێ بارودۆخی جۆراوجۆرەوە و هەر دەبوو بەردەوامیی بە ژیان بدەم.
دوو ساڵ بوو، وەزارەتی بەرگریی عیراق، قوتابخانەیەکی زۆر تایبەتی لە بەریتانیادا، لە خوار شارۆچکەی (وۆنینگ) لە گردۆڵکەکانی سەرێ کردبۆوە. گشت لە گشتی لە سەر حیسابی وەزارەت بوو و هەموو قوتابییەکانی ئەوێ، خوێندکاری زانکۆ بوون. هەر چەند ساڵ جارێک جێیەکی نوێی لە بەریتانیا بۆ دەدۆزرایەوە. ئەو کاتە، دەوروبەری سەد خوێندکاری لێبوون. زمانی ئینگلیزی و مێژوو و ماتماتیک و فیزیا و وانەی دی فێر دەبوون و چاکترین مامۆستای بەریتانی دەرسیان پێ دەدان.
ئەو خوێندکارەی ئاستی (A) ببڕیبا دیسان لە سەر حسێبی وەزارەتی بەرگریی دەنێردرایە یەکێ لە زانکۆکانی بەریتانیا. زۆربەی ئەو خوێندکارانە، ئاستی بەرزی تەکنەلۆژیا و زانستی کۆمپیوتەریان دەخوێند. زۆریان دەبوونە

پسپۆری گـۆڕین و پەرەپێـدانی بنەڕەتیـی بەرنـامەی چەکـی داروودەسـتەی سەددام.

قوتابخانەکە، وێنەیەکی تری ئەوە بوو کە چۆن ڕۆژاواییەکان، چەندین ساڵ یارمەتی بەهێزکردنی ئەو مەکینە سوپاییەیان دەدا کە خۆیان ساڵی ١٩٩١ بە گژیدا هاتن.

ئەمەم بۆ ئەوە نییە بڵێم گوایە هەموو خوێندکارە عیراقییەکان لە بەریتانیا، لە سەر حسێبی سەددامی خاوەنشکۆ بوون. بەڵام گەلێ دژوار بوو خێزانی ئاسایی عیراقی، منداڵی خۆیان بۆ خوێندن بنێرنە دەرێ. منداڵ لە دەرەوە، واتە ناردنی پارە بۆ دەرەوە. ئەمەش میریی ئاگادار دەکردەوە کە کوڕەکەیان چۆتە دەرێ. ئێدی پرسیار دەست پێ دەکرا: بۆ ڕۆیشت؟. بۆ بە بەشی لێکۆڵینەوەی ئاسایش و زانیاریی دەرەوەی حکومەتدا نەڕۆیشت ؟. بۆ؟.

لێکۆڵینەوە لەگەڵ کوڕەکاندا ـ چونکە کچیان لەگەڵدا نەبوو ـ بەر لەوەی شانازی خوێندکارییان لە زانکۆیەکی بەریتانیا پێ ببڕێ، لە وردیدا بە عەقڵەوە نەدەچوو. گونجانی سیاسی لە توانای سیاسی گرینگتر بوو. هێشتا خەڵکی شیاو هەبوون ئەو جێیە زۆرانەی قوتابخانەکە پڕ بکەنەوە. لە (وۆکینگ)یش لە ژێر چاودێریی چاوی هەڵۆیی گەورەیەکی عیراقی وەک مێجەردا دەبوون.

یەکەم ئەرکم ئەوە بوو کە هەموو شتێ لە بارەی مێجەرەوە بدۆزمەوە و بزانم ئەو ئەفسەرە عیراقییە داخۆ بە کەڵکی ئەوە نایێ خۆی بۆ ئیسرائیلییەکان تەرخان بکا. دوو کۆنە هاوڕێی قوتابخانەم لەو قوتابخانەیەدا بوون و دەبوو سەردانێک بۆ ئەوێ ڕێک بخەم و لەوێوە دەست پێ بکەم. یوسف چ نەسیحەتێکی تایبەتی نەکردم و لەم مەسەلەیەشدا چ ڕاهێنانم نەکرد.

تەوقەم لەگەڵ یوسفدا کرد و بەرەو ناو شەقامەکانی لەندەن دەرکەوتم. ئەنجامم دا، کارم بۆ مۆساد دەکرد. من عیراقییەک بووم و کارم بۆ زایۆنیست دەکرد. ها! باوە، وەریگرە!. تۆش، سەددام!. دوای ئەو هەموو ساڵانە ـ لە ماوەی گشت تەمەنمدا، کە ویستیان دەستەمۆم بکەن، وا دەستەمۆ بووم.

زەوی دەوروبەری قوتابخانەی (وۆکینگ) فراوان بوو. باخچەی جوانی لێ بوون و لەو بابەتە دامەزراوە ئینگلیزییانە بوو، کە لە دوو نهۆمی مەیلەو سوور پێک هاتبوون.

کۆنە هاوەڵەکانم بە دیتنم شاد بوون و داوای مانەوەیان لێ کردم. زوو دەستمان بە قسان کرد. یادی قوتابخانەمان دەکردەوە، بیرەمان دەخواردەوە و بلیاردمان دەکرد. لە جێی داهاتووی تۆپی بلیارد ورد بوومەوە و گوتم."ئەم جێیە زۆر خۆشە. دەبێ بشێ خوێندنەکەم بۆ وەزارەتی بەرگریی بگوێزمەوە و بێمە تەکتان؟". سێرەم گرت و لێم دا. یەکێ لە هاورێکانم گوتی: "هەر کاتێ بتەوێ، دەشێ قسە لەگەڵ مێجەردا بکەیت". لە دڵی خۆمدا گوتم: دومبەڵە !.

مێجەر، تەمەنی لە سەرەوەی چل بوو. لە باڵآدا، کورتەبنە بوو و لە توندوتیژیدا کەڵەگەت بوو. بۆنی ئەو موخابەراتەی لێ دەهات کە باڵی پاراستنی سوپا بوو و ئەم کاری بۆ دەکرد. هەرچەندە لە دەرەوەی قوتابخانەکەدا دەژیا، بەڵام هەموو ڕۆژێ لەگەڵ ژنەکەیدا دەهات و ئەوی لە ناو ئۆتۆمبیلەکە، لەودیو دەرگا جێ دەهێشت و دەهات چاوی بە کاروباردا دەگێڕا. ئەم سەردانە یەک - دوو سەعاتییە ڕۆژانەیە، بە چاودێریکردنێکی سەیری قوتابخانەکە دەچوو. بەڵام لە ڕەفتاری خوێندکارەکاندا ئەوە دیار بوو کە یەک دوو چۆلەکەی لە ناویاندا دانابێ تا قسەی بۆ بگێڕنەوە.

چەند ڕۆژێ بە سەر سەردانەکەمدا تێپەڕ ببوو، لە ناو باخچەکەدا، لەگەڵ هاورێیەکمدا ڕاوێستابووم، مێجەر هات. هاورێکەم منی پێ ناساند و بە جووتە بۆ ئاخاوتن ماینەوە.

دەیزانی باوکم کێیە بەڵام گەرموگوڕ نەبوو. دەمەتەقێمان لە سەر هێندێ شتی بێ زەرەر بوو، وەک لێهاتویی مامۆستای بەریتانی. سەرچاوەی زانیاری من لە سەر مێجەر قوتابییەکان بوو، کە بە وردی هەڵیانسەنگاندبوو. ئەوەی بەکەڵک بێ و بەر گوێم کەوت، ئەوە بوو کە خیانەتی لە ژنەکەی خۆی دەکرد. مەحاڵە لە شاری وا بچووکدا نهێنی بپارێزرێ. ئەمە، لایەنی لاوازیی ئەو بوو: مۆساد پێی دەکرا بۆ بەدەستهێنانی، ژن بەکار بێنێ.

به هەر حاڵ، قوتابخانه ڕووی له پشووی هاوین بوو. تا ئەو دەمە، ئەوەم بۆ دەرکەوتبوو که ئیسرائیلییەکان هێنده مێجەریان به لاوه گرینگ نەبێ. ئەو کارەم بۆ بوو به تاقیکردنەوەیەکی زیندوو. دەمزانی ئەوەی ئیسرائیلییەکان دەیانویست دەرەجەداری ئاستی باڵا بوو. بۆ وەدەستهێنانی ئەوانەش جەردەی وەک منیان دەویست. دەیانزانی چی ڕوو دەدا بەڵام دەیانویست بچنه دیوی ناوەوەی دامودەزگاکانی عیراقەوە. پێویستیان به خەفیێیەک بوو بمێنێتەوە و ڕۆژ به ڕۆژ ڕاپۆرتیان له سەر گروپە هەمەچەشنەکان بداتێ.

گەڕامەوە بۆ لەندەن و دەسکەوتی خۆم دایه یوسف. پێ نەدەچوو خۆشحاڵ بێ. ئیسرائیلییەکان دەستیان پێ کرد پارەم وێدەن و مەسرەفم بکێشن و ئەو پێداویستییانەم جێبەجێ بکەن که پێم دەگوتن. دەمتوانی قات و هەرچیم به خەیاڵدا دێ، بیکرم. کراسێکی ئاوریشمی خۆڵەمێشیم لەبیره که پێوەی بۆ کۆبوونەوەی یەکشەموانی مۆساد دەچووم.

ئەو ڕۆژه که گەیشتمه سەفارەتخانەی ئیسرائیل و چوومه ساڵۆنه سەرەکییەکەوە، ڕوخسارێکم له پشتی ئاوێنەی سەر ئاگردانەکەوه بەدی کرد، که لێمی دەڕوانی. هەموو ئەوەی بۆم ئاشکرابوو، سەرێکی ڕووتاوه و جووتێ چاویلکەی ڕەش بوو. بەڵام ڕوخسارێ بوو که هەرگیز بیرم ناچێتەوە. ڕوخسارێکی گەوره، له ئاوێنه دووسەرەکەوه لێمی دەڕوانی.

ئەمجارەیان، بردیانمه لایەکی تری سەفارەتخانەکەوە، که ساڵۆنێکی گەوره و مەتبەخێکی لێ بوون. پیاوێک به تەنیشت یوسفەوه بوو به (مارک) بانگیان دەکرد، که به جابی شەمەنەفەر دەچوو و به عارەبییەکی ڕێک دەئاخاوت. یەکێکی تریان کورتەڵه و سەر ڕووتاوه بوو و چاویلکەی ئەستووری له چاو بوو. ئەمەیان، به (مۆریس) بانگ دەکرد. چوارەمیان، پیاوێکی پیری ڕووخۆش و گۆنا قوپاو بوو، دەیانگوت له ئیسرائیلەوه هاتووه.

پیاوه ڕووخۆشەکەی که له ئیسرائیلەوه هاتبوو، جگەرەیەکی بۆ درێژ کردم و گوتی: "فەرموو، جگەرەکەی ئەمڕۆت". ئەگەر ویستبێتی کاریگەریی له سەرم هەبێ، سەرکەوت.

"جارێکی تریش ڕێک پێم بڵێ بۆ دەتەوێ لەگەڵ ئێمەدا کار بکەیت؟". پیاوە پیرەکە ئەوەی گوت. دەنگێکی قووڵ و گڕی هەبوو.
"دەمەوێ دژی سەددام کار بکەم. بۆ ئەمەش، سێ ڕێگەم لە بەردەمدان: ئێران، سووریا، ئیسرائیل".
"ئاااا... ئێران. هەرچەندە هیچ نین بەڵام ئێمە یارمەتییان دەدەین. لێهاتوو نین. بەڵام سەرنجمان بەوە ڕادەکێشن کە لەگەڵ سەددامدا شەڕ دەکەن. ئاااا، سووریا بە ژنێک دەچێ عەبا و پەچەی پۆشیبێ. هەمیشە کزە بایەک دێ پەچەکەی لابەرێ و هەموو شتێ ئاشکرا بێ. بۆ ئێمە ئاوها هاسانە". بە بزەیەکی شارەزایانەوە ئەوانەی گوتن. کتوپڕ، بە شێوەی سووربوون قسەی خۆی گۆڕی: "ئێمە ـ لە وزەی ئەتۆمی ئێوەمان دا. وا نییە؟".
لە ڕاستیدا لێیان دا. کەس نییە لە عیراقدا هەرگیز ئەو ڕۆژەی ساڵی ١٩٨١ی لە بیر بچێ. فڕۆکەی شەڕی ئیسرائیلی لە ئاسمانی ڕۆژاواوە وەک بروسکە کشان و (تەمموز)ی چاوەڕوانکراوی سەددامیان فەوتاند، کە لە ڕۆژاوا بە (ئۆسیراک) ناسرابوو. سەددام ناوی تەمموزی لێ نابوو کە هەردوو ناوەکە لە ناوی خودایەکی کۆن، (خودای مردن)ەوە هاتوون. تەنها ناوەکە ئەو درۆیەی سەددامی ئاشکرا دەکرد کە گوایە بۆ مەبەستی ئاشتییانەیە. کە گوێم لە شاوری ئاگادارکردنەوەی بۆمبای هەوایی بوو، گوێم لە ڕادیۆی ئیسرائیل ڕادەگرت. دوای هاتن و ڕۆیشتنی فڕۆکەکان، ئیسرائیلییەکان ڕایانگەیاند کە لە وزەی ئەتۆمیی عیراقیان دا. دوای ئەوە، دەنگوباسی عیراقی ڕایگەیاند تا پێمان بڵێ بە هۆی ئیسرائیلی شەیتانەوە ئەو کارەبا هەرزانەی کە بەڵێنیمان دابوو، نابێ. چی دی (تەمموز) نەما. بەڵام خەڵک نەفام نەبوون. چاکمان دەزانی کە ڕاکتۆرەکە بۆ: بۆمبای ئەتۆمی سەددامە.
"خەڵکی بەغدا چ هەستێکیان لەو کارەدا هەبوو؟". ئیسرائیلییە پیرەکە ویستی ئەوە بزانێ.
"ترساو و سەرسام بوون کە چۆن توانیتان بێن و بگەڕێنەوە ـ هەر وا بە ئاسانی. چیتان دەوێ، پێتان دەکرێ ئەنجامی بدەن. وا پێ دەچوو".

ئیسرائیلییه پیرەکە، وەک پشیلەیەکی دڵخۆش، کەیفی ساز بوو. گوتم: "سەددامیش لە ڕقان هار و شێت بوو. سەرۆکی بەرگریی ناوچەکە لابرا. هەمــوو ئەوانەش کە لە ســەر ئەو خەتە لێپرســراویی بەرگــری ئاســمانییان هەبوو. بەڵام پێم وایە ئەوانە دەزانن". سووکە بزەیەکی کرد: "مۆریس دەبێتە ئەفــسەری لێپرســراوت. ئەگەر هەر پێویــستییەکت بــوو، چارەســەریت بــۆ دەکەین. بەخێر هاتیت بۆ ناو مۆساد".

مۆریس بابەتێ بوو بە دڵەوە دەچوو. چاوی شینێکی تۆخ بوون و قژی ڕووتاوە بوو. هەمیشە ڕدێنی پاک تاشرابوو و عەنتیکە بە خاوەن کارگەی بیرەی ئەڵمانی دەچوو. عارەبی حاڵی دەبوو بەڵام زۆر خراپ قسەی پێ دەکرد. لەبەر ئەوە، ئینگلیزیمان بەکار دەهێنا. لە یەکەم دیداردا هەستم کرد ئەفسەری لێپرسراوی خۆمم خۆش دەوێ. ئیدی جێگەی ژوانمان لە دەرێی سەفارەتخانەکە بوو. زۆرتر دەچووینە (ئوتێل چەرچڵ)ی نزیک بە (ماربڵ ئارچ) و قاوەخانەیەکی قەرەباڵغ لە خەڵکی دادەبڕین.

یەکەم کارێ کە مۆریس لێی ویستم ئەوە بوو کە چی دی لە ناو دەعوەدا کار بۆ موخابەرات نەکەم. کەمێ سەرسام بووم چونکە وای بۆ دەچووم، کە دەعـــوە و هەمـــوو بزوتنەوەیەکـــی تونـــدڕەوی ئیـــسلامیی هەڵوێـــستی هەڕەشەئامێزی نەگۆڕیان بۆ ئیسرائیل، لە کۆنە دوژمنی فەلەستینی پتر بێ. چەند میلێکی چوارگۆشەی زەوی بدەنە فەلەستینییەکان، بە کەیفیشەوە پێی ڕازی دەبن و لە لایەنی تیرۆری دروشمئامێزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی هەر گەڕێ. دەعوەی یاوەری دڵسۆزی خومەینی، هێندەی بۆ لەناوبردنی زایۆنیست پێکهاتووە، بۆ هیچ شتێکی دی پێک نەهاتووە.

لە ڕاستیدا وێدەچوو ئیسرائیلییەکان بیانەوێ هەمان هەڵەی کۆنی خۆیان بەوە دووپات بکەنەوە، کە خۆیان بۆ دوا شەڕ ئامادە بکەن نەک بۆ شەڕی داهــاتوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا، ئەوان چــاکترین شــتێ بــوون کە لە دژی سەددام گرەویان لە سەر بکەم. ڕەنگە هەر ویستبێتیان ڕادەی گوێڕایەڵی و توانام تاقی بکەنەوە.

قەول بوو مانگی، (٢٥٠)دۆلاری ئەمەریکایی و مەسرەفی ئاساییم بە پاوەند بدەنێ جگە لە بەخشیش کە بە پێی ڕادەی سەرکەوتنم لە کارەکانمدا بمدەنێ. بەڵام دەبوو لە سەر خوێندنەکەم بەردەوام بم و کارکردنم بۆ مۆساد پەنامەکی بێ. ئەوان لە سەر ئەمە سوور بوون. بە ئاشکرا دیار بوو کە دەیانویست بۆیان بکەومە ئاستی بالآوە. سەرکەوتن، ڕێیەکی دژوار بوو.

مۆریس، کاغەزێکی پیشان دام کە ژمارەی لە سەربوون: "ئەمە ژمارەی تەلەفۆنی سەفارەتخانەیە، ژمارەیەکی لاوەکییە. ئەگەر شتێکی گرینگ هەبوو تەلەفۆن بکە و بڵێ پەیامم پێیە. ناوی خۆت مەڵێ. ئەگەر هیچیش نەبوو، تەلەفۆن مەکە".

کاغەزەکەم لێ وەرگرت و دوای سوپاسکردنی جێم هێشت. مێشکم پڕ بوو لە بیرکردنەوەی ئازاربەخش. بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەنجامم دابوو: ئیدی توانای ئەوەم هەبوو ئەرکەکەم لە بەغدا ئەنجام بدەم.

لە سەرەتاوە، مۆریس لە ڕێی هەنگاوەکانی خۆمەوە، خستمیە سەر سەرەتاییترین لێهاتوویی پۆلیسی و پیاوکوژی و جاسووسیی: کلکی خەڵک بم و کلکان لە خۆم بکەمەوە.

پێی گوتم بچمە ئوتێلی (کامبیرلاند)ی لای (ماربل ئارچ). دەبوو کاتژمێری ١١ی پێش نیوەڕۆ لەوێ بین. گوتی: "کە دەمبینی هیچ مەڵێ. وا پیشان بدە کە نامناسیت. دوایی دووم کەوە".

پێش کاتی دیاریکراو گەیشتمە جێ. بە زەحمەت جێی دانیشتنم پەیداکرد و هەر کە ڕۆژنامەکەم یەکالآ کردەوە، عارەبێکی قەڵەوی دیزداشە لەبەر، بە لامەوە دانیشت. لەو بابەتە خەڵکە لەشساغانە بوو کە بەخۆوە دەنازن و پارەی لە ڕادەبەدەر زیاد بە جلوبەرگ دەدەن بێ ئەوەی قەت جلەکەی کاریگەریێتی چاکی هەبێ. بە عارەبی پێی گوتم: "مەرحەبا برا، تۆ عارەبیت، وانییە؟. من تونسیم، ئەدی تۆ خەڵکی کوێی؟".

"عیراق". ئەوەم گوت و گەڕامەوە سەر ڕۆژنامەکەم.

"عیراق... هاااا. ئا، عیراق وڵاتێکی خۆشە. تەماشا!. شەرمم کرد لێت بپرسم بەڵام چ بکەم لە بارودۆخێکی خراپدام. لە نزیک ئۆکسفۆرد دابەزیوم و پارەی شەمەنەفەرم پێ نییە پێی بگرێمەوە..."

"من ناتوانم یارمەتیت بدەم. خوێندکارم و بایی خۆم پارەم پێ نییە. بەداخەوە". چ بیانوویەک بوو بۆ پەیوەندیکردن؟. هەر جلەکانی سامانێ بوو. منجەیەکی لێبوردنی لێوە هات و ڕۆیشت.

من هێشتا بیرم لە کابرا دەکردەوە، مۆریس هاتە ژوورێ و تەماشایەکی دەوروبەری کرد و چووەوە دەرێ. منیش بە هەستی لێپرسراوییەوە، هەستام و چوومە دەرێ و بەوبەری شەقامەکەدا، وردە وردە دوای کەوتم. بە دەوری هێندێ خانوودا پیاسەیەکی کرد و بەرەو ئوتێلی چەرچڵ بایدایەوە.

وەک تاژی دوای کەروێشک، بۆی چووم. کاری لەم بابەتە وەک دووەم سروشتی تایبەتیم بوو. بە هۆی ترسی باوکمەوە لەوەی کە سڕنوگوممان بکا، هەموو خێزانەکە بە ترسەوە دەیانڕوانی. زۆربەی خەڵکی عیراق لەو لایەنەوە وابوون. چاو و گوێکردنەوە لە گشت وڵاتێکی پۆلیسیدا حەقیقەتی ڕۆژانەی ژیانە.

خۆم بە باڕی چەرچڵدا کرد و مۆریسم فەرق کرد، لە قوژبنێکدا دانیشتبوو. منیش لەوسەرەوە دانیشتم. دوای دەوری پێنج دەقیقە، بەرەو لای من هات.

"ڕۆژباش !" ئەوەی گوت و بەرانبەرم ڕۆنیشت: "باشە، زۆر باشە. پاکیت". ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە ئەو کلکەی دوایان خستبووم، کلکێکی خراپ نەبوو. بە تەبیعەتی حاڵ، کلکیان دوا خستبووم تا بە هۆیەوە لەو کلکە عیراقییانە بڕوانن کە پێمەوەن. دوو قاوەی داوا کرد و کە هێنایانن، دەستی بە قسان کرد. باسی ئەو پلانە نوێیە ڕاستەوخۆیەی بۆ کردم کە مۆساد بۆی دانابووم: "زۆرمان مەبەستە شتێ لە بارەی ئەو فەلەستینییەوە بزانین کە بە یوسفت گوتووە گوایە لە مانچستەر دەیناسیت. ناوی عەبدولە".

عەبدول کە ئەوە ناوە ڕاستییەکەی نەبوو، لە سالفۆرد خەریکی وەرگرتنی شەهادەی (پۆستکرادوەیت) بوو کە هاوواتای بیرۆی فیدرالی پیشەسازی

بەریتانیا (ئێف. بی. ئای.) بوو. بە پەنای سستەمی زانکۆوە لە بەریتانیا، بە دوای کەلێنی لاوازی قەڵغانی ئاسایشی ئیسرائیلیدا دەگەڕا.

مـن و عەبـدول، لە ڕێکەوتـی گونجـاودا دەمەتەقێمـان لە سـەر بـابەتی هەمەچەشنە دەکرد. وای بۆ دەچووم کە سەر بە (فەتح)ی باڵی سەربازیی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی بێ. (ساڵی ١٩٧٢ چالاکییەکی فەتح، بەوە هەموو دنیای هەژاند کە یانزە وەرزشکاری ئیسرائیلی لە میونخ کوشت، کە بۆ بەشداریکردنی ئۆلۆمپیک چووبوون. لەو کاتەوە، فەتح هێرشی بردۆتە سەر دیپلۆماسـی و باڵیۆزخـانە و کارمەنـدە گەورەکـان و هێـزی ئاسـمانی و دانیشتوانی ئاسایی ئیسرائیلی، هەر لە بانکۆکەوە بگرە تا دەگاتە مەدرید).

بە مۆریسم گوت: "حەزی لێیە باسی سێکس بکات. وەک وێدەچێ، بە ڕاستی حەز لە قەحپە دەکا".

مۆریس بە چپە گوتی: "لێی نزیک بەرەوە. ببە بە باشترین هاوڕێی. هەموو شتێکی ورد و درشتی، بە پێی توانا لێ دەرخە. بزانە کێ دەناسێ".

نزیکبوونەوە لە عەبدول هاسان بوو. هەموو ئەوەی پێویست بوو بیکەم، ئەوە بوو هاوبەشی ئارەزووەکانی بم. دەمزانی کۆنترین چەکی جبەخانەی جاسووسـێتی چـاکترین چەکە. هـاکە زانیـت زۆربەی شـەوان بەمـلاولای مانچستەردا دەیکەینە هەرا. عەبدول پارەی زۆر بوو. ئیدی ئەو پارەیەی لە سامانی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بوو، یا پاشەکەوتی بنەماڵەکەی بوو یا لە گزی و فزییەوە هاتبوو، قەتم نەزانی. بەڵام عەبدول لای برادەرە عیراقییە تازەکانی، گەلێ شتی ئاشکرا کردبوون.

شەوێکیان، کە بۆ سبەینێ تاقیکردنەوەمان هەبوو، لەگەڵ هێندێ سۆزانیدا چـووینە یـانەی ملیـۆنێران. تـا بەرەبەیـان دانـسمان کـرد. بە ئۆتۆمبیـل دەخـولاینەوە و سـۆزانیمان هەڵـدەگرتن. لەگەڵ ئەوەشـدا، لە تـاقیکردنەوەدا دەرچووین.

لە ناوەندی ئەو بەزمەدا، باسی عیراق و قارەمانێتی (فەتح)مان دەکرد. لەبەر ئەوەی عیراقی بووم، وای بۆ دەچوو ڕقم لە ئیسرائیل بێ و بە هاسانی بـاوەڕی دەکـرد کە لایەنگری (فەتح) بم. بەڵام ئەوەنـدەی مـن شـارەزا بـم،

(فەتح)یش هەر عەسکەرتایەکی مامناوەندی هێرشبەری توندڕەوە، کە ژیان لەو ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستە مەحاڵ دەکات کە لە لایەن خوداوە لەبیر کراوە. من لایەنگرییەکی زۆرم بۆ گەلی فەلەستین هەیە کە لەوەتەی ئیسرائیل دروست بووە، چارەنووسیان هەر دەربەدەرییە. بەڵام هەرگیز هەموو خەتایەکم نەخستۆتە ئەستۆی ئیسرائیل. ڕەنگە بە هەڵەدا چووبم بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا شەڕی من دژی سەددام بووە. ئەوەش ئەوەی دەگەیاند کە لەگەڵ مۆساددا، دژی دوژمنی ئیسرائیل کار بکەم، جا کێ دەبێ، دوژمنی منن یان نا گرنگ نییە. گوتەیەکی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست هەیە، دەڵێ: "دوژمنی دوژمنم دۆستمە". ئەمە کورتبینییە. من لە بری ئەوە دەڵێم: "دۆستی دۆستم، مەرج نییە دۆستم بێ". کلیلی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست ئەوەیە تێبگەی کە هەرگیز بە ڕاستی تێناگەی.

ئەم نووسینەم بۆ ئەوە نییە بەرگریی لە کرداری خۆم بکەم، بەڵکو بۆ ئەوەمە، چاک یا خراپ تۆماریان بکەم. لەو ساتەوەختەدا، زانیاریم لە سەر فەتح دەگەیاند. عەبدول، بۆ ئاغا تازەکەم، تۆزێ زانیاریی تازەی دامێ.

شەو، من و عەبدول و خانمانی شەو، چووینە یانەیەکی گرانبەهای تایبەتیی. لە سەر مێزێکی پەنا دانیشتین. لە کاتێکدا من و عەبدول بە عارەبی قسانمان دەکرد، کچە ئینگلیزە هاودەمەکانمان باسی شەمپانیایان دەکرد. هاتینە سەر باسی چالاکییەکانی (فەتح) لە ناو خودی ئیسرائیلدا. عەبدول گوتی: "دەزانی لە کوێوە چەکمان چنگ دەکەوێ؟". پاشان بە چپە گوتی: "النقگه المیته - خاڵی مردوو". بە سەرسامییەوە سەیرم کرد: "خاڵی مردوو؟!". گوتی: "شوێنێ پەیدا دەکەین کە چەکەکانی بۆ دێن. لە ناو ئیسرائیل یا لە سەر سنووری دیوی لوبنان. کۆماندۆکانی لوبنان ئەو بەشەی کارەکە دەکەن. ڕێگەی نهێنیمان هەن. بەو ڕێیانەدا، بە نهێنی دەچینە ناو ئیسرائیلەوە. ئیدی تیپی دەستوەشێن کەرەسەی چالاکییەکە دەبەن. ئەو ڕێیەی کە تیپی دەستوەشێن بە سەلامەتیی دەیبڕێ، بە نوختەی هیچ لە باردانەبووی کەناری ڕۆژاوا و تەنانەت بە ئەردەنیشدا دێ. دەتوانن چەکەکان بهێنن و بە هەمان ڕێگەدا بگەڕێنەوە".

سەرسوڕمانێکی لەبارم پیشاندا. ئیسرائیل شانزە میلی لە سەر سنوورەکانی سەرەوەی خۆی لە ناو لوبنانی داگیرکراودا، تەنها بۆ ڕوونەدانی کاری وا دامەزراندووە. گوتم: "چەکەکان لە کوێوە دێن؟. نابێ بە ناوچەی داگیرکراودا هاسان بێ".

"دەتوانین بە ئاسانی بە لوبناندا بیانبەین. بەڵام چاکترین شێوە ئەوەیە لە سەربازە ئیسرائیلییەکان بیانکڕین". گێژ بووم. گوتم: "سەربازی ئیسرائیلی؟!. چەک بە کوڕگەلی ئێوە دەفرۆشن؟!".

"هەموو کەسێ نرخی خۆی هەیە کاکە گیان، هەموو کەسێ".

کە ئەوانەم کردنە ڕاپۆرت، مۆریس بە وردیی گوێی لێ گرتم. بە ئاشکرا دیار بوو کە بە باسی سەربازە ئیسرائیلییەکان، کە چەک بە دوژمن دەفرۆشن، نارەحەت بوو. بەڵام بێ ئەوەی خۆی تێک بدا، داوای زانیاریی پتری کرد.

ماوەیەکی تریش، بەردەوام عەبدولم دەدی. هەوڵم دەدا پەیوەندییەکانی فەتح لە لەندەن بزانم. هەمیشە مۆریس ئاگاداری دەکردمەوە کە بەبێ لزووم، بە ئاشکرا خۆ لە شت هەڵنەقورتێنم نەبادا ببمە جێی سەرنج. گرینگتر ئەوە بوو خۆم بە بێ گومانلێکردن، بۆ کاری پاشەڕۆژ بهێڵمەوە. هەرچەندە دەرینەبڕی بەڵام دەیویست لە ناو عیراق خۆیدا کار بکەم.

"باشە، جارێ واز لە عەبدول بێنە". ئەمەی لە سێیەم ژوانماندا پێ گوتم. دەتگوت گەمەی شەترەنج لە سەر تەختەیەک دەکات کە بۆ قەوارەی جەستەی مرۆ بشێ. مۆریس، بەوپەڕی ساکارییەوە عەبدولی لە سەر تەختەکە لابرد. هۆیەکەی نەگوت و منیش نەمپرسی. چییان لەو زانیاریانە دەکرد، ئەوەیان کاری خۆیان بوو. بەڵێ کاری ئەوانە. لەوەیە تاقیکردنەوە بووبێ. بەڵام ئەو گەمەیەی کە عەبدول قایل بوو بیکا، ئەوە بوو خۆی وەک سەر بە فەتح نواند. هەمان گەمە بوو کە من بە کردنی ڕازی بووم. ئەوەندەی من دەمزانی، ڕێ بە عەبدول درابوو کە بە سەلامەتیی بەردەوام بێ.

"عەبدول لەبیرکە. کارێکی ترمان پێت هەیە. وا خەریکە پشووی هاوین نزیک دەبێتەوە. لێتمان دەوێ پشووی هاوین لە برۆکسل بە سەر بەریت". مۆریس وای گوت. دەیانزانی باوکم لە بەلژیک سەفیری عیراق بوو.

ئامادە بووم لە پێناویاندا، تەنانەت بچمە کونی ماریشەوە. بە ڕووخۆشییەوە گوتم: " ئەگەر پێتان چاک بێ..."

"کە گەیشتیتە جێ، بۆ ئێرە ـ لەندەن، تەلەفۆن بکە. تا ئەو دەمەی شتێ ڕێک دەخەین، هەوڵ بدە بزانە چت لە بارەی باڵیۆزخانەی عیراقەوە لە برۆکسل چنگ دەکەوێ. قسان لەگەڵ خەڵکی ئاساییدا بکە، ئەوانەی کە دەیانبینیت. لەوە زیاتر هیچ مەکە. دوایی بە درێژیی باسی لە سەر دەکەین".

بەرەو برۆکسل، سواری قەتاری کەشتیی بووم. شوفێرەکەی باوکم، لە وێستگە چاوەڕوانم بوو. یەکەم کێشەم ئەوە بوو چۆن تەلەفۆن بۆ مۆریس بکەم.

بە شوفێرەکەم گوت، کە دەمەوێ تەلەفۆن بۆ مامۆستاکەم بکەم و نامەوێ تەلەفۆنی ماڵەوە بەکار بێنم چونکە پارەی ئەوەی ماڵەوە حکومەت دەیدا و ئەمەی منیش شتێکی تایبەتییە. کە کوشکێکی تەلەفۆنم دی، پێم گوت لابدات. وەک چۆن ورچ بە هەنگوینەوە دەلکێ، ئاوها پێمەوە لکا. شانی بە کوشکەکەوە دا و قسەی کرد تا لەندەن وەڵآمی دایەوە. وا وێدەچوو فەرمانی پێ کرابێ لێم خافڵ نەبێ.

زەحمەت بوو کۆدی ناوی خۆم بەکار بێنم تا پەیوەندیی بە مۆریسەوە بکەم و نەشمدەتوانی هی ئەویش بەکار بێنم، لەبەر ئەوە ناوی مامۆستایەکی خەیاڵیم گوت و ناوی ڕاستەقینەی خۆم گوت. سکرتێرەکە سەرسام نەبوو، گوتی ناوی وا لەوێ نییە. دایخستەوە. بە ڕقەوە وازم هێنا و لێگەڕام ئەو شوفێرە لووتتێوەژەنە باژوێ و بمباتە ماڵێ.

دوای ماوەیەکی کەم گەیشتینە گەڕەکێکی پێشکەوتوو. پێ دەچوو خەڵکی دەسەڵاتدار کۆبوونەوەی تێدا بکەن. باڵیۆزی وەک باوکم. خانووەکە، مەزن و دامەزراوێکی بەبەها بوو.

که وەژوور کەوتم، دایکم لە ئامێزی گرتم: "زۆر دەمێکە دووری!. خۆ هەر پێست و ئێسقانیت. تەماشا!". دەبێ دایک، لە هەموو دنیادا یەک بابەت بن.

باوکم، بە هەرحاڵ، وەکی خۆی بوو. وەک هەمیشە، ویسکی دەخواردەوە و بارودۆخەکەی پێ خراپتر دەکرد. شاتاندی و فەرمانی دا خواردن ئامادە بکرێ. ئەوە هەموو پێشوازییەکی باوکم بوو بۆ من.

دایکم مریشکی سوور دەکردەوە ـ ئەو خواردنەی کە من حەزم لێ دەکرد ـ و منیش لە مەتبەخەکە، بە لایەوە وێستام و باسی خوێندن و چاکیی پرۆفیسۆرەکانم بۆی دەکرد.

ڕێکەوتێکی دەگمەن بوو کە براکەم و خوشکەکانم و من، هەموومان لە یەک کاتدا، پێکەوە لەماڵەوە بووین. سەیفی برام لە قوتابخانەی نێونەتەوەیی بوو لە برۆکسل. خوشکی گەورەترم دینا، لە عیراق ددانسازیی دەخوێند و لەو پشووی هاوینەدا لە ماڵەوە بوو. (دالیا)ش تەنها چوار ساڵان بوو.

خواردنی ئەو ئێوارەیە، بە ڕاستی خۆش و بەتام بوو تا من شتێکی بێعەقڵانەم دەربارەی هەڵەی لە ڕادەبەدەری ئەو شەڕەی سەددام گوت، کە لەگەڵ ئێراندا دەیکرد. بەدەم گرمە و شیڕەوە، باوکم هەموو شتێکی سەر مێزەکەی تووڕدان و پەڕینە سەر مەکتەبەکەی و هەموو جۆرە جنێوێکی بە کوڕەکەی خۆی دا: "عارە، کوڕەکەم عار و خائینە!. من کوڕی وام ناوێ!".

لە ساتە وەختێکی ترسناکدا، پێم وابوو ڕاستیی مەسەلەکەی زانیوە. بەڵام نا، هەر خەسێتە سروشتییەکەی خۆی بوو. لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەگەر ئەمە خیانەت بێ، باشتر. لە هەمان کاتدا، ئاگام لە خۆ بوو کە هەڵوێستم تەنها بۆ تۆڵە سەندنەوە نەبوو بەڵکو بە ڕاستی بۆچوونی سیاسییانەی خۆم بوو.

هەر نەبێ، خۆ تێروپڕمان خوارد. لە کاتێکدا کە کارەکەرەکە ئەو ناوەی پاک دەکردەوە، ئێمەی منداڵی ماڵەوەش، هەوڵمان دەدا دڵی دایکمان بدەینەوە. قاوەی گەرممان بۆ هێنا. دوای ئەوەی باوکم نوست، شەو درەنگان بە دیار دایکمەوە دانیشتم و ئەویش فینجانی قاوەی بۆ دەخوێندمەوە. چاوی لە بنی فینجانەکە بڕیبوو و بە دەنگێکی کزۆڵەوە گوتی: "تێناگەم. زۆر شتی نائاسایی

دەبیـــنم. شـــتگەلێ پـــێکەوە دەبیـــنم کە پێکەوەبوونیـــان نائاســـاییە. پـــێم ناخوێندرێتەوە".

هەستم وەک هەستی منداڵ وابوو. دەستم بە شانیدا هێنا و گوتم: "بەڵام دایە، تۆ لە ناو خێزانێکی تەواو نائاساییدا دەژیت. جا ئەمە تەنها ڕەنگدانەوەی ئەم دەوروبەرەیە. ڕەنگە مێزی نانخوارنەکە بێ".

"پێم وایە ڕاست دەڵێی. بۆ دەبێ بەردەوام هەر تووڕەی بکەیت؟". بە گەرمیی گریـا. لە کاتێکـدا هەوڵـم دەدا دڵـی ئەو بـدەمەوە و هێـوری بـکەمەوە، خـۆم هەسـتی نـاڕەحەتیی و ئـازاری بەتینـی ویـژدان ڕوویـان تێکردبـووم. بەڵام دەمزانی جارێکی تریش هەمان کار دەکەمەوە.

ڕۆژی دوایـــی تـــوانیم بچـــمە دایەرەی پۆســـت و بە بـــێ ئەوەی شـــوفێرە لوتتێوەژەنەکەم لەگەڵدابێ مەودای تەلەفۆنکردنم ببێ. ژمـارەی سـەفارەتخانەی ئیـسرائیلم لـێ دا و گـوتم (فرانکـۆ)م و دەمەوێ لەگەڵ مۆریـسدا قـسە بـکەم. فرانکۆ ناوی نهێنیم بوو... سەرگیۆ فرانکۆ.

مۆریس بە تووڕەیی پرسی: "دوێشەو تۆ بووی تەلەفۆنت کردبو؟".

"ببەخـشە. یەکـێ ڕێـک بەلامەوە وێـستابوو و دەبـوو منـیش شـتێ بـدۆزمەوە. ئێستا هەموو شتێ ئارامە".

دەنگی، ئارامبوونەوەی پێوە دیار بوو: "بە فڕۆکەی بەیانیی دێم. نیوەڕۆ لە (ڕامادا) بمانبینە. بە هەمان ئاگادارییی جارانەوە".

کە کەیـشتمە ڕامـادا، گـوێم لـێ بـوو یەکـێ گـازی مـستەر فرانکـۆی دەکـرد. بەرەو مێزەکە چووم.

"قوربان تەلەفۆنە".

"بەڵێ، من فرانکۆم".

"هەلاو، من هاوڕێی مۆریسم. چت پێ دەڵێم ڕێک وابکە. لە ئوتێلەکە بچۆرە دەرێ و ئەو شەقامەی سەر کۆڵانەکە بگرە و دوایی لە یەکەم کۆڵاندا بە لای ڕاسـتدا بـڕۆ. بـڕۆ... بـڕۆ... مـن لەوێ دەبـم". دایخـستەوە. وای بۆچـووم کە مۆساد دەیزانی، مادام بیری فۆتۆگرافیم هەیە، سەرجەمی هەموو زانیارییەکانم لەبیر دەمێنێ.

که ئـوتێلەکەم جـێ هێـشت و شــەقامەکەم بـڕی، خۆرەتـاو بـوو. بە ڕێـی دیـاریکراودا ڕۆیـشتم. ئۆتـۆمبیلێکم بەلادا ڕەت بـوو کە پـڕ بـوو لە نەفەر و لە جامەکـانەوە دەیـانڕوانی. (سـیترۆێن)ێکـی بـۆر و خـاکیی بـوو و ژمـارەی فەرەنسای پێوە بوو. کە لە سووچەکە پێچم کردەوە، دیسان بە لامدا ڕەت بـوو. لە لایەکەی تـرەوە دەهـات. لە سـووچەکەی تریـشدا تووشـم بـووەوە. باوەڕم بە خۆم هێنا کە بەردەوام بم و پشتگوێی بخەم. لە کۆتـایی ڕێیەکەدا، خـۆم لە کـۆلانێکی داخـراوی گەڕەکێکـی کۆنـدا دیـتەوە. تەماشـای دەوروبەری خۆم کرد. چاوم پێی کەوت. ئەو دەموچاوە بوو کە لە پشت ئاوێنەکەوە، لە باڵیۆزخانەی ئیسرائیلیی سەیری دەکردم. چاویلکەی ڕەش، قژی ڕووتـاوە ـ شتێکی لە تاریف و باسکردننەهاتووی هەبوو، هەرگیز بیرم ناچێ.

ڕێـک ئەو دەمە، مـۆریس لەگەڵ پیـاوێکی تـردا، ئاسـایی بەرەو لای مـن دەهاتن.

"مەرحەبا، ئەمە دانیەلە". هاوڕێکەی کەڵەگەت و ئەریستۆکراتییانە بوو، و قژی قاوەییەکی کاڵ بوو. مۆریس، ئەو قسەیەی وەک پێناساندن کرد. دوایی گوتی: "لێرە، لە برۆکسل دەبێتە پەیوەندیدارت".

کە دانیـال هـاتە گۆ، دەنگیم بەو دەنگە زانـی کە تەلەفۆنی بـۆ دیدارەکە بـۆ کـردم. گـوتی: "دەعـوەتی خواردنـت دەکەم. دەعـوەتەکە پـێش ئەوە دەبـێ کە هەموان بکەوینە کارەوە".

بە دەم نـانخوارنەوە لیـستەی مەسـرەفەکانی خـۆم دانـێ و ئەوانـیش بە بـێ هـیچ پرسـیارێک پارەکەیـان دامـێ و بـۆ هاسـانکردنی کـار (وەسـڵ)ێکیـان لـێ وەرگرتم ـ دەستەسڕێک یا قابوغە شقارتەیەک.

خۆمـان لە کـاونتەرەکەدا نـاونووس کـرد و سـەرکەوتینە ژوورێکـی نهـۆمی سـەرەوە. کـۆمەڵێکی سـەرنجڕاکێش بـووین چـونکە چەنـد پیـاوێکی زل، لە ژوورێکی گچکەدا ناونووس کراین. وا وێ دەچوو کە ئۆتێلەکە، لە لایەن یەکێ لە هەزاران خەبەردەوە، کە مۆساد لە هەموو وڵاتێکی جیهاندا هەیبوو، بەڕێوە ببرێ.

که بە دەوری مێزی قاوەخواردنەوەدا دانیشتبووین، مۆریس پرسی: "هەموو شتێ لە جێی خۆیدایە؟". گوتم: "هەموو شتێ ئاساییە. هێندێ زانیاریم لا هەن کە تۆ دەتەوێن". ئەو سەرنجانەم وێدان کە لە باڵیۆزخانەی عیراقدا، لە سەر ئەو گاردانە چنگم کەوتبون کە موخابەرات هەڵیبژاردبون.

مۆریس بە توورەیی بەرەو ڕووم وەرچەرخا: "جارێکی دی شتی وا نەکەی. هەرگیز!. هەرگیز، هیچ شتێ مەخەرە سەر کاغەز!". پەنجەیەکی بە سەرمدا چەقاند و گوتی: "هەمووی لێرە هەڵگرە".

هەستم کرد بە هۆی شڵەژان و هەستی کتوپڕەوە، ڕوخسارم سوور هەڵگەڕا. هەر ئەو ساتە لایەنی مۆسادیی مۆریسم بەدی کرد. هاوکارەکەم، پۆڵای ئاودراو بوو.

تازە خەریک بوو وەسەرخۆ بێمەوە، دەرگا کرایەوە و پیاوێکی سەرڕووتاوە، بە جانتایەکی گەورەوە هاتە ژوورێ. ئەو پیاوە نەبوو کە لە سەر شەقامەکە دیتبوم، یەکێکی دی بوو. پێدەچو ژیانم لە پیاوە سەرڕووتاوەکە، لیاولپ بێ.

مۆریس مەرحەبای کرد: "هەلاو دکتۆر، لە کاتی خۆیدا بوو". مۆریس بەرەو لای من وەرچەرخا: "دکتۆر هێندێ پرسیارت لێ دەکا، وەڵامی تەواوی بدەوە. من ئێستا بۆ لەندەن دەگەڕێمەوە و تۆش تا لە برۆکسل بیت لەگەڵ دانیەلدا کار بکە. دەبێ نوختەی پەیوەندیت هەبێ. تەلەفۆنکردن لە ماڵی باوکتەوە جێی باس نییە. هیچ هەیە بیڵێی؟".

دوای کەمێ بیرکردنەوە گوتم: "جۆرە چێشتخانە - بارێک هەیە ناوی (ماکاو)ە، دەوری دە دەقیقە ڕێگا لە ماڵەکەمانەوە دوورە".

"زۆر چاکە. هەموو ڕۆژێ، ئێوارە سەعات شەش بچۆرە ئەوێ و دەوری یەک سەعات لەوێ بە. ئەگەر تەلەفۆنمان بۆ نەکردیت بچۆرەوە ماڵێ".

مۆریس و دانیەل ڕۆیشتن.

دکتۆر تەوقەی لەگەڵدا کردم و گوتی: "ناوم یوسفە. جەستەی خۆی خستە سەر قەنەفەکە و فایلێکی گەورەی لە سەر مێزەکە دانا. بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی: "ئا هەه ، با بزانین لێرە چمان هەیە". بە خشەخش فایلەکەی کردەوە و

هێنــدی کــاغەز و زەرف و قەڵەم و مــۆرێکی لبــادی دەرهێنــان، هەروەهــا شریتێکی تەسجیلیش. پارچە کاغەزێک و هێندێ قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگی دامێ و گوتی: "پێم وایە جارێ ئەمە بکەین چاکە. دەمەوێ هێندێ نیگارم بۆ بکێشیت. پیاوێک و ژنێک و منداڵێک".

مۆساد پڕ بوو لە کردەوەی سەرسوڕهێنەر. بەڵام پێم وایە دەیانزانی چی دەکەن. منــیش بەگــوێم کــرد و دەســتم کــرد بە نیگارکێــشان و بیــرم لەوە دەکــردەوە کە کــارە هــونەرییەکەم چ نهێنییەکــی قــووڵایی نــاخم دەردەخــات. ســەرنجێکی هــاکەزایی نیگــارەکەی دا و ســەرێکی ڕاوەشــاند. ئەوجــا ڕیــزێ ژمارەی گوتن و لێی ویستم بیانڵێمەوە. بۆ هۆشی من ئاسان بوو.

وێنەی کەشــتییەکی بە دەســتەوە گرتبــوو کە بەوپەڕی خێرایــی دەڕۆیــشت. گوتی: "زۆر باشــە. شتێ لەم وێنەیەدا لە جێی خۆیدا نییە. ئەو شتە چییە؟". وەلابێک لە ناو هێلانەی قەلێکدا بوو.

وێــنەی ژنێکــی پێــشاندام، لە ژوورێکــی زۆر ئاســایی دانیــشتندا، لە ســەر تەختێک نوستبوو. جلی ڕۆژی لەبەردا بوو و نامەیەکیش لە سەر زەوییەکە بوو. گوتی: "دەمەوێ پێم بڵێی بەر لەوەی ئەم وێنەیە بگیرێ چی ڕوویداوە".

ئەم دانیشتنە، ماوەی چەند سەعاتێکی خایاند. تاقیکردنەوەی دەروونی بوو. پرسیاری زیاتریش لە سەردەمی منداڵیم. یادگار و پەیوەندیم لەگەڵ ڕەنگ و بۆنی تایبەتیدا. کاتێکی زۆریشمان بۆ باسی باوکم تەرخان کرد. چۆنی لێ دەدام و چۆن بە شێوەیەکی گشتی ژیانی لێ تاڵ کردبووم.

یوسف پرسیارێکی کتوپڕی کرد: "پێت وایە خەڵکی چۆنت دەبینن؟".

پرسیارەکە، کەمێ وشیاری کردمەوە. من بەخۆم، چی دی لە خۆم دڵنیا نەبووم. واز لە خەڵکی دی هەر بێنە چۆنم دەبینن. گوتم: "شتێکی تایبەتی نییە. پێم وایە خۆشەویستم. مەبەستم ئەوەیە کە پێم دەکرێ لەگەڵ هەموو کەسێکدا هەڵبکەم. دیارە جگە لە باوکم. تا ڕادەیەک خەڵکم خۆش دەوێن و لە ئاستی ڕواڵەتیشدا برادەرم زۆرن".

"ئەدی ئەوان چۆن دەڕواننە تۆ؟".

"کوڕە دەوڵەمەندێکی ساکار. پێم وایە وام. تۆزێکیش ئەهلی ڕابواردن. بەڵام دیارە ڕێ نادەم کەس بە تەواوی بمناسێ و لێم نزیک بێتەوە".

"بۆ؟".

"خەسێتم وایە. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە ماوەی تەمەنی خۆم بەوە بەسەر بردووە کە خۆم لە باوکم بشارمەوە". بەخۆم نەبوو بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەو ڕووکەشی کەسایەتییەم ڕەنگە وای لێ کردبم ببم بە بابەتێکی چاک بۆ کاری تەنهایی خەفێگەرێتی.

دوای شەش سەعات پرسیار، دکتۆر سوپاسی کردم و گوتی کە هەموو کارەکەمان ئەوە بوو. بەرەو ماڵەوەی ناردمەوە.

ئێوارەی ڕۆژی داهاتوو، وەک کە بڕیار بوو، سەعات شەش چوومە (ماکاو) کە یەکێ بوو لەو جێیانەی وا دروست کرابوو، کە هەموو خەڵکی هەست بکەن لە دەرەوەی ئاووهەوای قەبزی (برۆکسل)ن و چوونەتە... ئا، (ماکاو). دارخورمای ڕاستەقینەی لێ بوون و وێنەی دەم دەریای بە خۆرەتاو هەڵواسرابوون. (پینەکۆلادە)یەکم داوا کرد و چاوەڕێم کرد. هەر چاوەڕێم کرد. هیچ نەبوو.

( ٥ )

## کاری سەربەخۆ

سێ ڕۆژ دوای پینەکۆلادەکان و چاوەڕوانیی بێ ئەنجام، دانیەل تەلەفۆنی کرد: "بچۆرە هەمان ئەو جێیەی کە یەکەمجار پێمان گوتی. نیوەڕۆ لەوێ چاوەڕوانم بە". بە کورتیی ئەوەی گوت.

بە پێ چوومە ڕامادا. کە دانیەلیش گەیشت، پێکەوە چووینە قاوەخانەیەک و نانێکی هاکەزاییمان خوارد.

به دەنگێکی نەوی پێی گوتم: "دەمانەوێ بە پێی توانا، هەموو شتێک لە سەر باڵێۆزخانەی عیراقی لێرە بزانین. ناوی فەرمانبەران و ناونیشان و باری کۆمەڵایەتییان و چەندیان پێ دەدرێ و کێ ئەفسەری موخابەراتە و خەڵکانی تری سەر بە خەفێگەریی و ئامێری تەلێکس و جۆرەکانیان کە بەکار دەهێندرێن. لە ڕاستیدا دەمانەوێ کۆدەکانیش بزانین. هەروەها کێ سەرپەرشتیی کۆدەکان دەکات. گەرەکیشمانە شتێ لە بارەی ئۆفیسەکەی باوکتەوە بزانین - چۆنە و کوێیە بۆ ئەوە دەشێ ئامێریکی نهێنی گوێگرتنی لێ دابندرێ". پشوویەکی دا. "باسێکی ئۆتۆمبیلەکان لە خەیاڵی خۆت هەڵگرە. پسوولەی شوفێریی و کێ دەیانئاژوێ، پێویستیمان بە هەموو شتێکە کە بتوانی لە بارەی باڵێۆزخانەکەوە ویماندەیت بە تایبەتیی ئامێری خەفێتیی".

بە شێوەیەکی تر، دانیەل دەیویست باڵێۆزخانەکە لە ناولەپی خۆیدا بێ. لە ڕاستیدا ئەو کارە بۆ من هاسان بوو. کەس بە مەسەلەی نێوان من و باوکمی نەدەزانی. من بۆ ئەوان، کوڕی باڵێۆز بوم و تەواو. پێیان وابوو پیاوەتیی دەکەم ئەگەر بە هۆی منەوە جێی ڕەزامەندیی ئەو بن. ئەوانیش وەک من لێی دەترسان.

دەستم کرد بە هاموشۆی باڵێۆزخانەکە تا پێکەوە قسان بکەین و لە گارد و خەفیەکان نزیک ببمەوە. دەبێ ئەوەش بڵێم کە هەموویان پیاو بوون. لەوێ کار بە ژن نەدەدرا.

وەک کوڕەباڵێۆزێک، هەمیشە ڕێی چوونەژوورەوەم واڵا بوو. لابەلایی دەمگوت: "هەروا هاتووم پیاسەیەک بکەم؟". هێندێ جار داوام لە یەک دوویەکیان دەکرد بەشداریی خواردنەوەم بکەن. داروودەستەی باڵێۆزخانەکە، دڵسافانە ، زۆر شتیان لەوانە پێ گوتم کە دەمویست بیانزانم. تەنانەت شارەزاییم لە سستەمی کۆددانانیشدا پەیدا کرد. کۆدی ئاڵۆزی پەیام زوو-زوو لە لایەن میکانیکزانێکەوە کە لە بەغداوە دەهات دەگۆڕدرا و دوایی بە تەلێکس، سەرلەنوێوە دەگەیەندرا. هەمیشە کۆدی چوار پیتیی بوو. پەیامی وەک: (چالاکی لەندەن پەسەندە)، دەکرایە: (AMDH BGYR FKPL).

پێدەچوو دانیەل بەم زانیارییانە خۆشحاڵ بێ. دەشمتوانی ڕێک جێی چەک و تەقەمەنییەکانی پێ بڵێم.

بـــۆم دەرکەوت مەبەســـتی ســـەرەکیی و ڕاســـتەقینەی باڵیۆزخانەکـــان، دەسگیرکردن و ڕفاندنی دوژمنەکانی سەددام حوسێنە. ئەمە هۆی بنەڕەتیی بوونی دامودەزگای خەفیێتیی و، بگرە حکومەتی عیراقی خۆیشی بوو. تەنانەت ڕاپەڕاندنی کاروباری وڵاتیش لە پلەی دووەمدا دەهات. ئەوەشم زانی کە باوکم ئەو ئەرکەی، هەرنەبێ لە پۆڵۆنیا و برۆکسل، بە ئەنجام گەیاندبوو.

هەمیشە وای بۆ دەچووم کە کاری باوکم و چالاکییەکانی، زۆر لە ئەرکی دیپلۆماســـییانەی پتـــر بەخـــۆوە گرتبـــوو. دەمەتەقـــێم لەگەڵ کارمەنـــدانی باڵیۆزخانەکەدا ئەوەی بۆ یەکلایی کردمەوە. ڕۆژێکیان دوو پیاوی سەر بە خەفیێگەریێتی لە هۆڵی (استعلامات)ی باڵیۆزخانەکەدا وێستابوون و زۆر بە کوڵ پێدەکەنین و سوعبەتیان دەکرد. لێم پرسین چ باسە.

یەکێکیان دەستی بۆ سنووقێکی گەورە درێژ کرد کە (تاخمی ماڵەوە)ی لە سەر نووسرابوو، گوتی: "تەماشای ئەو سنووقە گەورەیەی ئەوێندەر بکە". خەیاڵێکی دڵتەزێنم بە مێشکدا هات. گوتم: "چییەتی؟".

یەکێکیان بە دەم پرمەی پێکەنینەوە گوتی: "وایە، تاخمە. کورسییەکە و دانیشتوویەکی لەسەرە". پێکەنینەکەیان بەمە زیادی کرد و بە لاڕانی خۆیانیاندا دەکێشا.

وەک یەکێ تێگەیشتبێ، گوتم: "ئەها، ئەو ڕێبوارە بەختەوەرە کێیە؟". باسی وام بیستبوون بەڵام هێشتا زەحمەت بوو باوەڕ بکەم.

"یەکێکە لە کوردە زۆڵەکان. لە پرخەی خەودایە و دەچێ لەو بەغدا جوانە پشوو دەدا".

تەماشای سنووقەکەم کرد و بیرم لەو نەفەرە بەدبەختەی ناوی کردەوە کە دەرمانی پێ درابوو و بۆ جێیە زۆر تایبەتییەکەی خۆی، لە ناو فڕۆکەدا دەبرا. دەبێ لە جێی بارەکانی ناو فڕۆکەکەدا وەئاگا نەیەت و هەست بە چارەنووسی نەحسی خۆی نەکا؟. دەبێ هەڵپە و هاواری بێهوودە، لەو ئاسمانە نەکا؟. یا

دەبــێ وەختــێ پێــی بزانــێ کە نیــشتوونەتەوە و کــراوەتەوە و باوەشــی موخابەراتی عیراقی بۆی ئاواڵەیە؟.

تەنها پانزە پێ لێمەوە دوور بوو. منیش هیچم پێ نەدەکرا ئەوە نەبێ کە بە ئیسرائیلییەکان بڵێم. بەڵام دەمزانی کە ئەوانیش هیچیان بۆ دەربازکردنی پێ ناکرێ. ئەوە کۆتایی هاوکارەکەیان - من - و دوازانیاریی دەبوو. پانزە پێ لەولاوە، کەچی لە ناو عیراقدا بوو. هەرکەسێ بووبێ، سەرژمێرییەکی تری تۆقێنەرە. ئەگەر داروودەستەی باڵیۆزخانەکە لە باوکم ترسابن سەیر نییە. ئەو، داموودەزگــای خەفێگەرێتــی بــۆ ســڕنگومکردن و گرتنــی بەرهەڵــستکارانی سەددامی تەنانەت لە دەرەوەی عیراقیشدا بەڕێوە دەبرد.

کوردەکان دڕکی چەند سەدەیەکی ناو حوکمی عارەبی ئەم بەشەی وڵاتە عارەبییەکــانمن. چەنــد عەشــرەتێکی دڕی ناســەربەخۆ بــوون و نــاوچەی ڕاستەقینەیان سێکوچکەیەکی سنووری نێوان عیراق و ئێران و تورکیا بوو و ماوەی سێ سەدەی تەواو تێکیان گیرخواردبوو. بە نۆرە، لە لایەن هەرسێ وڵاتەکەوە دەچەوسێندرانەوە و پشتگیریی دەکران - ئیدی دەکەوتە سەر ئەوەی کێ دەیوست کێشە بۆ کێ دروست بکا. بە شێوەیەکی گشتیی، کوردەکان خۆشییان بە بەغدا نەهاتووە و سەددامیش ویستوویەتی ڕاویان بکا و پاکیان کاتەوە.

لە ســەرەتاوە، لە بەرەوە بە وەرســکردن و گــرتن لە نــاو عیراقــدا و بە کرداری وەک ئەوەی باوکم لە دەرەوە دەستی پێ کرد. بەڵام دیارە سەددام ئەمەی پێ ساوەساو و بێ کاریگەریی بوو. سەددام ڕێیەکی خێراتر و هەرزانتری دەویست تا کوردی پێ لەناوبەرێ ئەوجا دوژمنانی دی. وەک هیــتلەر، فەرمــانی دواچارەســەری دا. فەرمــان بە ئیــستخبارات درا کە لە جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا هاوکاریی سوپا بکەن و ڕاهێنان و تاقیکردنەوەی هەمەچەشنە بکەن. ئەوە بوو بە گەرموگوڕیی، لە مەودای چەکی کیمیایی و بایۆلۆژی و پەرەپێدانیاندا دەست بە کار بوو. دوای چەند ساڵێک کوردەکان بوون بە یەکەم بابەتی تاقیکردنەوە و ئەنجامەکەی دڵتەزێن بوو.

ئەو قوربانییەی سەر کورسییەکە یەکەم جار دەچووە (هاگ) و دوایش بۆ ئەمستەردام چونکە فرۆکەی ڕاستەوخۆ لە برۆکسلەوە بۆ بەغدا نەبوو. لە ئەمستەردام دەخرێتە ناو فڕۆکەی عیراقییەوە و بەرەو وڵات دەڕوا. ئەشکەنجە و ڕەنگە مرنیش چاوەڕێیەتی. لە هەموو ڕێگەدا، پشکێنەری گومرک و خەفیگەر بە لایدا ناچن چونکە مۆری دیپلۆماسیی پێوەیە و پارێزراوە.

ئەم شێوە بەکارهێنانە دڵتەزێنەی جانتای دیپلۆماسیی، لە لایەن ڕۆژاواوە، سەرزارەکی ڕاگیرابوو. یەکێ لەو ڕێبوارە سەرمۆرکراوانە، لە فرۆکەخانەی هیترۆی لەندەن، لە ناو فارگۆنی شتومەک وەئاگا هاتبۆوە. خەڵکەکە دەنگێکی ئەترەشچوویان لە ناو فارگۆنەکەوە گوێ لێ بووە، و بۆ کردنەوەی گەڕاندوویانەتەوە. دوای ئەوە، بۆ ماوەیەک پەیوەندیی دووقۆڵی گرژیی تێکەوت. بەڵام دیسان، وەک هەمیشە مەسەلە، پەیوەندی و بەرژەوەندیی بوو لە نێوان سەددام و بەریتانیادا. حکوومەتە ڕۆژاواییەکان ڕێک دەزانن چ کارەساتێک ڕوو دەدات بەڵام دیارە وەک بەڕێوەبردنێکی سروشتیی دنیا لێی دەڕوانن.

چەند لوقمەیەکی هرسکراوی ترم لە سەر یادی (١٧)ی تەمموزی ١٩٦٨ی بەعس کردە دەمی دانیەلەوە. کارێکی ڕەسمیی و ئاسایی بوو و لە ئوتێلی میریاد ئەنجام درا. مێوانەکان، لە دیپلۆماسی و ڕۆژنامەوان و وەزیرانی کۆمیتەی دارایی ئەوروپا و نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوەی بەلژیک پێک هاتبوون. بەرتیلم بە وێنەگری باڵیۆزخانەکە دا کە وێنەی دانیشتنە ڕەسمییەکانم وێ دا تا دوایی لەگەڵ دانیەلدا پێیاندا بچینەوە و (کێ کێیە)ی تەواوی بدەمێ، بە تایبەتی، بازرگانە کەمەکانی چەک.

یەکێ لە هەرە گرنگەکان پیاوێکی کەنەدایی بە پێناسە ئەمەریکایی بە ناوی (جیراڵد بۆڵ Gerald Bull )ەوە بوو. بۆڵ، بڕیاری پەرەپێدانی تۆپ و گوللەتۆپی دابوو کە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر مەودایان پێش بخات. بەڵام لەگەڵ مەعمیلەکانی ئەمەریکای باکووردا، بە سوپای ئەمەریکاشەوە، لە کورتی

دابوو. کاتێ گەمارۆی سەر باشووری ئەفریقای شکاند و و شتی دابوونێ، لە مەعمەلەیان دوور خستەوە. چوار مانگ خرایە بەندیخانەوە.

کە بۆڵ لە بەندیخانە دەرچوو، ساڵی ١٩٨١ لە برۆکسل ـ کانگەی چەکی دنیا، گیرسایەوە. بۆڵ، بەرەو کارکردن لەگەڵ سەددام حوسێن و ئی تردا بایدایەوە. یەکەم ئارەزووی سەددام ئەوە بوو کە بۆڵ (هاویتزەر)ی ١٥٥ ملیم پێش بخات کە پێی دەگوترا جی سی ٤٥ و تۆپێک بوو مەوداکەی دووقات بوو. دەوروبەری ٤٠٠ پارچەتۆپی بۆڵ لە ڕێگەی ئەفریقای باشوور و ئوستورالیاوە گەیشتنە عیراق. ئەمە بەشێکی سەرەکیی دیکەی لە کارەکەی باوکم پێک دەهێنا، کە کاری هەموو باڵیۆزێکی عیراقی بوو لە برۆکسل. چەک: کڕین و دەلاڵی. هەروەها چاویشیان لە جیرالد بۆڵ بێت. ساڵی ١٩٨٥ کە باوکم برۆکسلی بەجێ هێشت، جیرالد بۆڵ یەکەمین و گرینگترین کارەکەی بوو. تۆپە گەورەکانی جیرالد بۆڵ بۆ داگیرکردنی ئیسرائیل و ڕەنگە زیاتریش، ببوون بە خەونی سەددام.

(بۆڵ)یش خەریکی شتێ بوو کە پەیمانی لەوەش گەورەتری بە سەددام دەدا: تۆپی سووپەر. لوولەکەی، سێ پێ ئەستوور بوو و درێژاییەکەشی سەد پێ دەبوو. بۆڵ دەیگوت گوایە، بە وردیی، لە مەودای هەزار میلدا نیشان دەپێکێ. پارەی زۆری پێ درا تا پتر پەرەی پێ بدات. دەیگوت تا شەش هەزار میل بڕ دەکات. (بۆڵ، نەخشەی کۆنی دووەم جەنگی جیهانی لە ئەرشیفی نازییەکان دەرهێنابوو کە لە سەر دامەزراندنی (ڤی٣)، تۆپی مەزن بوو کە مەودای ڕاکێتی دەبڕی. ئەڵمان شکا و یەکەم نموونەی(ڤی٣)، بەر لەوەی نموونەی ڕاستەقینەی لێ دەربچێ تێکشکێندرا. لایەنی سەرەکی پێشکەوتنەکەی ئەوە بوو کە لوولەکەی بەشبەش بوو و خێرایی بە گوللە تۆپەکە دەدا).

ئەمەریکاییەکان، چەندین ساڵ بوو ئەوەیان ڕەت کردبۆوە. وا ئێستا بەغدا دانی دایێ و لە تەختانێکی لای موسڵ دەستی بە دروستکردنی تۆپی سووپەر کرد. بۆڵ، بەوە مەسەلەکەی بە نهێنی هێشتەوە کە پارچەی جیاوازی لە

کۆمپانیای جیاوازی وڵاتی جیاوازدا دروست دەکردن. لەبەر ئەوە، کەس بە سەرجەمی مەسەلەکەی نەدەزانی، مۆساد نەبێ.

دەمێ بوو ژمارەی بۆڵ لای مۆساد بوو. لە ئاداری ساڵی ١٩٩٠دا، بە پێی ڕاگەیاندنێکی خەفیەکانی مۆساد لە برۆکسل، بۆڵ سڕنوگوم کرا.

چۆن ئەو زانیارییە پێویستانەم لە باڵیۆزخانەی عیراق لە برۆکسل دەسگیر دەبون، ئەوەیان پەیوەندیی بە خۆمەوە هەیە. تاکە تەمێکردنم لە لایەن دانیەلەوە ئەوە بوو، فرسەتی شێتانە نەقۆزمەوە. لەبەر ئەوە، تاکە زانیارییەک کە نەمگەیاند، لە بارەی ئۆفیسەکەی باوکمەوە بوو. پێم وابوو هەر هەوڵێکی چونەژوورەوەی ئۆفیسەکە جێی مەترسییەکی گەورەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا. دانیەل بەو دەسکەوتانە ڕازی بوو کە بۆم دەبردن. بە پێی پێوانە ڕازیی بوو. هیچ شتێکی جوان و جێی ڕەزامەندیی یا ڕەوشت لە پیشەی جاسووسییتیدا نییە. لە کاتی خۆیدا بە تەواوی ئەوەم بۆ دەرنەکەوتبوو. بە هەڵگەڕانەوە لە باوکم و سەددام، تازە دەستم لە پێداویستییەکانی ئەو هەڵگەڕانەوەیە گیر کردبوو.

پایزی ١٩٨٤، کاتی ئەوە هات، بۆ بەردەوامبوونی خوێندنەکەم بچمەوە لەندەن. زوو، دوای گەڕانەوەم، مۆریسم لە ڕێستورانێکی سۆهۆ دی کە هەردووکمان پێمان خۆش بوو.

مۆریس، چاڵێکی لە هەویرەمەنییەکەی بەردەمی کرد و گوتی: "سوورییەک لە لەندەنە و دەمانەوێ شتێکی لەبارەوە بزانین. لە کۆلیژی ئیمپریاڵ فیزیای ئەتۆم دەخوێنێ. ئەمە نیشانەیەکی گرینگە. بۆ تۆش لە بابەتی ـ یا سەرکەوە یا لاکەوە ـ یە. ئەگەر بە ئەنجامی بگەیەنیت پلەت بەرز دەبێتەوە. ئەگەر نا... ئا، لە جێی خۆت دەمێنیتەوە".

مۆساد، سەرنجی خۆی بەرەو لای سووریا بادابۆوە. حافز ئەسەدی سەرۆکی سووریاش، هەر بەعسییەکی دی بوو و وڵاتێکی عارەبی بەڕێوە دەبرد. ئەو و سەددام حوسێن بۆ سەرگەورایەتی ناو وڵاتە عارەبەکان لە شەڕی مان و نەماندا بوون. قینیان لە یەک بوو.

سووریای ژێر سەرکردایەتی حافز ئەسەد، جێی خۆی بوو جێی سەرنجی تەڵەکەبازان بێ. بە تایبەتی ئەو سووریایەی ئارەزووی ئەتۆمی دەکرد.

"دەستت پێی دەگا؟". مۆریس ئەو پرسیارەی کرد و مەبەستی ئەو سورییە بوو کە باسی کرد.

"بە دڵنیاییەوە. لەو کۆلیژەدا برادەرم هەن. موشکیلە نییە".

دەبێ تەلەفۆنێکی تر بۆ ڕیفعەت خەددام - ناوی خۆی نییە - بکەم. هاودەمێکی خۆش و خوێندکارێکی زیرەک بوو بەڵام کەمێ ساکاریش بوو. جگە لەوانە، بەرژەوەندچی و ئارەزوو فراوانیش بوو. لەبەر ئەوانە، بە هاسانی زەربەی پێ دەگەیشت و منیش نیشانم لێی گرت.

کە سەردانی برادەرانی کۆلیژەکەم کرد و لە هۆڵی نانخواردن پێکەوە نانمان خوارد، بە هاسانی توانیم لە ڕیفعەت نزیک ببمەوە. برادەرەکانم لە بەشی زانست بوون و بە زۆریی لەگەڵ هاودەمێکی عارەبدا دادەنیشتن کە خەریکی بڕوانامەی (Ph. D)ی فیزیای ئەتۆم بوو. ڕیفعەت قۆز بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەختی لەگەڵ کچاندا نەبوو.

ڕیفعەت گوتی: "وای پێدەچێ کە هەڵسوکەوتم لەگەڵ کچانی ئێرەدا بەجێ نەبێ. پێیان وایە پیرەمێردێکی پیسم".

دڵیم دایەوە و گوتم: "گوێ مەدەیێ، من دەتوانم کچت پێ بناسێنم". لە ڕاستیدا، زۆرم پێ ناخۆش بوو هیچ کچێکی لەوانە پێ بناسێنم کە دەمناسین. نەمدەویست بە شێوەی لابەلاییش بێ، هیچیان بخەمە ئەم چاڵە کوشندەیەوە. بەوەی باش بوو هیچ کامیان پێی قایل نەبوون. بە هۆی پەیداکردنی کچەوە کردمی بە برادەری خۆی، و هەر بە دووی خەیاڵی خۆی کەوتبوو. ئەوەش پارەی دەویست. هیچ نەبێ بە پارە پێی دەکرا یەک دوو ژن پەیدا بکا و هێندێ جلی جوان بکڕێ. هەمیشە کەمێ چەسپناک دیار بوو.

بە پارە و مەسرەفی بێسنووری مۆساد، ژیانی خۆشم پێشان دا. پێم گوت کە هاوڕێیەکی باوکم پیشەکارێکی گەورەیە و پارەی زۆرم پێ دەدا تا کەمێ کاروباری ئۆفیسەکەی، لە لەندەن ڕاپەڕێنم.

له کاتێکدا زەوقی ڕیفعەتم لەگەڵ ژیانی خۆشدا ڕادەهێنا، وردە وردە زانیم چ کارەیە و لە کوێوە کەوتۆتە داوی بەخێوکەرەکانی ـ حکومەتی شام ـ ەوە. سووریاش، وەک عیراق مەسرەفی خوێندکاری لەودیو دەریا دەکێشا و پلانی تایبەتی و درێژخایەنی بۆ دیاریی دەکردن.

ئەوەی ڕیفعەت ئاشکرای کرد دینامێت بوو. یا ڕاستتر بڵێم، ئەتۆمی بوو. سووریا، تازە دەستی بە دروستکردنی ڕاکتۆری ئەتۆمیی خۆی کردبو. پارچەکانی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە دەهاتن. یارمەتی تەکنەلۆجی، هێندێکی لە ئەڵمانیاوە دەهات و زاناکانی سووریا ـ وەک ڕیفعەت ـ لە ڕێی سستەمی خوێندنی بەریتانیاوە ڕاهێنانیان پێ دەکران.

پێویستیی بە عەبقەریی نەبوو تا بزانێ کە حافز ئەسەد، بنیاتنانی ڕاکتۆری ئەتۆمی بۆ کارەبای میللەت نەبوو. ئەویش وەک سەددام بەرەو ناو کاروباری بۆمبای ئەتۆم دەچوو.

کە ئەوانەم بە مۆریس ڕاگەیاند، وڕ بوو. پێ دەچوو ئیسرائیلییەکان ئاگایان لەوە نەبێ کە بەرنامەی ئەتۆمی سووریا بە ڕاستی دەستی پێ کردووە، با لە هەنگاوی سەرەتاشدا بێ.

دوای ماوەیەک، ڕیفعەت بە تەواویی لەگەڵ ژیانی خۆشدا ڕاهات و بە ئاشکرا بەخیلیی بەو پەیوەندییە دەهات کە لە نێوان من و هاوڕێ چاوتێرەکەی باوکمدا هەبوو. منیش چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ مۆریسدا، لە ئوتێل چەرچڵ ڕێکخست تا ئەمەی پێ ڕابگەیەنم. خۆشحاڵ بوو.

"پێی بڵێ کە برادەرەکەی باوکت لە کۆتایی ئەم حەفتەیەدا دێت و پێکەوە نان دەخۆن. پێی بڵێ با ئەویش بێت".

دوایی دڵم داخورپا. کە لە ڕێستۆرانەکە دەرکەوتین، ئەو عارەبە موفلیسە توونسییەم دیت کە پێشتر لە (کامبرلاند) دواندبوومی. دەبێ دوای من کەوتبێ؟. لەگەڵ نیو دەرزەن عارەبی تردا دانیشتبوو. هەستم کرد مۆریس ڕووی خۆی لێ وەرگێڕا بەڵام چ سەرنجێکی دەرنەبڕی. خۆمم دڵنیا کرد کە دەبێ ئەو عارەبە خەفەیەی لایەنێ بێت و لەم دەوروبەرەدا، هەوڵی

کۆکردنەوەی زانیاری، لە ڕێی هاودەمە عارەبەکانیەوە بدات. بەڵام کاری بۆ کێ دەکرد؟.

مۆریس، جێی چاوپێکەوتنی بۆ ئوتێلێکی دی، نزیک پێکادیلی گۆڕی. بەردەوام لە مەترسیدا بووم و چەند حەفتەیەک بوو قژیشم هەڵدەوەری تا تۆزێکی لێ مایەوە. لە ئەنجامدا، قژم ڕوایەوە و وەکی خۆی لێ هاتەوە. ئەم خەفێەگەرییە، هەرچەندە لە ڕواڵەتدا بێ زەرەریش دیار بوو، بەڵام فەرقم بە (باج)ەکەی دەکرد کە لە سەرم کەوتبوو. عارەبە ئاڵۆزەکە، ئەوەی بیر دەخستمەوە کە لە سەر مێزێکی قوماری گرانبەهادا قوماری کۆتاییم دەکرد و بڕیاری هەڵە یا بە چەقۆیەک کۆتایی دێ کە بە پەراسوومدا دەچێ یا فیشەکێک نێوان هەردوو چاوم دەسمێ.

دیداری نێوان هاوڕێکەی باوکم و ڕیفعەت وەک سەعات بە ڕێکوپێکی پێک هات. مۆریس، لابەلایی بە ناوی مارکەوە خۆی ناساند.

هەرسێکمان، بۆ ژەمە خواردنێکی ڕێکوپێک یەکمان گرت. هێندێ کەسی سەر بە باڵیۆزخانەی ئیسرائیلم لە سەر مێزێکی ئەولامانەوە ناسینەوە. وا وێدەچوو بیر لە کاروبار بکەنەوە... کاروباری خۆیان... کاروباری ئێمە.

تەماشاکردنی مۆریس کە ڕۆڵی دەبینی، سەرنجڕاکێش بوو. بە تەواوەتیی بە سەر کەشوهەوای دەمەتەقێکەدا زاڵ بوو و ژیرانە ڕیفعەتی ڕادەکێشایە ناو باسەوە. ئەوەی کە ڕیفعەت لێی دەزانی، ئەوە بوو کە "مارک" پیشەکارێکی ئەڵمانی بوو و لە لەندەن دەژیا و کۆمپانیاکەی بەرەو فراوانبوونەوە و بەرەو ناو سووریا دەچوو بەڵام هێندێ زانیاریی لە سەر ناوەوەی سووریا دەویست.

ڕیفعەت، بەلایەوە گرنگ نەبوو مارک کێیە، ئەوەی بە لایەوە گرنگ بوو ئەوە بوو کە دڵنیا بێ وەک من بە بەربلاّویی پێی بدرێ. مۆریس، ڕیفعەتی دڵنیا دەکرد کە خۆی نەخاتە مەترسییەوە. هەر ئەو زانیارییانە بڵێ کە بە ئاسایی وەدەست دێن. دیارە ئەوە تەنها چێش بوو و دەبێ قولابەکە، کتوپڕ لە زاری گیر بێ. ئیدی داوای گەلێ زۆرتری لێ دەکرێ.

بەو شێوەیە، ڕەفعەت وەک ڕاوێژکاری کۆمپانیایەکی تەکنەلۆژی ئەڵمانی کاری دەست کەوت و نهێنییەکانی ئەتۆمی سووریای بە مۆساد دەفرۆشت. دوای چەند ساڵێک دیتمەوە، دیار بوو وەزعی باش بوو.

مۆریس ٢٠٠ پاوەن و ئامێرێکی نوێی (دەنگ)ی دامێ. ئەوە چاکە بوو بەڵام مـن لە پێناوی چاکەدانەوەی ماددیدا لەو گەمەیەدا نەبووم. ئەو کاتەش دەمویست ددان لە گۆشتی سەددام گیر بکەم. مۆریس جێی هێشتم تا کەمێ بە وانەکانی خوێندنمدا بچمەوە. زستانی ساڵی ١٩٨٥ دیدارێکی لە ڕێستورانی سۆهۆ بۆ سازدام.

ئەم جارەیان مۆریس گوتی: "دەمانەوێ یەکێکی ترمان بۆ پێوە بکەیت. ئاگات لە بەرنامەی فڕۆکەوانەکان هەیە کە حکومەتەکەتان لە سەرووی بەریتانیا خەریکێتی؟".

دەبوو دانی پێدا بنێم کە ئاگادار نەبووم.

"لە دەرەوەی (کاریلسل)، ڕێک لە خوار سنووری سکۆتلەنداوەیە. ڕاهێنان بە فڕۆکەوانی سوپایی دەکەن. لێپرسراویان مێجەرێکی عیراقییە. دەمانەوێ بە پێی توانا، هەموو شتێ لە بارەیەوە بزانین".

پشووی حەفتەی داهاتوو، بەرەو (کاریلسل) سواری شەمەنەفەر بووم.

کاریلسل، سارد و قەبز بوو. (مینیئۆستن) وەک تەکسی ناوچەکە کاریان دەکرد. کە سوار بووم بە شوفێرەکەم گوت بمگەیەنێتە قوتابخانەی فڕۆکەوانان. گوتم: "بە تەواوی نازانم کەوتۆتە کوێوە".

"پێویست ناکا کوڕی خۆم. هەموو کەسێکی ئەم شارە جێی کوڕگەلی ئێوە پێدەزانن". بە ڕووخۆشییەوە ئەوەی گوت.

بردمیە فڕۆکەخانەیەکی گچکەی قەراغ شار. چوومە شوێنێکەوە کە بە ئۆفیسی سەرەکی دەچوو. لە ڕاستیدا، تەنها کەپرێک بوو.

کوڕێکی گەنجی بەریتانی، لە پشت کاونتەرەکەوە بەخێرهاتنی کردم: "چ خزمەتێکتان پێ دەوێ؟". پێناسەی دیپلۆماسیم دەرهێنا و پێشانم دا و گوتم: "من سەر بە باڵیۆزخانەی عیراقم و هاتوومەتە سەردانی هاوەڵێکی خۆم". و ناوێکی درۆم پێی گوت.

من له قسەکردندا بووم، ئەفسەرێک پەیدا بوو و بە عارەبی بەخێری هێنام. بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی: "ئەم ناوەم نەبیستووە. بەڵام ڕەنگە لە گروپێکی تردا بێ. با بچینە ژووری ئەفسەرەکان بەڵکو یەکێکی دی بیناسێ. بە داخەوە، ئەمڕۆ مێجەریش چۆتە باڵیۆزخانە لە لەندەن".

بە چۆڵاییەکدا، بەرەو هێندێ تەکەنەی بۆری بردم. لە ژوورەوە، لەگەڵ چوار ئەفسەری تردا، لە ژوورێکی خۆشدا یەکمان گرت. هەموویان، بە ڕووی خۆشەوە بەخێرهاتنیان کردم، بە جێگرەکەشەوە. بە تەبیعەتی حاڵ، ناوی برادەرەکەمی نەبیستبوو. بەڵام داوای لێ کردم کە چایان لەگەڵدا بخۆمەوە. دیارنەبوونی مێجەر بەختێکی گەورە بوو. ناسینی کەسێک، لە ڕێی کەسێکی ترەوە، هەمیشە ئاسانتر بوو. لەوەش زیاتر، جێگرەکە دەریخست کە قینی لە لێپرسراوەکەیەتی. ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە ئەم بەتەمای پلەی لە کاپتن بەرزتر بووە و مێجەریش بەرهەڵست بووە. لە ڕاستیدا، هەموویان گلەییان لە سەرکردەکەیان هەبوو و منیش بە هیچ جۆرێ وەڵامم نەدانەوە.

دووەم پیاویان گوتی: "هیوادارم کێشەکەمان بگەیەنیتە باڵیۆزخانە. ئێرە بێعەمەلە". یەکێکی تریان گوتی: "مەشروبخۆر و ژنبازە و هیچ شتێ بە ڕێکوپێکی ئەنجام نادرێ. کوڕگەلەکە، نیوەی ئەو ئەرکە بە ئەنجام دەگەیەنن کە لە سەریانە. ئەمە ڕاهێنانی فڕۆکەوانی نییە".

گوتم: "پێم وابوو مێجەر قارەمانێکی گەورەیە".

"بوو، ئیستا لەگەڵ چوواندا چووە".

کاپتنەکە بەردەوام بوو: "دەبێ یەکێ پێیان ڕابگەیەنێ تا مێجەر ڕاست بکرێتەوە".

گوتم: "بە ڕاستی هێندە گرینگە؟. بە هەرحاڵ، من پێم وا بوو کە ڕاهێنەری شەڕ (ئینگلیزەکان) کارە گرینگەکان جێبەجێ دەکەن".

یەکێکی تریان گوتی: "بە بێ بەریتانییەکان، هیچ تەڕەماشێکمان پێ نەدەکرا".

جارێکی تریش بیرم لەوە کردەوە کە لەبەر چی بەریتانی و ئەمەریکایی و ڕۆژاواییەکانی دی هێندە کورتبینن. گوتەیەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە

دەڵێ: "بە بێ مبالاتی مەڕوانە مار هەر لەبەر ئەوەی شاخی ئەژدیهای نییە". واتە لێیان بێ خەم مەبە چونکە کە گەورە بوون دەبنە ئەژدیهای شاخدار و هەناسەیان ئاگرە. میللەتانی ڕۆژاوا نەیاندەزانی یارمەتی ماری عیراق دەدەن تا گەورە بێ و ببێتە ئەژدیهایەکی زلی تەواو شاخدار و گاردی ئاگرین؟.

جێی سەرسوڕمان نەبوو کە زۆر کەسی جیهانی عارەب ـ و ڕەخنەگرانی بابەتی وان لە ڕۆژاوا ـ هەستیان دەکرد کە هاوبەشییەکی گاڵتەجاڕی لە نێوان حکومەتەکان و کارگەی چەکدا هەیە. پیشەسازیی چەک قازانجی یەکجار زۆر دەدا و بە دوای کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگەڕێ، تا بگەڕێن و بەردەوام بن. ئەمەریکا، سۆڤیەت، ئەڵمانیا، فەرەنسا و تەنانەت چینیش سووتەمەنییان بە ئاگردانی بەهێڵەهێڵی وڵاتە بە ناو پیرۆزەکاندا دەکرد. دوژمنایەتی و ململانێ لە دەمێ سەدەوەیە لە ناوماندا گەشە دەکەن، وزەی ئاگریش لە سەرچاوەی جیاوازی زلهێز و بازرگانانی چەکەوە هاتوون.

ئیسرائیلیش لەگەڵدا بوو. ئیسرائیل وەک ئەوانی دی، گەمەکەی بۆ بەرژەوەندی خۆی دەکرد. ئێستا ئیسرائیلییەکان دەیانەوێ هەرچی دەشێ لە سەر هێزی ئاسمانی عیراقی بیزانن. مۆریس و ئاغاکانی دەیانویست بە هەر نرخێ بێ خاڵێکی ناو هێزی ئاسمانی عیراقیان ببێ. ئەگەر مێجەر خۆی بێ پڕ بە پێستێتی ـ قارەمانی جەنگە، ئاگاداریی لە مێجەری مامناوەندیی پترە بە هۆی خوارنەوە و زەوقی ژنبازییەوە، بە هاسانی بە داوەوە دەبێ. بەڵام پیاوکانی مێجەر پێیان گوتم کە دەمودەست دەڕوات. بۆ ئەنجامدانی کار یەکجار زوو بوو.

ڕەنجبەخەسار بووم. تەرخانکردنی مێجەر دەبووە فیشەکێکی پاکوتەمیز و بەر مەکینەی شەڕی سەددام دەکەوت.

کە گەڕامەوە لەندەن و هەواڵەکانم گەیاندنە مۆریس، داتەپی بەڵام زانایانە. گوتی: "مەچۆڕەوە. پێ دەچێ جێی گومان بێ. جگە لەوەش، کارێکی ترمان پێت هەیە".

جارێکی تریش، بە دەم نانخواردنەوە قسەمان کرد.

مۆریس گوتی: "کارەکەت، پیاوێکە ناوی کەمال خەتیبە. ماسییەکی زۆر گەورەیە. ئا، ئێستا لە زانکۆی لۆفبۆرۆف نزیکی نوتینگدامە. ئەندازیارێکی گەورەی بیناکارییە لە پرۆژەیەکی چەوری سووریا ـ عەماری ژێرزەمینیی فڕۆکەخانەکانی فڕۆکەی ئەسەد و بۆمباهاوێژەکان".

هەستم بە لەرز و دارمان، لە بڕبڕەی پشتمدا کرد. هەر کەسێ بە کارێکی وا گرینگ و پڕمەترسی پڕۆژەی سوپاییەوە بگلێ، پێی وا نابێ دەچێتە زەماوەند. بۆ یەکەم جار ترسام. عەماری ژێرزەمینیی هێزی ئاسمانی لە عیراقیشدا چپەچپی لە سەر دەکرا. هەر حافز ئەسەدی سووریا نەبوو کە دروستی دەکردن، سەددامیش خەریکی ئەو بەزمە بوو.

فڕۆکەخانەی ژێرزەمین، وەک هۆڵی ژێرزەمینی فڕۆکە چەند نهۆمێکە. ئاسانسۆری هایدرۆلیکی بۆ سەرخستن و داگرتنی فڕۆکە تێدان. عیراقییەکانیش فرگەی ژێرزەمینیان ئاسنڕێژ دەکرد و بەمەش، فڕۆکە یەکەم بەشی تێتەقاندنی ئەنجام دەدا بێ ئەوەی پێویستیی بە سەرزەوی بێ. هۆی ئەو هەموو کونکردنانە ئاسان بوو: هەموو سەرکردەیەکی عارەب، یادگاری زیندوویان هەیە کە چۆن ئیسرائیلییەکان، لە ساڵی ١٩٦٧دا هێزی ئاسمانی میسریان هەر لە سەر زەوی داغان کرد.

بە تەبیعەتی حاڵ، هەر هێزێک بێ دەیەوێ یەکەم جار هێزی ئاسمانی دوژمنەکەی تێکبشکێنێ کە کلیلی دەسبەسەرداگرتنی مەیدانی جەنگی نوێیە. دۆزینەوەی بە دیققەتی چۆنیەتیی دروستکردنی ئەو فڕۆکەخانانە و لایەنی لاوازییان، مەبەستێکی گەلێ بەرزی ئیسرائیلییەکان بوو.

بەرەو لۆفبرۆف سواری شەمەنەفەر بووم. لە وێستگەیەکی کۆندا، تەکسییەکم گرت تا بمباتە چاکترین ئوتێلی ئەو شوێنە. شەوێکی بێ پشووم بە شڵەژاوی بردە سەر. بەیانی، سواری تەکسی بووم و چوومە زانکۆ. بە ژنێکی سەر ئۆفیسەکەم گوت کە هاتووم برادەرێکی خۆم بە ناوی (کەمال خەتیب)ەوە ببینم. سەیری لیستەی کۆمپیوتەرەکەی کرد و پێی گوتم کە تۆمار نەکراوە بەڵام ڕەنگە لە ناو خوێندکارە دەرچووەکاندا ببینیتەوە. ناردمیە بینایەکی دی.

که لەویَ پرسیاریم کرد، ناوی تۆمار کرابوو. سکرتێرەکە، بە ڕوویەکی خۆشەوە پێی گوتم: "ڕەنگە لە کتێبخانە بێ".

گورج جێی کتێبخانە گەورەکەم زانی کە تێیدا خەریکی پێکهاتەی بیناکاریی بوون و تەوژمی سەر کۆنکریتیان دەپێوا. "کەمال ئێستا لێرە نییە". ئینگلیزێکی ڕووخۆش ئەوەی پێ گوتم. دوایی گوتی: "هاوڕێیەکی مەزنە. ئەندازیارێکی زۆر سەرکەوتووە. دەبێ تۆ خزمی بیت. هەق وایە بە کارەکەی ئێرەیەوە سەربەرز بێت".

کەمێ زیادی ڕاکێشا. پێی وابوو ئەگەر یەکێ تاقیبی یەکێکی تری کرد، دەبێ هاوڕێی بێ نەک دوژمنی. ناونیشانی خەتیبی دامێ.

گەڕامەوە ئوتێل و زەنگم بۆ مۆریس لێدا. پێی ڕاگەیاندم: "ئەمشەو بچۆ بیبینە".

ئەو کاتەی من بەو ناوەدا دەگەڕام کە خەتیبی لێ دەژیا، شەو داهاتبوو. تۆزێ لە دووری ئەو شوێنەی کە خەتیبی لێ دەژیا تاکسیەکەم جێهێشت و بە پێ بەرەو دەروازەکە چووم. زۆر سەرما بوو. لە نزیک وەجبە خانووەکانەوە، دوو پیاوم بەدی کردن لە ناو تیۆتایەکی شین دانیشتبوون. لایتەکانی کوژابوونەوە و گوێم لە دەنگی مەکینەکەشی نەبوو بگەڕێ.

ڕاوێستام. ئیفلیج ببووم. ویستم تا هێزم تێدایە هەڵبێم. بەڵام گەڕانەوەم، لە وەژوورکەوتنم پتر جێی گومان بوو. دڵم لە یەک دەقیقەدا، دوو سەد جار لێی دەدا. دەروازەی باخچەکەم کردەوە و بەرەو دەرگاکە چووم. زەنگی دەرگام لێ دا. دەرگا کرایەوە و بەرانبەرم بوو. پیاوێکی کەتە، بە بیجامە و ڕۆبیشەوە ترسناک بوو. بە زمانی تێکئاڵاوەوە گوتم: "ببوورە کە بێزارم کردن کاکی خەتیب".

"بەڵێ؟". بە پەلە ئەوەی پرسی.

"ناوم حوسێنە. برادەرێکم کە برادەری ئێوەشە، پێشنیازی کرد کە بێم و بتانبینم". داوای لێ کردم لە بەر سەرماکە نەمێنم و وەژوور کەوم. چەند پلەیەکی پلیکانەیەک سەرکەوتین و چووینە ژوورێکی گچکەی دانیشتنەوە. لە

لایەکەوە بەم تۆزە سەرکەوتنە هێور بوومەوە و لە لایەکی تریشەوە هەترەشم لەوە چووبوو ئاشکرا بم. ئیدی لە ئامێزی کورسییەکی گەورەدا بووم...

دیارە کە هاورێ هاوبەشەکەمان دروستکراوی خەیاڵی خۆم بوو. ناویم نابوو جابر و بە ناویەوە نامەیەکیشم بۆ خەتیب نووسیبوو و گوتبووم کە هیوادارە خەتیبی هاورێی دێرینی یارمەتی حوسێنی هاورێی تازەی بدات تا لە لۆفبۆرۆ نیشتەجێ بێ. گرەوم لەسەر ئەوە کردبوو کە خەتیب خەسێتی ئاسایی ڕوحزلیی عارەبی تێدا بێ کە ڕێ نادات بڵێ من چ (جابر)ێ ناناسم.

کە نامەکەی کردەوە، چاوی بچووک کردنەوە و گوتی: "من چ جابر ناوێ ناناسم". کە پتر ورد بووەوە، هەستم بە گۆڕینی گێڕی دەروونی کرد: "نە هیچ شتێ لەمە دەزانم نە تۆ دەناسم". نامەکەی نوشتاندەوە و لە ناو دەستە گەورەکەیدا ڕایگرت.

بە پەشۆکاوییەوە گوتم: "دەبێ بە هەڵە بۆ ئێرە هاتبم. دەبێ خەتیبێکی دی بێ. ببوورە کە عەزێتم دای. دەبێ ئێستا بڕۆم".

بە قاڵدرمەکاندا هاتمە خوارێ. لە خوارەوە تا بەر دەرگا، هەوڵم دەدا لە سەرخۆ و بێ گوێ پێدان بڕۆم بەڵام دەمویست تێیتەقێنم. دەبێ ئەو دوو پیاوەی ناو ئۆتۆمبیلەکەی ئاگادار نەکردبێ بمگرن؟. یا دەبێ مۆساد بن و چاوەڕوانی کارە ترسناکەکەی من بکەن؟.

هەرکەسێ بووبن ڕۆیشتبوون. تەماشای ئەمسەر و ئەوسەری شەقامەکەم کرد و کەسم نەدی. تاکسیشم نەدی. بە پەلە ڕێم کرد تا ئاخرێکەی بارێکم تووش بوو. بۆ خواردنەوە وەژوور کەوتم. شتێ برِیاری پێ گۆڕیم و بەرەو وێستگەکە چووم و بە دوا شەمەنەفەر گەڕامەوە بۆ لەندەن.

بە گەڕانەوەم بۆ ژووری ئوتێلەکەم، دووشێکی گەرمم کرد و ویستم مێشکی خۆم فێنک بکەمەوە کە زگمی وا لێکردبوو دەتگوت کیسەی پیسییە. خراپ نوستم. بەیانی، بە ناو تەمی ترسدا پیاسەی ناو شەقامەکانم کرد. بیرم لە خەتیب و ئەو مەترسییە گەورەیە دەکردەوە کە تێی کەوتبووم. پێشتر، مەترسییەکان بابەتی تیۆری بوون. بەڵام ئێستا وا پێدەچوو زیاد حەقیقەت بێ.

( ٦ )

# یەکێ لە بەغداوە دێ

هەستم دەکرد مۆساد بە بەردەوامی تاقیبم دەکەن و لە هەمان کاتیشدا بۆ کاری گەورەتر ئامادەم دەکەن. پێ دەچوو وەک کوڕە دیپلۆماسییەکی بەرزی عیراق بۆ ئەوە ئامادە بکرێم ببم بە شتێ. ئەو شتەش چەند گرینگ بێ ئەوەندە نرخم بۆیان زیاتر دەبێ.

لەوە بوو باوکم بۆ نیویۆرک بگوێزرێتەوە تا لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا نوێنەرایەتیی عیراق بکا. ئەو هەواڵەم بە مۆساد دابوو و مۆریس پێی ڕاگەیاندم کە نایانەوێ لە ئەمەریکا کاریان بۆ بکەم: "بۆمان نییە لە ناو وڵاتە یەکگرتووەکاندا کار بکەین". دوای ئەوەی کە لە مەسەلەی خەتیبدا سەرکەوتوو نەبووم، مۆریس دەیگوت: "ئێستا خەریکی خوێندنەکەت بە. دوایی لە پشووی هاویندا گەرەکمانە بچییەوە برۆکسل". پشوویەکی دا و ئەوسا گوتی: "بزانە کارێکی وا ناکەیت باوکت کارێکت لە باڵیۆزخانەی عیراقیدا لە لەندەن بۆ وەدۆزێ. شتێکی گەورە نا... ڕەزامێ شتێ".

بەو پێشنیازە ترسم لێ نیشت. داواکارییەکی کتوپڕ لە باوکم لە لایەن کوڕە دژە بەعسەکەیەوە، تا لە ڕیزی زەردەواڵە دڵسۆزەکانی سەددامدا کار بکا، دەیخاتە گومانێکی قووڵەوە. هەرچەندە مۆریس و یوسف و ئەوانی تری مۆساد ئاگاداری پەیوەندیی من و باوکم بوون، پێ نەدەچوو بزانن داواکاریی وا چەند دوورەدەستە. ڕەنگە پێیان وا بووبێ من مەسەلەکەم زل کردبێ.

"باوکم باوەڕم پێ ناکا. ئەگەر پێی بڵێم کارم لە باڵیۆزخانەی لەندەن بۆ پەیدا بکات، گومانم لێ دەکات ـ تەنانەت ئەگەر بۆ گسکدانیش بێ".

دەتگوت مۆریس لێم حاڵی نەبوە: "هەر دەبێ بۆ خوێندنەکەت، لە لەندەن بیت. پێویستیمان بەوەیە پایەکت لە دەرگای باڵیۆزخانەی عیراق بێ لە لەندەن. هەر وا هەوڵێ بدە..."

وای بۆچوم کە مۆساد مەسەلەی خەتیبی پشتگوێ خستبێ. یا هەر نەبێ، پیلانی پێوەکردنی زۆر بەپەلەی بۆ دانرابێ. ئەم ئەرکە نوێیە دەریدەخست کە

مۆساد خەمسارد بووە. بە ئاشکرا دیار بوو وەک لە سەرەتاوە تێی گەیشتبووم، دوژمنیان نەدەناسی. ئەم گومانە، هەر مەترسی نا، بەڵکو بە دڵنیاییەوە دوورخستنەوەمی بە بەرەوەبوو. بەڵام ئەگەر لەگەڵ باوکیشمدا بێ ویستم وا بمێنێ تا سەددام دەڕمێ. ڕازی بووم.

لە ڕۆخی ئەو بارە دەروونییە شێواوەدا بووم و دەبوو بەشداری تاقیکردنەوە بکەم. پێچی ئەلەتریک و شێوەی شەپۆڵ نەبێ کە دەبوو لە مانگی سێپتەمبەردا دووبارەیان بکەمەوە، لە هەموو وانەکانی دی دەرچووم.

ئەو خانووەی لە برۆکسل ماڵەوەمانی تێدا دەژیان، شوورەیەکی شووشەبەندی ڕووبەڕووی حەوز و باخچەکە هەبوو. لەوێ چاوم بە دایک و باوکم کەوت.

باوکم تووڕە بوو. بە سووربوونەوە گوتی: "بۆ بە ئەستۆی شکاوت بەم کتوپڕە دەتەوەێ لە باڵیۆزخانەدا کار بکەی؟".

زمانم خزا و گوتم: "پارەی پترم پێ دەوێ. لە لەندەن گرانییە".

"پارەی قوزەڵقورتی زیاد لە پێویستت دەدەمێ!".

"خۆم، خۆم بەرێوەبەرم باشترە. ئەوانەی باڵیۆزخانەکە حسێبی ئەوە دەکەن".

باوکم هەر وا تەماشای دەکردم. دوایی وەرچەرخا و چووە دەرێ. بەو ڕۆیشتنەی زانیم شتی خراپ چاوەڕوانمە.

دایکم دانیشتبوو و بە شڵەژاوییەوە لێمی دەڕوانی. لێم پرسی:

"ناکرێ تۆ باسەکەی لەگەڵدا بکەیتەوە؟".

دەتوانم بڵێم کە ئەویش لە بارەی کاری لەندەنمەوە، لە باوکم دڵخۆشتر نەبوو. بەڵام بیانووی ئەم جیاواز بوو. دایکم لە شێوەی ژیانم ناڕازیی بوو. پێی وابوو پارەم بۆ ئەوە دەوێ ژیانی بەرەڵاییانەی پێ بەسەر بەرم. لێی پرسیم: "بۆ دەبێ ئەو بابەتە ژیانە بژێی؟".

لەگەڵ ئەوەشدا چووە لای باوکم و لەبریی من پێی گوت. زۆریان دەمەتەقێ کرد. دوای چەند ڕۆژێک، دایکم لێم نزیک کەوتەوە: "بۆ دەتەوێ لە باڵیۆزخانە کار بکەی؟. بە ڕاستی هەر بۆ کارکردنتە یا هۆیەکی دیکە هەیە؟".

دەمزانی باوکم خستویەتیە سەر سکەی ئەو پرسیارانە، بەڵام لێگەڕام بەردەوام بێ: "هەمیشە لە باسی بەعس و سەددام لەگەڵ باوکتدا شەڕت بووە".

شڵەژابوو. چاوی پڕ بوون لە ترس: "جلوبەرگ و ژوورەکەت و قاقەزەکانت دەپشکنێ".

هەستم کرد خوێن لە ڕوخسارمدا دەکشا. کتێبێکم بە ژمارەی تەلەفۆنەوە لە چەکمەجەکەدا جێ هێشتبوو. ژمارەکان بە کۆد نوسرابوون بەڵام کۆدی ساکار.

دایکە کڵۆڵەکەم دووچاری هیستیریا ببوو. تا ئەو دەمەش هیچی لە چالاکییەکانم نەدەزانی. لێم پاڕایەوە: "توخودا پێم بڵێ کە لەگەڵ ئێرانییەکاندا کار ناکەی!".

بە خۆشحاڵییەوە پێکەنیم: "نا، نا دایە. بۆ دەبێ کاری وا شێتانە بکەم؟. بەلاش و حەلاش خۆت سەغڵەت کردووە".

خۆشحاڵییەکەم کەمی خایاند. دووەم قسەی دایکم خوێنی مەیاندم: "باوکت دەڵێ یەکێ لە بەغداوە دێت. بۆ دیتنی تۆ دێ".

خەوم لێ نەدەکەوت. هەموو شەوەکە لە ناو تاریکایی ژوورەکەمدا دانیشتم. نەمدەتوانی پاڵیش کەوم. دەترسام چاو دابخەم. ئەوەی بیرم لێ دەکردەوە هەر ئەوە بوو کێ لە بەغداوە دێ؟. پیاوکوژ؟. ئیستخبارات؟. ڕەنگە دارتاشێک بێ تا سنووقێکم بۆ دروست بکا.

دەبوو بیر بکەمەوە. دەبوو جۆرە پلانێک داڕێژم.

بۆ بەیانی، بەو ئەنجامە گەیشتم کە سێ ڕێگەم لە بەردەمدان. دەمتوانی لێی ڕابکەم. لەم حاڵەتەدا، بە دڵنیاییەوە دەسگیر دەکرام. پەیوەندی بە هاوکارەکانی مۆسادەوە بکەم و داوای یارمەتییان لێ بکەم. بەڵام دەمزانی ئەگەر بە ڕاستی ئاشکرا بووبم، ئیدی بە کەڵکیان نایەم و یارمەتییەکەیان بە خۆشییەوە نابێ. هەوڵی شتێکی یەکجار پڕ مەترسیی بدەم. ئەمەیانم هەڵبژارد.

داوام لە شوفێرەکە کرد بمگەیەنێتە باڵیۆزخانەی عیراقی. چوومە کن لێپرسراوی موخابەراتی باڵیۆزخانەکە، کە کوڕێکی ڕووخۆش بوو، بە ناوی

محەممەد سەلمان. پێم گوت: "شتێک هەیە دەمەوێ پێتی ڕابگەیەنم. دەمەوێ بێ ئەوەی باوکم ئاگادار بکەیتەوە یەکسەر بیگەیەنیتە بەغدا".

سەلمان، بە ئارەزوو و خۆشییەوە گوێی گرت. بەڵام کە بەردەوام بووم، سەرسامی ڕووی داپۆشی. کاتێ کە دانم پێدا نا: "لەگەڵ مۆساددا کارم کردووە". ڕەنگی سپی هەڵگەڕا.

"لە لایەن کچێکەوە بەو دوو کوڕە ناسرام. نەمزانی ئیسرائیلین چجای بزانم مۆسادن". ئەمەم درۆ بوو بەڵام بە شێوەیەک لە شێوەکان بناغەی ڕاستیی هەبوو. "داوایان لێ کردم کە شتێ لە سەر باڵیۆزخانە ئاشکرا بکەم. شتێکی بچکۆلە و بە ڕاستی بێ مەعنا بوو. دەیانویست مەعاشی فەرمانبەرەکان بزانن و بزانن کێ کار بە تەلێکس دەکات. پارەی زۆریان دامێ".

سەلمان هەر بێدەنگ بوو. منیش بەردەوام بووم: "پێش ئەوەی درەنگ بێ پێم زانی. بەڵام ئەو کاتە، قولاب لە قوڕگم گیر ببوو، قولابی کچ و پارە. ئێدی پێوە بووم. وا نییە؟".

چیرۆکێکی شێتانە بوو. بەڵام من میللەتەکەی خۆمم دەناسی. دەمزانی تاکە دەرفەتم ئەوەیە پێش ئەوەی ئەوان بۆم بێن، من بۆیان بچم. ئابڕوو تکا.

سەلمان خۆی وێکهێنایەوە تا پرسیاری درێژەی باسەکە بکا. بە زەحمەت دەیتوانی لە شوێنێکەوە دەست پێ بکا: "تۆ باسی بکە".

بڕیارم دا هەموو شتێکی پێ بڵێم. ناو و جێگەم داێ. لە مەسەلەی فەتحەوە پێدا هاتم و بە خەتیب و کۆگای ژێر زەمینی هێزی ئاسمانی کۆتاییم هێنا. هەر وشەیەکی کە دەمگوت دەشیا مۆری چارەنووسم بێ. بە یەک هەڵە دەبڕایەوە.

"دەمەوێ بچمە دەرێ". ئەوەم بە داڕمانەوە گوت. حەقیقەتێکی ساکار بوو.

دەرەکی، زۆر حەستەمە درک بە گەورەیی ئەو تاوانە، بە پێی بۆچوونی دنیای سەددام و سزای ئەو تاوانە بکا. عیراقییەک کار بۆ مۆساد بکا وەک ئەوەیە جوولەکەیەکە کار بۆ گێستاپۆ بکا و ڕەنگە خراپتریش بێ.

کە لە سەر دانپێدانان بەردەوام بووم، هەستم کرد سەلمان خراپ شێواوە. لە ناو ئەو ڕژێمەدا، سەرانی وەک سەری ئەو، لە ئەنجامی کارەساتی وادا غل دەبوونەوە. دەتگوت شەیتان لە شوێنەکەیدا لەنگەری گرتووە.

بە دەنگێکی دانوساوەوە گوتی: "ئەمانە هەموو دەگەیەندرێنە بەغدا".

ڕۆژی دوایی ١٧ی تەمموز بوو و کاتی یادکردنەوەی شۆڕشی ١٩٦٨ ی بەعس بوو و باڵیۆزخانەکە ئاهەنگی دەگێڕا. دیپلۆماسی و ڕۆژنامەوانان و سیاسەتمەداران، بە جلوبەرگی نایابەوە هەڵرژانە ئوتێلی (مەریدیان)ەوە. من پێم چاکتربوو لە ژوورەکەی خۆم بم بەڵام کوڕە باڵیۆز دەبوو دەرکەویێ. خۆمم لە سەر مێزی سووچێکدا دیتەوە. گەنجێکی سەر بە باڵیۆزخانەکە بەشداریی دانیشتنەکەی کردم.

دەستی بۆ کەڵەگەتێکی قژزەرد درێژ کرد کە لای دەرگاکەوە وێستابوو، گوتی: "سەیری ئا ئەوەی ئەویێ بکە. تازە لە بەغداوە هاتووە". ئەوجا بزەیەکی کرد و سەری لێ هێنامە پێشێ و بە چپە گوتی: "موخابەرات".

سەلمان و ئەو پیاوەی کە لە بەغداوە هاتبوو پێکەوە قسانیان دەکرد.

خێڵێکی بەدوو لە عیراقدا هەیە هەموو قژزەرد و سپیلکانەن و بە ئارییایی دەچن. ئەوانە بە هاسانی وەک ڕۆژاوایی تێدەپەڕن و زۆربەیان پیاوی موخابەراتن. ئەوانە، یەکێکن لە لایەنگرە هەرە توندەکانی سەددام. ئەم پیاوەش یەکێ بوو لەوانە.

کە سەرنجم دا زانیم بۆ من هاتووە بەڵام سەرجەمی نیگارەکە شێوا. بە دانپێدانانی من ئەرکەکەی لاکەوت. لێشم نزیک نەکەوتەوە.

ڕۆژی دوایی، سەلمان پێی ڕاگەیاندم کە ئاگاداریی بۆ هاتووە کە دەبێ من بچمە بەغدا. بلیتێکی وێدام کە بە ناوێکی ساختەوە بوو. ئەوە نیشانەیەکی چاک بوو. ئەوە، ئەوەی دەگەیاند کە موخابەرات نەیویستووە ناوم تۆمار بکرێ و لە هێڵی ئاسمانیدا دەرکەوم. دەیانتوانی چاوپۆشی لێ بکەن چونکە پێناسەی دیبلۆماسیم، لە هەموو نوختەی پلیت و پەساپۆرتدا، لیزەپاس بوو. بەو پێناسەیە، پێم دەکرا بە هەموو فڕگەیەکدا، بێ ئەوەی پلیت بە کەس پیشان بدەم تێپەڕم. نەدەبوو پرسیار بکەم.

کە بە باوکمم ڕاگەیاند لە بەغداوە داوا کراوم، تووڕە و سەرسام بوو. بە عادەت، ئەو بەر لە هەموو کەس شتی وای دەزانی بەڵام دیار بوو لەو پەنهان کرابوو. تەوژمی بۆ ڕوونکردنەوە بۆ هێنام: "بۆ لە بەغدا داوایان کردوویی؟".

به شـێوەیەکی مەتەڵئـامێز گـوتم: "پەیوەنـدی بە حیـزبەوە هەیە. سـەلمان دەتوانێ ڕوونی بکاتەوە". نەمدەزانی سـەلمان چ بابەتە چیرۆکێکی بۆ دادەنێ. باسی دانپێدانانم بۆ جێیەکەی سەلمان زۆر خاس نەبوو.

١٩ / ٧، بـاوکم و سـەلمان لەگەڵمـدا هـاتنە فڕۆکەخـانە. بـاوکم لە هەمـوو ڕێیەکەدا بێدەنگ بـوو. دەمزانـی دەترسـێ. منیش دەترسـام. لە ژیـانی خـۆم دەترسام. باوکم لە لایەکی ترەوە، لە پلە و پایە و حورمەتی خۆی دەترسا. لە فڕۆکەخانەکە، نیشانەی وەتەنگەوەهاتنی دەربڕی. لێی پرسیم کە دەبێ هەموو پێداویستی و پارەم تەواو بن؟. ئەو کردارەی بۆ سەلمان بوو.

بەرەو ئەمـستەردام، سـواری فڕۆکەیەکـی هێڵـی ئاسـمانی سـابینا بـووم. لەوێشەوە بۆ فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی عیراقی گواستمەوە و بەرەو بەغدا سـوار بـووم. بە هـۆی ئەو ڕێـڕەوەوە کە ڕەچـاوم کردبـوو، ماڵەوەمـان و سەلمان نەبێ کەس نەیدەزانی برۆکسلم جێهێشتووە. ئیدی بوونی ڕاستەقینەم نەبوو. منیش خرابوومە سنووقی دیپلۆماسییەوە.

کە فڕۆکەکە لە فڕۆکەخانەی سەددام نیشتەوە، بە خۆمم گوت:" هەموو شتێ لە دەسـتی مـن دەرچـوو". بە هێمنییەوە چـاوەڕوانی گـارد بـووم. عەجـایەب، کەس دەرنەکەوت. بەردەوام دەترسـام. سـەیری دەوروبەری خـۆم کـرد و بە زۆرەملێ خۆمم بەکێش کرد. هەموو پلانەکەم، بە دانپێدانانی سەربەستانە و گەڕانەوەمەوە بەند بوو.

دوو ڕوخـساری لە شـێوە، خەفـیەم دیـتن. بەرەو ڕوویـان چـووم و لـێم پرسـین بەڵکو شـتێ لە بـارەی کـوڕگەلی موخـابەراتەوە بـزانن کە دەبـوو بێنە پێشوازیم.

بە شـــێوەیەکی وشـــک تێیانگەیانـــدم کە ئەوان ســـەر بە ئیـــستخباراتن: "موخابەرات لە نهۆمی خوارەوەیە".

منـیش، لە گەڕان بە دوای موخابەراتـدا بەردەوام بـووم، بەڵام بـزر بـووم. فڕۆکەخانەی سەددام کاتێ دروستکرابوو من لە دەرەوە بووم.

له نهۆمی خوارەوە، ئاخرێکەی پیاوێکم دی کە نیشانەی بە بەرۆکەوە بوو. لێم پرسی بەڵکو خەڵکی سەر بە موخابەراتی لە جێیەک دیبێ. باوەڕ نەدەکرا. کون بە کون، بۆ بەندیخانەی خۆم دەگەڕام.

یەکێ لە پشتەوە، لە پڕێکدا هاواری کرد: "لێرە دەرکەون!". کابرا جووکەیەکی کرد و وەڵامی دایەوە: "باشە قوربان!" و وەرچەرخایەوە.

سووڕامەوە، ئەو موخابەراتە سپیلکانەیەی کە لە برۆکسل دیبووم لە پشتمەوە بوو. گوتی: "مەرحەبا. سەفەرێکی خۆش." بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی بەخێرهاتنە بێجێیەکەی بێ، پێی ڕاگەیاندم کە پەساپۆرتەکەم وەلانێم. بە ناو چاودێرانی کۆنترۆڵی پەساپۆرتدا ڕەتی کردم.

بە دەم ڕێوە خۆی پێ ناساندم: "من خالیدم".

بە قەدەر من کەڵەگەت بوو - پێنج پێ و دە - و کراس و پانتۆڵی خەتخەتی هاکەزایی لەبەر بوون. نیشانەی ئاسایشی فڕۆکەخانە، بە یەکێ لە گیرفانەکانیەوە بوو. چووینە شوێنی جانتاکان تا جانتاکەم بهێنم.

دوای ئەوە، گەنجێکی تریشمان وەتەک کەوت. بە ئەستێرە سینەماییەکانی ئەمەریکا دەچوو. قاتێکی بێجی لەبەر بوو و شێوەی ئاخاوتنی ساکار بوو: "مەرحەبا. من جەمالم. بە دیتنت شادم."

لە دەرەوە، لە سەر ڕێگەیەک سواری (میتسیوبیتشی)یەکی گچکە بووین. جەمال دەیئاژاوت و خالید لە پێشەوە، لەگەڵیدا دانیشتبوو. منیش لە دواوە بووم. نیشانەی فڕۆکەخانەیان لابرد و خالید پەساپۆرتەکەی لێ وەرگرتم. بە شێوەی ڕەسمیی، برۆکسلم جێ نەهێشتبوو و ئێستاش پەساپۆرتم نەبوو. شڵەژابووم. هاوەڵەکانم، دۆستانە دڵیان دەدامەوە.

ئاژاوتن لە فڕۆکەخانەوە بۆ ناو شار شتێکی سوریالی بوو. لەو دەمەوە کە ساڵی ١٩٨٢ بە خاوخێزانەوە چووبووینە زیمبابۆی، زۆر شت بۆ من نوێ بوو و بەغدا گەلێ گۆڕابوو. (ساڵی ١٩٨٣ ڕاست لە زیمبابۆیەوە چوومە ئینگلتەرا). دیواری کۆنکریت بە درێژایی لای ڕاستی جادەی فڕۆکەخانەکەوە دروست کرابوو. پرسیم، ئەوە چییە؟. خالید وەڵامی دامەوە: "جێی تایبەتیی بەڕێز سەددام حوسێنە". لە ڕاستیدا، کۆشکی سەددام بوو، کۆگای سەددام بوو،

دەریاچەی سەددام بوو. دواتر ئەوانەم زانی. ئەو هەموو شتە نائاساییە وەک قەلآی قایم دروست کرابوون تا سەددام بۆ کاتی دەسبەتالّیی بەکاری بێنێ یا وەک دوا سەنگەری شەڕ ـ شەڕی ئەتۆم و هی دی. دیوارەکانی سێ یا چوار مەتر ئەستوور بوون و زۆربەی کۆشکەکە لە بن زەویدابوو. بە جۆرێ نەخشە ئالۆزەکەی بۆ کێشرابوو کە بەرگەی هەموو شتێکی کتوپڕ بگرێ. لە سەر شێوەی ئانکەری کەشتیی بوو و بۆردومانکردنی ڕاستەوخۆی لە لایەن فڕۆکەی دوژمنەوە، بە یەک فڕین مەحاڵ بوو.

خالیدمان لە بنکەی سەرەکی موخابەرات داگرت. بە دیتنی ئەو بینا شوورەدارە بڵند و بە شیش دەورگیراوانە، خەڵکی هەناسەیان سوار دەبێ. ئەگەر بە ناچاریش بە لایدا ڕەت بن، قسەی خۆیان دەبڕن تا تێدەپەڕن. بەو تاریکییە زەحمەت بوو زۆری ئەو جێیە ببینم. تەنها وێنەیەکی تەماویی پشتەوەی بینایەکی سپیم دی. خالید دابەزی و پێی گوتم کە سبەی دەمبینێ.

چوومە پێشەوە دانیشتم و جەمال پێی گوتم کە دەمگەیەنێتە ماڵەوە. چم لێ دەکەن؟. دەبێ ئەمە بابەتە گەمەیەکی پشیلە و مشک بێ؟.

جەمال لە ڕێ پێی گوتم کە ئەفسەرە و خوێندنی (کۆلێژی ئاسایشی قەومی) تەواو کردووە. ئەو جێیەش بنکەی ڕاهێنانی موخابەرات بوو و دەرچووانی دەبوونە ئەفسەر. ئێستا نامەوێ شتێ لە بارەی موخابەراتەوە بژنەوم. کە نەیانبردمە بنکەی سەرەکی موخابەرات ترسم ڕەوییەوە و ماندوێتی جێی گرتەوە. کە گەیشتینە ماڵەوە، بە پەلە دابەزیم و بە ڕاکردن، بە پلیکانەکاندا بۆ دەرگاکە چووم و بە توندیی لێم دا و بانگم کرد: "بیبی! بیبی!".

بیبی دەرگای کردەوە. کە چاوی پێم کەوت، دەموچاوە باریکە گچکەکەی گەشایەوە: "ئا!... ئەوە بە ڕاستیی تۆی؟. وەرە ژوورێ، وەرە ژوورێ".

"سەعات نۆی بەیانی دێم بە دواتدا". جەمال ئەوەی گوت و ڕۆیشت.

سەعات سێی بەرەبەیان بوو. لە بەغدا لە ماڵەوە بووم، لە بنی کونی ئەژدیهادا بووم. بیبی سەد پرسیاری هەبوو. بۆ هاتوومەتەوە؟ باوکم؟. بەلاّم من لەوە ماندووتر بووم بتوانم وەلآم بدەمەوە. داوای لێبووردنم کرد و ڕاست چوومە سەر جێیەکەم.

بۆ بەیانی، جەمال وەک دوێشەو چەڵتەباز بوو. ئەم جارەیان کە بە شەقامی فەلەستیندا بەرەو موخابەرات ئاژاوتی، باسی قەحپە و موخەددەرات و هەتیوی دەکرد. وای دەنواند کە هاودەمی خواردنەوەی یەکتر بین. دەمزانی تاقیم دەکاتەوە و سەرنجی کاردانەوەم دەدا.

لە بەردەم دەروازەی سەرەکی موخابەرات ئۆتۆمبیلەکەی ڕاگرت و پێناسەی خۆی پێشان دا، و دەرگا والآ بوو. لە بری ترس، تەماشای دەوروبەرم دەکرد. جۆگە ئاوێک بە ناو حەسارەکەدا دەکشا و ئەوبەریەوە، وەک هەر گەڕەکێکی ئاسایی، ڕیزە خانوو بوو بەڵام جادەکان داخرابوون. پاشان بۆم دەرکەوت کە ڕۆژێ لە ڕۆژان گەڕەک بووە و لە لایەن موخابەراتەوە دەست بە سەر چاک و خراپیدا گیراوە.

بەرەو ناوەوە ئاژاوتمان. بەرەو ئەو بینا سپییە دەچووین کە دوێنێ شەو بەر چاوم کەوتبوو. بە ڕێڕەوێکی درێژدا چووین و دوایی لە کۆتاییدا، دەبوو بە بەردەم میتاڵپشکێندا ڕەت بین. دوای ئەوە، گاردێک پشکنیمانی. کە ئەوە کۆتایی هات، سەرم هەڵبڕی و خالیدم دی. جەمال بۆ ئەوی جێهێشتم.

خالید بۆ هۆڵێکی خوارەوە پێشم کەوت. ژووری گەورە گەورەی کۆبوونەوەم بە لای ڕاستدا دەدین و ژووری وەک ئەوانەش، بەڵام بچووکتر، بە لای چەپەوە بوون. هەر یەکەیان قەنەفە و کورسی و مێزی تێدا بوون. چووینە یەکێ لە ژوورە بچووکەکانەوە و دەوری پێنج دەقیقە بە بێدەنگی دانیشتین و لەو ماوەیەدا وردە وردە ترسم لێ دەنیشت.

لە پڕێکدا دەرگا کرایەوە و خالید لە جێی خۆی ڕاپەڕی و سڵاوی سەربازیی کرد. کورتەبنەیەکی سەرڕووتاوەی ناشرینی لە گۆریللاچوو وەژوور کەوت. دڵم داخورپا.

گۆریللاکە گرماندی: "تۆ حوسێنیت؟!".

"بەڵێ قوربان".

"لەوێ دانیشە".

لە پشت مێزەکەوە دانیشت و لێی دەڕوانیم. وەک پێشەکی گوتی: "نەماندەویست لەگەڵ تۆدا بەم ئەنجامە بگەین. بەڵام تازە ئەوەی بوو، بوو".

له جێی خۆم بەنج بووم. مەبەستی چی بوو؟.

"بەر لەوەی بۆت بێین تۆ بۆمان هاتیت. ئێستا دەتەوێ هاوکاریمان بکەی".

دەبێ مەبەستی ئەوە بێ ئەگەرئەوان بیانگرتبام کوشتنم ئاسانتر دەبوو؟. دەبێ مەبەستی ئەوە بێ کە من دانم پێدا ناوە و ئێستا ڕێڕەوێکی دیم دێتە پێش؟. ئەمە تۆزە هیواکەم بوو.

گۆریللاکە ناوی ڕازی بو. هەرچەندە جلی سەربازیشی نەپۆشیبوو بەڵام دیار بوو پلەی بەرزی لە موخابەراتدا هەبوو.

ڕووی کردە خالید و گوتی: "تۆ لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکەیت. تۆش..." سەرنجی چاوی لە من کرد و: "تۆش وەڵامی دەدەیتەوە. با بزانین دوایی چت لەگەڵدا دەکەین".

ئەو ڕۆیشت و خالید دەستی بە پرسیارکردن کرد. بە هەمان ئەو شێوەیە پێدا چووین کە لە برۆکسل لەگەڵ سەلماندا پێدا چووبووین. دەمزانی سەلمان هەموو شتێکی تۆمار کردووە بۆیە دەبوو هەموو شتێ ڕێک وەک خۆی بڵێمەوە. خالید دەیویست هەموو شتێکی ورد و درشت لە بارەی مۆسادەوە بزانێ: چۆن چاودێرییان دەکرد، ئەفسەرەکانیان چۆن بوون. دەیویست هەست و سەرنج و بڕیارم بزانێ. لێکۆڵینەوەکە، هەشت سەعاتی خایاند.

تەنها یەک شتم گوت کە هەڵە بێ. گوتم کە مۆریس پیاوێکی زۆر زیرەک بوو.

"بۆ؟. مەبەستت ئەوەیە کە خۆشت دەوێ؟".

دوور نەبوو زمانی خۆم بگەزم. عیراقی، شتێک هەیە هەرگیز نابێ بیکا: نابێ بە چاکە باسی زایۆنیی دوژمن بکا. ئەگەر موخابەرات بۆی دەرکەوتبا کە من تێوە نەگلابووم، بەڵکو بە ئارەزووی خۆم چوومەتە لای ئیسرائیلییەکان و لە ڕاستیدا توانایان سەرنجی ڕاکێشابووم، بە دڵنیاییەوە دەمردم، مردنی بە پەلە نا.

بۆیە پارێزرام چونکە توانیم نواندنێکی باوەڕپێنەکراو بکەم. ئەمەم لە کاتێکدا بە بیردا هات کە دەمویست دیسان ترس لە بیری خۆم بەرمەوە. هەر عیراقییەک بگری، باوەڕ دەکا کە بە پارە و ژن و ڕابواردن خەڵەتابێتم. هیچ

عیراقییەکیش باوەڕ ناکات خزمەتی خۆم بۆ دوژمنێکی وەها بەد تەرخان کردبێ.

ڕۆژی دوایی، جەمال هەڵیگرتم و بردمیەوە بنکەی سەرەکی و چوومەوە هەمان ژوور. هەمان ئەو پرسیارانەی دووپات کردنەوە کە دوێنێ خالید ئاراستەی کردبووم. بە زۆر خۆمم ئاسوودە دەکرد. ئەگەر مەبەستیان کوشتنم بوایە، بە دڵنیاییەوە ئەم هەموو کاتەیان بە فیڕۆ نەدەدا. بۆرە گومانێکی ئەوەم هەبوو کە لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەم لەگەڵ ئیسرائیلییەکاندا هەبوو، بیانەوێ مێشکم بەکار بێنن.

لە کۆتایی ڕۆژەکەدا، خالید هات: "لە هەموو ئەمانەمان تەکاندیت. ئێستا مێوانی ئێمەیت و بۆ دەرەوە دەعوەتیت.".

بێ ئەوەی چاوەڕوان بکرێ، هەرسێکمان بۆ بەسەربردنی شەو، لە بەغدا دەرکەوتین. بردیانمە تیاترۆخانەی هەزار و یەک شەو، لە ئوتێل ڕەشید، کە لە مەرمەڕی سپی بۆ میهرەجانێکی نێودەوڵەتی دروست کرا و بە هۆی شەڕی ئێرانەوە قەت ساز نەدرا. زەوییەکەی وێنەی تیپی مۆسیقاژەنی پیشان دەدا کە ئاوازی کۆنی عیراقییان لێ دەدا، دیسکۆی بۆ ئەوانە تێدابوو کە دەیانەوێ سەما بکەن و ئەوجا ئاوازی نوێی عیراقیی وەک "بەخێر بێن بۆ لای شۆڕەسواری بیابان" - دیارە هەمووی بە سەددامیدا هەڵدەدا.

کە مۆسیقا دەستی پێ کرد، خالید و جەمال هەوڵیان دەدا وەک هاودەمی خواردنەوەی من خۆ بنوێنن. باسی ئەو ڕۆژانەیان دەکرد کە لە دەرەوە، لە لایەن موخابەراتەوە ڕاهێنانیان پێ کراوە. لە ڕۆما و لە جنێڤ. بەڵام نازانم مەبەستیان لەو گێڕانەوەیەدا چی بوو. شەوێکی نەشاز بوو.

بۆ بەیانییەکەی، من خەریکی نانخواردن بووم، خالید تەلەفۆنی کرد: "تۆ دەبێ شتێ بکەی. هەر ئێستا دێم".

دەبێ چ کارێکیان لە عەمباری خۆیاندا بۆ دانابم؟. بەرەو بنکەی سەرەکی موخابەرات ئاژاوتمان و چووینە بینایەکی مۆدێرنی گەورەوە. لە ژوورەوە، هەموو دەرگاکان جام بوون و زەوییەکەش مەرمەڕ بوو. چووینە ژوورێکەوە. دوو پیاو لە بەردەم تابلۆیەکی گەورەی دەریا و چیادا ڕاوێستابوون. خالید لە

حاڵەتی ئامادەییدا ویستا و سلاوی لێ کردن. یەکێکیان (ڕازی)ی گۆریللا بوو. ئەوی تریان دیمەنێکی مامۆستایانەی هەبوو و چاویلکەی لە چاو بوو.
کوتوپڕ، مامۆستاکە گوتی: "تۆ هەڵەیەکت کردووە. بۆ گوتووتە مۆریسی جاسووسی ئیسرائیلی زیرەکە؟".
هەموو گیانم سارد هەڵگەڕا.
"تۆ خایەنیت؟". ئەو پرسیارەی کرد و بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەلآم بێ لە سەری ڕۆیشت. هەموو پرسیارەکانی خیتابی بوون: "بەڵێ خایەنیت. لەگەڵ دوژمندا کارت کردووە؟. ویستت حکومەتی خاوەن شکۆ تێکبشکێنیت؟. بەڵێ ویستت. خەڵکی لە سەر شتی وا کوژراون؟. زۆر کەس لە سەر شتی لەوەش بچووکتر کوژراون. نۆرەی تۆش دێ".
کە ڕستەکانی دەردەبڕین، دەنگی درێژ دەکردەوە. لایەنە دۆستانەکانیان، گەمەیەکی ناخۆش بوو.
مامۆستاکە بە تووڕەیی بەردەوام بوو: "هەرگیز مەسەلەی لەم بابەتەم نەدیوە. بەڵام باوکت یەکێکە لە ئێمە. لەبەر ئەوە، ئێمە ناتوانین دوابڕیار بدەین. مەسەلەکە دەگەیەنینە سەددامی پایەبەرز".
دواخستنی بڕیار!. باوەڕم بە گوێی خۆم نەدەکرد. بە هۆی پلە و پایەی باوکمەوە، هێشتا دوا بڕیار نەدراوە!.
لێکۆڵەرەوەکانم تا بڵێی توندوتیژ بوون. منیش هێرشی خۆیانم خواستبۆوە و خستبوومنە ئەو هەڵوێستەوە. بە هۆی "دانپێدانان و ژیوانبوونەوە"ی خۆم و بە هۆی پلەوپایەی باوکمەوە، لە ڕاستیدا چاکەیان لەگەڵ خەفێیەکی ئیسرائیلدا دەکرد.
مامۆستاکە ددانی بە چیرەوە برد و گوتی: "دەرفەتێکت دەدەینێ کە تا ئێستا بە کەس نەدراوە. بۆ ئینگلتەرا دەگەڕێیتەوە و لەوێ پەیوەندیت پێوە دەکرێ".
لە ڕاستیدا وشەی "خەفێی دووسەرە"ی بەکار نەهێنا بەڵام لام ڕوون بوو کە دەرفەتە گەورەکەم ئەوە نەبێ هیچ واتایەکی تری نەبوو.
ڕازی، بە هەڕەشەیەکی ساردەوە گوتی: "ئێستا تۆ لە ناو بازنەکەدای. ئەوی بشچێتە ناویەوە هەرگیز لێی دەرناچێ".

سـەعات حەوتـی بەیـانی ڕۆژی داهـاتوو، خالیـد گەیانـدمییە فڕۆکەخـانە. جارێکی تریش لە پشکنینی پەساپۆرت لاماندا. لە ڕاستیدا، لە ناو فڕۆکەکەش چاودێری دەکردم و لە دوا ساتدا جێی هێشتم.

کە گەیشتمە برۆکسل، باوکم چاوەڕوانم بوو. لە بەر ڕێڕەوی دەرچوونی نەفەرەکـان وێستابوو و هەم گرینگیپێدانی پێوە دیار بوو هەم خۆشحاڵی. هەرگیز شێوە ڕوانینی وام لێ نەدیبوو.

کە چووینە ناو ئۆتۆمبیلەکە، مراندی: "چی بوو؟".

پێم گوت کە لە سەر فەرمانی ئاسایش بۆم نییە باسی بکەم. بێدەنگ بووین. لە ماڵەوە، دایکم خەریکی خۆپێچانەوە بوو بۆ سەفەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ئەویش حەزی دەکرد بزانێ چم کردووە بەڵام هیچی نەپرسی. بە گەڕانەوەم دڵخۆش بوو.

لە پـشوودا، بەرەو وڵاتە یەکگرتووکـان وەڕێ کەوتـین. ئاغـا نوێیەکـانم لە موخـابەرات، پێیـان ڕاگەیانـدبووم کە لە سـەفەرەکەی باوکمـدا لەگەڵـدابم و کە کاتی قوتابخانەش هات، بگەڕێمەوە ئینگلتەرا. بەڵێنیشیان دا: "لەوێ پەیوەندیت پێوە دەکەین".

مانهاتان نوقمی کردم. پێم سەیر بوو کە خەڵکی گۆی زەوی بتوانێ لە نـاو ئەو هەوردڕانەدا بژی. زۆری پێ چوو تـا بتوانم حسێبێ بۆ وزەی نیویـۆرک بـکەم. وەک هەمیـشە بە پـارە دەورە درابـووین و لە نهـۆمێکی نایابـدا لە (وۆڵدۆرف ـ ئەستۆریا)دا دەژیاین کە دەبێ ڕۆژی ٢٠٠ دۆلاری تێچووبێ.

هەر شـتێکی تـایبەتیم بویـستبا، هەمیـشە یاسـین ئامـادە بـوو. لە نەتەوە یەکگرتووەکانـدا فەرمـانبەری کاروبـاری عیراقـی بـوو. ئەو کاروبـاری بـۆ ڕادەپەڕانـدم. هەمـوو شـتێکی پێ پەیـدا دەکـرا، لە پاسـەپۆرتی ئەمەریکـاییەوە بگـرە تـا دەگـاتە کـارتی سـەوز، هەر لە تفەنگـی ئۆتۆمـاتیکەوە بگـرە تـا دەگـاتە کۆکائین بۆ ئاهەنگ. کارتی سەوز بە ٧٠٠ دۆلار بوو. من ڕوخسەتی شوفێریم خواست بێ ئەوەی بە تاقیکردنەوەدا ڕەت بم. (٣٠٠) دۆلار لە سەرم کەوت.

لە هەموو ئەو مـاوەیەدا، لە مـانگی تەممـووزەوە کە مۆریسم جێ هێشت و چـوومە برۆکسل، بە تەواوی پەیوەنـدیم لەگەڵ مۆسـاددا پـسابوو. دەیـانزانی

بەرنـــامەی ئەوەم هەبـــوو لەگەڵ مـــاڵەوەدا بچـــمە نیویـــۆرک. لە بەر ئەوە بـــۆ ماوەیەک چاوەڕوانی هیچ پەیوەندییەک نەبووم. مادام نەیاندەویست لە وڵاتە یەکگرتووەکانـدا کاریـان بـۆ بـکەم، وای بـۆ دەچـووم چـاوەڕوان بـن تـا دەگەڕێمەوە ئینگلتەرا. بەڵام هیوادار بووم هیچ شتێ لە سەر ئەو پێنج ڕۆژە بزربوونەی بەغدام نەزانن.

لە ناوەڕاستی ئۆگوستیدا، باوکم بۆ بەغدا بانگ کرا. لە هەمان کاتدا بۆ دووبـارەکردنەوەی ئەو تـاقیکردنەوەیەی کە لێـی دەرنەچووبـووم، منـیش گەڕامەوە بۆ ئینگلتەرا. بەو سەرقاڵی و مشەوەشییەوە، لەو بارودۆخەدا کە تێی کەوتبووم، چۆن پێم کرا سەرکەوتوو بم، نازانم، بەڵام سەرکەوتوو بووم.

یەکەم کێشەم ئەوە بوو کە لە ناو دەعوەدا کـارم بـۆ عـۆدە سـوڵتانی ئاسایشی حیزب دەکرد. من لەوەدابووم بیر لە دەربازبوون بکەمەوە، عۆدە سـوڵتان پەیوەنـدی پێـوە کـردم. لە بەغـداوە پێـی ڕاگەیەنـدرابوو کە واز لە مەسـەلەکەم بێنـێ چـونکە دوایـی دەدرێـمە کـۆنترۆڵێکی دی. کـۆنترۆڵی تـازەم ناوی ڕەزووقی بوو. پێم وابوو موخابەرات پەیوەندییان پێوە کردبوو.

لە نـاو ئەو ئـاڵۆزییە بـێ سـەروبنەدا، کێشەی گەورەم ئەوە بـوو، چـی لە بارەی مۆسادەوە بکەم. بە ئاشکرا دیار بوو کە بەغدا لێیان دەویستم لەگەڵ مۆسـاددا بەردەوام بم. بەڵام مـن نەمدەتوانی دژی ئیسرائیلییەکان کار بکەم. جگە لەوەش، پێم بزانن دەمکوژن. هەڵبژاردنی سێیەم ئەوە بوو کە سێ لایەنە بۆ مۆسـاد کـار بـکەم. تەنهـا بیرلێکـردنەوەی، هەناسـەبڕ بـوو: وەک خەفێـی موخابەرات لە ناو مۆساددا کار بکە و وەک خەفێی دووسـەرەش دژی مۆسـاد کار بکە. بۆ ئەوەی موخابەرات بۆ مۆساد تێکبشکێنم و زانیاری هەڵە لە سـەر مۆساد بدەمە موخابەرات، ئەمە فرسەتێ بوو دووبارە نەدەبووەوە.

ئەوە خەیـــاڵی گەنجێـــک بـــوو، بەڵام جێـــی سەرســـوڕمانیش نەبـــوو. ئیسرائیلییەکان هەرگیز قایل نەدەبوون ئەو ڕۆڵە ناسکە ببینم. بۆ ئەوان، زۆر سەلامەتتر بوو کۆتایی پێ بێنن و بێدەنگم کەن.

لە لایەکی ترەوە، زەحمەت بوو بتوانم فەرمانی سـەرۆکەکانی بەغدام ڕەت کەمەوە. دەبوو بە پێی توانا، تا دژی مۆسـاد کـار نەکەم، لە ئینگلتەرا نەمێنم.

وەک هەمیــشە، پلانێکــی نیوەپێگەیــشتووم دانــا: کــارێکی وام کــرد لە لایەن پۆلیسی بەریتانییەوە بگیرێم.

هاسان بوو. هاوڕێیەکم ڕاسپارد کارتی شتکڕینی دۆستەکەی بدزێ و بە منی بدا. منیش چاوەڕێ بووم تا کۆمپانیا و پۆلیسی ئاگادار کردنەوە. چوومە بازاڕێکی گرانبەهای جلوبەرگی پیاوان و ویستم زۆر شت بە کارتەکەی بکڕم.

ئەو پۆلیسە بەریتانییانەی کە یەخەگیرم بوون، زۆر ڕژد بوون. بردیانمە پۆلیسخانەیەکی نزمی کۆن و پشکنییانم. دوای ماوەیەک خرامە زندانەوە.

ژنێک هاتە زندانەکەمەوە تا لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا بکا. پرسیاری سەرچاوەی ژیان و شتی لەو بابەتەی لێ کردم. درۆم کرد. گوتم ماڵەوە، مانگی ٢٠٠ دۆلارم بۆ دەنێرن کە یەکجار کەمە. بەڵام لەبەر ئەوەی خۆم بۆ ئەوە ئامادە دەکرد وڵاتەکە جێ بێڵم، پارەیەکی زۆر لە حیسابەکەمدا هەبوو. پرسی: بۆ؟. لە ئەنجامدا بەرەڵایان کردم. دەبوو ٢٨ی سێپتەمبەر بۆ لێکۆڵینەوەی دی بچمەوە. لەو ئەوراقانەدا کە پێم درابوون، نووسرابوو، ئەگەر لە سەرم سەپا، دەردەکرێم.

ئەو کاغەزانە دەرمانم بوون. موخابەراتیان تێدەگەیاند کە من ناتوانم لە بەریتانیا بژیم و لەبەر ئەوە ناتوانم لە ناو مۆسادا کاریان بۆ بکەم. بە تەبیعەتی حاڵ بۆ لێکۆڵینەوە نەچوومەوە.

( ٧ )

## یاسای جەنگەڵ

کە بۆ نیویۆرک تەلەفۆنم بۆ باوکم کرد، پێم گوت کە دەبێ بە زووترین کات لە ئینگلتەرا دەرکەوم چونکە کێشەم لەگەڵ پۆلیسدا هەیە، لێم تووڕە بوو. ئەو کاتە، ئەوەی موخابەرات لە سەر منی دەیزانی، ئەویش دەیزانی.

قیژاندی و گوتی: "هەتیوی زۆڵ، ئاخر پێت گوتراوە لە ئینگلتەرا بمێنیتەوە". بە توندیی تەلەفۆنەکەی داخست.

کە گەیشتمە ماڵەوە، بە بێدەنگییەکی وشکەوە پێشوازی لێ کردم. ڕۆژی دوایی، داوای لە دایکم کرد کەس لە ماڵەوە نەمێنێ. ویستی بە تەنها لەگەڵ کوڕە خایەنەکەیدا بمێنێتەوە. دەستی پێ کرد: "ئێ؟!. دەتەوێ تێکمبشکێنی؟. پێت وایە چی دەکەی؟. دوای ئەوەی پێیان گوتی بچیتە بەریتانیا!. ئاخر خۆت بە چی دەزانی؟. دەتبینم. بەر لەوەی تێکمبشکێنی، بە تێکشکاویت دەبینم. هەی عار!".

دوای ئەوە بە پێنج ڕۆژان، نامەیەکی ڕەسمیم پێ گەیشت کە تێیدا گواستنەوەی خوێندنەکەم بۆ بەغدا ڕاگەیەندرابوو. نامەکە لە لایەن وەزیری دەرەوە، تاریق عەزیزەوە هێندرابوو کە بۆ کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە بارەی شەڕی عیراق و ئێران هاتبوو.

ئۆکتۆبەری ١٩٨٥ بوو و تەمەنی شەڕەکە پێنج ساڵ بوو. عیراق دەیویست کۆتایی بە کێشەکە بێ و سەددامیش لە چوار ساڵ لەوەبەر چاکتری دەزانی کە کێشەکە، کێشەیەکی داخراوە.

دەبو بە فڕۆکە تایبەتییە حکومەتییەکەی تاریق عەزیز کە بۆینگ ٧٤٧ بوو بگەڕێمەوە. لە بەر ئەوەی فڕینی دیپلۆماسی بوو تاکە ئاسایشێ کە پێیدا ڕەت بووین عیراقی بوو. هەموو کەسی ناو فڕۆکەی وا بە بێ ڤیزە و فۆرمی ئەمەریکایی دەهاتن و دەچوون. فڕۆکەکە، لە جێیەکی تایبەتیی گۆڕەپانەکە وێستابوو. بە ئاسانی بە دەروازەکاندا ئاژاوتمان و گەیشتینە فڕۆکەکە و سەرکەوتین. گەلێ سنووقی گەورە گەورە خرانە جێی بارەوە. بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێ چی یا کێیان تێدابن. چ لێپرسراوی ئەمەریکایی، خۆمان و جانتاو سنووقیان نەپشکنی. پێمان دەکرا هەر لە تەقەمەنی پلاستیکییەوە بگرە تا دەگاتە تەرمی زەلام لەگەڵ خۆماندا ببەین.

کابینەی دەرەجە یەک، دەرەجە یەک بوو نە گاڵتە. قەنەفەی گەورە و چاکترین خواردن و خواردنەوەی تێدا بوون. بەشی ناوەڕاست بۆ ژووری

کۆبوونەوە تەرخان کرابوو. لای دواوە جێی شتومەکی بازرگانیی و دارایی بوو.

من لای پێشەوە، لەگەڵ هێندێ لە بەشدارانی نوێنەرایەتی تاریق عەزیزدا دانیشتبووم. باسی قازانجی شتکڕینیان دەکرد نەک شەڕی عیراق و ئێران. تەماشای تەلەڤزیۆنی ئەمەریکایان دەکرد کە بە ساتەلیت وەردەگیرا.

کە لە بەغدا نیشتینەوە، هەستم دەکرد بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەچمە بەندیخانەوە.

پلەدارێکی مەکتەبی تایبەتیی وەزارەتی دەرەوە پێشوازیی لێ کردم. پیاوێکی بە گفتولفت بوو و تەنانەت لە کاتی چاوەڕوانکردنی جانتاکانماندا، کۆکاشی بۆ بانگ کردین، بەڵام بۆ من بەندیوان بوو.

کە گەیشتمەوە ماڵێ، بە جلوبەرگەوە خۆم بە جێیەکەمدا کرد. لەوە ماندووتر بووم تەنانەت وەڵامی پرسیارەکانی بیبیش بدەمەوە، کە پڕ بوو لە پرسیار لە سەر گەڕانەوەم. ئەمە ژیانە نوێیەکەمە لە ناوەندی بازنەکەدا. وام بیر دەکردەوە. بە تەڵەی ناو بازنەکەوە بووم.

لە ڕۆژانی سەرەتادا، کەسم بە لادا نەهات. بە شەقامەکاندا سووڕامەوە، لە قاوەخانەکاندا قاوەم خواردەوە، بە بێتاقەتی تەماشای کۆگاکانم دەکردن. دوکانداری شەقامەکان، لەگەڵ ئەو برادەرانەیاندا کە چووبوونە سەردانیان، بە دەنگی بەرز، سەرگەرمی دەمەتەقێ بوون. زەلام، لە ژێر کەپرۆکەی بەر دوکانەکاندا، لە سەر شۆستەکان لێی دانیشتبوون. بۆنی بەهاراتی ڕۆژهەڵآتیی لە چێشتخانەکانەوە بە هەوادا پەرت دەبوو. پۆلیس و خەفیێ هەموو قوژبنێکیان تەنیی بوو. بەغدا، جممەی ژیانی دەهات بەڵام وەک شاری دی - بۆ نموونە وەک پاریس - نا کە بەرەڵآیی و کاری خۆبەخۆی تێدا نییە. پۆلیس، هیچی بە نهێنیی نەهێشتۆتەوە.

لە بری ئەوانە، هەستی نهێنیگەری و خیانەتکاری هەبوو. بەغدا، لە چاو سەردەمی منداڵیمەوە گۆڕابوو. یا ڕەنگە مەسەلە هەر لەوەدا بووبێ کە بایی ئەوە گەورە ببووم ئەوانەی دەمبینین، بیانخەمەوە سەر یەک. ئەوەی دەمدی و هەستم پێ دەکرد، یاسای جەنگەڵ بوو. لە سایەی ئەم ڕژێمەدا، کەس

باوەڕی بە کەس نەبوو. ترس جێی باوەڕپێکردنی گرتبۆوە. هەموو کەس خەبەری لە هەموو کەس دەدا چونکە ئەگەر تۆ خەبەرت نەدابا یەکێکی دی لە سەر ئەوە خەبەری لێ دەدای کە خەبەرت نەداوە. خەبەرەکە هەرچی بوایە، ڕاست یا درۆ، هەر کەسێ دەریبڕیبا، دۆست یا دوژمن، دەگەیەندرا. منداڵ فێر کرابوون بۆ بچووکترین ڕەخنە کە دایک و باوکانیان ئاڕاستەی حکومەتی دەکەن، لێیان هەڵگەڕێنەوە. برا، برای خۆی دەکوشت. خەڵکی دەسەڵاتی کەمی خۆی بە خراپەکاری، بۆ دەسەڵاتداری گەورە بەکار دەهێنا. پۆلیسی هاموشۆ خاوەی لە شوفێر دەستاند. بازاڕی ڕەش گەشەی کردبوو.

هەر ڕۆژێ کە تێدەپەڕی و کەس بۆ بردنم نەدەهات، هەڵدەپەڕیم. ڕۆژێکیان، هەر وا تەکسییەکم گرت و چوومە موخابەراتی گشتی. بە گاردی بەر دەروازەکەم گوت کە هاتووم ڕازی ببینم. پێم باش بوو ئەوەندە بەرز بڕۆم، هەر نەبێ بگەمە گۆریللا. دەبێ من تا ئێستا تاکە کەسی مەدەنیی بم کە هەوڵم دابێ بچمە ئەو شوێنە ترسناکە. هێشتا گاردەکە لەگەڵمدا خەریک بوو، خالید دەرکەوت.

مەرحەبای کرد و گوتی: "کەی گەڕایتەوە؟".

هەواڵی سەفەری کتوپڕی منیان لە وڵاتە یەکگرتوەکانەوە پێ ڕانەگەیاندبوو یا خۆی ئەوەی گوت؟. ماوەی چەند ڕۆژێک، بە بەردەوامیی دەهاتە دیتنم و پرسیاری لێ دەکردم. هەموو شتێکی پرسی ئەو کێشەیە نەبێ، کە بە هۆی کارتی کرینەکەوە لەگەڵ پۆلیسی بەریتانیادا قەوما. قەتم نەزانی بۆ پرسیاری ئەوەی نەکرد.

بەیانیانێەک، بردمیە زانکۆی بەغدا تا خۆم ناونووس بکەم. وەک دەرکەوت، شتێ نەبوو کە بە کۆرسی ئەندازیاریی کارەبایی بچێ کە من لە مانچستەر وەرمگرتبوو. لەبەر ئەوە، بڕیاری ڕەسمیی بۆ ناونووسکردنم لە زانکۆی تەکنەلۆجی دەرچوو. ڕەنگە ئەمە بە شتێکی سەیر بچێ، بەڵام لە عیراقدا دەبێ بڕیاری ڕەسمیی بۆ هەمو شتێ دەرچێ. ئەگەر لە بەر بارودۆخی تایبەتی خۆت بتەوێ ئیزن بۆ هەڵگرتنی ئامێری بچووکی نەوار وەرگری، دەبێ بڕیاری ڕەسمیی لە سەر بدرێ. لە ڕاستیدا، ئەم چیای کاغەزی بڕیارانە، لە

لایەنـی ڕەسـمییەوە بڕیـاری بـۆ دەردەچـێ و هەمووشـی لە لایەن (ئەحـمەد حوسێن)ی بەڕێوەبەرەوە ئیمزا دەکرێن.

لە زانکـۆی تەکنەلۆجیـا، لەگەڵ جێگـری عەمیـددا کە بڕیـاری بە پەلەی خۆشنەویـستنی بە سـەردا دابـووم و دەیویـست بەربەسـت بخـاتە بەر وەرگرتنمەوە، کێشەم هەبوو. لە سەر خواستی موخابەرات، جێگر بە پەلە لە لایەن عەمیدەوە لابرا. ئەوە یەکەم چێژی گچکەم بوو لەو جیهانەدا کە خەفێ تێیدا دەژی ـ ئەو جیهانەی کە هەموو دەرگایەکی بە فەرمان دەکرێتەوە. دڵنیا نەبووم لەوەی کە حەزی لێ دەکەم.

بەڵام لە لایەکی ترەوە ئاسوودە بووم. کچگەل خۆشیاندەویستم. لە کاتێکدا کە خوێندکارە نێرینەکان بە گومانەوە سەیریان دەکردم، کچەکان پێیان وابوو کە ئاخاوتن لەگەڵ مندا ئاسانە. دەیانگوت: "بۆ وەک هاوەڵە خوێندکارەکانی ترمان کۆنەپەرست نیت؟".من کراوەتر بووم. دەمەتەقێ و هاوڕێتی قووڵترم دەخستنە ڕوو.

کـچ لە زانکـۆی تەکنەلۆجیـدا زۆر بـوون کە هـاوڕێتیم بـکەن. ڕەنـگە تـاکە دەسکەوتی چاکی حیزبی بەعسی سەددام ئەوە بووبێ کە دەرگای خوێندن و ڕادەربڕینی لە بەردەم ژندا کردبۆوە. سـەددام، ئەمەی بەوە جێبەجێ کرد لە عیـراق ـ ئەو وڵاتەی کە چەوسـاندنەوەی ژنـی تێـدا لە تەپـان بنـی ئـاین و دەسـتووری کـۆمەڵایەتی و سیاسـەتدا بـوو، دەمـانچە بە دیـار سـەری هەر کەسێکەوە ڕابگرێ کە خۆی بە نێر دەزانێ. زەحمەتە جۆرە نێرینەیەکی دی بدۆزرێتەوە کە لە عارەب توندڕۆتر بێ.

ئەوەی ڕاستیی بێ، گۆڕانی کۆمەڵایەتی ژن لە عیراقدا تەنها ڕووکەش بوو. لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەشـدا، شـت بـۆ ژن گۆڕابـوو چـونکە پیـاو هەر وەکـی خۆیان بوون. بەڵام هیچ نەبێ، مێینە لە ناو پەچە و عەبای دابڕانی کۆمەڵایەتی دەرچوون. لەبەر ئەوە، لە پۆلی ئەندازیاریدا ئەوینم دەست دەکەوت.

ڕۆژێکیـان، بەرەو ژووری پـۆلەکە دەچـووم، چـاوم پێـی کەوت. شـۆخترین کچـی ئەوێ بـوو. جوان، قژڕەش و پڕ و لـوول، چـاوگەش و ناسک بـوو. لە خۆڕا، بەڵام بە عاستەم، وەک ئەوەی لە بەر خۆیەوە بێ، بزەیەکی کرد. زوو

زانیم مەسیحیە. ناوی (بان) بوو. ویدەچوو شەرمن بێ. لە سەرەتاوە، دوودڵ بووم لەوەی لێی نزیک بکەومەوە. دوای ئەو هەموو ساڵانی دووکەوتنی کچاندا، ئەمەیان بۆ من شتێکی نوێ بوو. ڕۆژێکیان، کە لە پۆل دەردەکەوتین، غیرەتم وەبەر خۆ نا و هەوڵم دا بە تەنیشتییەوە ڕێ بکەم.

پرسیم: "تا ئێستا، چۆن خوێندنەکە دەبینیت؟".

گوتی: "زۆری حەز لێ دەکەم. مامۆستاکەش باشە".

ڕۆیشتین. سەرمان بە دیار کتێبەکانەوە خوار کردبۆوە. "چی وای لێ کردیت بتەوێ ببیە ئەندازیار؟".

سەری هەڵبڕی و تەماشایەکی کردم. بە کاوە خۆ گوتی: "پێم وایە هەمان ئەو هۆیەی کە تۆی هان داوە. دەمەوێ کارێکی چاکم چنگ کەوێ. ئەوە مەتەڵە ڕاستەقینەکەیە".

ئەم کچە، بە ڕاستی مەتەڵ بوو. شێوازی نزیککەوتنەوەی پێشا بە عەمەل نایات. پاشگەز بوومەوە و پێم گوت کە مەبەستم بێزارکردنی نییە. گوتی: "قەیدی نییە. منیش مەبەستم بێئەدەبیکردن نەبوو". قیرسیام کرد و گوتم: "ڕەنگە لە کاتی نانخواردندا بتوانین زیاتری لە سەر بدوێین".

"ئەمڕۆ ناتوانم".

دڵم هاتە خوارێ. ڕەتکردنەوە!. گوتم: "سبەینێ؟".

بە دوودڵییەوە لە چاوی ڕوانیم: "باشە".

تەنها بۆ دیاریکردنی کاتی نانخواردن، لە ڕادەبەدەر خۆشحاڵ بووم. لە سەرەتاوە کەمجار یەکترمان دەدی، هەمیشەش لەگەڵ کۆمەڵە هاوەڵدا. وردە وردە گومانم پەیدا کرد. دەبێ خۆشم بوێ!. تا ئەو دەمە خۆشەویستیی لە ژیانی مندا نەبوو. پێم وابوو کە بۆ ئەوین ناشێم. بەڵام وا ئەو کچە ڕێکوپێکە هەمووی گۆڕی.

شەو درەنگ وماڵەوە بێدەنگ بوو. زرەی تەلەفۆن وەک نشتەری ددانساز ڕایچەناندم. دەنگێکی نائاشنا گوتی: "من دۆستم، دەمەوێ بتبینم".

ترس و شڵەژان تێم نیشتن. خوایە، دەبێ مۆساد بێ؟. خۆم ڕاگرت و گوتم: "ژمارەکەتم وێدە، تەلەفۆنت بۆ دەکەمەوە".

ڕۆژاوایی دەڵێن: "کێیە؟". بەڵام عیراقی نا. خەڵکی پرسیاری وا ڕاستەوخۆ ناکەن. ئەگەر بشیکەن، لە بری وەڵآم پرسیاریان چنگ دەکەوێ. من بە داواکردنی ژمارەکەی کە پرسیارێکی ناڕاستەوخۆ بوو، لەوە دەرباز بووم. دەنگەکە گوتی: "تۆ کات و شوێن دانێ". دەترسام قایل بم و دەشترسام قایل نەبم.

"ڕۆژی شەممە سەعات شەش لە بەردەم زانکۆی موستەنسرییە".

"بە تویێتایەکی شینەوە دێم. ژمارەکەی (١٥٥٣٠٢)ە". ئەوەی گوت و تەلەفۆنەکەی داخستەوە.

دەترسام. ئەگەر پیلان بێ چی بکەم؟. ئەگەر موخابەرات بێ و بیەوەێ بزانێ داخوا مۆساد دەبینم یا نا، چی بکەم؟.

چەندم بیر لەو زەنگلێدانە سەیرە دەکردەوە، پتر بۆم دەردەکەوت کە تاقیکردنەوەیە. شێوەی پەیوەندییەکە هی مۆساد نەبوو. جێژوان، لە شوێنی کراوەدا و بە ڕۆژی ڕوناک دانانێن. ئەوەی کە تەلەفۆنی کرد شێوە زمانی باکووری عیراقی هەبوو. ئەمەش بۆ خەفێتی بێگانە دەگمەنە و بۆ هی خۆشمان باوە.

تەلەفۆنم بۆ موخابەرات کرد و بە خالیدم گوت کە دەمەوێ بیبینم.

کە خالید هەڵیگرتم شێوا بوو و کە مەسەلەکەشم بۆ گێڕایەوە پتر شێوا. گوتی: "بچۆرە جێژوانەکە. ئێمە لەو نزیکانە دەبین".

سەعات شەشی ڕۆژی شەممە، تیۆتایەکی شین بەرەو ئەو جێیە ئاژاوتی کە من لە بەردەم زانکۆکە لێی وێستابووم. ژمارەکەی (١٥٥٣٠٢) بوو. ئێستاش ژمارەکەیم لە بیرە. شێوەی شوفێرەکەشم بە تەواوی لە یادە: پیاوێکی زل، لە ڕادەبەدەر ڕێکوپێک، چاوی ڕەش و بز بوون. کە سەرکەوتم، ئەو چاوانە، بەرەو ناخم گڕیان هاویشت. ئەو بە شەقامەکاندا دەیئاژاوت و منیش سەرنجی دەستیم دەدا. دەستی گەورە و پەنجەکانی درێژ و بەهێز بوون. گوتی: "ناوم (ئەبوو فیراس)ە. من سەر بە بەشی تایبەتیم. تۆ سەر بە موخابەراتیت؟".

"نا، من چ موخابەرات ناناسم".

"هێندێ لە برادەرەکانم دەیانەوێ چاویان پێت بکەوێ".

به بێزارییەوە گوتم: "بۆ من؟. من مرۆڤێکی هەر وا هاکەزاییم".
"خەمت نەبێ. ئێمە هاوڕێی باوکتین".
دەبوو ئەوەی کە گوتی، دوا هەوڵی هێورکردنەوە بێ. کتوپڕ وشەکانی باوکم لە خەیاڵم دەنگیان دایەوە: "بەر لەوەی تێکمبشکێنی، بە تێکشکاوی دەتبینم!".

دەوری پانزە دەقیقە بە بێ هیچ ئامانجێک ئاژاوتمان. چی دی پێ نەدەچوو بوونی خالید و جەماعەتەکەی بە دوامانەوە گرینگ بێ. ئیدی نەمدەزانی کیهە پڵنگ لە پشتی کیهە دەرگاوەیە.

ئەبوو فیراس گەیاندمیەوە بەر زانکۆکە و پێی ڕاگەیاندم کە سبەی سەعات شەش، یەکێکی دی بۆ دیتنم دێ.

خالید پێی گوتم کە هیچ لە سەر ئەو ئەبوو فیراسە مەتەڵئامێزە نازانێ. بە ڕەقییەوە گوتی: "تاقیبێکی دەکەین. ئۆتۆمبیلەکەش. بۆ دیداری داهاتوو بچۆ و ئێمەش ئامادە دەبین".

بە زەحمەت سەرنجی ئەو پیاوەم پێ درا کە ڕۆژی دوایی بە دوومدا هات ـ و ڕاست بەرەو موخابەراتی گشتی ئاژاوتی. مەسەلە چی بوو؟. ئەم جارە بردیانمە ژوورێکی گەورەی کۆبوونەوەوە.

ئەبوو فیراس وەژوور کەوت. چاوە چروسکەدارەکانی تێبڕیم و گوتی: "لە تاقیکردنەوەکەدا دەرچووی. موخابەراتت ئاگادار کردبۆوە بمگرن!". پێکەنی. گوتی: "ئێستا یەکێکی گرینگ دەیەوێ بتبینێ".

بە بێزارییەوە بیرم دەکردەوە. ڕەنگە ئەمە دواتاقیکردنەوە بێ. لەو گەمەی پشیلە و مشکە، لەو گەمەی (ئێستا خۆشمان دەوێی... ئێستا دەتکوژین)ە بێزار بووم.

لە ژوورێکی تردا، پیاوێکی دی چاوەڕوانمان بوو. تەنها ئەو بەرگی سەربازیی پۆشیبوو. چاوتیژ و سیماباریک بوو. وەک هەڵۆی برسی دەیڕوانی. (فازیل سەلفیج عەززاوی)ی دووەم گەورەپیاوی موخابەرات بوو.

ئەبـوو فیـراس سـلآوی بـۆ کـرد. دوایـی بـۆم دەرکەوت کە ئەبـوو فیـراس کۆلۆنێـل بـوو. کـوڕی شـێخە بەدوویەک بـوو و نـاوە ڕاسـتییەکەی فەریـد شەحرابیلی بوو. لێپرسراوی چالاکیی مەیدانیی بوو.

ئەبوو فیراس، فایلێکی لە سندووقەکە دەرهێنا و هێندێ کاغەزی بە سەر مێزەکەدا، لە بەردەمم پەرت کرد و پێی ڕاگەیاندم: "مەسەلەکەت بڕاوەتەوە".

ڕوانـیم، دۆکیـومێنتێکم دی کە لە لایەن سـەددام حوسـێن خـۆیەوە ئیمـزا کرابوو. نووسرابوو: "مەسەلەکە بۆ باوکی لێگەڕێن".

نـامەیەکی دی، دەسـخەتی بـاوکم بـوو. تەنها دوو دێڕ. خوێندمەوە: "دەبێ خـایەن بە سـزای ڕەوای خـۆی بگـا بـێ ئەوەی گـوێ بە سـەرچاوی خێزانـی بدرێ".

ڕسـتەی مەرگ. من بەرەو مـردن دەچووم. بڕیـارەکەی بـاوکم پـێ سـەیر نەبوو. هێشتا، مردن... لەرز گرتمی. تەمەنم تەنها بیست ساڵ بوو.

نـامەیەکی تـریش دەرکەوت. بە دەم لەرزەوە پرسـیم: "دەسـخەتی کێـیە؟". وەڵامم درایەوە: "هی سەددام حوسێنی پایەبەرزە، با خودا گیانی بپارێزێ".

وشـەکانم لە نـاو نـامەکەی سـەددامدا خوێنـدەوە. بـاوەڕ نەدەکـرا: "لێـی دەبووردرێ بەڵام بەو مەرجانەی کە موخابەرات دایاندەنێ".

نەمدەتوانی بـاوەڕ بکەم. سـەددام حوسـێن لە کەس خـۆش نەبـووە. ژیـانی منی لە بری دڵسۆزی باوکم هێشتبۆوە. دەستی ئیبراهیمی لەو کاتەدا گرتبوو کە خەریک بـوو چەقۆکە بکا بە دڵـی ئیسحاقدا. بەڵام ئەم ئیبـراهیمە (بـاوکی خۆم) ئەوەندی بزانم پێی گرینگ نەبوو جێبەجێی بکا.

(عەززاوی)ی هەڵۆ گوتی: "دەبێ سوپاسگوزاری بەڕێزی بیت کە مەودای ژیانی پێ بەخشیوی". دوایی داوای شـەربەتی بۆ کـردین. جارێکی دی ئـاوڕی لـێ دامەوە و گـوتی: "ئێـستا لەگەڵ ئێمەدایـت. ئەبـوو فیـراس لێپرسـراوی ڕاستەوخۆتە و ژیانی ڕاستت پیشان دەدا".

لە مەبەستی دڵنیا نەبووم.

گوتی: "شتێ هەیە بتەوێ پرسیار لە بارەیەوە بکەی؟".

"ئێستاش کێشەم لەگەڵ جێگری عەمیددا هەیە. بەردەوام بێزارم دەکا. دەرەجەم کەم دەکاتەوە و ..."

فەرمانی بە ئەبوو فیراس دا: "خەمی بخۆ!".

کتوپڕ، وا وێدەچوو کە خەمی پێداویستی من لە شتی تری دەوروبەر پتر بخۆن. سەرسام ببووم. دەبێ جێگری عەمیدیش سەرسام بێ. بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بردیانە موخابەرات و دوای گەڕانەوەی، ڕەفتاری لەگەڵمدا گۆڕابوو. جێی نارەحەتییەکی ئاڵۆز بوو کە دیتم پێم دەکرێ ببمە هۆی ئەو بابەتە کێشەیەی خەڵک. هێشتا نەمدەتوانی بە تەواوی باوەڕ بکەم کە بەشێکم لە جیهازێکی تۆقێنەر. لە ڕاستیدا، خەریک بوو هەستم دەکرد کە بە بێ ئازار دەرباز بووم. وەک هەر خوێندکارێکی گەنجی تر دەژیام. شەوانی ڕابواردنم لەگەڵ هاوڕێکانم و (بان)دا بوون. تاکە شەپۆلی نائاسایی کە بەر ڕووپۆشی ژیانی ئاشکرام دەکەوت، ئەبوو فیراس بوو کە بە ڕۆژەوە دەهاتە ماڵەوە و لە سەر ڕێ و ڕەسمی موخابەرات پڕی دەکردم.

لە سەر هەموو ئەوانەی کە ڕابردن، یەک وانە بۆ فێربوون هەیە: موخابەرات بۆیە هەیە تا ژیان و دەسەڵاتی سەددام بپارێزێ. مۆساد بۆ ئەوە هەیە تا بەرگریی لە ئیسرائیل بکات، ئێم١٥ و ئێم ١٦ ئینگلتەرا دەپارێزن و سی ئای ئەی هەموو دنیا دەخاتە کاری خۆیەوە. بەڵام موخابەرات بۆ یەک شت بوو: سەددام حوسێن.

ئەبوو فیراس وانەی دادەدام: سەددام عیراقە.

ئەبوو فیراس پێی ڕاگەیاندم کە بەر لە هەموو شتێ بەهرەی من بۆ ناسینی خەڵکی وەگەڕ بخرێ: "دەبێ ڕاپۆرتیان لێ بدەی. ئێستا تۆ یەکێکی لە ئێمە و دەبێ بە تەواوی هەستی پێ بکەی. بە تەواوی ڕێکنەخراوی و ئێمە چارەسری ئەوە دەکەین. ببەخشە کە نەختێ ڕەخنان دەگرین بەڵام بۆ بەرژەوەندی خۆتمانە. هەر کاتێ بەغدا جێبێڵیت دەبێ ئاگادارمان بکەیتەوە. هەر کاتێ پێویستیت بە ڕێنمایی یا یارمەتی بێ، دەتوانی تەلەفۆنم بۆ بکەی. ئەگەر حەز دەکەی، پێکەوە هێندێ کچ دەبەین و دەچینە دەرێ".

هاوڕێتی کتوپڕ، ئەو سووربوونەی کە منی وەخۆوە گرتبوو، مێشکی سڕ دەکرد. لە خۆمم دەپرسی دەبێ ئەوە ترسی موخابەرات بێ؟.

بەڵام زوو زانیم کە ئەبوو فیراس قینی لە ئازایەتییەکەمە. قینی لێم بوو چونکە ڕۆژێ لە ڕۆژان خەفیەی دوژمنی تەقلیدیی، ئیسرائیل بووم و خۆشی ڕقی لەوە بوو کە دەیکرد. بەڵام دەبوو بە پێی فەرمانی سەددام بکات. دەبوو بچمە دامودەزگاکەوە و ئەوپەڕی حیسابی بۆ بکەم. سۆزە بەزۆر بە سەردا سەپاوەکەی، هێزی هەموو وشەیەکی سەددامی بۆ دەرخستم.

دواتر بۆم دەرکەوت کە سەددام، وەک دیاریی، پارچە زەوییەکی بە باوکم بەخشیوە. ئەوەش لە بری دڵسۆزییەکەی. ئاشکرابوو، بۆ ئەوەی باوکم لە کارەسات بپارێزرێ، تەنها ژمارەیەکی زۆر کەمی پلەباڵای ئەفسەرەکان لە تاوانەکەم ـ پەیوەندیم بە مۆسادەوە ـ ئاگادار بوون. ئەو کاتە مەودای ڕاستی دەسەڵاتی باوکمم زانی.

بنەما و پێشەکی تەکنیکی کاری مەیدانیی موخابەرات فێر کرام. من و ئەبوو فیراس لە ژووری دانیشتندا دادەنیشتین. بە دەم کارکردنەوە، قاوەی گەرم و قورسی تورکیمان دەخواردەوە و جاروبارێ، چایچییەکەی قسەی پێ دەبڕین.

لە ڕێکەوتێکدا، هێندێ نەخشەی لەگەڵ خۆیدا هێنان و لە سەر مێزی قاوەکەی دانان. نەخشەی شارەگەورەکانی ئەورووپا بوون. یەکەمیانی یەکالآ کردەوە و گوتی: "ئێستا، کەمێ لە سەر کارکردن لە خاکێکی نائاشنادا". نەخشەی شاری زویرخ بوو. دوای ئەوە، کورتە وانەیەکی دادا. کە گەیشتیتە شارێکی بێگانە چ دەکەی و چۆن نەخشە، بە شێوەیەکی گشتی تاوتوێ دەکەی و هەموو ڕێیەکانی چوون و هاتنەوە بۆ شوێنی دیاریکراو و دەوروبەر و حەشارگەی نیشان دەکەیت. دەرکەوت هەموو ئەوانە، وانەی ئەکادیمییانە بوون چونکە خەفیە بەخۆی، هەرگیز ئەو کارە بناغەییانەی نەکردووە.

لە موخابەراتدا، پێشەکی دەستەیەک ئەفسەر هەموو کەشفێکیان دەکرد، پێداویستییەکی لۆجستی و شاردنەوەیان ئامادە دەکرد. پێناسە و پەساپۆرت و کارتی بانک و پارە (سەد دۆلاری ئەمەریکایی، وەک ئەوەی وردە بێ بەو

ناوەدا پەردت دەبوو) و کاغەزی تریان بە خەفیە دەدان. بە عادەت، هەموو ئەوانە ڕەسەن بوون: یا لە خەڵک دزرابوون یا هی مردوو بوون.

ئەگەر پێویست بوایە، ئۆتۆمبیلی وایان بۆ ئامادە دەکرا کە ژمارەکەی بگۆڕدرێ. کات و شوێن دیاریی دەکران. هەموو ئەوەی بۆ خەفێ دەمایەوە ئەوە بوو فیشەکێ بتەقێنێ یا بۆمبێ بهاوێ یا شتێ بفڕێنێ. تێبینی هەمیشەیی خراپەکاری و سەرنوگومکردن نەبوو. خەفیەی تایبەتی لە ناو ئەفسەرەکاندا هەڵدەبژێردران و بۆ کاری تایبەتی تەرخان دەکران.

ئەبوو فیراس، باسی ڕێکخراوێکی ترسناکی تارمایی کرد کە ناوی (قسم الاغتیالات - بەشی سەرنوگومکردن) بوو. ئەمە، دامودەزگا و بارەگا و لێپرسراوی نەبوو. ئەوەی هەیبوو، حسێبی بێ سنووری بانک بوو. ئەگەر چالاکییەک داهێندرابا، لەم حسێبی بانکەوە، لە لایەن ئەو کەسەوە کە کارەکەی جێبەجێ دەکرد پارە دەردەهات. شێوەی سەرنوگومکردن بە سروشتی قوربانییەکە و شێوازی ئەنجامدانیەوە وابەستە بوو. پیاوە هەڵبژاردەکە ڕاهێنانی تایبەتی تەقەمەنی یا شتی تری پێویستی پێ دەکرا و بە ڕێی خۆیدا وەڕێ دەخرا. هەمیشە یەک مەرجی سەرەکیی هەبوو: کوێر و گوێڕایەڵ، بە شێوەیەک لە شێوەکان، دەبوو خەفێ بۆ دەسەڵاتدارانی سەلماندبێ کە لە کاتی پێویستیدا ئامادەیە سەرجەمی خێزانی خۆی بکوژێ و چاو نەتروکێنێ. پێدەچێ ژمارەیەکی ترسناک لەو بابەتە کەسەی کە پارەی زۆریان پێ دراوە، بۆ کاری وا ئامادە کرابێتن.

بە هەراسانییەوە بۆم دەرکەوت کە ئەگەر ئێستاش نەبێ، بۆ دوایی، من یەکێ دەبم لەو هەڵبژێردراوانە. بۆچی؟. لە ناخەوە هەستم بە نەخۆشیی دەکرد.

پاشان ئەبوو فیراس، باسی خەفیەگەلێکی کرد کە سەرنەکەوتوون یا لایانداوە. باسی ئەو ئەفسەرەی کرد کە بۆ کوەیت نێردرا تا سەرپەرشتی تێکدانی پاڵاوتنی نەوت بکا. دەبوو لە لایەن خەفیەی عیراقی - کوەیتییەوە، لە بەسراوە دەرچێ. لە بەر هەر هۆیەک بووبێ، کارەکەی سەری نەگرت و خەفیەکەی بەسرا لەناو برا. ئەفسەرەکەش توانی بۆ سوید تێیتەقێنێ تا دوای

دوو ساڵ، له لایەن پیاوی موخابەراتەوە بکوژرێ. قەسابێکی عیراقی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە هەڵبژێردرا.

ئەبوو فیراس گوتی: "ئەوە چارەنووسی خایەنە". ئەوە نزیکترین شتێ بوو لە هەستی ڕاستەقینەیەوە کە تا ئەو دەمە بەرانبەر من دەربیبڕیبوو. پێدەچوو موخابەرات، هەرگیز ئەشکەنجەی نێچیری خۆی نەدا. ئەشکەنجە ئەرکی ئەمن بوو. ئەگەر موخابەراتی وردەکار بیویستبایە یەکێ ئەشکەنجە بدرێ، بۆ کاری پیس بۆ ئەمنیان دەنارد. زۆربەی کاروباری دامێنی ئەمن لە لایەن کۆنە تاوانکار و حوکم بەسەردرا دراو و بابەتی واوە ئەنجام دەدرا. ئەفسەری زۆربەی بەشەکانی موخابەرات، هەرچۆنێ بێ، هەڵبژاردەی کۆلیژی ئاسایشی قەومیی بوون.

مەسەلەکەی منی لێ دەرچێ، ئەبوو فیراس پیاوێ بوو، دڵی بە کارەکەی خۆی خۆش بوو. جگە لە کارەکەی خۆشی، وانەی بە خوێندکاری نوێ، لە کۆلیژی ئاسایشی قەومیی دەدا. پاشتر، ناوی قوتابخانەی تیرۆرم لێ نا. لە بەر ئەوەی پێیان وابوو کە من، خۆم تاقیکردنەوە و ڕاهێنانی چاکم هەبووە، نەیانناردمە ئەو کۆلیژە.

هەموو ساڵێ، چەند هەزار کەسێ خۆیان بۆ ئەو کۆلیژە ناونووس دەکرد بەڵام تەنها (٧٦)یان لێ وەردەگیران. موخابەرات دەبوو هەموو ساڵێ بە دەوروبەری دووسەد کەس لە پلەباڵاکان، بۆشاییەکان پڕ بکاتەوە - ئەو ژمارەیە، لە چالاکییەکاندا، بە تایبەتی لە ناوەوەی سووریا و لوبنان، دەفەوتان. ئەو وەجبانە، لە لایەن پێنج بەرزترین دەرەجەداری پۆلیسی ئەکادیمی و پێنج بەرزترین دەرەجەداری قوتابخانەی ئاسایشی سوپاییەوە هەڵدەبژێردران. هێندێکیان، لە جێی تریشەوە دەهێندران - بۆ نموونە، زمانەوان، بە تایبەتی زمانی عیبری.

موخابەرات، زۆر خۆتەرخانکەری لە قوتابخانەی تیرۆرەوە دەست دەکەوێ. زۆربەی خوێندکاران خەڵکی تکریتن و ئەوانی دی، (بەدوو)ی باکووری ڕۆژاوای عیراقن. بەڵام هێندێکیان لە کۆلیژی هونەرەجوانەکانەوە دێن کە لەوێ وایان پێشان داوە گوایە خەریکی وێنەکێشان و هونەری دی بوون.

نموونەی وا بۆ ئەوە باشن کە خەفیەی مەیدانیی بن. زۆر جار موخابەرات، یەکێ لە هونەرمەندەکانی لەگەڵ وەفدی بازرگانیدا بۆ جێیەک دەنێرێ کە بیەوێ سەرنجی بابەتێ بدا، کە کامیرە پێی هەڵنەسووڕێ. بۆ نموونە، ئەگەر موخابەرات بیەوێ سەرنجی پیترۆکیمیایی ژاپۆن بدا، وەفدی گفتوگۆ پێک دێنێ. هونەرمەندیش وەڕێ دەخرێ تا دوایی وێنەی ئەو شتە بکێشێ کە دیویەتی. خۆ ئەگەر پێویستی بە سەرنجدانی دی بێ، موخابەرات سەردانی دووەم و سێیەمیشی بۆ مەیسەر دەکا.

خەفیێ موخابەرات، لە ڕواڵەتدا بە ئەدەبن و پیاوگەلێکن چاکترین جلوبەرگ دەپۆشن. هەرچەندە ڕواڵەتیان دەگۆڕا، بەڵام ڕووح و ناخیان وەکی خۆیان دەمانەوە: ئەوانە، کورە دڕندەی بیابانن، گوێڕایەڵییان بۆ شێخ، سەددام، قسەی لە سەر نییە. کوێرانە گوێڕایەڵن.

لە سەرەتاوە، قێزم لەو جۆرە هەڵسوکەوتە بوو کە موخابەرات لەگەڵیاندا دەکردم. بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ تێگەیشتم کە ئەم دەستە ئەفسەرە و پلەوپایەی ڕۆبۆتانەیان بەشی ئەوە دەکەن ڕێکخراوێکی زەبەلاح پێک بێنن. ڕێک دەیانزانی چی دەکەن و چۆنی دەکەن. هێندێ جار، زۆر بە دیققەت - وەک خەفیێ هونەرمەند، هێندێ جاریش بە شێوەی دڕندانە دەگەڕا. بە شێوەیەکی تۆقێنەر سەرکەوتوو بوو. قێزبوونەوەم، لە بەرەوە بووە ترس و ئەو سڵەمینەوەی کە لە بنەڕەتدا هەستم پێ دەکرد.

لە ئەنجامدا، لە ژێر تەوژمی بوونەموخابەراتدا نوشتامەوە. شڵەژابووم، نانم پێ نەدەخورا، خەوم لێ نەدەکەوت، نەمدەتوانی بە وانەکانمدا بچمەوە. ئەبوو فیراس، هەستی بە سەرەتای تێکشکانم کرد. داوای لێ کردم لە ماڵەوە پشوو بدەم. سەیر بوو لە لایەن موخابەراتەوە ئاگاداریی بکرێم. ماوەی پێنج مانگ لە ماڵەوە مامەوە و تەنها بان سەری لێ دەدام. لەو ماوەیەدا بوومە بیستویەک ساڵ. ئەوە، ناخۆشترین جەژنی لەدایکبونی ژیانم بوو.

وردە وردە، بان بووە چرایەکی ناو تاریکستان. پەیوەندی منی بە موخابەراتەوە نەدەزانی. سەر بە خێزانێکی مەسیحی بوو، مەسیحیی عیراق بە عادەت هێمن و ساکارن و خۆ لە سیاسەت لادەدەن. منیش ئامادە نەبووم

خەیاڵی ئاشتیخوازانەی، بە شۆڕشی چالاکییەکانی خۆم یا بە هەستە شاردراوەکانم تێکبشکێنم.

شەوێکیان بان هاتە سەردانم و بە پەشۆکاوییەوە گوتی: "ئەوە چ بەڵآتە؟. بۆ وا شڵەژاوی؟".

"هیچ نییە. تۆزێ ماندووم. ڕەنگە هی ئەوەبێ کە زۆر بە وانەکانەوە خەریکم".

"دڵنیایت؟. خۆ من شتێکم نەگوتووە یا نەکردووە؟. ها؟. مەبەستم ئەوەیە..."

"نا، نا. تۆ چاکترین شتێکی لە ژیانمدا. گوێ مەدەیێ. هەموو پێداویستییەکم ئەوەیە پشوو بدەم و تۆش هاودەمم بیت".

لە سەر قەنەفەکە لێم نزیک بووەوە و پاڵی پێوەدام. بۆم دەرکەوت کە ئەو ئافرەتەی من بە تەریک و شەرمنم دەزانی، زۆر گەرموگوڕە و گەلێ بەسۆزە. لە دەمێکدا، کە جارێکی دی ئامادەی چوونەزانکۆ بووم - جارێکی تریش لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیدا کەوتمە کێشەوە. ئامادەنەبوونم لە وانەکاندا کرابووە بیانوی وەدەرنانم. شەپۆلێکی تری موخابەرات پێویست بوو و منیش تێکەوتمەوە.

وای بۆ دەچووم کە مەسەلەکە ئەوە بێ سەرجەمی کۆمەڵگا، لە بنەوەڕا بە فەسادی هەڵتەکابێ. داروەدەستەی ڕژێم بە بێ هیچ لێهاتوویەک پێش دەکەوتن. نومرە و شادە چ واتایەکیان نەمابوو چونکە کەس نەیدەزانی کێ بە لێهاتویی خۆی وەریگرتووە و کێ بە زۆر وەدەستی هێناوە. ئەم بۆگەنییە، گەیشتبووە سەرجەمی لایەنەکانی ژیان.

لە عیراقی سەددامدا، ئەوەی دەیتوانی دەیپچڕییەوە. ئەو سستەمە وا دەگەڕا. لە ڕاستیدا سستەم نەبوو بەڵکو دژە سستەم بوو.

مەسەلەکەی خۆم بە نموونە بێنەوە. مانگانەی دیاریکراوم سیی دینار بوو - سەد دۆلاری ئەمەریکایی بە ڕەسمی و دە دۆلار لە بازاڕی ڕەشدا (نرخی ڕاستەقینە). مانگانەی من وەک بەخشین بوو. لەبەر ئەوەی هەموو شتێ لە عیراقدا قەدەغەیە، پیاو پێویستی بە ڕوخسەتی تایبەتی هەیە بۆ هەر شتێ کە بیەوێ بیکا. هەموو جارێ کە سەفەری دەرەوەم دەکرد، قەوانی کۆمپیوتەرم دەهێنا تا لە بازاڕە ڕەشە گچکەکەی خۆمدا بیانفرۆشم. پاکەتی فلوپی floppy

له وانەی کە لە ڕۆژاوادا نرخیان هەشت نۆ دۆلارە، بە هاسانی دەمتوانی بە ٤٥ـ ٥٠ دۆلاری بدەم بە تایبەتی سێ ئێنج و نیوییەکان. دوای ئەوە، ئەبوو فیراس ڕوخسەتی بۆ خواستم کە بە شێوەیەکی بەرفراوانتر ئەو کارە بکەم. جگە لەوەش، خستمییە سەر کارێکی لاوەکی. موخابەرات ویستی بازرگانێک لە ژێر چاودێریدا بێ تا بزانن شت بە کێ دەدا تا بچێ لە بازاڕ بە گرانتری بفرۆشێ. ئیدی خۆی و کڕیارەکان لێک دابڕان.

بازرگانەکە، گەنجێکی هاوتەمەنی خۆم بوو. ئیدی بۆ من ئاسان بوو دەمەتەقێی لەگەڵدا دەست پێ بکەم. دوای قسەی ئاسایی لە سەر کچ و سینەما، بەرەو مەسەلەکەی خۆمانم بردەوە. کەمێ لە سەر کاری هاوبەش دواین. زوو پێکهاتین.

موخابەرات، فەرمانێکی بۆ فرۆشیارە حکومەتییەکان (بایعەکان) دەرکرد کە هێندێ لە شتومەکەکانیان بە من بدەن. بەرەو کۆگا گەورە حکومەتییەکان ئاژاوتم کە لە ناوچەی (جورف ئەلنەداوی) ی قەراغ بەغدا بوو. ڕیزێکی درێژ، هۆڵی گەورە گەورەی لێ بوون، هەموو پڕ بوون لە پێداویستیی تویێتا و ڤۆڵگسڤاگن و ئامێری کارەبایی. خەزنە بوو. دەبوو شتەکان لە پیکابێکدا بار بکەم کە بۆ ئەو مەبەستەم بە کرێ گرتبوو و دوایی بەو نرخەی کە خۆم دامدەنا، بە بازرگانانی بفرۆشم و قازانجەکەش بخەمە گیرفانمەوە، خەڵکیش بە دوای شتی پێویستیدا ئەمسەر و ئەوسەریان دەکرد.

کاری وا، تەنها لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێ کە پێداویستییەکان دەگمەن بن و لە بنەڕەتەوە، لە لایەن ئامێری خەفیەگەرێتییەوە دەستی بە سەردا بگیرێ. لە بەر ئەوەیە ناوی دژە سستەمی لێ دەنێم. بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەریش بەڕێوە دەچێ. سستەمێکی عەنتیکە و پڕمەترسییە و ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو کەسێ بە جۆرێ لە جۆرەکان بەو موخابەراتەوە پەیوەستە کە دەیتۆقێنێ. هەموو کەس، پیلان بۆ هەموو کەس دادەنێ و کەس بە ڕاستی نازانێ کێ کێیە. هەموو کەس، بەردەوام سەرگەرمی ڕاکردنە بە سەر بازنەی ناو بازنەکاندا. کەس کات و شوێنی ئەوەی نەماوە بە لای هیچ جۆرە بەرهەڵستکارییەکدا بچێ. تۆ بە ڕاکردن دەخولێیتەوە و هەموو کەسێ بە

ڕاکردن بە دەوری تۆدا دەخولێتەوە. سەددام لە چەقەکەدایە، چەقی پێچکەیەک کە دەخولێتەوە.

( ٨ )

## بە قوڕداچوون

پایزی ١٩٨٦، لێپرسراوەکانم بۆ ڕاهێنانی موخابەراتی ناردیانمە بنکەی (تاجی)ی باکووری ڕۆژاوای بەغدا. جێیەکی ساکارە. چەند ڕیزە جەمەلۆنێکی لە خشت دروستکراوی وەک یەکی لێ هەن. هۆڵی گەورەی بێ سەروبەر و مێزی دار و پەنجەرەی گەورە.

دیمەنی هەرە سەرنجڕاکێشی تاجی، چەند ڕیزە جەمەلۆنێکی درۆزنانەی دارین بوو. ئەم قاوغە بەتاڵانە، بە نموونە دروستکراوەکانی هۆڵیود دەچوون. ئەمانە، داوڵی خەڵەتاندن بوون تا بۆمبهاوێژی دوژمنیان پێ لە خشتە بەرن. کەمێ لەولاتر، نموونەی ساختەی ڕاکێتهاوێژی سام ٦ بوو کە هەرسێ ڕاکێتەکانی ڕووەو حەوا ئاڕاستە کرابوون. ساڵی ١٩٩١ کە ئاسمان پڕ ببوو لە فڕۆکەی ئەمەریکایی، دەبێ ئەم وەجبە مۆدێلە ساختە زۆر بۆمبای کاریگەریان پێ بێ زیان کرابن.

من ئەو دەمە، تفەنگی ئەی کەی ٤٧ و دەمانچەی براونینگم دەسڕین و پاک دەکردنەوە. دوای ئەوە، کاتی تەقەکردنی ڕاستی و نیشان ئەنگاوتنی مەیدانیی هات. لەوانە، زۆر چاک بووم.

ڕاهێنانی ترم لەوە پێک هاتبوو کە تەقەم لێ بکرێ. دەبوو لە مەودایەکی دیاریکراودا، پەیکەرێکی دارینی تا ناوقەدم بەرز، بە دەستەوە بگرم. ئەوجا پیجۆیەکی گەورە، بە دەوری بیناکاندا دەخولایەوە و تایەکانی قوڕ و پیسییان بۆ هەڵدەدام و نەفەرەکانیش تەقەیان لە پەیکەرەکەی دەستم دەکرد. مەسەلەکەش بۆ ئەوە بوو تا دڵی خەفییە قایم کەن. زۆر خەفیە هەن چاک

نیشان دەنگاوێن بەڵام کە تەقەیان لیَ کرا، وا هەست دەکەن لەتوپەت بوون. جارێکی تریش دەرکەوت کە موخابەرات هێندە گێل نەبوون وەک ویَ دەچوو. بە عادەت، ئەوەی من فێری دەبووم ڕۆتینی و بێزارکەر بوو بەڵام وەک دەیانگوت، هێوریی هەر لە کاتی تیرۆری ڕاستەقینەدا پێویستە.

لە ماوەی کارکردنم لەگەڵ موخابەراتدا، زۆرم زانیاریی لە سەر کۆگای چەک و ستراتیژی سەددام چنگ کەوتن کە عیراقییەکانی دی بە هاسانی نەیاندەزانی. بۆم دەرکەوت ئەگەر بتەویَ شتێک بزانیت، وا چاکە لە سکرتێر و شوفێر و باربەر یا یەکێکی وەکو نەسر بپرسیت.

نەسری کڵۆڵ کۆنە هاوەڵی قوتابخانەم بوو. (ئەمیر)ی مامی، ئەفسەرێکی پلە بەرز بوو و لێپرسراوی بەشی کڕین و پەرەپێدانی چەک بوو. نەسریش حیمایەی بوو بۆیە زۆر شتی دەزانی.

من و نەسر بووینە هاوڕیَ و حەزمان دەکرد پێکەوە، ڕۆژگاری خۆمان لە حەببانیە، کە جێیەکی خۆشی فەرەنساکردی دیار دەریاچەیەکە لە نەوەد کیلۆمەتری ڕۆژاوای بەغدا، بە سەر بەرین. جێیەکە، کەمیَ لەولای فرۆکەخانەیەکی گەورەوە بوو کە بنکەی (مێگ)ەکانی سەددام بوو.

حەببانیە، جێی گەشت و سەیران بوو بەڵام بە هۆی جەنگەوە، کەسی دەرەکیی لیَ نەبوو. لە ئەنجامدا، ساڵی ١٩٨٦ بە شێوەیەکی گشتیی، لە لایەن دەستە باڵاکانی کۆمەڵگەی عیراقەوە بەکار دەهێندرا.

ماوەی چەند حەوتوویەک بوو نەسر بەردەوام دوا پلەی پەرەپێدانی چەکی پیَ ڕادەگەیاندم و دڵنیا بوو کە ئەوانە سەرکەوتنی کۆتایی لە شەڕی ئێراندا بە دەست دەهێنن. بە سووربوونەوە دەیگوت کە عیراق کاری زێدە بۆ ئەوە دەکا هێزی تێکشکاندنی تەکنیکیی و تەکنیکی ئەو چەکانە پەرە پیَ بدرێت.

ڕادارە فەرەنسییەکانیش پەرەیان پیَ درابوو و ناوچەی فراوانتریان دەگرتەوە. مەودایان نزیکەی دوو هێندەی خۆیان لیَ کرابوو. لە هەژدە کیلۆمەترەوە کرابووە سیوچوار. هێلیکۆپتەری (ئێم ئای ٢٤)ی سۆڤیەتیی دەسکاریی کرابوو و وای لیَ هاتبوو ڕاکێتی ئاسمان بۆ ئاسمان، دوو دوو بهاویَ. تانکی (تی ـ ٧٢)ی سۆڤیەتیی بەرنامەی کۆمپیوتەری تازەی بۆ زیاد

کرابوو و ئامێری دووربینی شەوی خرابووە سەر. تانکە گەورە سۆڤیەتییەکان نازناوی (شێری بابل)یان لێ نرابوو. تەقەمەنی سۆڤیەتیی بە هی تازە جێیان پڕ دەکرایەوە کە مەودایان پتر بوو بەڵام خۆشپێک نەبوو. (مێگ ـ ۲۳)ی شەڕکەری سۆڤیەتیی ئامێری تری بۆ زیاد دەکرا تا ئەو ڕاکێتە سیحراوییە فەرەنسییانە بۆی ببن کە زۆر لە دەسکردە سۆڤیەتییەکان بەکارتر بوون و نزیکەی لە سەدا سەد نیشانپێک بوون. (مێگ)ەکان، ئامێری پەیوەندیی ئەڵمانییان تێ خرابوو تا پەیوەندیی بە بنکەکانیانەوە بکەن. پارچەی پێداویستیی بچووکی کۆپی دەکران و هەر لە ئەسکەندەرییە وەبەرهەم دەهێندران.

تەکنەلۆجیای ئەڵمانیا و فەرەنسا، سستەمی لە بەرازیل بەرهەمهێندراویان بەهێزتر دەکرد. وەک هەمیشە، ئامێرەکە لە سەری کۆپی دەکرا. ئەمانە، بە شێوەیەکی سەرەکیی لە کاروباری سەربازی و ئامێری ڕاگوێزانی سەربازیدا بەکار دەهێندران.

ئەگەر بەریتانیا گۆڕەپانی خەفیە و تیرۆریستی عیراق بووبێ، فەرەنساش بازاڕی گەورەی هێزە چەکدارەکانمان بوو. هەموو مۆدێلێکی (ئێکسۆسێتس و کریستیان دیور)ی بەناوبانگ دەگەیشتنە ژن و کیژی ئەفسەرەکان.

دواتر بۆم ڕوون بووەوە کە بە خۆیان ڕاکێتی ڕێنماییکراویان نوێ دەکردنەوە و پەرەیان پێ دەدا. لە ماوەی چەندساڵێکدا، (ئێس ئێس ئای) بوو بە باسی خەڵک لە هەموو دنیادا: سکود. هەروەها زانیم کە زۆربەی زۆری ئەو ئەندازیارانەی ئەو کارانەیان دەکرد، بە خورتیی پێیان دەکرا. زۆریان، بێ ئەوەی خۆیان بیانەوێ خرابوونە سەر ئەو کارە. بێ باوەڕی و قینی پیاوەکانی حیزب هێند قووڵ بوون، بە شێوەیەکی ئاسایی ئەندازیارەکانیان ئازار دەدان. زۆریان هەر لەبەر ئەوە سزا دەدان کە چارەکە سەعاتێ دوا کەوتوون. نەخۆشیی منداڵ و ڕووداوی کتوپڕی ئۆتۆمبیل یا مردنی کەسێکی خێزانەکە بە بیانوو قەبووڵ نەدەکران.

کە لە هەموو ئەو قسانەی نەسر ورد بوومەوە، ترسم لێ نیشت. دەبێ ئەویش ئامێرێک بێ؟. دەبێ موخابەرات بیەوێ بزانێ ئاخۆ لە سەری

دەنوسم؟. چەندم هەڵدەسەنگاند چاکترم بۆ ڕوون دبۆوە. دەنا بۆ ئەو هەموو نهێنییە سەربازییانە لە بەردممدا هەڵدەڕێژێ؟.

بڕیارم دا ترسەکەم بۆ ئەبوو فیراس دەربڕم. من چاوەڕوانی ئەوە بووم بە مەسەلەکە بزانن و هەر وا لابەلایی وەلای بخات. کەچی ئەبوو فیراس لەقەی لە ئاسمان دەدا.

یەکسەر، نەسری قوربەسەر ڕەوانەی بەرەکانی پێشەوەی شەڕ کرا. بەڵام بەختی هەبوو و ئەمیری مامی بۆی تێکەوت و گێڕایانەوە و لە جێیەکی سەلامەتۆکەیان دانا.

دوایی زانیم نەسر بۆیە قسەی بۆ دەکردم چونکە پێی وابوو مادام باوکم گرنگ بوو، دەبێ منیش وابم و هەرچم بۆ بگێڕێتەوە قەیدی نییە. ئیدی کەوتە ناو بازنەکەوە.

ئەمە دوای ئەوە بوو کە هەموو دنیا زانی کۆڵۆنێڵ ئۆلیڤەر نۆرت و ئەوانەی لە پەناوپەسێوی کۆشکی سپییەوە خراپ سەرکردایەتییان بەڕێوە دەبرد، بۆ بارمتە ئەمەریکاییەکانی لوبنان چەکیان بە ئێران فرۆشتبوو. نۆرت و هاوکارەکانی تۆمەتی ئەوەیان بەسەردا درابوو کە هاوکاریی مۆدێراتە ئێرانییەکان دەکەن ـ مۆدێراتی لە چەشنی ڕەفسنجانی. ئاشکرایە ڕەفسنجانی هەر هێندەی هێنریخ هیملەری لێپرسراوی گێستاپۆی هیتلەر مۆدێراتە. کەم کەس دەزانێ کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە بیانووە ئاشکراکانی ئەمەریکا و نەشارەزایی هەڵسوکەوتی لەگەڵ ناوچەکەدا، سەرسام بوون. خەریک بوو تێدەگەیشتن بەڵام تێگەیشتنێکی وا نا لە ئاستی پێداویستیدا بێ.

ئاشکرابوو کە ئەمەریکا، گەمەی (جیاوازیی نێوان دوو وێنە)ی دەکرد. پشتگیرییەکی کەمی عیراقی دەکرد بەڵام کەمیش هەوڵی دەدا چەکناردن بۆ ئێران ڕاگرێ. هیوایان ئەوە بوو کە ئەو دوو میللەتە یەکتر بهاڕن. خۆ هەر ئەمەریکاییەکان نەبوون ئەو گەمەیە بکەن، فەرەنسا و سۆڤیەت و چین و تەنانەت ئیسرائیلیش، بازاڕی بەپیتی چەکیان دەگەڕا. واشینگتۆنیش بۆ ڕازی کردنی عیراق، ئاڵای خۆی دەخستە سەر کەشتی نەوتبەری کوێتییەوە و نەوتی عیراقی پێ لە لێدانی ئێران دەپاراست. سەددام بەو هەڵوێستەی

ئەمەریکا نەختێ هێور بووەوە.

سەددام لە زووەوە هەوڵی دەدا ئێران ڕاکێشێتە گفتوگۆی شەڕڕاگرتنی ئەو جەنگە حەوت ساڵییەی کە دەمێ بوو بۆی دەرکەوتبوو سەرکەوتنی تێدا وەدەست نایە. بەڵام مەلاکانی ئێران، وا وێدەچوو حەز لە گەرماوی خوێن بکەن. سەددام دەستی بە داهێنانی تاکتیکی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)ی کرد. لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا بارەکەی خستە ڕوو: ژمارەی بێ برانەوەی کوشتاری ئێرانییەکان، کەللەڕەقییان، بۆمبارانی پتری تاران، بێسوودیی ئەو بۆمبارانە و هێرشی خەستتر بۆ سەر کەشتییەکانی ئێران لە کەنداودا، و دوایی مەترسی سەر کەشتییە کوێتییەکان و سیاسەتی مەبەستشاردنەوەی ئەمەریکا و ... ئەوەی پێویست بوو ئەوە بوو کە ئەمەریکا بە وشکیی لێی دەرنەچێ.

سەددام ڕووی کردە (جەنەراڵ حەمید شەعبان)ی گەورەی فڕۆکەوانان و پێی گوت: "فەرمانت پێ دەکرێ کە کەشتییەکی جەنگیی ئەمەریکایی لە کەنداودا تێکبشکێنی... ئێکسۆسێت Exocets بەکار بێنە".

تەنها لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەو بۆچوونە هەیە کە لێدانی کەشتی ئەمەریکایی شەڕڕاگرێ. هێرشەکە، نموونەیەکی پڕ بە پێستی زەوقی سەددام بوو. لەوەش زیاتر، نموونەی ئەوپەڕی لۆژیکی شێتانەبوو. ئەمەریکا خۆی دزییەوە چونکە کوێت و ئێران و عیراق هەموو خەسارەتێکیان لێ دەکەوت و ئەمەریکا و فەرەنسا و سۆڤیەت و هەموو وڵاتانی دنیا، وەک پێدەچوو، چەکیان بە هەردوولا دەدا. یەک جێیەکی گەورە بوو بۆ تاقیکردنەوەی چەک.

ڕەنگە هەر تەوژمهێنانی ئەمەریکا و سۆڤیەت لە توانایاندا بووبێ شەڕەکە ڕاگرن. بەڵام تەوژمهێنانی ڕاستیی ها!. تەوژمهێنانێ کە لە توانایدا بوایە دەماری چەکی ئێرانی ببڕێ. عیراقیش بەخۆی لە لایەن سۆڤیەتەوە دابڕابوو. ئەمەریکاییەکان کاتێ بۆ ڕاگرتنی شەڕ هەنگاویان دەنا زیانی ڕاستەوخۆی وایان لێ بکەوتبا کە جێی قبووڵکردن نەبایە. زەرەری وەک دەماری ناوک، لە سەرووی هەموو شتێکیشەوە کەشتیوانەکان.

له ١٧ی مایسی ١٩٨٧دا میراجێکی شەڕکەری فەرەنساکردی سەددام، له حەوای شینی سەر ئاوی کەنداوەوە، بەرەو (یو ئێس ئێس ستارک) دەرکەوت. ڕاداری ستارک زوو میراجەکەی فەرق کردبوو بەڵام سەرەککەشتیوان، درەنگ هەستی بە بڕیارە کوشندەکەی کردبوو. دوو ئێکۆسێت بەر لایەکی (یۆ ئێس ئێس ستارک) کەوت. ستارک توانی بە لەقەلەق بگاتە بەندەرێکی سەلامەت. بەڵام سیوحەوت کەسی کەشتییەکە خرانە تابووتەوە و بە ئاڵاً ڕازێندرانەوە و نێردرانەوە بۆ گۆڕستانی وڵاتی خۆیان. سەددام داوایەکی دوور و درێژی لێبووردنی کرد و تێیدا ڕایگەیاند کە ڕووداوێکی دڵتەزێن بووە. ئێستاش ڕوون نەبووەوە کە میراجەکە چۆن دوو ئێکسۆسێتی نا بەو نیشانەوە. دامودەزگای ئەمەریکایی و نێودەوڵەتی، ڕێیان نەدرا چاوپێکەوتن لەگەڵ فڕۆکەوانەکەدا بکەن. بەڵام کاتێ سەددام، وەک خەسار بژاردن دەوری ٢٧ ملیۆن دۆلاری دایە کەسوکاری کوژراوەکان، ئیدی هەموو لا کڕ بوون.

دوو هێندەی ئەو نرخە، بۆ سەددام هەرزان بوو. واشینگتۆن، بە ڕاستیی بۆ ڕاگرتنی شەڕ تێکەوت. ئەو شەڕەی کە بلیۆنها دۆلار لە سەر سەددام دەکەوت، بەرەو بڕانەوە چوو. ئەو فڕۆکەوانەی کە بووە هۆی ئەو "ڕووداو"ە پلەی بەرز کرایەوە و لێپرسراویی کۆلیژی سەربازیی پێ درا.

لە بەر ئەوەی موخابەرات بووم، لە سەربازیی، دوور لە جەنگ دانرام. بە بێ مەترسیی ژیانم بەڕێوە دەچوو. لە سەر خوێندنی خۆم بەردەوام بووم و کاتی زیاتر و زیاترم لەگەڵ (بان)دا بەسەر دەبرد. هێشتا هیچ باسێکی لایە تاریکەکەی ژیانم بۆ نەکردبوو نەبادا بشڵەژێ. مادام گوێڕایەڵی ئەبوو فیراس بووم، چ مەترسییەک بۆ بان نەبوو.

دوایی هەستم کرد لە نرخی (بان)م کەم کردۆتەوە و ئەو کەسایەتییەم شکاندووە کە زۆر لە هی من هێمنتر و بەهێزتر بوو. دەبوو تۆزقاڵێ لەو هێزەی ئەوم تێدابێ چونکە شێوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بارودۆخی زەحمەتی پێکەوەبوونماندا وای دەخواست. دەبوو چەندین بیانوو بۆ ماڵەوەیان بدۆزێتەوە چونکە دایک و باوکی، هەر ئەوەندە بە دیداری کچەکەیان لەگەڵ

موسـولْمانێکدا شـاد دەبـوون کە دایـک و بـاوکی مـن بە دیـداری کوڕەکەیـان لەگەڵ کچە مەسیحیەکدا شاد دەبوون. ڕۆمیۆ و ژولێتـی عیـراق بـووین و وەفا بـۆ باسـە کلاسـیکییەکە، ژولییێت بەهێزتـر بـوو. بەڵام بەختـەوەر بـووین و مـن بەختەوەرتر بووم کە هەستم دەکرد توانای ئەوینم بە هۆی دلڕەقی بـاوکمەوە نەمردووە.

نازانم کەنگێ بۆم دەرکەوت کە هەم قینم لەوە بوو لە موخابەراتدا بـم هەم پێم خـۆش بـوو. ڕقـم لە خەبەرلێدان بـوو بەڵام ئاخرێکەی دەبوو بۆخـۆم دان بەوەدا بنێم کە حەزم لە دەسـەڵات دەکـرد. ئەگەر یەکێ کەمـۆکەک ژیـانی لـێ نـاخۆش کردبـام، مـووی دێـوم لـێ دەسـووتاند!. ئیـدی نەدەمـا. ئیـدی وەک (خۆمان) بیرم لە موخابەرات دەکردەوە و بارەگاکەشی بارەگای (خۆمان).

لە هەمـــان کاتـــدا بـــۆم ڕوون دەبـــۆوە کە چەنـــد بـــۆ ســـەددام هاســـانە دارودەسـتەی پیـاوکوژ پێکەوە نـێ. ڕقـم لەو کـابرایە بـوو کەچـی بـزانە چـۆن پێـوەی کـردم!. بـۆ یەکەم جـار بیـرم لەوە کـردەوە کە بچمە دەرێ. دەمزانـی وردە وردە دەبم بە چی. بەشێ بووم لە دژە سستەم. بەرەو ئەوە دەچـووم ببم بە پیاوکوژی کرێ.

تـا ئێـرە، هەمـوو گۆڕانکارییەکـانم وەک چـارەنووس قەبـووڵ بـوو. بەڵام ئێوارەیەک لە سیمای جوانی بان ڕامابووم، کتوپڕ زانیم چم بەسـەر هـاتووە. بڕیـــارم دا ڕێـــی دەربـــازبوونی هەردوکمـــان بـــدۆزمەوە. بە دوای ڕێـــی دەربازبوونـدا دەگەڕام. دەمزانـێ نـابێ هەڵە بـکەم. دەبـوو لە خۆیـان چـاکتر گەمەکە ئەنجام بدەم. ئەگەر وام نەکردبا، بە زیندویی دەیانخواردم.

کە خۆمم دی بە قوڕ و پیسیی موخابەراتدا، قووڵتر و قووڵتر ڕۆدەچـووم، بـان بـوو بە هێڵـی ژیـانم. دەمزانـی لەگەڵ ئەودا، دەشـێ ببمەوە بە مرۆڤێکـی بەڕێز ـ ئەگەر جارێ لە جاران بەڕێـز بووبم. لە سـەرەتاوە، پێویستیم بە بـان بوو، دوایش خۆشم ویست.

شـەوێکیان کە پێکەوە لە ژوورەکەی مندا بـووین، تەوژمـم بـۆ هەسـتەکانی خـۆم هێنـا و تونـد بە خـۆممەوە نووسـاند و ماچەکانمـان تـا دەهـات گەرمتـر

دەبوون. هەستم بە سۆزی ئەو، لە هەی خۆم پتر دەکرد. بۆ سەر پێخەفەکە پاڵی پێوەنام و وەک دوو شێری برسی تێکئاڵاین.
بۆ زۆربەی پیاوی عیراقی، دەبێ ئەوە کۆتایی چیرۆکی ئەوین بێ. بەڵام من، تێکئاڵآنمان، پەیوەندیمانی بەتینتر کرد. لە بەر پەیوەندییە تازەکانمان، گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە ڕاستترین ڕێگە ئەوەیە بان بزانێ تووشی بە تووشی کێوە بووە.
لە ڕێستۆرانی کریستاڵ کە کەوتبووە سەر ڕوباری دیجلە و جێیەک بوو کە هەردوکمان پێمان خۆش بوو، ئێوارەیەک بە دەم نانخواردنەوە باسی مەسەلەی مۆساد و "دەربازبوون"ی خۆم و پێوەبوونم لەگەڵ موخابەراتدا بۆ گێڕایەوە. لە سەرەتاوە هیچی نەگوت.
بە شێوەی باوەڕنەکردنەوە پرسی: "تۆ خەفێی؟".
"بەداخەوە ئا. هەوڵ دەدەم کەس تووش نەکەم بەڵام بە ڕاستیی، مەحاڵە. دەبێ لەمە دەرباز بم".
"دەکرێ بکشێیتەوە؟. ڕێت پێ دەدەن وازبێنی؟".
بۆم دەرکەوت کە نەیزانی مەبەستم لە "لەمە دەرباز بم" چییە. تا پێم کرا بە هێمنیی پێم گوت: "نەخێر ئازیزم. ڕێی کشانەوە بە کەس نادەن. جارێ نازانم چۆن، بەڵام دەبێ لە وڵات دەرچم. یەکجاریی بڕۆم. ئەو دەمەش لە هەموو دەمێ پتر پێویستیم پێت دەبێ".
ڕەنگی بزڕکا. مەغزای تەواوی گوتەکانم، بە تەواوی لە سەری نیشت. دوای تاوێ، وەقسان هات:
"من لە مەسەلەی موخابەرات تێناگەم و نازانم چۆنچۆنی دەگەڕێ. بەڵام من تۆ دەناسم و دەزانم لە بارەی ژیانەوە هاوبەشی هەستمی. ئەوەش بۆ من بەسە. ژیانم لەگەڵ تۆدا دەبێ، جا لە کوێ دەبێ با ببێ".
چەند مانگێ بوو، ئەوە یەکەم جار بوو هەست بکەم پاشەڕۆژم هەیە. دوای ئەوەی لە لای بان دانم بە هەموو شتێکدا نا، وەک بەرێ بەردەوام بووم. چاوەڕوانی کات و دەرفەت بووم.

لەبەر ئەوەی کارە گومانلێکراوەکەم شڵەژاندبوومی، ماوەیەک خۆم سست کرد و حەسامەوە. ئیدی، فەلەستینییەکە تەلەفۆنی کرد.

دەنگێکی نائاشنا، بە ئەدەبەوە گوتی: "نامەیەکم لە باوکتەوە بۆ هێناوی. دەکرێ لە ئوتێلی میریدیان یەکتر ببینین؟". دەتگوت کیسە گەوهەرێکی لە شای بەریتانیاوە بۆ هێناوم. ڕەنگە ئەمەیان لەو نامەیە لەبارتر بووبێ.

لە سەر قەراغی قەرەوێڵەکە دانیشتم و هەوڵم دا حەواسی خۆم کۆ کەمەوە. یەکەم، ئەوەی تەلەفۆنی بۆ کردم بە شێوەی فەلەستینیی داخاوت، ئیدی لە گوین بوو سەر بە مۆساد بێ. دووەم، مۆساد دەیزانی کە باوکم نامە بۆ من نانووسێ، لەبەر ئەوە، وا پێ دەچوو ئەوە هێمایەک بێ لەوانەوە. سێیەمیش، تەکنیکەکە هی مۆساد نەبوو. لەوە ڕاستەوخۆتر بوو کە لە تاقیکردنەوەوە بێ.

بەو قەناعەتە گەیشتم کە پلان بێ. ڕەنگە هی موخابەرات بێ.

ئەبوو فیراسم دیت. ئاگاداری کردمەوە کە زۆر وریای خۆم بم. گوتی: "ئەمە شتێکی تێدایە". ئامێرێکی دەنگتۆمارکردنی وێدام. خستمە گیرفانمەوە و مایکرۆفۆنەکەش بە یەخەی چاکەتەکەمەوە بوو. پاشان گوتی: "با ئامێرەکە بەردەوام کار بکا". ڕۆیشتم بۆ دیدەنی کوڕە فەلەستینییەکە.

لە میریدیان، تەلەفۆنم بۆ ئەو ژوورە کرد کە پێی گوتبووم. ئەوەشی گوتبوو کە بە قژە سپییەکەی بیناسم. دوای چەند دەقیقەیەک دەرکەوت. بە گەورەپیاوی کاروبار دەچوو، بەڵام هێشتا نەمدەزانی سەر بە مۆسادە و بێباکانە کاتی دیدار دادەنێ یا پیاوی موخابەراتە و وەک مۆساد خۆی پێشان دەدا تا بزانن هێشتا لەگەڵ ئیسرائیلییەکاندا بەردەوامم یا نەء. یا وەک ڕایگەیاند، فەلەستینیی بوو.

بە گەرمیی پێشوازیی لێ کردم و بردمیە سەر مێزێکی تەریکی قاوەخانەکە. تازە دەستی بە باسی کار کردبوو، چاوم بە ئەبوو فیراس کەوت بەرەو ڕوومان دەهات. هاتە دیارمان و لێی ڕوانیم: "مەرحەبا حوسێن".

فەلەستینییەکە پێکەنی و گوتی: "بۆ ئەوەت هێناوە بمگرێ؟. پێت وابوو من چیم؟ جاسووس؟".

شتێکی پێکەنینهێنەر بوو. وەک دەرکەوت، ئەو فەلەستینییە بێ غەلوغەش بوو. بۆ ئەوە لە بەغدا بوو تا لە کۆبوونەوەی بەرەی ئازادیخوازی فەلەستینی ـ عیراقدا بەشدار بێ. موخابەراتیش، وا پێ دەچێ بە یارمەتیی باوکم بووبێ، منی ڕاست کردبۆوە. تاقیکردنەوەیەکی تریش کرام. پێوانەیەکی دی. هەر ئەو ماوەیە، عەسەبەکانم پێکدا دەهاتن.

لە نیویۆرک، بە زەحمەت دوو قسانمان پێکەوە ڕەدوبەدەڵ دەکرد. بۆم دەرکەوت کە باوکم و دایکم کێشەیان هەیە چونکە باوکم بەردەوام لێی توورە دەبوو و شەڕی لەگەڵدا دەکرد. بڕیارم دا قسەی لەگەڵدا بکەم. بەدەم گریانەوە پێی گوتم: "لە سەر هەموو شتێ هەر بۆڵەم بە سەردا دەکا. چی دی نازانم لە سەر چییەتی".

پێم ڕاگەیاند کە کەوتوومەتە کێشەیەکەوە بەڵام بەرەو چارەسەر دەچێ. دوایيش گوتم: باوکم لە سەر ئەوەی کە کردوومە، داوای لەناوبردنی کردووم.

کە بیستی مێردەکەی داوای کوشتنی کوڕەکەی کردووە، لە سەر خۆ نەما. ئەوە دوا پوشکەی خۆ پێوە گرتنی بوو. دوای شەڕەچەقێیەک کە لە نێوان ئەو و باوکمدا ڕووی دا، خۆی پێچایەوە تا بۆ هەمیشە بە جێی بێڵێ. دوای ئەوەی لە نیویۆرک گەڕامەوە بە ماوەیەکی کەم، ئەویش گەڕایەوە بۆ بەغدا. ئەو دەمە، لە پۆلی سێی زانکۆدا بووم و لەگەڵ هەموو شتێکیشدا نومرەکانم جێی ڕەزامەندیی بوون. ئەبوو فیراس و پیاوەکانی، بەردەوام بەوە سەرقاڵیان دەکردم کە چاودێریی ئەم خوێندکار و ئەو پرۆفیسۆر بکەم. کاتەکانی تری پشووم بەوە بە سەر دەبرد کە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری هەمەجۆرەی شەرمهێنەری دارایی، لە بازاڕی دژە سستەمدا بکەم و بازاڕی تەڕ و پڕی پشووی هاوین، بە قەوانی کۆمپیوتەر و پێداویستییەکانی ئۆتۆمبیل گەرم کەم.

لە هێندێ لە تاقیکردنەوەکاندا، بە چاکیی دەرچووم. موخابەرات ساڵی ١٩٨٧ تاقیکردنەوەی دڵنیایی کەسێکی پێ سپاردم کە قەول بوو لە کارگەی ڕاکێتدا کار بکا.

لە بــاکووری ڕۆژاوای بەغــدا، کــارگەیەکی گەورە هەبــوو پێــی دەگــوترا (مونشەئەت نەسر- کارگەی سـەرکەوتن). دوا لەحیم و کۆکردنەوە و لێکدانی ڕاکێتەکـان لەوێ ئەنجـام دەدران. ئەو پیـاوەی کە دەبـوو هەلیـسەنگێنم نـاوی ئەحـمەد حەسـەن بـوو. لە مـاوەی ئەنجامـدانی ئەو ئەرکەدا، زۆرم لە بـارەی ڕاکێتی کۆمەڵکوژەوە زانی.

نەسـر، جێیەکـی زۆر گەورە بـوو. دوو بەرهەمــی هەرە ســەرەکی ئەوێ، ڕاکێتـی (ئەلحوسـێن) و (ئەلعەبباس) بـوون کە لە ڕاکێتـی (ئـێس ئـێس ئـای) ڕووسییەوە پەرەیان پێ درابوو. ئەندازیارە عیراقییەکان (ئێس ئێس ئای)یان دەکردەوە و لە سـەر پارچەکانیـان کـۆپی دەکرد و دروسـتیان دەکـردن جگە لەوەی کە داهێنانی خۆشیان دەخستنە سەر. هەمـوو کارەکانی نەسر لە لایەن زانـایەکی ئەڵمـانییەوە، کە وەک یەزدان فەرمـانی دەردەکـرد، بەڕێـوە دەبـرا. ئەوەی لای هەرە سەرەوە نەبووبێ، هەر ناویشی نەدەزانی.

ڕاکێتـی ئەلحوسـێن، سـەرکەوتنی دیـاریکراوی بەدەست هێنـابوو. مەودای دەگەیـــشتە ٦٠٠ کیلـــۆمەتر. بەڵام دامەزرێنەرەکـــانی بیریـــان چووبـــوو گۆڕانکارییەکانی مەودا، لەگەڵ پایە نەگۆڕەکەی هێزی هاویشتنیدا بگونجێنن. لە بەر ئەوە، هەر جارە و تەنها شەش دانەی لێ دەهاوێژران.

ئەلعەبباس، ئامێری هیوا بوو. مەودای ٨٠٠ کیلۆمەتری هەبوو و پایەکەی، هەر جـارە و سـیی دانەی پـێ دەهـاوێژرا و هەر یەکەشـیان ٢٥٠ کیلـۆگرام ناوەخنی تەقینەوەی تێدابوو.

عەیبی هەردوو جـۆرە ڕاکێتەکە لەوەدا بـوو کە سـستەمی ڕێنماییـان پێـوە نەبوو تا بە وردی نیشان بپێکن. بەڵام بۆ سەرکردەکانی ئێمە، ژمارەیان گرنگ بوو. شتێک پێک دەهات، تا لە شتێکی گرنگی پێ بدرێ. وەک هەمیشە، ئەو نیشانەی کە لە خەیاڵدا بوو، ئیسرائیل بوو.

لە ڕاســتیدا، کارگەکــانی نەســر بەرمیلیــان بــۆ هەمــوو شــتێ، هەر لە سـووتەمەنی مـاڵەوە بگـرە تـا دەگـاتە قـازانی عەمبـارکردنی نەوت، وەبەرهەم دەهێنا. هەر کـاتێ ئەمەریکاییەکـان یـا پشکێنەر و هاوپەیمانـان هـاتبن تـا لەوە دڵنیـا بـن کە لە نەسـردا، شـتومەک و تەکنەلۆجیاکـان بـۆ مەبەسـتی ئاشـتی لە

گەڕدان، ئیدی شانۆکەیان بۆ خراوەتە کار. کارگەی ڕاکێت کە دەبوو تێکبشکێندرێ، لە مەکینە و ئامێری دروستکردنی بەرمیلەوە کە نزیک بوو، ڕادەگوێزرایەوە و لە جێیدا، قازانی نیوە تەواوکراو کە لە بەر دەستا بوون، بە پشکێنەرەکان پێشان دەدران. کەشوهەوای ڕاستگۆییان پێ پێکدەهێندرا.

پشکێنەرە ئەمەریکاییەکان کە هێندێ جار سەر بە کۆمپانیاکان بوون و هێندێ جاریش سەر بە حکومەت بوون، بە ئەدەبەوە، بست بە بستی کارگەکەیان پێشان دەدران و بە دیققەتەوە سەیری هەموو شتێکیان دەکرد و ورد دەبوونەوە و شتی پێویستیان تۆمار دەکرد و دەڕۆیشتن.

ئەبوو فیراس و هاوکارەکانم، ئەمەیان پێ خۆش بوو و بەوە پێدەکەنین کە چۆن ئەمەریکاییەکانیان لە خشتە بردووە. من هەرگیز دڵنیا نەبووم کە ئەمەریکاییەکان لە خشتە براین. باس باسی پارەیە و بەرژەوەندیش بەرژەوەندییە بە تایبەتی لە کاروباری چەکدا.

ئەڵمانی و سویدی و سویسرییەکان، بە ئاشکرا لە دروستکردنی جبەخانە و فڕۆکەخانەی ژێر زەمین بۆ هێزی ئاسمانیی سەددام، یارمەتیدەر بوون. بە جۆرێ بۆ دروستکردنی ئەو بینایانە پێکهاتبوون، کە هیچ هێرشێک، تەنانەت هێرشی ئەتۆمیش کاریان تێ نەکا. پیاو مەزەندەی ئەوەی هەبوو کە بزانن مەبەست لە توانای کامە دوژمنە.

ئاشنابوون لەگەڵ ئەحمەد حەسەندا، بۆ من ئاسان بوو. ئەو ماڵی لە گەڕەکەکەمان بوو و ئەمەش بۆ من بیانوویەکی چاک بوو. عادەت وایە ئەگەر یەکێ لە بنەماڵەیەکدا بمرێ، دەرودراوسێ سەریان لێ دەدەن. بە هۆی شەڕی ئێرانیشەوە، هەمیشە پرسە لەو دەورەدا هەبوو.

بەوپەڕی ساکاریی، چووم لە دەرگای ماڵی ئەحمەد حەسەنم دا و داوام لێ کرد پێکەوە بچینە پرسە و نامەوێ بە تەنێ بچم. ئەم ڕەفتارە، لە ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستدا، لەگەڵ مەیلەو نائاشناشدا ئاساییە. پێکەوە بەرەو ڕەشماڵێک چووین کە لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا بۆ ئەو مەبەستە هەڵدرابوو.

دوای کفن و دفن، من و ئەحمەد حەسەن بۆمان دەرکەوت کە هەردووکمان وەک یەک حەز لە شەترەنج دەکەین. دوای ئەوە، یا لە ماڵی ئەوان یا لە ماڵی

ئێمە، پێکەوە شەترەنجمان دەکرد. ئەوەی بۆم دەرکەوت ئەوە بوو کە ئەحمەد ئەنـدازیارێکی لێهـاتوو و کـوڕێکی ئاسـایی بـوو. حەزی لە سیاسـەت و خواردنەوە و بەدووکەوتنی کچ و شتی تری مەترسیدار نەدەکرد. منیش بە ساردییەوە ویستم بۆ ناو باسی چەک و سیاسەت پەلەکێشی بکەم. ئەو، تەنها هەوەسی لە شەترەنج و پارەبوو. دەیزانی گەورەکان، چۆنچۆنی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەندازی کارگەکاندا دەکەن، بەڵام ئەوەشـی دەزانـی کە پـارەی زۆر و گەلـێ جـار زەوی و ئۆتۆمبیلیشیان وێ دەدەن. ئەو پـارەی دەویـست. منـیش ڕاپۆرتێکی بێ لایەنانەم لە سەر کارکردن لە کارگەی سەرکەوتندا گەیاند.

نەسـر تـاکە مەودایەک نەبـوو کە بەرهەم لە سـەر نەخـشەی دزراوی تەکنەلۆژیـای مرۆخـواردن بە دەسـت بێنـێ. کاروبـاری بەڕێـوەبردنی کۆمپیوتەریش لە عیراقدا لە سەر شێوەی تازەترین (ئای بی ئێم) و (ئەپڵ) پەرەی پێ دەدرا.

هاوەڵێکی بەسرایی ئازا هەبوو کە لە خوارووی عیراق، لە نزیک سنووری کوەیت خەریکی کاری کۆمپیوتەر بوو. ئەوێک کە لە سەر پەرەپێدانی چەکدا سەروسەودای هەبوو، پارەی باشی چنگ دەکەوت. تاکە کێشەی ئەو لەوەدا بوو کە (ئەپڵ) بۆ پەرەپێدانی چەک نەدەشیا. بۆ چارەی ئەوەش، بە هاسانی بابەتی پێویستیی لە کوەیت و میرنشینە یەکگرتووەکان چنگ دەکەوت چونکە لەو وڵاتـانەدا، (ئەپڵ) گەلـێ کـاری ئەنجـام دەدا. لەوێـوە، پێداویـستییەکانی بە نـاوی کۆمپانیـای خەیاڵییەوە دەنـاردنەوە. ڕوخسەتی ساختەی بەکارهێنەر - تـاکە کەس، کۆمپانیـا یـا وڵات - وەک دوا قۆنـاغی بابەتەکـانی هەبـوو. بەم شـێوەیە، پـێچ بە دەوری یاسـادا دەکـرایەوە و شـتەکان بە پەلە دەگەیـشتنە عیراق یا دەوڵەتی نەیار. ئیدی پارچەکان لێک دەدران! دەبوون بە عیراقنتۆش ئەپڵ.

جێی سـەرەکی کـۆکردنەوە و لێکدان لە بەغـدا، لە شـەقامی ١٤ی ڕەمەزان بوو و لە شـەو و ڕۆژێکدا شـازدە سـەعات - دوو شـەفتی تەواو - کار دەکرا. بەم کۆمپیوتەرانە تواندرا تاقیبکەری گەرمایی بۆ ڕاکێتی سـام ٦ بدۆزنەوە. کە ئەمەریکاییەکـان بـاڵۆنی ڤـانتۆمی گەرماییـان پەرەپێـدا تـا ڕاکێتەکـان بە هەڵەدا

بچن، پشکێنەرەکانی ئێمە خەریکی ئەوە بوون (سام)ەکان وا لێ بکەن کە جیاوازیی لە نێوان باڵۆن و فڕۆکەدا بکەن.

کاتێ کڕیارە حکومەتییەکان بۆ کڕینی (ئای بی ئێم ـ ئێکس تی) کێشەیان بۆ پەیدا بوو، داهێنەری عیراقی یەکێکیان لەوانە هەڵوەشاندەوە کە هەیانبوو و هی تریان لە سەر پارچەکانی دروست کرد و وەکاریان خستن. ئەگەر پێداویستیی کتوپڕ هەبا، ئەوا لە کوەیتیش دەست دەکەوت. تا ئەو ڕادەیەی کە بەغدا پێی دەویست، ئەرکی کوەیت بوو. وەک پیشەی هەمیشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەسەلە بەرژەوەندیی بوو. کەس لە ناخۆشترین خەونیشدا بە خەیاڵیدا نەدەهات کە سەددام ڕووی ئەو چەک و ڕاکێتانە بەرەو کوەیت وەرگێڕێ. تەنها ئەو دەمە نەبێ کە گەمەی فوتبۆڵمان پێ دۆڕاندن و تەماشاکەرانی عیراقی هاواریان دەکرد کوێت بەشێکە لە عیراق و دەبێ وەرگیرێتەوە.

( ٩ )

## نەبوخەدنەزەری سەردەم

شەڕ لەگەڵ ئێراندا، بە سوپایەکی ماندوو ـ بەو دوایەش بێزارەوە ـ بەردەوام بوو. بەهاری ساڵی ١٩٨٨ سەربازەکان دەیانزانی بە فیڕۆ دەکوژێن. جەنەراڵ عەبدلماهیر ڕەشید، یەکێ بوو لە قارەمانەکانی جەنگ تا ئەو دەمەی کە ئێرانییەکان لە لای بەسراوە، بە ناو زونگاوەکاندا پێشکەوتن و ناوچەیەکیان گرت، ڕەشید بۆ ڕاستکردنەوەی بارەکە نێردرا. توانی و لەو دەمەدا کە بەسرا لە مەترسیدابوو، بەری هێرشی ئێرانییەکانی گرت تا بەسرا دەرباز بێ. ڕەشید، باوەڕی بەخۆی بوو، بە تەبیعەت سوعبەتچی بوو، و بە

سروشتیی له کاری سەربازیدا لێهاتوو بوو. بەو بەهرانەوە کە هەیبوون، لە سوپای هەر وڵاتێکی ڕۆژاواییدا بوایە جێی بەرز دیار دەبوو. بەڵام لە عیراقدا لاخرا. هەر وا لەبەر ئەوەی لە سەددام هەڵگەڕایەوە تێداچوو. دەبێ ڕەشید ئەو کاتەی لەگەڵ براکەیدا ـ کە سەرکردەی هێزی تانک بوو ـ هەوڵی کودەتایان دا ئەوەی زانیبێ.

لە سەرکەوتن نزیک نەکەوتنەوە. سەددام گوێی لە ناو کارەکەیاندا هەبوو، و تیپە تانکەکان، لە لایەن هێزی کۆمارییی سەر بە سەددامەوە، بەرەو بەغدا بەڕێوەبوون. براکەی ڕەشید بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش کوژرا: سەددام فڕۆکەوانی هیلیکۆپتەرەکەی گۆڕی و فەرمانی بە براکەی ڕەشید دا بچێتە بەغدا. فڕۆکەوانە تازەکە چاوەڕوانی کرد تا سەرکردەی تانک (براکەی ڕەشید) گەیشتە لای کۆپتەرەکە. ئەوجا چەقۆی لێ دەرهێنا و گۆشاوگۆش سەری بڕی. جەنەراڵ ڕەشیدیش هەمان چارەنووسی دەبوو بەڵام لەبەر ئەوەی کیژەکەی مێردی بە قوسەی کوڕی سەددام کردبوو، لە ماڵەکەی خۆیدا دەسبەسەر کرا.

لە بەدبەختی عیراق و کەنداو و هەموو دنیادا، سەددام هێند بە دیقەت نەیارەکانی خۆی لابردوون کە کەسی وا نەماوەتەوە دەسەڵات بگرێتە دەست و وڵات بەڕێوە بەرێت ئەگەر بە ڕێکەوت، شتی وا پەیداش ببێ.

سەددام خەڵکی دوور خستنەوە، بەرهەڵستکاری شیعەی ئەشکەنجە دان و کوشتیانی، ژەهرکوژکردنی کورد، کە گرووپێکی دیکەن و لێی ڕاپەڕیون، بە ناوبانگە. کاری موخابەرات دژی کوردەکان کەمی لێ زاندراوە. موخابەرات، خەفێی مێینەی دەنارد تا ماستی خۆماڵی بە کوردەکان بفرۆشن. ماستەکە، ژەهری سیانید یا مەرگەمووشی تێدەکرا و ئەوەی بیخواردبا دەمرد. ئەمە دژی ئەوانەش کرا کە لە ئەوروپا بوون و بە دژە سەددام ناسرابوون. ئەمە لە بری کردەوەی نامرۆڤانەی "سنووقی دیپلۆماسی" بوو.

ئەندامانی دەعوە، کوردەکان، ئەوانەی لە حیزب هەڵدەگەڕانەوە و ئەو ئەفسەرانەی کە ململانێکردنی سەددامیان دەخستە ڕوو، هەموو لە ناو دەبران.

دوای ئەوەی بە گاز دەکوژران، تیرباران دەکران یا سەر دەبڕدران و دەخرانە ناو سنووقەوە و لە بەر دەرگای ماڵی خۆیان دادەنران.

لەو بارودۆخەدا، نابێ جێی سەرسوڕمان بێ کە یەک تاکە گرووپی دیموکراتیانەی بەرهەڵستکار نەبێ. بەرەیەک لە بەریتانیا بە ناوی (بەرەی دیموکراتی لیبرالی)یەوە هەیە کە لە کاتی ڕمانی پاشایەتی عیراقەوە، لە لایەن حکومەتی بەریتانییەوە دروست کراون. سەرکردەکەیان کوڕی ئەو سالح جەبرەیە کە سەرەکوەزیرانی زەمانی شافەیسەڵ بوو. بەرەی دیموکراتی لە لەندەن خەریکی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار، و کۆبوونەوەیە بەڵام بۆ خەڵکی عیراق کە لە ژێر پێڵاوی سەددامدا دەژی، ئەمانە لە دەرەوەی بابەتن. ڕەنگە ڕاستترین شتێ بۆ باسکردنیان بشێ ئەوە بێ کە موخابەرات تەنانەت حەزی بە کوشتنیشیان نەبوو.

هەموومان گومانمان لەوە هەبوو کە کەسی وا مابێتەوە کە بتوانێ دوای سەددام سوپاکە یا عیراق بەڕێوە بەرێ. دوای ئەوەی کە سەددام ساڵی ١٩٩١ لە شەڕی ئەمەریکاییەکاندا ئابڕووچووانە تێکشکا، بێ شەرمانە هانای بۆ ڕەشید بردەوە تا وێرانەکەی بۆ عیلاج بکا. ڕەشید ئەو دەمەش بە پلە و ڕابردوویەوە، لە لایەن ئەو ئەفسەرانەوە کە مابوونەوە، جێی سەرنج بوو.

لە پڕێکدا، دوای هەشت ساڵ کشتوبڕی مەیدانی شەڕ، عیراق و ئێران، هەرتک لا سەرکەوتنیان ڕاگەیاند و ڕاگرتنی شەڕیان مۆر کرد و تەقە وێستا. لە ٨ ی ئەیلوولی ١٩٨٨دا بوو.

لە بەغدا، خەڵک بە سەما و هاوارکردن و تەقە بە ئاسمانەوەنان ئاهەنگیان دەگێڕا. ئەو شەوە، چووینە دەرێ تا لە سەر شەقامەکان بەشداریی جەماوەر بکەین. ئەو کاتە، کاتێکی دەگمەنی گشتیی بوو و عیراقەکەی سەددام سەرگەرم بوو. کاتی ئەوە هاتبوو کە پێشنیازی هاوسەرێتی بۆ (بان) بکەم.

دوای ئەوەی بڕیارم دا، چووینە چێشتخانەیەکی چینییەوە: "دەزانم ماوەیەک تەنها سەرێشە و کێشەت بۆ دەخولقێنم بەڵام ڕۆژێک دێ کە هەموو ئەمانەمان لە مل دەبنەوە. خۆشم دەوێی. لە ژیان پتر تۆم پێ دەوێ. تکات لێ دەکەم پێم بڵێ کە قایلی مێردم پێ بکەی".

بەوپەڕی ساکارییەوە گوتی: "دیارە کە مێردت پێ دەکەم".
بە دڵێکی گەشکەدارەوە، ئەو ئەڵقە ئەڵماسە جوانەم دایێ کە بۆم دانابوو. لە ڕادەبەدەر دڵـی پێـی خـۆش بـوو. بە دەم بـزەی نـاو فرمێـسکەوە، دەمــێ لە ئەڵقەکە ڕادەما، دەمێ لە من. نازانم بڵێم چەندە بەختەوەر بووم.
لە ئۆکتــۆبەردا، عیــراق ئاهەنــگ و بەزمــی لە بابــل، بــۆ نەبــوخەدنەزەری سەردەم، سەددام دەگێڕا.
عیراق دوو شوێنەواری کۆنی هەبوون کە یەکێکیان لە باکوور و یەکێکیان لە باشــوور بــوو. لە بــاکوور، مــرۆڤە بەردیــنەی ئاشــوورییەکان بــوو. بە شێوەیەکی دڕندانە بەڵام بە ژیریی و توانا، ناوچەکەیان بەڕێوە بردووە. کە دوا کۆشک و شاریان دروست کرد، بە هاوکاری خالدییەکان ـ Chaldean و میــدییەکان، ئیمپراتــۆری ئاشــوورییەکان، لە نــاوبرا. ئاســوورییەکان، تەنهــا پەیــکەری بەردینــی مەزنیــان لە مووســڵ، کە کەوتــۆتە بــاکووری ڕۆژاوای کەرکووکەوە، لە دوای خۆیان بەجێ هێشت. هێندێ لەو پەیکەرانە بیست پێ بڵندن و هەمووشیان تەعبیر لە جەستەی (گا)ی باڵداری میتۆلۆژیانە دەکەن کە خوایچکەکەیان تاجی لە سەرە.
پاشماوەی دووەمی کۆنی عیراق، لە باشوور، هی سۆمەری و بابلییەکانە ـ ئەهلـی قـوڕ. ئەمـانە کە دانیـشتووی بیابـان بـوون، وەک هــی ئاشـوورییەکان نەپـارێزراوە چـونکە بەردیـان نەبـووە. شـوێنەواریان لە بـابەتی جیـاوەزە و داهێنانیــان بــووە بە حەوتەم کــاری سەرســوڕهێنەری دنیــا ـ بــاخچە هەڵواسراوەکانی بابل. نیگار و نووسین ماونەتەوە و باسی مەزنایەتی کۆشکی گوڵزاری بیابانمان بۆ دەگێڕنەوە.
بەڵام هۆشــی خەڵکــی عیــراق بــۆ لایەنێکــی تــری بەرهەمــی نەبـوخەدنەزەر دەچوو. ئەوەمان هەر لە قوتابخـانەدا نەدەخوێند بەڵکو بە گەورەییش بیرمـان دەخــرایەوە. پڕوپاگەنــدەچییەکان، بە ســەردەمیانەوە گــرێ دەدا: ســەددامی مەزنمان، بەرانبەر جوولەکەی دوژمـن وێستاوە و ئامـادەیە ئیسرائیل لە نـاو بەرێ.

سەددام، بڕیاری دا نوسخەیەکی شوێنەکە، لە بابل دروست بکاتەوە. دەبێ ئەو دروستکردنەوەیە، ئازاری زۆری بە شوێنەوارناسەکانی دنیا گەیاندبێ و هاواری لێ هەستاندبن. بۆچوونی سەددام ئەوە بوو کە کۆشکێکی دی لە سەر شوێنەواری شەقام و دیواری شارە ونبووەکە دروست بکاتەوە، بگرە لەوانەش قوولْتر ڕۆ بچێ.

سەددام، مەسەلەی باخچە هەڵواسراوەکانیشی هێنایە ناو ناوانەوە. پێشبڕکێی گەرم لە سەر باشترین بۆچوونی دامەزراندنەوەی باخچە نوێیەکە، بە تایبەتیی مەسەلەی ئاودان، کەوتە ناو خەڵکەوە. بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی ئاودان، سەددام ئاوی فوراتی شکاندەوە و بە بەردەم کۆشکە دروستکراوەکەی سەر شوێنەواری نەبوخەدنەزەردا، ڕەتی کرد. پێدەچوو سەددامیش خوایچکە بێ هەرچەندە وەک هەر زۆردارێک کە چارەنووسی نەمان بێ، حیمایەی پێ دەویست. کاتێ بۆ ئاهەنگێکی گەورە چووە بابل، منیش بۆ چوونی ئەوێ دەستنیشان کرام. یەکێ بووم لەو کەسە زۆرانەی کە دەبوو پارێزگاریی سەرکردەی مەزن بکەم.

دەبوو ئاهەنگە گەورەکە، لە شێوەی نواندندا بێ. بەڵێ، نواندن. ئەمە کاری ساجیدەی ژنی سەددام (خاڵۆژاشی) بوو کە وا نەبوایە، لە تیشکی سەرنج بەدوور دەبوو ـ سیاسەتی سەلامەتۆکەی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست ـ هاوسەری بەر ڕووناکایی وەک جیهانی سادات یا فەرەحی شا، لە ئەنجامدا ڕقی پیاوانی کۆمەڵگە پێکدەهێنێ و کاردانەوەیان تێیدا دەڕوێنێ. هەروەها زۆر لە ژنانی کۆمەڵگەش. لەبەر ئەوە خانمەکەی سەددام حوسێن کەمی گرینگیی بە ڕواڵەت دەدا و چالاکی خۆی لە کاروباری سەلامەتۆکەی وەک جلوبەرگ و دیمەنی ژناندا دەخستە کار. ساجیدە، دامەزرێنەری (بنکەی مۆدە)یە کە مۆدەکانی بە گوێرەی دڵی ئەو دەبن. مۆدەکانی لە (دایۆنس و سەنت لۆرینس)، لە پاریسەوە ناردبوونی. ڕێک وەک چۆن تانک و ڕاکێت دەگۆڕدران، ئاوهاش ئەو، ئەوانەی چاک دەکردن و دەگۆڕین تا سیمای عیراق بە گوێرەی دڵی خۆی بێ. لە بەر ئەوەی هەموو فرۆکەیەکی هێڵی ئاسمانیی عیراقی، ئەو مۆدە پاریسییانەیانی دەهێنا، خەڵکی ناویان لێ نابوون ئاسانسۆری ئاسمانیی.

ئەو دەمە، (بـنکەی مـۆدە)، مـۆدەی جلـوبەرگی بابلییەکـانی پیـشان دەدا. سەددام بەخۆی سەرپەرشتیی دەکرد. شەوێکی گەرم بوو و بایەکی شـێدار لە بیابـانەوە هەڵـی کردبـوو. مـن و بـان گەیـشتینە بابـل و دوای جەمـاوەرەکە کەوتــین و بەرەو جێــی شــانۆیەکی بەرزی کــۆن ڕۆیــشتین چــونکە ئــێمەی موخابەرات و حیمایە، دەبوایە بەشێ بین لە خەڵکەکە و خۆمان دەر نەخەین. کاتی بینینی کۆشکەکەمان نەبوو و بە شێوەیەکی سـەیر خەمبار بووین. بەڵام بە قاڵدرمەکانــدا ســەرکەوتینە ســەرێ و لە نزیــک قەراغــی دەروازەی بەژوورکەوتـن، لای دواوە جێـی خۆمـان گـرت تـا بـۆ هەر کـارێکی کتـوپڕ و پێویـست ئامـادە بـم. چـاودێریکەری وەک مـن لە گـشت جێـیەک هەبـوون و بازنەیەکی ڕاستەوخۆیان بە دەوری سەددامدا پێک هێنابوو.

لە بەردەممانـدا، ڕیزەکورسـی، بەرەو شـانۆکە، بە جـوانیی چەمیـی بـوون. سەددام و ساجیدە و جەماعەتیان، لە لۆجی نزیکی شانۆکە دانیشتبوون.

لە هەموو بۆنەیەکی جەماوەریی وادا، بە سێ ڕیز پارێزەر، دەوری سەددام دەگیــرا. یەکەمیــان لە پیــاوی پــڕچەک پێکهــاتبوو کە هەموویــان لە سەرکردایەتییەوە هەڵبژێردرابوون و زۆربەشیان خزمی سەددام خۆی بوون. ئەمـانە، ڕێـک بە لای سـەرۆکەوە دەوێـستان و لەو بـابەتە بـوون کە لە پێـشدا تەقە دەکەن، دوایـی دەپرسـن. گەلـێ خەڵکـی قوربەسـەری بێتاوانیـان هەر بـۆ هەنـدێ کوشـتووە کە بە دڵـسافییەوە لە سـەددام نزیـک کەوتـوونەتەوە و دەستیان بە بەرکی خۆیاندا کردووە تا نـامەی داواکاریی چارەسـەرکردنی ئەم کێـشەیە و ئەو کێـشەیەی وێـدەن. بـازنەی دووەم لە ئەفـسەر و خەفـیەی موخابەرات پێک هاتبوو. ئەفسەرەکان، پڕچەک و بە جلی سەربازییەوە بوون. خەفییەکانیش کە من یەکێکیـان بـووم، جلـی سـاکاریان پۆشـی بـوو و بێچەک بـوون. ئەرکـی ئێمە ئەوە بـوو ئاگاداری ئەو خەڵـکە بین کە لە سـەددام نزیـک دەبنەوە. دوا بـازنە، بـازنەی سـێیەمی دەرەوە بـوو کە لە ئەمنـی ئەو شـارە یـا ئەو جێـیە پێـک دەهــات کە ســەددام ســەری دەدا. لە بەر ئەوەی کە ئەمــانە خەڵکی شوێنەکەیان دەناسین، بۆ ئەوە بەجێ بوون کاروباری ئاسایشی گشتی بەڕێوە بەرن و ڕووداوی کتوپڕ چارەسەر بکەن. نهێنـی ئەم شـێوە کارکردنە

لەوەدا بوو کە ئاسایش لە چەند لایەنێکەوە مسۆگەر بکرێ نەبادا لایەنێکیان خایەن بێ. سەددام نەیدەویست هەمان چارەنووسی ساداتی میسری بێتە ڕێ کە لە لایەن سەربازە نارەزاکانی خۆیەوە کوژرا.

لە سەرەوەی شانۆکەدا، لەگەڵ ئاوازی کۆنی بابلیدا، گڵۆپی بەتین پێدەبوون و دەکوژانەوە. ئەوجا تەپڵی جەنگ، دەسپێکردنی پێشاندانی ڕاگەیاند.

بۆم نەبوو بە دڵی خۆم تەماشای ڕیزی یەک لە دوای یەکی نواندن بکەم چونکە ناچار بووم پشت بە پایەکەوە بدەم و بەردەوام سەرنجی جەماوەرەکە بدەم. هەموو خەیاڵم لای ئەرکی خۆم بوو چونکە سزای کەمتەرخەمیکردن لە پارێزگاریکردنی سەددام، بە خەیاڵدا نایێ چۆنە. ئەوجاش پێم وابوو کە ئەو چاودێریکردنەی پێ نەوێ چونکە شەیتان خۆی چاودێری دەکرد.

لە بۆنەی وەهادا، سەددام وەک بابەتە باوکێکی خودایی (کاکی گەورە)، لە چەشنی مارلۆن براندۆ(١) خۆی دەنواند. تەریک و ڕووحزل، دەستی لۆردانەی بە ناسکیی ڕادەوەشاند. بە دەسەڵات بوو و یەک چاوداگرتنی بەس بوو بۆ ئەوەی پیاوەکانی فەرمانی جێبەجێ بکەن. بەڵام هێزی سەرنجڕاکێشانی سروشتیی تێدا نەبوو. تیشکی سەددام لە دەسەڵاتەوە دەهات و لە بری ئەوەی هاندەر بێ ترسهێنەر بوو.

ڕەنگە سەددامیش وەک من لە پێشانگای ژنەکەی ڕوانیبێ بۆیە لە ناوەڕاستی پیشاندانەکەدا، ڕۆیشت و بەجێی هێشت. منیش بە ناچاری ڕۆیشتم و (بان)م بە هۆشی خۆی سپارد. لەگەڵ گاردی پارێزەرانیشدا، ڕیزێ وێنەگر هاتبوون کە هەموو بزاوتنێکی سەددامیان لە ناو جەماوەردا تۆمار دەکرد. هەموو ڕۆژێ، هەموو سەعاتێک، هەموو دەقیقەیەک و هەموو چرکەیەک، تۆمار دەکرا. سەددام دەیویست دڵنیابێ کە گشت لایەنێکی ژیانی تۆمار دەکرێ.

بەر لەوەی سەددام بچێتە کۆشکەکەیەوە، ئێمەی گاردی بچووک دابڕاین. کە چووش، خەیاڵی من لای نەبوخەدنەزەر بوو.

( ١٠ )

## نوێنەرایەتیی ئەبوعەباس

ئێوارەیەکی پاییزی ١٩٨٨، دوای پێشانگاکەی بابل، چوومە سەردانی یەکێ لەوانەی کە دیسکی کۆمپیوتەری لێ دەکڕیم. کۆنە ناسیاوێکی قوتابخانەم بوو و ناوی ئەحمەد زەکی بوو. هەمیشە بەخیلیم بەوە پێی دەبرد کە باوکێکی وای هەبوو. زەکی ئەفەندی، وەک هیچ کام لەو باوکانە نەبوو کە من دەمناسین و باسی باوکی خۆم هەر مەکە. لەگەڵ کوڕەکەیدا دۆستانە و گەرموگوڕ و بە سۆز بوو. کە سەرم لێ دەدان، هێندێ جار تا شەشی بەیانی یارییەکمان دەکرد کە (ڕیسک)ی پێ دەگوترا. ئێدی بە ئانقەست بە باوکیمان دەدۆڕاند تا نانی بەیانی ڕێک بخات. ماڵەکەی ئەوان، بە هیچ جۆرێ لە ماڵی ئێمە نەدەچوو. ماڵی ئەوان، ژیانی تێدابوو.

ساڵی ١٩٧٥ و ١٩٧٦، زەکی ئەفەندی شانبەشانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی لە لوبنان شەڕی کردبوو. سەدان عیراقی تری وەکوو ئەو لە بەرەی ڕزگاریخوازی عارەبیدا بوون، کە هێزی خۆتەرخانکەری شەڕکەر بوون و بەغدا، بۆ پشتگرتنی فەلەستینییەکانی ناردبوون. لە ئیستخبارات، سابیر ئەلدووری ڕاهێنانی پێ کردبوون و ئەوانیش سەرۆکایەتی مەشقپێکردنی هێندێ لە فەلەستینییەکانیان دەکرد جگە لە موجاهیدەکانی ئێران، کە وەک مێوان لە عیراق بوون. موجاهیدین، گرووپێ بوون لە زۆر گرووپی تری دژە خومەینی لە دەرەوەی ئێران. ئەم مەسەلەیە بە گوێرەی توانا بە نهێنی هێڵدرابۆوە نەبادا سەددامیش وەک قەدافی بە سەرۆکی تێرۆریستان ناوی بە جیهاندا بڵاو بێتەوە.

ئەگەر ڕابردووی زەکی ئەفەندی بزاندرێ، جێی سەرسوڕمان نابێ کە ئێوارەیەکیان، بەناوبانگترین تێرۆریستی فەلەستینی لە جیهاندا، لەگەڵ

دەستەیەک لە هاوکارەکانیدا بێتەماڵەکەیانەوە. ئەوە ئەبوو عەباس بوو. ئەو ئەبوو عەباسەی کە ساڵی ١٩٨٥ گەمی (ئەچیلی لۆرۆ)ی داگیر کرد.

ئەبوو عەباس تاکە ڕادیکاڵ نەبوو کە لە بەغدا پێشوازی لێ بکرێت. گەلێ لە پێش ئەودا، ئەو ئەبوو نیزاله هاتۆتە شارەکە کە لێپرسراوی ئەو هێرشە دڵتەزێنانە بوو، کە کرانە سەر فڕۆکەخانەی ڕۆما و ڤیەننا، و دوای ئەوەی کە لە یاسر عەرەفات دابڕا، ساڵی ١٩٨٥ ڕوخسەتی هاتنە بەغدای پێ درا. کە سەددام ویستی واشینگتۆن ناوی لە لیستەی تیرۆریستاندا بسڕێتەوە، ئەبوو نیزاڵی بۆ سووریا پێچایەوە و ئێدی سەددام ساڵی ١٩٨١ یارمەتی ئەمەریکای پێ گەیشت. لە ڕاستیدا، کەس گێل نەبوو. بۆیە ئەمەریکاییەکان گەمەی وایان کرد، چونکە لەو کاتەدا ترسی ئەوەیان لێ نیشتبوو کە عیراق شەڕی ئێران بدۆڕێنێ. دەنگ هەبوو کە ئەبوو نیزاڵ، دوایی گەڕابێتەوە بۆ بەغدا.

لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا، عیراق پەنای گەلێ لەو شەڕکەرە فەلەستینییانە دا کە سەر بە (ب.ڕ.ف) بوون و پاڵپشتیی لە چەوساوەکانی ژێر چاوچنۆکیی ئیسرائیل کرد. بەڵام (ب.ڕ.ف) ئەوەی کرد کە لە لوبنان کردی: ویستی وڵات لە ناو وڵاتدا پێک بێنێ. کاتێ سەددام بەوەی زانی کە (ب.ڕ.ف) بەندیخانە و دادگەی تایبەتی خۆیان لە باکووری ڕۆژاوای بەغدادا هەیە، بڕیاری دا مەودای هاتنیان لێ بسێندرێتەوە.

شەڕێکی گشتلایەنی لەنێوان (ب.ڕ.ف) و ڕژێمی عیراقدا بەرپا بوو. سووریا پشتی (ب.ڕ.ف)ی گرت و یارمەتی دان و مەودای دان بنکەی سەربازی لەوێ بکەنەوە و لەوێوە هێرش بەرنە سەر عیراق. ساڵی ١٩٧٨ دەستەیەکی (فەتح)ی سەر بە (ب.ڕ.ف) باڵیۆزخانەی عیراقی لە برۆکسل تێکدا. هێرشیان دەبردە سەر ئۆفیسی هێڵی ئاسمانی عیراقی و ئۆتۆمبیلی میندار و پەیامی میندارییان لە فرانکفۆرتەوە دەگەیاندە ئەتینا و ئاڕاستەی داورودەستەی عیراقییان دەکرد. موخابەرات، ئامێری کوشتنی خۆی لە ئەورووپادا خستە کار و کەوتە کوشتنی پیاوانی (ب.ڕ.ف) لە لەندەن و ئەمستردام. کاتێ ئەو کوشتوبڕە وێستا، کە سەددام و حافز ئەسەدی سووریا بۆ ماوەیەکی کاتیی پێک هاتن.

ئەبو نیزاڵ و ئەبوو عەباس، سەرو دەستەیان لە (ب.ڕ.ف) دابڕی و دژایەتیی عەرەفاتیان دەکرد و پەیوەندییان بە سووریاوە خراپ بوو. لە ئەنجامدا، لە عیراق، لە لایەن سەددامەوە پێشوازییان لێ کرا.

ئەبو عەباس، ئەو دەمەش مافی مانەوەی لە عیراقدا هەبوو کە پیاوەکانی، ساڵی ١٩٨٥ (ئاجیلی لۆرۆ)یان داگیر کرد. لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا، (لیۆن کلینگۆڤەر) کە جوولەکەیەکی ئەمەریکایی بوو، کوژرا. کە دارودەستەکەی عەباس لێیان قەوما، سەددام پەنای دان. ئەبو عەباس، پاشایانە لە بەغدا دەژیا و کلیلی شارەکەی پێ بوو. چی بویستبا، هەر لە چەکەوە بگرە تا ئافرەت، دەستی دەکەوت. پیاوکوژی بێباکی لەو چەشنە، گەلێ جار پلە و پایەیان لە ناو کۆمەڵگەدا هەیە.

ئەو ئێوارەیە، لە ساڵۆنە گەورەکەی ماڵی زەکی ئەفەندیدا، ئەبو عەباس و دارودەستەکەی بە ئیسراحەتی خۆیان چایان دەخواردەوە و بە کاوەخۆ باسی بازاڕی چەکیان دەکرد. دەمەتەقێیان لە سەر ئەوە بوو کە چۆن تفەنگی ئۆتۆماتیکیان چنگ بکەوێ. زوو بۆم دەرکەوت کە زەکی ئەفەندی، لە مەیدانی مەشق و ڕاهێناندا، دووەم پیاوی ئەبو عەباس بوو.

لە گەرمەی دەمەتەقێدا، من ڕامگەیاند کە هاوڕێیەکم خەریکی مەعمەلەی چەکە: "وەجبەیەک لە سەرووی عیراقەوە دەهێنێ و هەر کەسێ بیەوێ، ئەو پێی دەفرۆشێ". هەموو گوێقوڵاغ بوون.

ئەبو عەباس پرسی: "جێی باوەڕە؟". پرسیارەکەیم زۆر پێ گەورە بوو. گوتم: "ئەوەندەی بزانم، بەڵێ". کە بابەتی قسەکان گۆڕا، هەناسەی ئاسوودەییم هەڵکێشا.

بۆ سبەینێ، زەکی ئەفەندی تەلەفۆنی بۆ کردم: "دەمانەوێ، دەربارەی ئەو باسە لەگەڵتدا بدوێین کە دوێنێ شەو هێناتە گۆڕێ".

به نابەدڵییەوە چوومە دیتنی.

گوتی: "ئێمە باوەڕمان پێت هەیە. دەمانەوێ وەجبەیەکی کەم لە ناسیاوەکەت بکڕین. بە شێوەیەکی سەرەکی، دەمانچەمان دەوێن. پێت پەیدا دەبن؟".

هەستم کرد مێشێکم و بە تەونی جاڵجاڵۆکەوە بووم. ڕێی تێدەچوو جاڵجاڵۆکەی موخابەرات، لە هەموو جێیەک بێ. ئەبو عەباس، مەبەستی چی بوو؟. لە عیراق مەشقی دەکرد و سەددام چەکی پێ دەدا. جگە لەوەش، هەر جۆرە دەمانچەیەکی بویستبا، هەر هێندە لە دەرگای کۆشکی بدابا، چنگی دەکەوت. بۆ دەیویست بە پشتی سەددامدا بڕوات؟. بۆ بە نهێنی؟. جبەخانەی نهێنی دادەنێت؟. ڕەنگە پلانیان دانابێ وەک (ب.ڕ.ف) بکەن کە لە لوبنان کردیان و وڵات لە ناو وڵاتدا دابنێن (وەک دەرکەوت کە زۆر ڕێی تێدەچوو وابێ). چم کردبا؟. بمگوتبا نا؟. خەبەرم بە موخابەرات بدابا؟. دیسان گەمەی پشیلە و مشکیان پێ دەکردم؟. بڕیارم دا بەردەوام بم.

گوتم: "باشە دەتوانم پێتان بناسێنم".

"باشتر وایە تۆ نوێنەرمان بیت".

بۆ کێ باشترە؟. بەرەو موخابەرات چووم تا هەواڵ بە ئەبو فیراس بگەیەنم. لە ئەبو فیراس تێنەگەیشتم. ماوەیەکی کەم ڕاما. پاشان گوتی: "ئێمە چەکەکان دابین دەکەین. تۆ هەقت نەبێ، من یەکێکت لەگەڵدا دەنێرم تا بیانداتێ".

زۆر باشە. ئیدی چەکی موخابەرات بە ئەبو عەباسی تێرۆریست دەفرۆشم. فیڵم لە فێڵبازترین کەسی ئەو ناوە دەکرد. ئەدی موخابەرات فێڵی لە کێ دەکرد؟. نازانم. هەموو ئەوەی کە من دەمزانی ئەوە بوو کە ئەمانە خەریکی شتێ بوون کە کەس سوودی لێ نەدەدی. تەنانەت سەددامیش. دەبێ کەس هەبێ پێی خۆش بێ ژیانی وا پڕمەترسیی بەسەر بەرێ؟.

هەواڵم بە زەکی ئەفەندی دا کە چەکم پەیدا کردووە.

دوای چەند ڕۆژێک، یەکێ لە پیاوەکانی ئەبو فیراس بە پیکاپێکەوە هاتە لام. پیکاپێکی تریشی بە دواوە بوو. بەرەو ماڵی زەکی ئاژاوتمان. هەر ئەو دەمە، ڕەنجرۆڤەرێک لە قوڕنەیەکەوە سووڕایەوە و بە تەنیشتمانەوە وێستا. ئەبو عەباس بە قاتێکی ماسیگرانی کاڵەوە دابەزی. سنووقێکمان برد و هەموومان چووینە ژوورێ. لە سەرخۆ سنووقەکەی کردەوە و دەمانچەیەکی هەڵگرت و ئەوجا یەکێکی تری هەڵگرت و بە وردی هەڵیسەنگاندن. دانەوی و جانتایەکی چەرمی بۆری هەڵگرت و پێی پێشان دام. بە سووربوونەوە گوتی: "دەتەوێ

بیژمێری؟". تەماشای سەفتە پارەکەم کرد و گوتم: "نا، سوپاس. دڵنیام کە تەواوە". چوومە مەتبەخەکەوە و کیسەیەکی ڕەشی زبڵم هێنا و پارەکەم تێوە پێچا. سوپاسم کرد و بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە و دواییش پارەکەم دایە دەست پیاوەکانی ئەبو فیراس. جارێکی دی عەباسم نەدیت و برادەرەکانیشم بۆیان نەگێڕامەوە کە لە سەر ئەو موعامەلە گچکەیەمان چی بە سەر هات.

سەددام، بە ئاشکرا جۆرە پەیوەندییەکی بەو فەلەستینییانەوە هەبوو و وەک ئێران یا سووریا یا لیبیا بە تێرۆریزمی جیهانییەوە گلابوو. بەڵام لە ڕەفتاردا وریاتر بوو.

تەنها دوای چەند ساڵێک، کاتێ فرۆکە بۆمبهاوێژەکانی ئەمەریکا بە سەر نیشانە عیراقییەکاندا دەفڕین، لە خۆمم دەپرسی دەبێ بە ڕاستیی بزانن نیشان لە چی دەگرن. پێم وابوو ئەگەر سەددام یا لایەنگرە نادیارەکانی فەرمانیان بدابا، تۆڵەیان لە ناو شارەکانی جیهاندا دەکردەوە.

ژیانم لە ناو دامودەزگای موخابەراتدا گەڕایەوە دۆخی ئاسایی. دەبێ وا بگوترێ. ڕۆژێکیان، لە کۆبوونەوەیەکی ئاساییدا، ئەبوو فیراس، کتوپڕ ڕووی خۆش بوو. ڕێیەکی بۆ پێشنیاز کردم تا ئەو پارەیە بخەمە کارەوە کە لە پرۆژە بچووکەکەمدا کۆم کردبۆوە. پارەکە، بیستهەزار دینار بوو. بە حسێبی بانک دەیکردە (٧٠ ٠٠٠) دۆلاری ئەمەریکایی و لە بازاڕی ڕەشدا دەیکردە حەوتهەزار. پێی گوتم کە کۆنە جاسووسێکی سوورییایی دەناسێ و لە ئوتێلی قادسیە و یانەی شەواندا بەڕێوەبەرە. ئەگەر پارەکەم لای ئەو بەکاربهێنابا ـ بە بێ ڕێکەوتننامە و ئیمزا ـ ئەبو فیراس مانگی هەزار دینار قازانجم دەداتێ.

هەر لە سەرەتاوە جێی گومان بوو. دوایی پێی گوتم کە قەت نەچمە ئوتێلەکە و باسی ئەو شتە بچووکەش لای کەس نەکەم. ئەگەر ئەمە تاقیکردنەوە بێ، منداڵانەیە. دەبوو لای کێ خەبەر لە ئەبو فیراس خۆی بدەم؟. لە لای هەڵۆ؟. چوومە لای عەززاوی کە ئەو کاتە ببوو بە سەرۆکی موخابەرات. ڕۆژی دوایی، ئەبو فیراس بە پەلە هاتە ماڵەوەمان. گوتی: "ویستت بە کوشتم بدەی؟. ویستت تێکم بشکێنی؟. بۆ خاتری خودا بۆ باسی پرۆژەکەت بۆ عەززاوی کردووە؟".

گوتم: "تۆ پولت وەرگرت. ئەوەش شتێکە پێم وایە دەبێ بیگەیەنم. وا نییە؟". پارەکەی وێدامەوە و گوتی: "تۆ تێناگەیت. مەسەلە ئەوەیە کە لێک حاڵیی نەبووین." ئیدی بۆم ڕوون بووەوە کە یەکێکم لەوان. لە قووڵایی ناخمەوە زانیم ئەوە تاقیکردنەوە نەبوو. من موخابەراتێ بووم و خەبەرم لە موخابەراتێکی تر دەدا. عیراقی خەبەر لە عیراقی دەدا. چاوپۆشیی نییە. لێکدانەوە نییە. زانیم، لەوە بە دواوە، پتر و پتر ڕامدەکێشن. ئەوەندە بە قولاٌییدا ڕۆدەچم نرخی پێشای خۆمم لە بیر دەچێ. مۆخم بە تەواویی دەشۆن و ئەوەم پێ دەکەن کە هەموو ڕۆژێ بۆم دەکردن.

گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە چیدی بیر لە دەربازبوون نەکەمەوە، یا دەبێ زوو خۆم دەرباز بکەم یا دەبێ بەرەو خۆوێرانکردن بچم. ئەگەر پتر بمابام، هەڵەیەکم بەرانبەر ئاغاکانم لێ دەقەوما. ئەگەر یەک هەنگاو ی هەڵەشم بنابا لێبوردنەکەی گۆرینم لێ هەڵدەوەشایەوە.

تاکە شتێ کە هۆشی بە سەلامەتیی هێشتبوومەوە (بان)ی خۆشەویستم بوو. لە بەر خۆشەویستیی ئەو بۆ من و هی من بۆ ئەو مابوومەوە. جارێکی دی بڕیارێکی گردەبرم دا. بڕیارم دا هەڵێم و بچمە بێرووت.

موخابەرات، بە پێی بەرنامەیەک کە دایانابوو، هێندێ پیاوی هەڵبژاردەی تەرخان کردبوون و مەشقی پێ دەکردن تا بچنە بێرووت و پشتگیریی کۆمەڵێکی دژە سووریا، لەو شەڕی براکوژییە بێبڕانەوەی لوبناندا بکەن. ویستم خۆم هەڵبژێرم و پشوویەک لە لوبنان بدەم.

کە شەڕی ئێران بڕایەوە، ئیدی خەڵکی عیراق، جارێکی دی ڕێی سەفەریان بۆ کرایەوە. نەخشەکەم بۆ بان ئەوە بوو کە بۆ پشوو سەفەری جێیەک بکات، بۆ نموونە پاریس. منیش لە بێرووتەوە خۆمی پێ بگەیەنم. دوای ئەوەش، لەو دنیایەدا خۆمان ون بکەین. بان زەندەقی چووبوو. بە ترسەوە گوتی: "لوبنان!. چۆن دەبێ هەر بیریشی لێ بکەیتەوە؟!". گوتم: "ئەگەر ئەم دەرفەتە نەقۆزمەوە قەت دەرفەتی ترم نابێ. دوای موعامەلەی ئوتێلەکە، ئەبو فیراس بۆم لە پارێزدایە".

بـان دەسـتی بە گریـان کـرد: "ئەو ئەرکەم پـێ هەڵنـاگیرێ. هەر لە ئێـستاوە دنیامـان لـێ نـاحەزە. کەسـوکاری مـن، هـی تـۆ، ئەو هەمـوو پۆلیـسە خەفـێ تۆقێنەرانە، ئەو هەرا و بەزمەی وڵات، ئەوجا دەتەوێ بچییە بێرووت".

ویـستم هێـوری بـکەمەوە: "نـامەوێ بەڵام ڕێیەکـی چـاکتر شـک نەبەم. لە بێرووتیش نابم، بنکەی چالاکییەکە لە (جنێش)ە".

"مەڕۆ!. لوبنان یەک پارچە جبەخانەیە".

ئەو ڕاستی دەکرد. منیش هەر ڕاستم دەکرد. بۆ عەززاویم نووسی و خواستم بمنێرنە گۆڕەپانی چالاکیی لە لوبنان.

لە هەشتاکاندا، سەددام تاکتیکی خۆی بۆ تێڕوانین لە سەر لوبنـان گۆڕیبـوو. خۆتەرخانکەرەکـانی ڕیـزی بەرەی ڕزگـاریخوازی عـارەبی بە هێنـدێ بێبـاکی موخـابەرات گۆڕدران. خەفیەی ڕاپەڕاندنی فەرمـان، مەشـقیان پـێ کرابـوو. لە بنەڕەتــدا، لوبنــانیش گۆڕەپــانێکی تــری شــەڕ بــوو بــۆ وەدەســهێنانی سەرگەورایەتی دژی حافز ئەسەدی سووریا.

سـەددام پـشتگیریی میلیشیای مەسـیحییەکانی دەکـرد کە بە هێـزی لوبنـانی ناسرابوون و لە لوبناندا، دوژمنی سـەرەکیی سووریا بوون.

زوو وەڵامی داواکاری بەشداربوونی شەڕم هاتەوە کە جارێکی تـر بە بـازم دابـوو. لە لایەن ئەبـو فیراســەوە، وەک نـامەیەکی ڕەسـمی پـێم گەیـشت. لە موعامەلەی ئوتێلەکە بەدواوە، زۆری پێ خۆش بوو لە ملی ببمەوە.

لە دەمەدەمی تەواوبوونی خوێندنی زانکۆمدا. هەوڵم دا پەساپۆرتی توونسی بەدەس بێنم. دەبـوو لە پێـشدا دڵنیـا بـم کە ئـێمەی موخـابەرات خەفیەمـان لە باڵیۆزخـانەی توونـسیدا نییە. دەنـا خەبەرم لـێ دەدرا و باسـی پەسـاپۆرت و گەمەکەش دەکەوتە ڕوو. هێنــدێ کەســی کەمــی ســڵی نــاو هاوکارەکــانم، ئاشکرایان کرد کە باڵیۆزخانەی توونسی یەکێکە لەو باڵیۆزخـانە کەمـانەی کە ئازارمان پێ نەگەیاندبن.

دووەم، پێویستیم بە کۆنە کاغەزە تونسییەکانی بـاوکم بـوو تـا وەک کـوڕە تونـسییەک پەسـاپۆرت وەرگـرم. کە بەو شـتومەکانەدا دەگەڕام کە بـاوکم لە ماڵەوە جێی هێشتبوون، هەستم بە شڵەژان دەکرد. دەتگوت بە شێوەیەک لە

شـێوەکان، لەودیو ئۆقیانووسـەوە دەزانـێ خەریکی چیم. چم مەبەست بوو دۆزیـمەوە و چـوومە دەرس. لە ناوەڕاسـتی وانەکەدا بـۆی دەرچـووم. کەسـم دوا نەکەوت چونکە پێیان وابوو هەر لە خوێندنم. یەکسەر چوومەوە ماڵێ. بە دەرگای پشتەوەدا دەرچووم و بە سـەر دیواری ماڵە دراوسـێکەدا بازم دا و خۆم گەیاندە ئەو ئۆتۆمبیلەی کە لە دۆستێکم خواستبۆوە.

توونسیەکانی باڵیۆزخانە بەڕێز بوون و حەزیان لە یارمەتیدان دەکرد. بەڵام چاوەڕوانیی چەند حەفتەیەکی خایاند و منیش تا دەهات نـاڕەحەت دەبـووم. ئاخرێکەی پەساپۆرتیان وێدام. ئامادە بووم. بان لە ترسـاندا بەنـج ببوو بەڵام ئازایانە ئامادە بوو ڕۆڵی خۆی ببینێ.

بێ ئەوەی چاوەڕوان بکرێ، بۆ دیتنی ئەبو فیراس بانگ کرام. بە ترسـێکی یەکجار زۆرەوە چوومە بارەگای سەرەکی.

گوتی: "کاری لوبنانت هەڵوەشایەوە".

گێژ بووم. گوتم :"بۆ؟".

"چونکە لێرە کاری زۆرمان هەیە".

( ١١ )

## خودای ئەتۆمی

تەمووز/ئۆسیراک ـ خودای مەرگ. سەددام دەسەڵاتی ئەوی دەویست. پێ دەچـوو بـیەوێ ببێـتە ئۆسـیراک. چ ڕێیەکـی لەوە چـاکتریش هەیە، بـۆ ئەو ئامـانجە، ببێ بە خـاوەنی هێزی ئەتـۆمی؟. سـەددام، ڕاکتـۆرە ئەتـۆمییەکەی بە نـاوی خـوداوە نـاو نـابوو و بەرەو ئەوە دەچوو بۆمباکەی چنگ کەوێ. بەڵام ئیسرائیلییەکان کە ساڵی ١٩٨١ ڕاکتۆرەکەیان بۆمباران کرد، ئەو خەونەیان لێ تێکـدا. دروستکردنەوەشـی زۆر لەوە هێواشـتر بـوو کە دڵـی سـەددام ئـاو

بخواتەوە. وازی لە بنیاتنانەوەی بۆ بەشێکی زانستی تایبەت بە هێزی ئەتۆمیی هێنا. بەو دواییە خۆشیی بەو بەشەدا نەدەهات بۆیە پرۆگرامی ئەتۆمیی خستە بەر دەستی (جیهاز ئەلئەمن ئەلخاس)ی تایبەت بە پاراستنی پیشەسازیی و سەربازییەوە.

هەمـــوو کەس وای پیـــشان دەدا کە ئۆســـیراک پرۆژەیەکـــی مەدەنیـــی سەلامەتۆکە بوو و لە ناوچوو. موخابەراتیش فەرمانی دەرکرد کە هەمـوو ئەو کەســانە بەســەر بـکەنەوە کە لە پـرۆژەکەدا کاریـان کـردووە. بە تــایبەتی ئەندازیارەکان.

ئەمە ئەرکە نوێیەکەی من بوو. ئەو ئەرکە بوو کە لە عیراق دەیهێشتمەوە. ئەبو فیراس بۆی ڕوون کردمەوە: "دەبێ تۆ لە یەکێ لە ئەندازیارە گەورەکان بکۆڵیتەوە و بچووکترین گومـانیش بخەیتە ڕاپۆرتەوە. دەبێ ئەمە، ئەوپەڕی ئەوپەڕی پرۆژەی نهێنی ئێستا بێ".

هەموو کەسێکی ڕۆژاوایی ـ لە ڕاستیدا لە هەموو جیهانیشدا ـ پێی وابوو کە ئۆسیراک، بە هۆی بۆمبارانی ئیسرائیلییەوە، ساڵی ١٩٨١ بە تەواوی تەفروتونا بـوو. بەڵام ئۆســیراک ژیـانی تێـدا مـابوو. منـیش وەک ئەو عـالەمە، هەمـان بۆچوونم هەبوو: "بەڵام هەمـوو ڕۆژنـامە و تەلەڤزیـۆن و هەمـوو کەس دەڵـێن هەموو شتێ تێکشکاوە".

ئەبوو فیراس پێکەنی: "خۆمـان ئەو هەواڵانەمـان بـڵاو کـردۆتەوە. وا نەبوایە بۆ ئەنجامدانی کارەکە، جارێکی تریش دەهـاتنەوە. جەوهەری ڕاکتـۆرەکە سـاغ و سەلیمە. ئێستا، لەبری ئەوەی ئەوان بێن و ڕاکتـۆرەکە لەکۆڵ کەنەوە، ئێمە ئەوان لەکۆڵ دەکەینەوە!".

بە تەواویـی سەرسـام بـووم. ئەوەی کە دەیگـوت، بە ڕاسـتیی بـوو. هێـزە ڕۆژاواییەکان پێیان وابوو یەکەم دەستوەشاندنی ئەتۆمیی عەقڵ نـایبڕێ، بەڵام نەیاندەزانی سەددام توانای ئەو شتەی هەیە کە عەقڵ نەیبڕێ. فەرمانم پێ درا کە ئاشنایەتیی لەگەڵ ئەندازیارێکدا دروست بکەم کە ناوی (محەمەد عەلی)یە. لەبەر ئەوەی خزمایەتیی لەگەڵ مندا هەبوو ئاشنابوون و لێ نزیک بوونەوەی زەحمەت نەبوو هەرچەندە سەعاتەڕێیەکی ئۆتۆمبیل لە دەرەوەی بەغدا دەژیا.

ئەویش وەک من لە بەریتانیای خوێندبوو. دکتۆرای فیزیای ئەتۆمی لە (نیو کاسل) تەواو کردبو و هێندێ ئێوارانمان بە باسی بەریتانیا بە سەر دەبرد. ئەو، ماوەی پێنج شەش ساڵ لێپرسراوی هەڵسوڕاندنی فڕن بوو لە مەودای ئەتۆمیدا. دوای هێرشەکەی ئیسرائیل، ناردبوویانە ئەڵمانیا و فەرەنسا و ژاپۆن و کوەیت تا ئامێر و پێداویستیی دروستکردنەوەی بکڕێ.

ئەوە بۆ محەمەد عەلی، تەنها کار بوو. بە پێی توانا، بە چاکترین شێوە ئەنجامی دەدا. وەک زۆر کەس لە عیراقییەکان، ئەویش هەست و ویژدانی لە ناو جیهانی خواروژووری سەددام حوسێندا لە دەست دابوو. بە ڕاستی، عەقڵی پێدا نەدەشکا خەریکی چ کارێکە. وەک ڕۆژاواییەکان، بیری لەو شتە نەدەکردەوە کە عەقڵ نەیدەبڕی: یەکەم لێدان.

عەلی، بۆ سەددام پڕ بە پێست بوو. ڕاپۆرتێکی بێلایەنانەم لە سەری گەیاند و گوتم کە هەرچی پێ بگوترێ، ڕێک وا دەکا.

کە ڕاپۆرتەکەم دایە ئەبو فیراس، گوتی: "ئیسرائیلییەکان دەزانن چ دەکەین. هەر دێنەوە سەرمان، وا نییە؟!".

"ئەم جارەیان هەروا هاسان نییە. ئەو زۆڵە کەرانەی کە بە دیار دژەئاسمانی و (سام)ەکانەوە نووستبوون، خەمیان خورا. کوڕگەلی نوێ بەخەبەر دەبن".

"لەگەڵ ئەوەشدا، ئیسرائیلییەکان دەسبەردار نابن".

ئەبو فیراس بە بزەیەکی مەغزادارەوە تەماشای کردم: "چی دی هەمووی لەوێ نابێ. یۆرانیۆمێکی زۆرمان لە ژێرزەمینی ئاوی بەربەستی دوکاندا عەمبار کردووە".

بڕیارم دا دەمم دابخەم. ئەو جێیە، ناوچەیەکی ترسناک بوو و منیش نەمدەویست لەوەی پتر بزانم کە بۆ تەندروستیم باش نەبێ. دەریاچەکە، لە سەر ڕووبارێکی گچکەی با کووری کەرکووک، لە دەم سنووری ئێران هەڵچندرابوو.

سەددام، ئەو دەمەش هەر دەیویست ببێ بە خودای مەرگ. پرۆژەی ئەتۆمیی تریش لە حەمام عەلی و هەولێر هەبوون. هەر بۆ دڵنیایی، سەددام

خەریکی بابەتە پرۆژەیەکی تری مەرگ بوو: گازی عەسەب، گازی خەردەل، تیفۆید. میکرۆبی لە هەموان کوشندەتر ئەنتراکس بوو. کارگە کیمیاییەکان لە دەوروبەری بەغدا بوون و زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی عیراق، شتێکیان لە بارەی ئەو زانا کەنەدایـیەوە دەزانـی کە یەکێ بوو لە کلیلەکانی پرۆگرامی کارگەی چەکی کیمیایی. هاوڕێی (جیراڵد بۆڵ)ی کەنەدیی بوو.

بۆڵ، هەر خەریکی تۆپە گەورەکان بوو. بەڵام خومپارەهاوێژە چاککراوەکان تەواو ببوون و وایان لێ کرابوو بە جووت بهاوێژن. سەرە خومپارەی تایبەتیی کیمیایی، دوو بابەتە مادەی کیمیاوییان هەڵدەگرت و بە تەقینەوەی وێکڕا، تێکەڵ دەبوون و گازێکی کوشندەیان پێک دەهێنا. ئەمە لە داهێنانی هاوڕێ کەنەدییەکەی پۆڵ بوو. بە هەر حاڵ، لە ناو موخابەراتدا وا باو بوو.

نیشانی دیاریکراو ـ وەک هەمیشە ـ ئیسرائیل بوو.

گۆڕەپانی تاقیکردنەوەی پرۆژەی کیمیاوی، گوندی کورد بوو بە پیاو و ژن و منداڵیانەوە. یەکەم تاقیکردنەوە، سەرەتایی بوو بەڵام بە زەبر بوو. سواری فڕۆکەی (لیوشن)ی باربەری سۆڤیەتی دەبوون و بەرمیلەکانیان فڕە دەدان. کە بە زەوی دەکەوتن، مادە جیاوازەکان تێکەڵ دەبوون و گازی کوشندەیان پێک دەهێنا.

لە ١٦ ئاداری ١٩٨٨ دا، عیراقییەکان کارەکەیان چڕ کردەوە و چەند جارێ بۆمبای کیمیاییان لە سەر کورد تاقی کردەوە. شارۆچکەی هەڵەبجە لە ماوەی چەند چرکەیەکدا بە تەواویی فەوتا. گوندی تری ئەو ناوچەیە، بە خومپارەی دوورهاوێژ هەمان چارەنووسیان تووش بوو. ئەو ڕەشکوژییە، تا شەڕی عیراق و ئێران ڕانەوێستا، نەکەوتە ناو ناوان.

کوردەکان، ژێرچەپۆکەی سەددام بوون. ئەفسەرە سەربازییەکانی سەددام، کوردیان وەک هەدەفی پراکتیک بەکار دەهێنا و ئەو بۆمبا هێشووییانەیان لە سەر تاقی دەکردنەوە، کە لە شیلییەوە هێندرابوون و پەرەیان پێ درابوو و ناویان لێ نابوون ڕاکێتی (ئەبابیل). دەیانویست بزانن نیوەتیرەی بازنەی کوشتنەکانیان چەندە. سەرکەوتنێکی گەورەیان هەبوو.

له ڕاهێنانێکی زۆر ئاساییدا، هێزەکانی سەددام سیی و شەش گوندی ناوچەی ئامێدی لە باکوور تەخت کرد و نەیانهێشت کەسیان لێ دەرچێ. دوای ئەوە هێزێکی تایبەتیی نێردرایە ناوچەکە تا ئەو خانووە بچووکانەش تەخت کەن کە لەو گوندانە مابوونەوە. لە ڕاستیدا، هەموو ئەو گوندانەی کە کەوتبوونە مەودای سیی کیلۆمەتری سنووری ئێران و تورکیاوە، وێران کران. جەنگەکە بیانووی ئەو قەسابخانەیە بوو. دەبوو کوردەکان قەڵاچۆ بکرێن تا ناوچەیەکی بێ دانیشتوو لە سەر سنوور پێک بێ. دوای ئەوەش، بۆ ئەوەی ڕێی ئاوەدانکردنەوە نەدرێ، هەموو ناوچەکە مینڕێژ کرا.

هاوینی ١٩٨٨، دیسان کوردەکان بوونەوە کەرویشکی تاقیکردنەوەی چەکی بایۆلۆژی. زانا سوپاییەکان، میکرۆبی تیفۆئیدیان پەرت کرد بەڵام لە بەر هۆیەکی نادیار کاریگەریی نەبوو. میکرۆبی جەنگ لە کووت و سوێرە، کە هەردوکیان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی بەغدان و کەوتوونەتە سەر ڕۆخی دیجلە، دەچێندران. دڵنیا نەبووم لە کووت خەریکی چی بوون بەڵام لە سوێرە، میکرۆبی تیفۆئیدیان پەروەردە دەکرد. برادەرێکم لەو نزیکانە کاری دەکرد، ڕۆژێکیان هاتە سەردانم و بە خۆشییەوە باسی دواڕووداوی جێی پەرەپێدانی میکرۆبی تیفۆی (سوێرە)ی بۆ گێڕامەوە. بە پێکەنینەوە گوتی: "ئەمڕۆ بە پەلە بەو ناوە کەوتن و هەموو خەڵکی ناوچەکەیان دەرمان کرد تا تیفۆ نەگرن چونکە ڕووداوێکی گەورە لە لابۆرەکەدا قەومابوو". پاشان پێکەنینەکەی زیاد کرد و گوتی: "بە ڕاستی قەومابوو".

خەڵکی عیراق بە زەحمەت جیاوازی لە نێوان ژیان و مردندا دەکەن تۆ هەبی یا نەبی چ جیاوازییەک نییە. ئەگەر هێندێ جار تێروپڕ بگریێ، دوای کەمێ دەچیتە دەوری بازنەکە و دەست بە پێکەنین دەکەیت. لە عیراقدا، ئەگەر بەرەو مردن بچیت، ڕێ دەکەیت و پێدەکەنی. خۆت بە گریان بێزار ناکەیت.

پێم وایە ئەم بابەتە سایکۆلۆژییە یەکێکە لەو هۆیانەی کە ڕۆژاواییی نەزانن، تەنانەت لە کاروباری تاکەکەسیشدا، چ لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکەن. ئەو خەڵکە، بە تەواویی سڵ و بێزارن. جێی خۆیەتی لێرەدا ئەوە بڵێم کە لە گەلێ هەڵوێستدا دووچاری کاردانەوە دەبین.

ئەگەر ئەم کاردانەوەیە لە ئەنجامی ژیانی بەر سایەی ڕژێمە زۆردارەکەی سەددام بێ یا لەگەڵ ئێسکدا بێ، کاریگەرێتییان لە سەر هەست و ناخی خەڵکی عیراق هەیە. حەقیقەتی مەرگی ناو ژیان ڕێی بۆ ناو ڕۆحمان کردۆتەوە و ڕەنگە گەلێ لە ئەشکەنجە خۆی و لە مردنەکەش کاریگەرتربێ.

دەمویست بژیم. دەمویست ژیانی ڕاستەقینە ببەمە سەر. بۆ ئەوەش، دوو پێداویستیم هەبوون: سەربەستی و بان. جارێکی تریش باسمان کردەوە. ڕۆژێکیان، سەیرانێکی گچکەمان لە سەر دەریاچەیەکی دەرەوەی بەغدا کرد.

کە بە جادە سەرەکییەکەدا ئاژاوتمان، پێم گوت: "هەر ئەوەندەی ڕێیەک پەیدا بکەم، لێرە دەردەچین".

وەک هەمیشە، وەڵآمی بەجێی هەبوو: "بەڵام چۆن؟. دەماندۆزنەوە".

دڵنیام کردەوە: "نا، من دەزانم چۆن خۆمان ون دەکەین".

بان هەناسەیەکی هەڵکێشا و سەری خستە سەر شانم. پێم گوت: "پیتاقەیەکیان پێ داوم تا بچمە مانێللا و سەردانی باوکە چاکەکەم بکەم. ئێستا لەوێ، سەفیری پایەدارە".

"بەتەمای بڕۆی؟".

"ئەگەر پێم بکرێ نەء. بەڵام لەو پیتاقانەیە کە ناگۆڕدرێن. ئەگەر لە ماوەی شەش ڕۆژدا ڤیزەی دەرچوون پەیدا نەکەم، پەساپۆرتەکەم لێ وەردەگرن و ئیدی تا ماوەی چەند ساڵێک ناتوانم لە وڵات دەرچم. لەبەر ئەوە، دەبێ بە پەلە شتێ بە شتێ بکەین".

لێی پرسیم: "پێت گوتوون کە ئەمرۆ بێرەدا دەڕۆین؟. دەبێ پێت گوتبن، ها؟".

پرسیارەکەی، پێغەمبەرانە بوو.

کە گەیشتینە نوختەی پشکنین، گاردەکان داوای ڕاوەستانیان لێ کردین. کە دەسمان بە سەردا گیرا، بۆ وەی چووم موخابەرات بێ چونکە لەو نزیکانەدا کۆشکێکی دی بۆ سەددام دروست دەکرا. ڕایانکێشامە دەرێ و بۆ پشکنین بە ئۆتۆمبیلەکەیانەوە نووساندم.

(بان)ی کڵۆڵ دەترسا. من پەست بووم.

دیسان ئەبو فیراس. باسی سەفەرە کورتەکەمان بۆی نەکردبوو. باسکی درێژی دەگەیشتە ئەوێ تا بیرم بخاتەوە کە کێ گەورەیە. داوای پێناسەیان کرد. ئەوەندەی تر شەڕانیی بوون: "خۆ ئێوە هاوسەریش نین، ها؟. بە تەمای چین؟. بەتەمان پەناگەیەکی تایبەتیی وەدۆزن؟". یەکێکیان، چاوێکی حەزئامێزی کردە بان. پێم گوت: "من سەر بە موخابەراتم. ئەگەر باوەڕ ناکەن، تەلەفۆن بۆ بنکەی سەرەکی بکەن". قسەکەم، بە پێکەنینێکی بێئەدەبانەی هێنان. ماوەی سێ سەعات، لەوێ ڕایانگرتین. لە ئەنجامدا ئیزنیان داین.

بۆ سبەینێ، لە بنکەی سەرەکیدا بە ئەبوو فیراسم گوت: "نەدەبوو ئەوە، بە تایبەتیی بەرانبەر بان بکەن. خۆت دەزانی کە ئەو هیچی لەم مەسەلەیەدا نییە". گوتی: "هەڵەی خۆتە. جارێکی دی بە پێی پرۆگرام بکە".

ئەگەر تا ئەو کاتە چ گومانێکم بووبێ، ئیدی نەما. دەبوو من و بان لە وڵات دەرچین.

ئەبو فیراس لە سەری ڕۆیی: "تۆ دەبێ بچیتە فلیپین. دوایی دەبێ بگەڕێیتەوە و مەشق بۆ ئەوە بکەیت کە لەگەڵ دەرەکییاندا کار بکەی".

"شتێک هەیە، دەمەوێ لەپێشدا ئەنجامی دەم. دەمەوێ زەماوەند بکەم".

خۆشحاڵیی بە ئەبو فیراسەوە دیار بوو. پیاوی بەژن بە ناچاریی بە ڕژێمەوە دەبەسترێ. بە سڵبییەکەوە گوتی: "بەڵام پێشەکی، پێویستیی بە ڕەزامەندیی باوکت دەکا".

"ئەگەر موخابەرات و خاوەن پەیوەندی تر ڕازی بن، باوکیشم ڕازیی دەبێ".

لە ئەنجامدا، پێویستیی بە ڕەزامەندیی هەرسێ دامودەزگای نهێنیکاری، موخابەرات، ئەمن و ئیستخبارات کرد. هەرسێ لایەن دەسبەکار بوون و لە بان کۆڵینەوە.

بان قەبووڵ کرا بەڵام ئەبو فیراس ڕایگەیاند کە دەبێ ببێ بە موسوڵمان.

زۆر سەغڵەت بووم: "شتی وا نابێ!. نیازم نییە داوای لێ بکەم واز لە هەموو باوەڕێکی خۆی بهێنێ. من داوای لێ ناکەم".

"بزانین چۆن دەبێ، بەڵام هەر دەبێ ڕەزامەندیی دایک و باوکی لەسەر بێ".

هەناسەی ساردم هەڵکێشا. دایک و باوکی، لە سەرەتاوە دژی ئەوە بوون کچەکەیان لەگەڵ مەسوڵمانێکدا بچێتە دەرێ. چ جیاوازییەکیان لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەمدا نەبوو کە هەموو شتێکی تێدا وا داڕێژاوە کە جیاوازی نێوان ئاینەکان بمێنێ. یاسا هەبوو کە بەرهەڵستی ئەوە بێ ژنە موسوڵمان مێرد بە پیاوی مەسیحیی بکات بەڵام پیاوی موسوڵمان، ئەگەر ئیزنە پێویستییەکانی جێبەجێ کردبان، ڕێی دەدرا ژنە مەسیحی بخوازێ.

بۆ خوازبێیی چومەماڵی بان و دیدەنیی دایکیم کرد. عادەت وایە خوازبێنیی لە دایک بکرێ چونکە کچ لە ژێر سایەی دایکدایە. لەبەر ئەوەی بەختەوریی کچەی پێ لە هەموو شتێ گرنگتر بوو، لە ئەنجامدا دڵی نەرم بوو. کە دایکی بان ڕازیی بوو ـ ئەوەیش وەک عادەت ـ باوکیشی ڕازیی بوو. بڕیارمان دا یەکسەر ڕێوڕەسم بەجێ بێنین. لە ڕاستیدا، خۆمان بە هاوسەر دانەدەنا تا ڕێوڕەسمی ئاینیی و مارەبڕین جێبەجێ نەبوایە. ئەبو فیراس هەر سوور بوو لە سەر ئەوەی کە ببێ بە موسوڵمان. بەڵام ئاخرێکەی، ڕێوڕەسمیی ئاینییمان بەجێ گەیاند.

(بان)ی کڵۆڵ، بە تەمای جلی سپیی بووکێنیی بوو لە کڵێسادا بیپۆشێ، کەچی زەماوەندەکەی لە هۆڵێکی تەنگی دادگادا کۆتایی هات.

یازدەی نۆڤەمبەری ١٩٨٩ بوو. ئەو ڕۆژەم بۆیە هەڵبژارد چونکە لە ڕۆژاوادا، یادی کۆنە جەنگاوەرەکانە. دەتگوت بەو شێوەیە مسۆگەرترە. شتێ بوو پەیوەندیی بە ئەزموونی خۆمانەوە هەبوو. پێم گوت: "بەڵێنت دەدەمێ هەر لەم وڵاتە دەرچین، سەرلەنوێ زەماوەند دەکەین. لە سەر ڕێوڕەسمی مەسیحیان، لە کەنیسە جێبەجێی دەکەین. چەپکە گوڵی زۆر و ئۆتۆمبیلی لیمۆزین... کاری بۆ دەکەین".

بە لەبزێکی شیرین گوتی: "ئەگەر دەرچین".

ڕێک بەر لە سەری ساڵ، یەکەم تەکانی خۆمم دا. ئەو دەمە، ژنەکەی ئەبو فیراس، لە وەختوسەعاتی منداڵبووندابوو. منیش حسێبی ئەوەم کرد کە ئەبو فیراس سەرقاڵ دەبێ. ٢٤ی مانگ بلیتی عەممانم بڕی چونکە بۆ ئەوێ، ڤیزەم پێ نەدەویست. بۆ ئەوەی بزانم چۆن خۆم بگەیەنمە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا،

ئەوەم کرد. ئەگەر مافی پەنابەرییان پێ بدابام، دەکرا بگەڕێمەوە عیراق و کاروباری دارایی خۆم جێبەجێ بکەم و پلانی هاتنی (بان)یش دابنێم.

له فڕۆکەخانەی سەددام، دەترسام باسکی درێژی موخابەراتم بگاتێ. بەڵام پێم نەگەیشت. بە ئاسوودەیی سواری فڕۆکە بووم.

کە لە عەممان نیشتینەوە، زۆر سڵ بووم بەڵام هەستی ئاسوودەییم هەڵدەکشا. وا بووم تا دیتم: تەمەنی لە دەوری پەنجا بوو و وەک کارمەندی گەورە چاکی پۆشیبوو. کە بە ڕێڕەوەکانی تەرمینالدا، بەرەو جێی پارەگۆڕینەوە چووم، بەرەو لام هات. بە ڕوویەکی خۆشەوە مەرحەبایەکی کرد و لە پشتمەوە، لە ڕیزەکە وێستا: "تۆ برایەکی عیراقیت وا نییە؟".

دڵم هاتە خوارەوە. وەڵآمم دایەوە: "بەڵێ. چۆنیت؟".

ئەگەر تێکشکابام هەستم پێ دەکرد. بەڵێنم دا پلانە گچکەکەیان وەرچەرخێنمەوە و ئاڕاستەی خۆیانی بکەمە نەک ئەوان ئاڕاستەی منی بکەن. گوتم: "بڵێ!. ڕەنگە بکرێ یارمەتیی یەکدی بدەین. من بۆ شتکڕین هاتووم و شارەزای عەممان نیم، ئەگەر..."

"قەیدی نییە. من دەتوانم یارمەتیت بدەم".

"دەشێ لە هێندێ مەسرەفیش هاوبەشبین. ڕەنگە بشێ لە مەسەلەی ئوتێلیشدا وا بکەین".

"پێشنیازێکی چاکە".

چووینە دەرێ. ئەم جۆرە یەکترناسینە سەرپێییە، لە ڕۆژهەڵآتی ناوەڕاستدا زۆر ئاساییە بۆیە هیچ شتێکی نارێک لە زاهیردا دیار نەبوو. بەڵام هەردوکمان دەمانزانی کە گەمەیەک دەست پێ کرا. بۆ شتکڕین و تەنانەت بۆ سینەماش پێکەوە دەچووین. دوای دوو ڕۆژان گەڕامەوە بەغدا و هەستم دەکرد دڵم قورقۆشمە.

یەکسەر ئەبو فیراس ڕیشی گرتم: "بێ ئەوەی پلانی خۆت ڕابگەیەنیت سەفەرت کرد؟".

"چۆن؟". لەسەرخۆ پرسیم. دوایی گوتم: "لە فڕۆکەخانەوە تەلەفۆنم کرد و هەواڵم بۆ جێهێشتی کە بۆ شتکڕین دەچم".

به چاوی زیتەوە، ماوەیەک لێم ڕاما. بە دەنگی نەویی گوتی: "یاری بە ئاگر مەکە. خەبەرت جێ نەهێشت ئەو کاتە نەبێ کە نیو سەعاتت مابوو سەفەر بکەی. تێگەیشتیت؟".

بە تەواویی تێگەیشتم. کاتم بەرەو نەمان دەچوو.

بێ ئەوەی جارێ بزانم چی دەکەم، خەریکی خۆئامادەکردن بووم. دەستم کرد بە وەدەسهێنانی پەساپۆرت و ڤیزە بۆ بان. بە هۆی پەیوەندییەکانمەوە، توانیم لە ماوەی بیستوچوار سەعاتدا، دۆکیومێنتە گرینگەکان وەدەست بێنم. بە (بان)م گوت: "هەر ئەوەندەی کە پێم گوتیت، یەکسەر بچۆرە لەندەن. یا بۆ ئەوێ بە دوتدا دەنێرم یا بە زووترین کات دەگەمە لات". ئەوەشم پێ گوت لە کوێ بمێنێتەوە.

کێشەی سەرەکیی دی پارە بوو. دیناری عیراقی لە دەرەوە هیچی وای نەدەکرد. جا سەدان هەزارەکەی خۆمم کردنە زێڕ و گەوهەرات کە بایی دەیان هەزار دۆلار بێ: ملوانکە و ئەڵماس و ئەڵقە و زمرود و بازنی ئەڵماس و مەرجان و لیرەی زێڕ.

شەو بە تەنها، لە ژوورەکەی خۆمدا، زێڕەکانم لە جێی بچووک بچووک پێچانەوە و هەموانم لە جانتایەکی گەورەدا دانان. بەڵام بۆ کوێ دەردەچووم؟. چۆن؟. پێ دەچوو ئەبو فیراس، بۆ هەر کوێ بچم، ئاگاداربێ.

پەژارەم بەوە بە لوتکە گەیشت کە باوکم، لە یەکێ لە سەفەرەکانیدا هاتەوە و چووە وەزارەتی دەرەوە. بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت کە ئەو پێی دەکرا یارمەتیم بدا. لەم جیهانەدا کەس نەما باوکم نەبێ کە بلیتی سەفەرم بێ، بە مەرجێ نواندنی ڕێکم کردبا و بمهێنابا ناوەوە. سەیر لەوەدا بوو لێی دەویستم پارەی لە بازاڕی ڕەشدا بۆ بگۆڕمەوە. قازانجی گەلێ چاکم پێی گەیاند. لەبەر ئەوە، چاکەیەکم کەوتە سەری.

لە ئوتێل ڕەشید، لە نهۆمی خۆیدا یەکمان دیت چونکە تەڵاقەکەی لەگەڵ دایکمدا یەکلایی ببۆوە. کە پارەکەم وێ دا، گوتی: "سوپاس". دوایی بۆی زیاد کرد: "چاک وایە هەرچی ئەو مەلعوونانە پێت دەڵێن، لەمەولا جێبەجێی بکەی".

چی دی ئەو بابەتە ڕێنماییکردنەم بەلاوە نهێنیی نەبوو. لەو دەمەدا کە لە پێناسەکانی باوکم دەگەڕام، بەڵگەی ئەوەشم چنگ کەوت کە باوکم ئەفسەرێکی گەورەی موخابەراتیش بوو. بێ گرینگیپێدان گوتم: "بەڵێ، بە دڵنیاییەوە. بەڵام لەگەڵ ئەبو فیراسدا کێشەیەکی بچووکم تووش بووە. شتێکی ئەوتۆ نییە".

زانیم هەستی ڕووشا. بە پەلە گوتی: "کێشەی وەکوو چی؟".

"زۆر گەورە نییە. لە مەسەلەی پارەدا خراپ لە یەک حاڵیی بووین. پشکیان لە ئوتێلێکدا هەبوو. زۆرم لە سەر کەوت".

"ئەوە تۆ باسی چی دەکەی؟".

ئێدی بۆم گێڕایەوە. ئەوەشم خستە سەر کە لەو کاتەوە، ئەبو فیراس بێزارم دەکا، بە تایبەتیی لە مەسەلەی سەفەردا. ئەم مەسەلەیە کاری خۆی کرد.

"ئەو هیچوپووچە خۆی بە چ دەزانێ؟!". دوای ئەوە تەقییەوە: "باشە، من پێشانی دەدەم".

مەسەلە نەریتە کۆنەکە بوو. لە ناو خێزاندا، گەورە و سەردار، چی بوێ بە ژن و منداڵی خۆی دەکات بەڵام ئەگەر دەرەکییەک کێشەیان بۆ بخولقێنێ، دەقەومێ. مەسەلە دەبێتە شەرەفی گەورە و سەردار، و ئازاری دەدا. من پیاوی خۆمم دەناسی.

ڕۆژی دوایی، هەر لە نهۆمەکەی خۆیدا یەکترمان دیت.

چووە لای مێزێکی دەم پەنجەرەکە و زەرفێکی هەڵگرت: "ئەمە نامەیەکە بۆ برادەرێکم، لە باڵیۆزخانە، لە یەمەن. داوام لێ کردووە یارمەتی پێویستت بدات و لە کاتی سەفەرەکەتدا، ئەگەر پێویستت بوو پارەشت بداتێ".

یەمەن؟. لە خۆم ڕامام. بۆ دەیەوێ بچمە یەمەن؟. بۆ لە هەموو دنیادا یەمەنی هەڵبژارد؟. دوایی تێگەیشتم. دوو چۆلەکەی بە بەردێک کوشت. دەیویست ئەبو فیراس تێبگەیەنێ کە خۆی لەو بە دەسەڵاتترە. پێی دەکرا بە بێ ڕەزامەندیی ئەبو فیراس بۆ هەر جێیەکی بوێ ، بمنێرێ. یەمەن وەک هەر

جێیەکی دی ـ فلیپینی لێ دەرچێ ـ بەجێ بوو. چۆلەکەی دووەمیش ئەمە بوو: کورە چرووکەکەی لە سەفەری ناجایز لا بدات.

گوتی: "ئەوەش هێندێ پارە بۆ لێقەومان".

بە شڵەژاوییەوە گوتم: "ئەدی چ بە ئەبو فیراس بڵێم؟".

"پففف... هم!. من جێی شیاوی خۆی پێشان دەدەم و ئەولاتریش".

ئەوە دوادیداری من و باوکم بوو.

دوای ئەوەی باوکم نێردرایە فلیپین، دەبوو حەڤدەی ئادار سەفەر بکەم. بۆ ئەوەی خۆم لە کێشە و تاقیبکردن ببوێرم، نۆی مانگ کاتی سەفەرەکەم گۆڕی. ڕۆژی هەینی و ڕۆژانی پشوو هێڵی ئاسمانی عیراقی تەنها لە ئوتێل ڕەشید کراوە بوو. کارێکی وام کرد کە سبەی سەفەر بکەم.

ئیدی لەوەدا بووم کە بە سەلامەتیی دەرباز بم. هەرچی شتی گرنگم هەبوو دامنە چەند هاوڕێیەکی خۆم. شەوی پێش سەفەر، لەگەڵ (بان)دا ژوورێکمان لە ئوتێل ڕەشید گرت و نەماندەزانی کەنگێ یەکتر دەبینینەوە.

بە گازندەوە گوتی: "دەبێ هەر ئێستا بڕۆی؟. لە جەژنی لەدایکبوونمدا لێرە نابیت؟".

دەستم بە قژیدا هێنا و گوتم: "دەزانم. بەڵام دەبێ تێبگەیت. ئەوە دوا فرسەتە. لەم ڕۆژانەدا موخابەرات، بە ڕاستیی شڵەژاون و چییان پێ بکرێ دەیکەن".

مەترسی گەورە ئەبو فیراس بوو. بە تەواویی نەمدەزانی کێشەی نێوان ئەو و باوکم بە چیی دەگا. چاکترین شت بۆ من ئەوە بوو لە وڵات دەرکەوم. جا بۆ هەر کوێیەک بێ.

ئێمە لە باس و دەمەتەقێی ئەو هەموو شتانەدا بووین، لە دەرگا درا. بان لە ترسان ڕاپەڕی. منیش دڵم ڕاچەنیی. بەڵام باشترین شت ئەوە بوو کە وەک بێ تاوانێک وەڵام بدەمەوە.

پیاوێکی پیر لە بەر دەرگا بوو: "مەرحەبا". یەکسەر ناسیمەوە. یەکێ بوو لەو گاردانەی کە وەزارەتی دەرەوە بۆ چاودێریی مێوانی زۆر گرنگ دایناوون. باڵای کورت و قژی سپی و لوول بوو. "ئاه، مەرحەبا حوسێن.

ئەوە لێرە چدەکەی؟". منیش بە پرسیارێک بەرپەرچم دایەوە: "ئەی تۆ لێرە چدەکەی؟".

"دەبێ ژمارەی ژوورەکەم لێ تێکچووبێ. ئەمە... ڕاوێستە با بزانم". ئەوەی گوت و سەیری شتێکی گیرفانی کرد. گوتی: "بە هەڵەدا چووم". وەرەقەیەکی بەرز کردەوە کە شتی لێ نووسرابوو. گوتی: "دەبوو بچمە ژووری (٦١٦) نەک (٦١٠)، تکایە ببوورە". گوتم: "قەیدی ناکات. بۆ نایەیتە ژووری؟. شتێ بخۆوە".

وشە سیحراوییەکەم بە زاردا هات. باسی کرد کە چاوەڕوانی نێردراوی باڵیۆزخانەی عیراقی لە ئەردەن دەکا و سەفیر بەخۆشی لەتەکە.

گەلێ بەو ڕێکەوتە خۆشحاڵ بووم. ئەمە چاکترین ڕێیە تا هێندێ لە زێڕەکانم، بە قاچاخ لە وڵات دەرکەم. وام پێشان دا کە جێی باوەڕە. پێم گوت کە دەمەوێ هێندێ زێڕ لە وڵات دەرکەم و فڕۆکەوانی هاوڕێ لە هێڵی ئاسمانیی عیراقیدا هەیە بە چەند سەد دۆلارێک یارمەتیم دەدا. یەکسەر دانە داوەکەی قوستەوە: "دەشێ پشت بە یەکێ لە فڕۆکەوانەکان ببەستیت. من دەتوانم لەوەش کەمترت لێ وەرگرم و بۆتی ئەنجام بدەم".

کات و شوێنی دیدارمان بۆ سبەینێ دانا. بان، بە سەرسامییەکی ئاشکراوە گوێی دەگرت. دوایی بە (بان)م گوت: "هیچ نەبێ دەبێ خەمی شتێ بخۆین تا لە دواییدا پێی بژێین".

کە کاتی سەفەرمان هات، بان گریا بەڵام هەوڵیشی دەدا خۆڕاگر بێ. دوای ئەوە، تا سەفەریشم کرد، هەر بە خۆڕاگریی دیتم. بۆ ماڵاوایی یەکجارەکی چوومە ماڵیان. دایکی لەوێ بوو. باوکی لە سەری ساڵەوە مردبوو.

دوای ئەوە، چوومەوە ماڵەوە تا گرانترین شت ئەنجام بدەم. دایکم و بیبیم تێگەیاندن کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ سەفەر دەکەم. تێگەیشتن کە جارێکی دی نامبینن. خۆیان گرت و نەگریان بەڵام چاویان پڕ بوو لە ئەشک. دایکم گوتی:

"دایکت لەبیر نەکەی". گوتم: "دەتوانم لە بیرت کەم؟".

دوای ئەوە، بۆ هەمیشە ماڵەکەی باوکمم بەجێ هێشت.

پەیوەندییە تازەکەم، لە بەر دەرگا هەڵیگرتم و بردمییە فڕۆکەخانە. جانتا زێڕەکەی هەڵگرت و وەک پێکهاتبووین، لە یەکەم نوختەی پشکنین ڕەتی داین. دوای ئەوە، جانتاکەی وێدامەوە. لە یەکەم وەجبەدا ڕانەگیرام، ئیدی لە وڵات دەرباز بووم.

کە فڕۆکەکە بەرز بووەوە، دوا سەرنجم دا. لەو وڵاتە دەرچووم کە زۆرم خۆش دەویست و لە هەمان کاتدا زۆرم قین لێی بوو. ئیدی لە خوار هەورەکانەوە، لە چاوم گوم بوو.

( ١٢ )

## لەگەڵ (سی ئای ئەی ـ CIA)دام

ئەوە دوادەرفەتم بوو. جاسووسێ بووم و لە عیراق هەڵاتبووم. لە بەر سەرماوە هاتبووم و دەمویست وەژوورکەوم. بەڵام جارێ، هەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووم. لە جێی پڕ مەترسیدا بووم و بۆی هەبوو دەستی موخابەراتم بگاتێ و بۆ دۆزەخی عیراقم بگێڕنەوە.

لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا یەمەن، خراپترین وڵاتی ١٩٩٠ بوو بۆ هەڵگەڕاوە عیراقییەکان. یەمەن ملکی سەددام حوسێن بوو. لە ماوەی شەڕی ئێراندا، عیراق بە بەردەوامیی نەوتی دەدایە یەمەن و لە ئەنجامیشدا، یەمەن ژیانی خۆی دایە دەست سەددامەوە.

کاتێ سەددام لە شەڕی ئێراندا "سەرکەوت"، لە یەمەن بووە قارەمان، هەروەها لە هێندێ وڵاتی تریش. لە ئەنجامدا، یەمەن ببوو بە مەملەکەتێکی سەر بە بەغدا و عیراقییەکان، لە سەنعای پایتەختی دێرینی یەمەندا، پاشای شاخان بوون. باڵیۆزخانەی عیراقیش، لە ڕاستیدا، ناوەندی حکومەتی یەمەنیی بوو. دەمزانی دەبێ لەو شارە دێرینەدا، بە ڕێبازی تەنگەبەردا بڕۆم. بۆ

کردنەوەی گشت دەرگایەک، دەکرا پێناسەی عیراقی بەکار بێنم. بەڵام دەبوو، بە پێی توانا، ژیرانە ڕەفتار بکەم.

تەماشای بان گردەکەم کرد. بینا نوێیەکەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا، وەک قەلاّ بە سەر شارە دێرینەکەیدا دەڕوانی. هەفتەی ڕابردوو کۆنسولّم دیتبوو و نامەیەکیی کورتم لە سەر وەزعی خۆم دابویێ. لە ڕۆژی گەیشتنمەوە، بۆ دووەم جار بە دەرگا ئاسنینەکاندا سەرکەوتم. وەک پێشووتر، کە ئەو ڕیزە دوور و درێژەم دەدی کە خوازیاری ڤیزە بوون، ئەترەشم چوو: پیاو، ژن و منداڵ. دیمەنی ئەو ژنانەی کە لە ژێر عاباوە، تەنها چاویان دیار بوو، لەرزی لێ دەهێنام. ژنانی ئەو وڵاتەی من لێیەوە هاتبووم، ئەو عابا ترسناکانە ناپۆشن. ئەو چاوە بێ دەموچاوانە، دەگەیشتنە قووڵایی ناخم و هەستی ترسیان دەبزواندم. بە هەرحاڵ، بە پەلە سەرکەوتم و بە ناو باخچە تازەکەدا، بەرەو بینای کۆنسولّخانە چووم. هەموو شتێکی ئەو ناوە نوێ بوو. وەک هەر باڵیۆزخانەیەکی تری ئەمەریکا لە هەموو جیهاندا، زانیاریی بۆ ڕەتبوون نووسرابوو. باخچەکە ئەوەندە گەورە بوو، جێی نیشتنەوەی ڕەوێ هیلیکۆپتەری لێ دەبووەوە.

نەفەری ئیستعلامات کە یەمەنیی بوو، ویستی بێزارم بکا. بە ناوچەوانی مۆنەوە، لە جامە گوللەبەندەکەوە، تەماشای کردم و گوتی: "کارتی وادەی چاوپێکەوتنت هەیە؟".

"نەء ، بەڵام پێم گوتراوە ئەمڕۆ ، لەم کاتەدا لێرە بم".

پەنجەی بە ڕیزە ناوەکانی بەردەمیدا هێنا: "چ پێناسەیەکت پێیە؟".

خەریک بوو بەرەو هەڵچوون دەچووم: "تەماشا...". کتوپڕ وەرچەرخا. پیاوێکی کورتی سیی ساڵە، بە چاویلکەی ئەستوورەوە، لە بەشێکی ترەوە هاتە ئیستعلامات و بە لای یەمەنییەکەوە وێستا. کابرا، لە قەفەزەکە هاتە دەرێ و بە گەرمیی دەستی هێنا و بە شێوەی جنووبی دەستی بە قسان کرد. گوتی: "هەلاو!. من (ستیڤ)م و سەر بە (سی ئای ئەی) م".

ستیڤ بردمیە ژوورێکی گچکەوە کە مێزێکی خڕ و کورسیی بە ناوەخنی نەرمی لێ بوون و بارێکیش بە قەد دیوارەکەوە بوو. مێزەکە، پارچەیەکی

چندراوی بە سەرەوە بوو و بۆ نانخواردن ئامادە کرابوو. پەنجەرەی نەبوو. بە هەرحاڵ، ئامێرێکی خڕی گوێگرتن، بە بنمیچەکەوە هەبوو کە بۆ هەرکەسێ بزانێ سەیری چی دەکات، ئاشکرابوو.

ستیڤ، شەربەت و خواردنی بە ڕادان دا و لە کاتێکدا کە پرسیاری گشتیی ڕابردووی تایبەتی لێ دەکردم، پیاوێکی تر، بە وەجبە خواردنەکەوە پەیدا بوو. خواردنەکە، بە شێوەی خواردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێنرابوو. کەش و هەواو خواردنەکە، بە ئاسایی دەهاتنە بەرچاو. هەموو شتێ، تەنانەت ئەو بابەتەش کە خەریک بوو باسی بکەین، خانەدانانە بوو.

دەبوو ئەم هەڵاتنە، بە ڕێکوپێکیی ئەنجام بدەم چونکە ڕێی گەڕانەوەم نەمابوو. پەنابەریم لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دەویست. بایی ئەوە زێڕم هێنابووە دەرێ کە ژیانێکی نوێی پێ بەڕێوە بەرم و دەمویست چ زانیارییەکیشم هەیە، بە ئەمەریکاییەکانی بدەم.

ستیڤ، پەساپۆرتەکەی بە گورجیی هەڵگرت و گوتی: "ها! لێرە ڤیزەی فلیپینت هەیە. دەچی موخەدەرات بە کڕیاران دەدەی؟".

بە بێدەنگی، لە ئاستی ئەو پرسیارە قۆڕەدا دانیشتم. تەلەفۆنەکەی تەنیشت ستیڤ زەنگی لێدا. سەماعەکەی هەڵگرت، کەمێ گوێی گرت و دایخستەوە. کەمێ لەو سەرنجانە ڕاما کە تۆماری کردبوون. سەری هەڵبڕی: "چۆن بوو وا لەگەڵ مۆساددا کارت کرد؟".

ئەوەی ئەوسەری خەتی تەلەفۆنەکە، هەر کەسێ بووبێ، گوێی لە قسەکانمان بوو و لە ستیڤ چاکتر لە پەیوەندییەکانی دەزانی.

هەموو شتێکم لە بارەی ئەو کارانەوە، بۆ ستیڤ و ـ گوێگرە نادیارەکە ـ گێڕایەوە کە لە بەریتانیا بۆ مۆسادم کردبوون. پێم ڕاگەیاند کە چۆن خەفیەی عیراقی بە وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەوروپادا بەبێ سزادان دێن و دەچن. بۆم دەرخستن کە چۆن ڕژێمی عیراق بەرهەڵستکاری خۆی لە پایتەختەکانی جیهانەوە دەفڕێنێ و لە جانتای بە ناو دیپلۆماسیدا باریان دەکات و دەیاننێرێتەوە وڵات.

ئەوەی لە موخابەرات فێری ببووم پێم ڕاگەیاند. باسی قوتابخانەی مەشق و چالاکیی لەناوبردن و نوێکردنەوەی چەک و کارەساتی مەزرای پەروەردی میکرۆبی تیفۆئیدم بۆ کرد. ئامادە بووم پتری پێ بڵێم: بۆ نموونە، ڕاستیم لە سەر هێرشی خومپارە دەزانی کە کرایە سەر (یو ئێس ئێس ستارک). بەڵام ویستم هێندێ کارت بەخۆم بهێڵم. ئاماژەم بۆ شتێکی لە هەموان تاریکتر کرد: ئۆسیراک (تەمووز). هەموو کەس پێی وابوو تێکشکێندراوە بەڵام نەء.

دوای دە مانگ ئەمەریکاییەکان لێیاندایەوە و دیسان ڕایانگەیاند کە تێکشکا بەڵام من گومانم هەیە کە توانای ئەتۆمیی سەددام ئەمجارەش تێکشکابێ. لە ژێر ئاودا، لە پەناوپەسێوی دەریاچەی دوکاندا، یۆرانیۆمی زۆر هەبوو. ئەگەر بە ڕاگوێستنەوەی ئامێری کارگەی دی ڕێبزرییان کردبێ، دەبێ زۆریان لە تەمووزیش گواستبێتەوە.

بە (ستیڤ)م گوت: "دەتوانم پێت بڵێم لە کوێوەڕا چاودێریی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا دەکرێت. ئەوەت بە دڵە؟".

گوێقوڵاغ بووەوە: "بێگومان. دەست پێ بکە".

باڵیۆزخانەی ئەمەریکا، بەرانبەر ئوتێل شاهین هەڵکەوتووە. دەستم پێ کرد: "شاهین، گوێچکەیەکی گەورەی موخابەراتە. وا ڕێکخراوە، هەموو شتێکی ناو باڵیۆزخانەکەی لێوە دەبیسترێ. خەفێگەرێتیی، یەکێکە لە پرۆژە هەرە گەورەکانی وڵات. سەرچاوەی سەرەکیی وەزیفەیە. لە ئەنجامدا، دامودەزگای نهێنی، زانیاریی تەواوی لە سەر هەموو شتێ ـ تەنانەت ئامادەکردنی خواردنی باڵیۆزخانەکەش هەیە". تۆزێ بزەم کرد، ئەوجا گوتم: "خۆ دەبینیت. ئەگەر میقدارێکی نائاسایی و زۆر خواردنی لێ بێ، دەزاندرێ کێ بۆ نانخواردن لەوێ دەبێ. زانیاریی نوێ بۆ ئەوە بەکاردێنن کە کەی گوێ بدێرن".

ستیڤ بە ناڕەزاییەوە گوتی: "ئێمە کەری خۆمان بەستۆتەوە".

سەرم ڕاوەشاند: "جگە لەوانەی جێگیرن و زانیاری لە سەر فەرمانبەرەکان دەدەن، فەرمانبەری بچووکیش لە بەغدا هەن کە ڤیزەی ئەمەریکا دەفرۆشن. ئەمەیان بە هاسانی دەست موخابەرات دەکەوێ ئەگەر بخوازن خەفیەی خۆیان بە ڕێگای نادیبلۆماسیدا ڕەوانە بکەن".

ستیڤ سەرسام دیار بوو. بە توندیی گوتی: "دڵنیا نیم بتوانین چ یارمەتییەکی تۆمان پێ بدرێ. هەر نەبێ ئێستا، هیچمان پێ ناکرێ".

لە ناخەوە هەستم بە بۆشایی و تێکشکان دەکرد. دەبێ نەزانێ چ زانیارییەکی بایەخدارم پێیە؟. بە دڵنیاییەوە ئەمەریکاییەکان دەیانزانی کە سەددام مەبەستی سەربازیی هەیە. سوپایەکی یەک ملیۆنیی بێکاری هەبوو. هیچ دیکتاتۆرێکی جیهان لێناگەڕێ ئەو وەزعە درێژەی هەبێ. دەبوو شتێکیان بۆ بدۆزێتەوە پێوەی سەرگەرم بن بەر لەوەی بیریان بە لای کۆشکی سەرۆکدا وەرچەرخێ ـ ئەوەش، ئەگەر کات هەبێ، سوپا ئەنجامی دەدا.

ڕەنگە سەرنجی سەددام بچووباوە سەر کوردەکان. یا سەرنجی بەرەو باشوور، بۆ کوێت بچێ. کۆنەقینی ئەو، لە سەر دوو دوورگەی (بابیان و فەیلەقە)ی ناو کەنداو، کە لە ژێر دەستی کوەیتییەکاندا بوون پەرەی دەسەند. کاتێ بەریتانییەکان سنووریان بۆ پاشماوەی عوسمانیی دوای یەکەم شەڕی جیهانیی کێشا، بە نووکە قەڵەمێک عیراقیان لە دەریا دابڕی. شەڕی ئێران، عیراقی وا هێشتەوە کە هەر پشت بە دراوسێکانی خۆی، کە کەوتوونەتە سەر دەریا ببەستێ. جگە لەوەش، کوەیت جینگە جینگی پێ کەوتبوو و داوای بلیۆنەها دۆلاری لە عیراق دەکردەوە کە بۆ شەڕی دژی ئێران خەرجی کردبوو. ئێمەی عیراقی، هەموو دەمانزانی کە فتیلەی سەددام زۆر کورتە و بەرەو لای کوەیت دەسووتا.

بەڵام ستیڤ و هاوکارەکانی لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکایی لە سەنعا، پێ نەدەچوو ئەوەیان بوێ کە من لە سەر سینییەکی زیوین پێشکەشم کردن.

هەموو بەڵگەنامەکانم دانە ستیڤ. تەنانەت ئەو دەفتەرەشم دایێ کە ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنی تێدابوون. گوتی: "باشە، چۆن بزانین تۆ بەخۆت ئەمانەت دانەهێناون، ژمارەکانیش؟".

لێی کەوتمە گومانەوە. ئەوە هەموو شتێ بوو کە بیڵێ؟.

جارێکی دی زەنگی تەلەفۆن بەرز بووەوە. دوای چەند لێوردبوونەوەیەک، ستیڤ شێوە ئاخاوتنی چاک کردەوە: "باشە با بزانین چۆن دەبێ". بە پێچوپەنا لە سەری ڕۆیی: "دەمانەوێ بچیەوە عیراق و لەوێ کار بکەی".

قسەم پێ بڕی: "من پێنج ساڵ لەوێ، لە دۆزەخدا بووم. یەکەم هەوڵی دەربازبوونم بە هیچە چوو. مەسەلە ئەمەیە. هەموو مەبەستێکم ئەوەیە ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەم".

"دەزانیت، ئێمە ناتوانین ڤیزەت وێدەین".

گوتم: "من ڤیزەم ناوێ، پەنابەریم دەوێ!".

"وڵاتی دی هەیە کە بتوانی ڕووی تێ بکەی؟. مەبەستم ئەوەیە کە دوایی بتوانین یارمەتیت بدەین... کاری لەم بابەتە، کاتی دەوێ".

لە بەر ئەوەی پێ نەدەچوو دەرگای وڵاتە یەکگرتووەکانم لێ بکرێتەوە، هەوڵی چارەسەری دووەمم دا: "دەمتوانی بچمە کەنەدا. ناسیاوم لەوێ هەن".

سەری خوار کردەوە: "مەسەلەی سەرەکی تا ئێستا ئەوەیە لێرە وەدەرکەوی. زۆر ڕێی تێدەچێ لە کاتی هاتنت بۆ ئێرە بیندرابیت و یەمەنییەکان دەیانەوێ لە ملیان بیتەوە. بۆ خۆت ناگەیەنیتە کەنەدا و لەوێ پەیوەندیت پێوە بکەین؟". دەستی خستە سەر شانم: "دوایی بزانین چیمان پێ دەکرێ بۆتی بکەین".

دیاربوو پێی خۆش بوو بە پەلە لە باڵیۆزخانەکە دەرکەوم و بە لالووتەوە، یا ڕاستتر بڵێم، بە لای لووتمەوە بە دوای خەفیەی عیراقیدا دەگەڕا.

گوتم: "باشە، با بزانین".

ئەوەی دیتم ئەوە بوو کە هەرچەندە ئەمەریکایی و حکوومەتی ئەمەریکا هەمیشە باسی مەترسی میللەتی ژێردەستی زۆرداران دەکەن، بەڵام لەو ڕێیەوە هەڵسوکەوت ناکەن. جیۆپۆلیتیک لە پێشدا دەهات. بە هەمان شێوە، ژمارەی تەلەفۆنم دایێ تا لە کەنەدا پەیوەندیم پێوە بکات. ئەویش، ناوی نهێنی و ژمارەی دامێ تا لە سەنعا پەیوەندی پێوە بکەم... ئەگەر ناچار بووم.

من لە سەر ڕۆیشتن بووم، ستیڤ گوتی: "باشە دڵنیایت کە ناتەوێ بچیەوە عیراق و لەوێ کارمان بۆ بکەی؟".

"ناتوانم. تۆ تێناگەیت؟. هەموو شتێ لەوێ بۆ من بڕاوەتەوە". ئەوەم گوت و پەنجەم وەک چەقۆ بە ملی خۆمدا هێنا.

گوتی: "همم. تێگەیشتم". بەڵام نەء ، تێنەگەیشت. نەمدەتوانی لە هەڵوێستی تێبگەم. دەبوو وەک (کان)ی خەفیەگەرێتیم لێ بڕوانێ. باڵیۆزخانەی ئەمەریکام جێهێشت و دەمزانی کە کەنەدا، باشترین شتێکە کە گرەوی لە سەر بکەم. دەبوو یەمەن جێبهێڵم بێ ئەوەی ئەگەر یەکێکم دووکەوتبێ، گومان بکات. بۆ حسێبی وریایی، چوومە باڵیۆزخانەی عیراقی و سەرم لە بڕادەرەکەی باوکم، (عەبدولموحسین)ی باڵیۆز دا. بە ڕووی خۆشەوە پێشوازیی لێ کردم و لێی پرسیم ئەگەر پێویستییەکم هەبێ. دڵنیام کرد کە هیچم پێ ناوێ و هەموو شتێ ڕێکوپێکە. دوایی لە بنی هەڵوێستە دۆستانەکەیدا، هەڕەشە دەرکەوت: "لە بەغداوە داوا کراوی بە گورجی بگەڕێیتەوە". چ هۆیەکی باس نەکرد و منیش پێویستیم بە زانینی نەبوو. دەبێ ئەبو فیراس سەغڵەت بووبێ.

ئەو ترسەم وەلا نا کە لە کاتی چوونم بۆ باڵیۆزخانەی ئەمەریکادا بیندرابێتم. لە دڵی خۆمدا گوتم ئەگەر بیندرابێتم ناشێ لەم ژوورە وەدەرکەوم. ماوەیەکی دی بە دەم قسانەوە مامەوە و دوایی ڕۆیشتم.

دیار بوو نەیاندەزانی چم لەگەڵدا بکەن. منیش بلیتی کەنەدام بۆ خۆم کڕی. (لوفتهانزا) قایل نەبوو بلیتم پێ بفرۆشێ. داوای بەڵگەنامەی تەواوی قەبووڵ کردنی ئەو وڵاتەیان دەکرد کە بۆی دەچووم. هەرچۆنێ بێ، لە سەر کاوەنتەری هێڵی ئاسمانی یەمەنی، هەر ڕوخسەتی شوفێریی ئەمەریکاییم پێشان دا و گوتم ئەوە کارتی سەوزە، بە خۆشییەوە بلیتی (تۆرۆنتۆ)یان پێ فرۆشتم.

گەڕامەوە ئوتێل و جانتام پێچایەوە. دەمتوانی تەنها، لە سەرەتادا، بچمە فرانکفۆرت. بە گەشکەوە، بە شێوەی هێڵی ئاسمانی و شێوەی سەفەرەکەدا چوومەوە. دەتگوت دەنگ و هاژەهاژ، زۆر لە دوورەوە دێن. لە بەر ئەوەی هەستم پڕ بوو لە وەسوەسە و نائاسوودەیی، کە فڕۆکەکە بەرز بووەوە، خۆشحاڵ نەبووم. دوای ئەوەی لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا سەرکەوتنم بەدەست نەهێنا، دڵنیا نەبووم کەس لە هیچ کوێ یارمەتیم بدا.

له فرانكفۆرتەوە، بە یەكەم فڕۆكەی گونجاو چوومە بۆن. دەمویست لەوێ، بە زووترین كات خۆم بگەیەنمە باڵیۆزخانەی كەنەدا.

لە بۆن باران دەباری. بە تاكسی چوومە ئوتێلێكی گچكەی گەڕەكێكی كۆنی شار. بە ناوی ساختەوە خۆم ناساند و پێشەكیی پارەم دانێ تا بۆ دڵنیایی ئەو شەوە، پەساپۆرتەكەیان لێم نەوێ.

كە چوومە باڵیۆزخانەی كەنەدا، هیوام كەمێ بووژایەوە. بینای ئۆفیسێكی ئاسایی بوو لە سەر شەقامێكی گچكەی نزیك باڵیۆزخانەی عیراقی. ئیستمارەی پێویستم پڕ كردەوە و لەگەڵ پێناسەی كەسایەتیمدا دامنە ژنێكی دیار كاونتەرەكە. لەو دەمەدا كە گرنگی سەفەرەكەم بۆ ژنەكە باس دەكرد، كۆنسوڵ خۆی، لە پشت جامەكەوە پەیدا بوو. پیاوێكی پیری چاویلكە لە چاو، لە بابەتی گەورەپیاوانی زەمانی زوو بوو. هاتە دەرێ و بۆ ئۆفیسەكەی خۆی ڕێنمایی كردم و بۆی ڕوون كردمەوە كە لەو دەمەدا مەحاڵە ڤیزەی كتوپڕ وەرگیرێ: "ڤیزەكەت سێ حەفتەی پێ دەچێ".

"سێ حەفتە!".

"چواردە ڕۆژی كار".

كتوپڕ هەستم بە تەنهایی كرد. دەتگوت بان، یەك ملیۆن میل لێمەوە دوورە. منیش لێرە، لە بۆن چەقیبووم. بە خۆمم گوت كە هەرچۆنێ بێ، بۆن لە بەغدا چاكترە. خۆ ئامادەكە، لەوانەیە خراپتریش بێ.

گەڕامەوە ئوتێل. هێندێ زێڕم هەڵگرت و چووم بە دوای كڕیاردا بگەڕێم. دوای ئەوەی لە هێندێ كۆگا پرسیارم كرد، دوكانێكی گچكەی بازرگانێكی جوولەكەیان پێشان دام. كە ئەڵقە ئەڵماسە سەد ساڵییەكەم پێشان دا، لە خۆشییاندا هاواری كرد. یەكسەر لێی دڵنیابووم چونكە وای پێشان نەدا كە ئەڵقەكە بێ بەها بێ. نرخێكی باشی بە چەند پارچەیەك دامێ و ئیدی هێندێ پارەم بوو پێی بژێم.

دوای دەوری سێ هەفتە، ڤیزەی كەنەدام پێ گەیشت كە لە ڕاستیدا، ڤیزەی سەردانی ناچاریی بوو. وەرمگرت. هەوڵم دا جارێكی دی هیوا پەیدا بكەمەوە. بەڵام هیوای زیاد نا. دەمزانی كەنەدا و وڵاتە یەكگرتووەكان، چەند دۆستن.

تەنـــانەت ئەو دەمەش کە پەیوەنـدی عیــراق بە کــوەیتەوە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو تێکچوون دەچوو، ئەوجاش دەترسام کەنەدا حەز نەکا هەستی حکومەتەکەی سەددام بەوە زامدار بکا مافی پەنابەریی سیاسی بە کوڕە دبلۆماسییەکی بدا.

کە فڕۆکەکە بەرەو ناو (ئۆرۆنتۆ) نشێو بووەوە، خوارەوە هێند هێمن دیار بوو، هەستم بە ئاسوودەیی دەکرد. ڕەنگە من و بان بمانتوانیبا لێرە بژێین. بڕیارم دا پەیوەندیی پێوە بکەم و پێی بڵێم یەکسەر وەڕێ کەوێ و بچێتە ئینگلتەرا. بە زووترین کات پێی ڕادەگەیەنم.

پۆلیسی پەساپۆرت، تەماشای ڤیزەکەی کردم و بۆ پشکنین ناردمیە لای پۆلیسی ڕەوکەران. لەوێ، ژنێک پرسیاری هۆی سەفەرەکەی لێ کردم. هەستم دەکرد گومانی لێم بوو.

"هەر ماوەیەک لێرە دەبم. باوکم دیپلۆماسییە. من زوو زوو سەفەر دەکەم".

"چەندت پارە پێیە تا خۆت بەڕێوە بەری؟".

"دەوری سەد و هەشتا دۆلاری کاش. بەڵام باڵیۆزخانەی عیراقی ئاگایان لێم دەبێ - جا بۆ هەر پێداویستییەک بێ". درۆم کرد: "لێرە، خۆم لەگەڵیانـدا ناونووس دەکەم".

بەر لەوەی لەم وڵاتە هیچ شتێ بکەم، ویستم پەیوەندی بە (سی ئای ئەی)ەوە بکەم بەڵکو هەرچۆنێ بێ، مەسەلەکەم وەئەستۆ بگرن. بەڵام زەحمەت بوو پێی بڵێم بۆیە لێرەم تا سی ئای ئەی ببینم. لە ئەنجامدا، پێ دەچوو باوەڕی پێ کردبم. ناونیشانی باڵیۆزخانەی عیراقی، وەک جێی مانەوەم لە کەنەدا، تۆمار کرد و ڕێی دام.

ڕۆژێکی جوانی مانگی ئەپریل بوو و هیواکانی منیش گوڵیان کردبوو. برادەرێکی جێی باوەڕ، ناونیشانی عیراقییەکی لە تۆرنتۆ دابوومێ تا لە کاتی تەنگانەدا هانای بۆ بەرم و ژوورێکم بداتێ. کە تەلەفۆنم بۆی کرد، بە خێری هێنام و شێوەی دۆزینەوەی ماڵەکەی بۆ ڕوون کردمەوە. ئەوە سەرەتا بوو. حەفتەیەک چاوەڕوان بووم تا سی ئای ئەی تەلەفۆن بۆ ئەو ژمارەیە بکا کە لە سەنعا دابوومە ستیڤ. لە ئەنجامدا، بڕیارم دا خۆم تەلەفۆن بکەم.

ژنێـک، لە باڵیۆزخـانەی ئەمەریکـایی سـەنعاوە وەڵامـی دامەوە: "بەداخەوە، لێرە گوێزراوەتەوە". هەواڵەی ئەوەی کردم کە لە جێی ستیڤ هـاتبوو. بەڵام ئەو هیچی لە مەسەلەکەی من نەدەزانی و پێی گوتم کە هیچی پێ ناکرێ.

بۆ سبەی بەیانی، ئەمەریکاییەک کە نـاوی خـۆی بە جاکسن بـرد، تەلەفۆنی بـۆ کـردم: "ستیڤ، نـاوەکەی تـۆی داوەتە مـن. خەریکی چیت؟. بە داخەوە کە درەنـگ تەلەفـۆنم بـۆ کـردی. گـوێ بگـرە، بەم زوانە لە تۆرنتـۆ دەبـم. دەکـرێ سەعات نۆی بەیانی دووشەم، لە کۆنسوڵخانە یەکتر ببینین؟".

لەو دەمەوە کە بەغـدام بەجـێ هێـشتبوو، بـۆ یەکەم جـار هەسـتم کـرد کە لەگەڵ زانایەکدا پەیوەندیم هەیە. شتێ لە دەنگیدا، لە شـێوەی قسەکردنیدا پێی گوتم کە ئەم پیاوە دەزانێ چی دەکا.

"نۆی بەیانی، ڕۆژی دوشەم. زۆر باشە".

"باشە، پێیان بڵێ کە لە ئۆفیسی مستەر برادلی چاوەڕێتن".

کۆنسولخانەی ئەمەریکا لە تۆرنتۆ، بینایەکی جوانە و کەوتۆتە سەر شەقامی زانکـۆوە. ڕێیەکـی تـری چـوونە ژوورەوەم گـرت تـا خـۆم لە ڕیزگرتنـی ئەوانە لادەم کە بـۆ ڤیـزەی ئەمەریکـا وێستابوون. گەنجێکـی تەمەن نـۆزدە سـاڵ، یـا دەوروبەری نۆزدە، لە سـەر کاونتەرەکەی پێشەوە بـوو. پێم گـوت کە وادەی چـاوپێکەوتنم هەیە. کەمـێ گەڕا. ئەوجـا دەفتەرێکـی هێنـایە پێـشم تـا ئیمـزای بکەم. بە تەلەفۆن، یەکێکی بانگ کرد و نیشانەیەکی دا بە من.

ژنێکی کامڵ، لە ئاسانسۆرەکە دەرکەوت. بۆ نهۆمی سەرەوە کەوتە تەکم کە لەوێ، لە ئۆفیسێکی فەڕاحدا، دوو پیـاو چاوەڕێم بـوون. یەکێکیـان کەڵەگەت و تەڕپۆش بوو و تەمەنی دەوری چل و پێنج سـاڵ بـوو. ئەمەیـان جاکسن بـوو. ئەوی تریان برادلی بوو.

دەسـتیان کـرد بە پرسـیار لە سـەر چیـرۆکەکەم. بەڵام بە هـیچ شـێوەیەک باسـی مۆسـادیان نەکـرد. پێم وابـوو بەخۆیـان لێـی کۆڵیـونەتەوە و هەمـووی دەزانـن. ئەوەی ئەوان دەیانویـست، نـاوی ئەفـسەری موخـابەراتی عیراقـی و زانیـاری لە سـەر ئەوانەی کە لە پێشخـستنی ئەتـۆمی و چەکـی کیمیـایی و بایۆلۆژیدا کاریان دەکرد. جاکسن گوتی: "دەتوانی بچیەوە عیراق؟".

"نەخێر. ئەوە جێی باس نییە. جگە لەوەش، دەمەوێ کۆتایی بەو شتانە بێنم و ژیانێکی نوێ لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەست پێ بکەم. لە بری ئەوەش، هەرچی بزانم پێتان دەڵێم".

گوتی: "بڕیاری لەو بابەتە لە دەستی ئێمەدا نییە بەڵام با بزانین چمان پێ دەکرێ. لە هەمان کاتیشدا، ئەگەر بتەوێ بچیتە وڵاتێکی دی، ئێمە کەفالەتت دەکەین."

هەستم بە ڕەنجبەخەساریی کرد. من پێم وابوو زۆر هاسان بێ. پێم وابوو، بۆ ئەوەی زانیارییان لە سەر سەددام و ئامێری جەنگی ئەو دەست بکەوێ هەڵدەپەڕن. سەسام بووم.

دوای هەفتەیەک، تەلەفۆنیان کرد تا پێم ڕابگەیەنن کە نەیانتوانیوە یارمەتیم بدەن. ئیدی هەر سەرسام نەبووم بەڵکو تەوژمم لە سەر بوو و تووڕەش بووم.

بڕیارم دا داوای پەنابەریی لە کەنەدا بکەم. لە ٢٣ ی مایسدا، چەند ڕۆژێ بەر لەوەی ڤیزەی سەردانەکەم بە سەرچێ، چوومە دایەرەی پەنابەران و فۆرمم پڕ کردەوە. دوای ئەوە نامەیەکم وێ دان کە تێیدا باسی ئەوەم کردبوو کە بۆچی بگەڕێمەوە عیراق ژیانم دەکەوێتە مەترسییەوە.

دوای سێ هەفتە، کاتی چاوپێکەوتنم بۆ دیاری کرا تا لە مەسەلەکەم بکۆڵدرێتەوە. ئەو ژنەی کە لەگەڵمدا دەدوا، بەبەزەیی بوو و پێی خۆش بوو یارمەتیم بدا. تەنانەت ئەگەر پێویست بوایە، تەلەفۆنی بۆ دامودەزگای کۆمەڵایەتیش دەکرد تا بزانێ هەقەمستم یا خێر.

لە بەر ئەوەی کوڕە دیپلۆماسییەکی عیراقی بووم، مەسەلەکەم ناسک دیار بوو. ژنەکە گوتی: "خەڵکی دی، لێرەوەی لێ ڕادەمێنن. ئێستا هەر ئەوە دەکرێ کە چاوەڕوان بیت. بەڵام بە داخەوە ناتوانین ڕێ بە ژنەکەت بدەین بێتە لات تا مافی مانەوەت پێ نەدرێ. تا ئەو کاتە، مافی کارکردنیشت نابێ".

حسێبم بۆ هاوکارییەکەی کرد. بەڵام ئەمە، بە لای منەوە وەک نوکتە بوو: دەمتوانی یارمەتی دامودەزگای کۆمەڵایەتیی وەربگرم بەڵام بۆم نەبوو کار بکەم. ئەو دەمەی کە من بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی مافی پەنابەریی بووم،

سەددام کوەیتی داگیر کرد. لە دووی ئابدا، زریپۆشەکان، هەر وایان کرد و بەرەو ناو کوەیتی بچکۆلەی بێ بەرگری، گلۆر بوونەوە و ڕایانگەیاند کە کوەیت بوو بە پارێزگەی ژمارە نۆزدەی کۆماری عیراق.

( ١٣ )

## خەتی سەر لم

ئەو کاتەی کە من لە تۆرنتۆ لێی دانیشتبووم، سوپای سەرکەوتووی عیراق کوەیتی تالآن دەکرد. هەزاران کرێکاری بێگانە و دەیان هەزار کوێتی هەڵاتن. لە نێوان ئەوانەدا، فەلەستینیش هەبوون کە سیی ساڵی تەمەنیان لەوێ بە سەر بردبوو، بە ناچاری هەڵآتن و پاشەکەوتی ژیانی خۆیان بەجێ هێشت. ئەمانەش، وایان لە سەددام نەکرد کە واز لە قسەکانی خۆی بێنێ کە گوایە هەموو ئەوەی لە پێناوی عارەبدا، بە تایبەتیی فەلەستینییەکاندا کردووە.

کتوپڕ، کۆشکی سپی ڕایگەیاند کە سەددام هیتلەری عارەبە و نابێ پێشی بەرەلآ بێ. بەڵام وەک ڕۆژنامەنووسێکی ئەمەریکایی بۆی چووبوو، سەددام لە هیتلەر پتر مەترسیی هەبوو. ئیدی دەزگای ڕاگەیاندن دەستی پێ کرد کە چۆن حکومەتەکان چەکسازیی خۆیان، لە پاریسەوە بۆ تۆکیۆ، لە واشینگتۆنەوە بۆ مۆسکۆ، لە بۆنەوە بۆ پەکین، ناردووە و چۆن هەموویان ڕۆژێ لە ڕۆژان، پشتی بەغدا و ـ لە ئاستێکی کەمتردا ـ ئێرانیشیان، بە چەک و تەکنەلۆژیا و ڕێنماییکردن گرتووە.

وەک هەمیشە، کەس بیری لێ نەکردبۆوە. وا دەسکردی تۆقێنەری دەستی خۆیان، کەوتە پشت ماڵی خۆیانەوە، چونکە وڵاتە پیشەسازییەکان، وڵاتە خاوەن نەوتەکانی ڕۆژهەڵآتی ناوەڕاستیان بە پشت ماڵی خۆیان دادەنان. لە دەستدانی کوەیت زۆر خراپ بوو. بەڵام دەرگای ڕاستەوخۆی داهاتوو،

عارەبستانی سعوودیی بوو. لەدەستدانی عاربستانی سعوودیش، شتێ نەبوو عەقڵ قەبووڵی بکا.

سەرۆک جۆرج بوش، خەتێکی بە سەر لمدا کێشا. گەمی و سوپا و تانک و فڕۆکەوان و فڕۆکەی بۆمبهاوێژ و ڕاکێتی بۆ عارەبستانی سعوودیی و ئیمارەتە عارەبییە یەکگرتووەکان نارد تا پشتگیریی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەوەدا بکات، کە عیراق لە کوەیت بکشێتەوە. ئەگەر سەددام داواکارییەکانی ڕەت کردباوە، دەبوو بەرانبەر عەمباری جبەخانەی بە هەیبەتی وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و ئەوانی دی بوەستێتەوە.

من دەمزانی شەڕ دەقەومێ. دانانی ڕۆژی دیاریکراو بۆ پیاوێکی وەکو سەددام حوسێن، گەرەنتیی بوو بۆ نەکشانەوە و ڕەتکردنەوە. کە سەددام مەسەلەی کوەیتی بە داگیرکردنەکانی ئیسرائیل و چارەسەرکردنی (کەناری ڕۆژاوا)وە بەست، کارتێکی زیرەکانەی گەمە کرد، ئەوجا داوای کۆنفرانسی نێونەتەویی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتیی مەسەلەی فەلەستین و ناوچە داگیرکراوەکان کرد. ئەو نوختەیەکی بە دەستەوە بوو: بە دڵنیاییەوە ڕۆژاوا، هەڵوێستی دووفاقانەی لە مەسەلەکەدا هەبوو. هەرگیز تێناگەم لەبەر چی ئەمەریکاییەکان، ئارەزووی سیاسییانەی خۆیان بۆ ئەوە گرد نەکرد تا ئیسرائیل خەتابار بکەن و کارێ بۆ فەلەستینییە ناڕەزاکان بکەن. لە بەرژەوەندی خۆیاندابوو ئەوە بکەن چونکە بەوە، چەکێکی سایکۆلۆژی بەهێزی عارەب لە ئارادا نەدەما کە دەیانگوت: قین لە ئەمەریکا، وەک هاوکارێکی ئیسرائیل. ئەوجا سەددام ئەو چەکەی خستە کار. ئەوە نەتەوەیەکە لێی دەوەشێتەوە بەرگریی بکا. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە سەددام نەیتوانی کەمترین مەودا بۆ ئابڕوپاراستن یا بۆ مەسەلەی فەلەستین بهێڵێتەوە. ئەوەی ئەو دەیکرد ئەوە بوو کە ئەمەریکاییەکان زەلیل بکا بێ ئەوەی نیازی کشانەوەی لە کوەیت هەبێ. ئەگەر ڕۆژاوا بە کۆنفرانسی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕازیش بوایەن، سەددام بە مەرجی تازەی یەک لە دوای یەک تێکی دەدا.

سەیر ئەوە بوو فەلەستینییەکانی ئەردەن و کەناری ڕۆژاوا، کتوپڕ، سەددام حوسێنیان کردە قارەمانی خۆیان. دەتگوت کتوپڕ بیریان چوو چۆن چەندین ساڵ ڕەفتاری لەگەڵ فەلەستینییەکاندا دەکرد. خۆزگە دەکرا ئەو فەلەستینییە لەخشتەبراوانەم دەعوەتی بەغدا دەکرد کە هیتافیان بۆ سەددام، وەک قارەمانی مەزنی عارەب لێ دەدا، تا لە ژێر سایەی حیزبی بەعس و موخابەرات و ئەمن و ئیستخبارات و هەموو هێزە سەپێندراوەکانی تری سەددامدا بژیابان.

ماوەیەک ئەو هیوایە هەبوو کە گەمارۆی ئابووری دنیا دژی عیراق، سەددام بە چۆکدا بێنێ. ئەو هیوایە لەوەوە بوو کە سەددام خەمی میللەتەکەی بێ. زۆربەی زۆری پڕوپاگەندەی حکوومەت بۆ نوقوستانیی لە ڕادەبەدەر دەکرا. بەڵام لە ڕاستیدا سەددام کەمترین گرینگیی بەوە نەدەدا داخوا میللەتە کۆیلەکەی چی بە سەر دێت.

تاکە هۆی ئەوەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان توانی ڕۆڵی سەرەکی هەبێ، دارمانی دەسەڵاتی سۆڤیەتی بوو. لە دووەم شەڕی جیهانیی بە دواوە، بۆ یەکەم جار بازرگانانی چەک نەیانتوانی کۆشکی سپی و کریملن دژی یەک بکەنەوە.

کە سەددام چووە کوەیتەوە، پێ دەچوو بیری چووبێ کە چی دی مۆسکۆ لە ناو باساندی نییە. زۆریشی لە سەر مەسەلەی ڤێتنام هەڵچنی و لای وابوو کە ئەمەریکا بۆ تێداچوونی کوەیت، خۆی بە قوڕاوێکی تری شەڕدا ناکا. جگە لەوەش، شارەزایی ئەمەریکاییەکانی لە بیابان، نەخستبووە حسێبەوە. ئەوان ڕاهێنانیان لە بیاباندا کردبوو. سەددام، بە تەواویی گۆڕانکارییەکانی ساڵانی ڕێگنی بیر چووبوو کە بە سەر کەسایەتیی ئەمەریکاییەکاندا هات. ئەمەریکاییەکان، ئەگەر بیانزانیبا پێویستە، شەڕیان دەکرد.

هەموو کەس دەیزانی مەسەلەکە نەوتە با سەرۆک بوش، چەندین جاریش دانی لە سەر زوڵم و زۆری سەر خەڵکی کوەیت و پرینسیپی نەتەوە یەکگرتووەکان داگرتبێ. تەنانەت بوش، ئەوەشی ڕاگەیاند کە مەسەلەکە بۆ ئەمەریکا، گرینییەکی ستراتیژییە. بەڵێ ئەوە بوو. ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان

پێی نەکرابا پشتگیریی عارەبە هاوپەیمانەکانی وەک عارەبساتنی سعوودی و میسر لە کاتێکی وادا بکا، ئەو سەرکردە عارەبانە جارێکی دی لە سەر مێزی ئەمەریکا نەدەبیندران ـ بە مەرجێ ئەگەر بژیابان تا چیرۆکەکە بگێڕنەوە. وەک کە ڕووی دا، مەترسی ئەوە دەکرا ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکەکە لە خۆ تێهەڵقورتاندنی ئەمەریکا ناڕازی بن ـ و لە هێزی سەربازیی هەر گەڕێ. خۆشەویستییەکی ئەوتۆ لە دنیای عارەبدا بەرانبەر پشیلەی قەڵەوی ڕژێمی کوەیت نەبوو، لە کاتێکدا ترسی زۆر لە سەددام هەبوو.

سەددام بە شێتەپیاو ناوی دەرچوو. من لە دیوی ناوەوەڕا دەمزانی کە ئەو شێتە ئاساییە نەبوو کە جیهان بۆی دەچوو. نەخۆشیی خۆبەمەزن زانینی هەبوو. بەڵێ، بەڵام خۆ بەمەزنزانێکی بێ بەزەیی و سەرکەوتوو، یەکێکیشە لە باشترین دەسەڵاتدارانی سەر سروشتی خەڵکی وڵاتی خۆی. سەرێک و هەزار سەودای سایکۆلۆژی دژی نەیارەکانی خۆی هەبوو.

لە تۆرنتۆ دانیشتم و چاوەڕوان بووم. هیوام هەبوو کە ئەمەریکاییەکان، ئەو پشتەیان هەبێ خەمی بخۆن. وا نەبێ، بە هیچ شتێکی دی عیراقی لێ ڕزگار نابێ. جا با ئیسرائیلیش لابەلا ئەنجامی بدا.

دەبێ هەڕەشەی شەڕ وای لە ئەمەریکاییەکان کردبێ گرنگیی بە من بدا. لە سەرەتای ئۆکتۆبەردا، پەیامێکم لە کۆنسولخانە بۆ جاکسن جێهێشت. ڕۆژی دوایی تەلەفۆنی کرد و پێی گوتم کە بەتەمان کارێ جێبەجێ بکەن و پەیوەندیشی پێمەوە دەبێ.

پەست و دۆڕاو بووم. بان گەیشتبووە بەریتانیا و لەوێ تەنها بوو. بە هۆی جەنگیشەوە، حسێبی بانکەکەی وەک هەر عیراقییەکی دی ڕاگیرابوو. زۆربەی زێڕەکانم تەواو کردبوو و هەر ئەو گەوهەرانەم مابوون کە بۆ ئەوەم هەڵگرتبوون. چەند ڕۆژێ دوای دەمەتەقێکەم، لەگەڵ جاکسندا، خەریک بوو بۆ پیاسە بچمە دەرێ، نا ئاشنایەک تەلەفۆنی کرد.

گوتی: "حوسێن سومێدەیە؟. من هاوڕێی ئەبو فیراسم. داوای لێ کردووم کە یەکڕاست بچیتەوە بەغدا".

له جێی خۆمدا مەییم. ئەو کەسە، یەکێ بوو کە لەو وڵاتە دەیناسیم. بڕیاری هەڵآتنم دا. بۆ بەریتانیا. زۆربەی گەوهەرەکانم فرۆشت و بلیتی قاهیرەم کڕی کە بە بەریتانیادا دەڕۆیشت. ئەو هیوایەم هەبوو کە هەر کەسێ بمپشکنێ، پێی وابێ دەچمە میسر و خۆم لەوێ، لە ناو جەماوەری موسوڵماندا بزر دەکەم. بەیانی زوو، کەوتمە بەر دەستی دەسەڵاتدارانی فڕۆکەخانەی (هیترۆ)وە. لێرە پرسیاری بەئەدەبانە نەدەکرا. کە بەشی پشکنینی پەساپۆرتم تێگەیاند هاتووم داوای پەنابەریی سیاسیی دەکەم، کاردانەوەکەی دوژمنانە بوو: "ئێ، ئێ. ئاوها، ها؟". ئەفسەرەکەش بەرەو لای پەنجەرەیەکی نزیک پاڵێکی پێوە نام. خرامە ژوورێکەوە، دەوری دوو مەتری چوارگۆشە دەبوو. لە سێزدە سەعاتی داهاتوودا، چوار ئەفسەری پەنابەران، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکردم. ئەو هۆیەی کە پێ دەچوو تووڕەی کردبن، ئەوە بوو کە من بێ ئەوەی خەفیەگەری بەریتانیا پێی بزانێ، کارم بۆ مۆساد کردبوو.

پرسیاری جێوڕێی چەکی کیمیایی و بایۆلۆژییان لێ کردم. هەروەها لە بارەی ئەو بێگانانەشەوە کە سەددام بە بارمتە گلی دابوونەوە. ڕێی بە گەلێ دیپلۆماسی و گارگەری بێگانە گرتبوو تا لە وڵات دەرنەچن. ئەوانەی لە جێی ستراتیژی سەربازی دانابوون و کردبوونی بە زرێی نیشانەکان. ڕۆژاوا، بەم کارە شڵەژا بەڵام ئەمە کاتێ ڕووی دا، من لە عیراق دەرچووبووم و بایی ئەوەم لێ نەدەزانی کەڵکی هەبێ.

لە ئەنجامدا، وا وێ دەچوو کە لەگەڵمدا لێبووبێتنەوە. هەموو ڕۆژەکە، خواردنیان نەدابوومێ و لێ ببوومەوە. لێکۆڵەرەوەکەم، بەر لەوەی بچێتە دەرێ گوتی: "لێرە مەجووڵێ". دوای چەند دەقیقەیەک، پۆلیسێکی کەتە وەژوور کەوت و خستمیە سەر پێ و بردمیە گەراجێکی ژێر زەوییەوە. تووڕدرامە ناو پیکاپێکی داخراوەوە و بردیانمە جۆرە بەندیخانەیەک. لە پیکاپەکە داگیرام و فڕەدرامە ژێرزەمینێکی سارد و تاریکەوە. چیمەنتۆی زەوییەک، کە هێندێ شتی شینی پیسی لەسەر بوو، بووە نوێنم. هێندێ خۆراکیان بۆ هێنام بەڵام من لەوە تێکشکاوتر بووم بتوانم لای لێ بکەمەوە. هەموو شەوەکە لە سەر زەوی دانیشتم و نەموێرا لەو نوێنە کە بە هی پەتادار

دەچـوو، نزیـک ببمەوە. دانیـشتم و هەوڵـم دەدا بیـر لەوە نەکەمەوە گەر بـۆ عیراقم بنێرنەوە چم لێ دێ.

بەیانی، بردیانمەوە ژووری لێکۆڵینەوەی فڕۆکەخانەکە.

یەکێ لە ئەفسەرەکان پرسـی: ئێ کوڕی باش. تۆ حکومەتەکەمـان بە چـی دەزانی؟. وا بزانم کۆمەڵێ گەنیوی ئیمپریالیستین، وا نییە؟".

"تکایە، من ڕاستیتان پێ دەڵێم. دەمەوێ یارمەتیی لایەنی ئێوە بدەم. ئەگەر باوەڕم پێ ناکەن ڕێ بدەن با لەگەڵ پیاوانی ئاسایشتاندا باخێوم".

"قسەی پووچ مەکە کوڕیژگە. بە کۆمەڵێ گێلمان دەزانیت، ها؟".

ئەوەی ئەوان بۆی دەچوون، ئەوە بوو من تیرۆریست بم.

مــاوەیەک بە تەنــێ جێیــان هێـشتم. منــیش حەزم دەکــرد، بە مــشت بە دیوارەکاندا بکێشم. دەرگا کرایەوە و بان وەژوور کەوت.

وەک ئەوە بوو خۆر لە هەڵهاتندا ببینم. پێیان گوتبوو بێتە ژووری. لەگەڵ ئەویشدا لێکۆڵینەوەیان کردبوو بەلام وەک وێدەچوو، گەلێ لەگەڵیدا میهرەبان بووبن. پێدەکەنی و دەگریا و باوەشی پێدا کردم.

بە سەرسـوڕمانەوە دیمـان، یەکـێ لە ئەفـسەرەکان وەژوور کەوت و پێـی ڕاگەیاندین کە بڕیاریان داوە پاش دوو مـانگی دی لێکـۆڵینەوەم لەگەڵدا بکەن. ڤیزەی ناچاریی دوو مانگیان دامێ.

تەکسیمان گرت و گەڕاینەوە بۆ شار.

بە هۆی ئەوەوە کە جـارێکی تـر، بە زینـدویی و سـەلامەتیی پێکەوە بـووین، شــاد و خەنــدان بــووین. هەمــوو ڕێــگەکە، ئــێمە پێــدەکەنین و دەگریــاین و یەکترمان لە ئامێز دەگرت. چووینە چاکترین ئوتێلی ڕێنجێنسی کە پێم دەزانی. بۆ ئاهەنگگێڕان، شەمپانیا و (ڕوبیان) و قرژاڵی دەریـا و هەرچـی دێلیکاتێسـتی گرانبەها لەوێ هەبوو، داوامان کرد.

بۆ سبەینێ، لە ئوتێلێکی گچکەدا ژوورێکی گونجاوترمـان گـرت و بە دووی شوقەدا، بە لەندەندا کەوتینە گەڕان. ئاخرێکەی یەکێکمـان لە (هامپستید) چنگ کەوت کە بە دڵـی هەردوکمـان بـوو. چووبـوومە بانـک و بـایی ئەوەم دابـین

کردبوو، هەر نەبێ، حەفتە بە حەفتە پێی بژێین چونکە دەست بەسەردا گرتنی پارەیان لانەبردبوو.

کە لێپرسراوان جارێکی دی بانگیان کردمە فرۆکەخانە، ڕێک ڕۆیشتم و وای بۆ دەچووم کە ئاخرێکەی لە بەسەرهاتەکەم کۆڵیبێتنەوە و دەیانەوێ زانیاری لە سەر ئەو ڕژێمە بە دەست بێنن، کە لەوەدا بوو دژی بکەونە جەنگەوە.

ئەفسەرەکە گوتی: "دەبێ بۆ کەنەدات بگێڕینەوە؟".

دڵم ڕاوێستا. چ قسەم نەبوو.

"ناکرێ مەسەلەکەت لە ئەستۆ بگرین چونکە مەسەلەی پەنابەریت لە کەنەدا، لە ئارادایە. ئەمە پێچەوانەی یاسایە. دەبێ بچیتەوە ئەوێ و لە سەر کێشەکە بەردەوام بیت.".

دەستم بە دەمەتەقێ کرد. دوایی وازم هێنا چونکە زانیم بێ سوودە. هەستم دەکرد نەیاندەوێرا پەتاتەیەکی گەرمی وەک من وەربگرن. دەبێ بیریان لەو مەودایە کردبێتەوە کە بۆ دامودەزگای ڕاگەیاندن دەرەخسێ ئەگەر بۆیان دەرکەوێ کە خەفیەیەکی موخابەراتیان لە لا نیشتۆتەوە. بەڵام خراپتر لە دواوە بوو. ڕێیان نەدا (بان)م لەگەڵدا بێ.

بان، جانتا و زێڕی بۆ هێنامە فرۆکەخانە. هەردوو چاوی سوور هەڵگەڕابوون و بە زەحمەت قسەی پێ دەکرا. منیش دەستم بە گریان کرد. بە هەر کوێدا دەستم دەگێڕا، هەموو شتێ دوورەدەست بوو. من خۆم بە بانەوە گرتبوو و ئەویش خۆی بە منەوە گرتبوو. لە ئەنجامدا، بە ئەدەبەوە لێکیان دابڕین. کە لێکیان کردین، هەموو ئەوەی کە پێم دەبیندرا، ڕوخساری تەڕی بان بوو. بۆ نهۆمی سەرەوە و دوایی بۆ ساڵۆنی چاوەڕوانی و دواتریش بۆ ناو فرۆکەیان بردم.

لە ١٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٠دا گەیشتمەوە تۆرێنتۆ. لێپرسراوانی کەنەدایی گوتیان، تا مەسەلەکەی من بە لایەکدا نەکەوێ، نابێ بان بێ. بەو شێوەیە، دەستم بە کاری دوور و درێژی پەنابەریی کرد. جگە لەوەش، بە درێژایی ئەو ماوەیە، لە لایەن خەڵکی سەر بە دەزگای پۆلیسی نهێنی کەنەداوە لێکۆڵینەوەم

لەگەڵدا دەکرا. باسی کیژێکی سووریم بۆ گێڕانەوە کە نهێنی باڵیۆزخانەی کەنەدای لە بەغدا، دەدایە موخابەرات.

ئەفسەرەکانی سەر بە نهێنیگەریی کەنەدا، پێ دەچوو ئەو باسەیان پێ گرنگ بێ. زانیاری پترم هەبوو پێیان بڵێم بەڵام خۆیان گوتیان کە پێویستیان پێ نییە. دەیانگوت گوایە دەزگایەکی بەرگرین نەک بیرۆی خەفیەگەرێتی بێگانە. سەرسام ببووم. کەنەدا خەریک بوو دژی عیراق دەچووە شەڕەوە، کەچی پێ دەچوو دەزگای پاراستنی کەنەدا، هەر هێندەی (ستیڤ)ی یەمەن بیەوێ کەڵک لە دەستوەشاندنی خەفیەگەرێتیی وەرگرێ کە من دەمویست پێشکەشیان بکەم. ئیدی پتر پەست بووم.

کە پاییز بەرەو زستان دەبووەوە، من چاوەڕوانی دەستپێکردنی شەڕم دەکرد و خەفەتم لە بان دەخوارد.

( ١٤ )

## چاکترین تۆڵە

لە ١٦ی کانوونی دووەمدا شەڕ دەستی پێ کرد. ئەو کاتەی ئێف ١٦ بۆمبهاوێژە شەڕکەرەکانی ئەمەریکا بە ئاسمانی شەوی بەغدادا دەهاتن و دەچوون، بە سەرسامییەوە تەماشای ڕاپۆرتی ڕاستەوخۆی پەیامنێرانی تەلەڤزیۆنم دەکرد و هاوارم بۆ دەکردن. پێم خۆش بوو بۆمباکان ، کۆشکەکەی سەددام و جێی چاندنی میکرۆبی تیفۆئید و تەمموز و کارگەی کیمیایی و بنکەی سەرەکیی موخابەرات و کارگە سەربازییەکان وێران بکەن. حەزم دەکرد دروستکراوە چەپەڵەکانی ئەو بەڵایە تەفروتونا بن. لە هەموو شتێ زیاتر، حەزم دەکرد بۆمباکان خۆی بکوژن.

لەو باوەڕەدابووم کە ئەمەریکاییەکان بە پێی توانا، بە وردیی نیشان دەپێکن. بەڵام دەشمزانی بێتاوانی مەدەنیی پێوە دەبن. لەگەڵ ئەوەشدا پێم وابوو کە

سەرجەمی خەسارەتەکان لەوە کەمتر دەبێ کە سەددام و داروودەستەکەی، بەردەوامیی بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن. ڕەنگە گوتنی ئەوە بۆ منێک کە بە سەلامەتیی لە تۆرێنتۆ دانیشتبووم، هاسان بێ. بەڵام دەمزانی ئەگەر لە بەغداش بوایەم، لە سەربانی ژوورەکەمەوە هاوارم بۆ (ئێف ١٦)ەکان دەکرد.

وەک گەلێ کەسی دی ، درەنگ ئەوەم بۆ ڕوون بووەوە کە کارەساتی گەورە بە سەر دانیشتوانی بەغدا و شارەکانی تردا هاتووە. بە پەژارەوە هەواڵی برسێتی و لەدەستدانی ماڵ و حاڵ و بڵاوبوونەوەی پەتام زانی. کە زانیم تەنها بنکە سەرەکییەکانی موخابەرات و ئەو بابەتانە بوونەتە نیشانە و لێدراون، بە تەواوی شێت بووم.

کە هەموو ڕێیەکی پەیوەندیی بڕا، نەمدەزانی خێزانەکەم چۆنن. یەکێ لە نەمسا گوتبووی کە (بیبی)، پێش ماوەیەک مردووە بەڵام بە نەخۆشیی نەک بە هۆی بۆمبارانەوە. بەڵام لە ڕاستیدا، لە هەواڵەکە دڵنیا نیم.

بە بەردەوامبوونی جەنگ، هەستم دەکرد، لە لایەن سۆزەوە، لە سەر بۆڕییەکی سەر ئاودام. کاتێ بۆمبا بەر پەناگەی خەڵکی مەدەنیی کەوت و سەدان ژن و منداڵ کوژران، پەژارەم گەیشتە چڵەپۆپە. ناوچەکە شارەزا بووم و دەمزانی ئەوێ نیشانەی سەربازیی نییە. جنێوم بەو خەفیانە دەدا کە بوونە هۆی ئەو کارەساتە. دوایی کە زانیم چەند نیشانەی سەربازیی لێدراوە و چەندە لە ئامێری شەڕی سەددام تێکشکێندراوە، گیانم بزوایەوە. منیش وەک خەڵکی دی چاوەڕوانی شەڕی زەوی بووم.

کە هێزی هاوپەیمانەکان پلانی بەناو ئاشتی سۆڤیەتی - عیراقییان ڕەت کردەوە و جۆرج بوش و هاوپەیمانەکانی، هێزی زۆری خۆیان لە هێرشێکدا ناردە ناو کوەیت و عیراقەوە، زانیم ئەوە هەر نوختەی وەرچەرخانی جەنگەکە نییە، بەڵکو هی هەڵوێستی ئەمەریکاشە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەستم کرد کە واشینگتۆن، بۆ یەکەم جار دەزانێ لەگەڵ کێدا خەریکە. وا وێدەچوو خەڵکی کۆشکی سپی و پێنتاگۆن، وەکو خەڵکی عیراق زانیبێتیان کە پلانی ئاشتی فێڵێک بێ و سەددام بیەوێ هەوڵی خڵەتاندنی ڕۆژاوای پێ بدا. لە عادەت بەدەر، بوش ڕانەکێشرایە ئەو دەمەتەقێ پێکەنینهێنەر و گفتوگۆیەوە.

نارەزایان، لە هەموو جێیەکی جیهانەوە هاواری توورەبوونیان لێ هەستا و (بوش)یان بە شەڕخواز تاوانبار کرد بەڵام ئەو هەڵوێستەی کە ئەو بەرانبەر سەددام نواندی تاکە ڕێگابوو.

لە ئەنجامدا، شەڕی زەوی، تەنها بە سەد سەعات کۆتایی پێ هات.

ئەگەر سوپای عیراق بەرگریی بکردبا و شەڕی بکردبا، ڕەنگە کەمێ زیاتری بخایاندبا. دەزانم ئەگەر جلکی سەربازیم لەبەر بوایە، یەکەم کەس دەبووم بۆ لای سەربازی هێرشبەری دوژمن هەڵدەهاتم و وەک فریاڕەسی درەنگهاتوو پێشوازیم لێ دەکردن. ڕێک هەر ئەوە بوو کە شەست هەزار پیاوی عیراقی کردیان. بە برسیکردنیان لە لایەن گەورەکانی خۆیانەوە و بە ناچارکردنیان کە چەک بە کۆڵەوە لە بەرەدا بووەستن، بە گریانەوە دارمانە سەر پێی سەربازی هاوپەیمانەکان و نیوەیان نەیانویست بگەڕێنەوە بۆ عیراقەکەی سەددام.

دەزانم ئەگەر منیش یەکێ بوایەم لەو سەربازانە، بەوە سەغڵەت و توورە دەبووم کە لە پێناوی سەددامدا بمرم. دەبێ چەندیان بە دەم جنێودانەوە مردبن ـ جا جنێو بە سەددام یا بە ئەمەریکا.

ئەمە ناوکی پرسیارەکەیە. کێ دڵ و هۆشی زۆربەی خەڵکی وەدەست هێنا؟.

وڵاتە دەوڵەمەندەکانی کەنەدا و دانیشتوانیان، خۆشییان بۆ سەرکەوتن پێشان دەدا. ئەمەریکایان بەرەو ئاسمان هەڵدەنا.

هەزارانی ئەردەن و جەماوەری فەلەستین کە لەوێ لە ناو داگیرکردنەکەدا دەژیان، گەلێ لە وڵاتە یەکگرتووەکان بێزار بوون. زۆر لە دایک و باوکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، منداڵی خۆیان وا پەروەردە دەکەن کە سەددام قارەمان بێ و وەک عیملاق بەرانبەر دەستدرێژکەران وێستابێ. ڕاستیش ئەوە بوو کە سەددام لە ناو جبەخانەکانی خۆیدا ساغ و سەلامەت بوو و سەربازی ئاسایی (بە تایبەتیی ئیجبارییەکان) و دایک و منداڵانی خستبوونە بەر زەبروزەنگ. ئەوانیش داستانچییەکانیان پێ نەدەگۆڕا.

ڕادیـۆی بەغـدا، بەردەوام جنێـوی قەبەی بە داگیـرکەرە کافرەکـان دەدا و هـاواری بـۆ ئـازایەتیی و مەزنـایەتیی شـەڕکەرە موسـوڵمانەکان دەکـرد کە لە پێناوی خودا پێشیان بە هێزی شەڕ گرتوە و هەواڵی سەرکەوتنی ڕادەگەیاند.

ئەو بـابەتە خـوتبەدانە، وشـە بە تەواویـی وەردەگێـڕێ و دەنـگ دەداتەوە و هێز و پێزی هەیە و لە سەرووی هەموو شتێکیشەوە، لە عارەبیدا باوەڕی پێ دەکـرێ. خەڵکـی زۆر هەبـوون کە باشـتریان دەزانـی و لەو سـەربازانەیان بیستبوو کە لە بەرەی شەڕ گەڕابوونەوە یا لە ڕێی ئێزگەی (بی بی سی)یەوە تێگەیشتبوون کە جەنگەکە هەرچی بێ، سەرکەوتنی عیراق نییە. بەڵام هەر لە بەر ئەوەی زۆر کەس دەیانویـست بـاوەڕ بـکەن کە سـەرکەوتنە، پێیـان وابـوو سـەرکەوتنە.

لە سـەر ئەوانەشـەوە ترسـی سـەددام کاری تێکردبـوون. بـۆ مـن زەحمەتە بە بێ دەسەڵاتەکەی سەددام بیری لێ بکەمەوە. دوای تێکشکانە سـەربازییەکەی، چ کـاتی بە فیـڕۆ نەدا و زوو مەودای ئاگربەسـتی قۆسـتەوە. ئەمەش، لەوەدا سەربەستی کرد کە بەرهەڵستکاری ناوخۆ تێکبشکێنێ. سـەددام، دوای ئەوەی لە شەڕی بەری ئێراندا، سەدان هەزار کەسـی وڵاتەکەی خـۆی بە کوشـت دان، دەسـەڵاتی هەر لە دەسـتدا مـا. لە شـەڕی کەنداویـشدا، زۆربەی جبەخـانە شـاردراوەکانی و زۆربەی سـوپاکەی لە دەسـتدا. بەڵام ئەم خەسـارەتانە، لە ئەنجامـدا کاریـان نەکـردە سـەر ڕالەخۆبـوونی خـۆی. بـۆ هێـشتنەوەی مەملەکەتەکەی، وەک زۆردارێک دەجەنگا.

ڕەنگە هیوای ئەوە بکرێ کە تێکشکێنەرانی هێزەکە و چەکفرۆشـان خـۆ پێدا بکەن و هەوڵێکی ڕاستی بۆ ئەوە بدەن کە بەڵایەکی تر نەخولقێ. دەتوانم بڵێم کە باسـی پێداویـستی بەرتەسـککردنەوەی چەکفرۆشـتن بـۆ ئەوە هەیە کە سەرانسەری جیهـان کـۆنترۆڵ بکرێ. بەڵام ئەو دەسـەڵاتەی کە دێتە کـایەوە، دەبێ لە بنەڕەتەوە ڕێی داهـاتی دابـین بکـرێ و تونـدوتۆڵ بـێ. مـن بیـر لەوە دەکەمەوە چۆن ڕژێمی عیراق "فرۆکەی دیپلۆماسـی" بەکـار دەهێنا و خەفیەی دەنارده ڕۆژاوا و لەوسەرەوە، بە هەموو شتێکەوە، لە چەکەوە بگرە تا دەگاتە ئامێری تەکنیکی باڵا، بۆ بەهێزکردنی مەکینەی مەرگ دەهێندران.

له تەمەنی ٢٦ ساڵیمدا، بابی ئەوە ماندوو بووم کە باوەڕ نەکەم بازرگانانی چەک و سیاسەتمەداران، حەز لە بابەتی وەک خۆیان بکەن. زۆرداران شت دروست دەکەن و ئاگری شەڕی پێ هەڵدەکەن کە دەبێ لە دژی خۆیان داگیرسێ. ئەگەر جەنگێکی دی نەبینین زۆر سەرسام دەبم.

ئەدی عیراق خۆی؟. بە سەددامەوە یا بەبێ سەددام؟.

پەیامنێر و شیکەرەوەی ڕۆژنامە ڕۆژاواییەکان باسی گۆڕینی سەددام دەکەن و بە لای خۆیانەوە خەڵکی لەباریان بۆ جێی ئەو ناو بردووە: ناوی تاها یاسین ڕەمەزان و سەعدوون حەمادی و حوسێن کامیل خراونەتە ناو ناوانەوە. ئەم پیاوانە مۆدێرات نین. ئەمانە دەستەی دڵسۆزی سەددامن.

ڕەنگە گێڕانەوەی کورتەیەک لە ڕابردووی ئەم جێگرە سڕبوانە بەکەڵک بێ. تاها یاسین ڕەمەزان کۆنە گروبانی سوپایە و کتوپڕ بووە پیاوی ژمارە سێی وڵات. کاری ئەو ئەوە بوو سەرپەرشتیی پێشکەوتنی دارایی عیراق بکا. ئەوەش چاودێریکردنی سستەمی بێ سستەمە.

سەعدوون حەمادی شیعەمەزەب، کەس نەیزانی لە کوێوە پەیدا بوو و گەیشتە پلەی وەزیریی بە وەزارەتی دەریشەوە. حەمادی، لە لایەن شارەزایانی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستەوە، بە مۆدێرات ناسێندرا. ئەم گوتەیە هەر ئەوەندە بڕ دەکا کە هەڵبژاردەی هێزی عیراق جێگای باس بێ. حەمادی پیاوێکی بەدخووە و بەوپەڕی ساکارییەوە، دەزانێ چۆن لە ناو (بازنەی ترس)ی سەددامدا کار بکا.

حوسێن کامیل، ئامۆزا و زاوای سەددامە و وەک دڕندە وایە. ناوبانگی سەرەکیی ئەو لەوەدایە کە مێردی کچە گەورەکەی سەددامە. لە حەقیقەتیشدا، خوێندنی زانکۆی تەواو نەکردووە و هەر ئەوەندە گرینگیی بە خوێندنی زانکۆ دەدا، کە سەددام حسێبی بۆ دەکرد.

تاریق عەزیزی حیلەباز، وەزیری دەرەوەش هیمای بۆ کرا. ئەم پلەی خوێندەواریی هەیە بەڵام وەکو ئەوانی دی، جەماوەری بە دواوە نییە. پیاوی ئەشەدوبیللایە و سەرکردەیەکی دەوێ تا دەستی بۆ بە لاملدا بدات و بڵێ بەڵێ. لە ژێر جلوبەرگی مۆدێرنییەوە، بەعسییەکی بێ ڕەحمە و تەواو.

ئەگەر یەکێ لەم پیاوانە جێی سەددام بگرێتەوە، ئەوە دەگەیەنێ کە هەر دوو حەفتە و جارێک، کودەتایەک لە عیراقدا بەرپا بێ. هیچ یەکێ لەمانە بنکەی لایەنگرییان نییە و توانای سەرکردایەتیکردنیشیان نییە. ئەمانە، لایەنگرن نەک لایەن.

زۆربەی ئەفسەرەکانی دەوروبەری سەددام پلەی ڕۆشنبیرییان نزمە. سەددام، کەمایەتی خوێندنیان بەوە پڕ دەکاتەوە کە بڵێ: "ئەم پیاوانە لە ڕێگای خەباتەوە بۆ وەدەسهێنانی دەسەلات، لە ناوجەرگەی جەماوەردا ڕۆشنبیر بوون." ئەمەش یەکێکە لە قسە قۆڕە پڕبەپێستەکانی بەعس.

جێگرێکی دی کە جاروبار باسی دەکرێ، بەرەی دیموکراتی لیبراله کە لە لەندەن نیشتەجێیە و ئێستا چۆتە عارەبستانی سعوودیی. ئەمانە، بنکەی جەماوەرییشیان کەمە. ئەو کاتەی ئەمانە گەمەی سیاسەتیان لە ڕۆژاوادا دەکرد، خەڵکی عیراق زۆریان ئازار چەشتبوو. وەک پێشووتر گوتم، موخابەرات تەنانەت هەوەسیشی لێ نەبوو هیچیان لەناو بەرێ و هەر حسێبی دەرەوەی بابەتیان بۆ دەکرا. ئەمەریکایی و هاوپەیمانەکانیان زۆریان پێ خۆشە بەرەی لیبراڵ لە سەر تەختی دەسەلات ببینن بەلام ئەمە بە تەواویی مەحاڵە. چۆن دەشێ بگەڕێنەوە ولات لە کاتێکدا دەسەلاتی پۆلیسی هەر لە کاردایە؟. چۆن هەڵبژاردن لە سایەی سستەمێکی وا بۆگەندا دەکرێ؟. چۆن ولاتێک بەڕێوە دەبەن کە لە لایەن ئابوورییەوە موفلیسە و ورەی نەماوە؟.

چارەسەری دی ئەوەیە کە سەددام یا داورودەستەکەی بەغدایان بە دەستەوە بێ و بەشەکانی تری ولات لە دەست بدەن. ئەمەیان چارەسەرێکی یەکجار تۆقێنەر و سیناریۆیەکی ئاڵۆزە. ڕێی تێ دەچێ ولات بکەوێتە شەڕێکی ناوخۆیی لە بابەتی ئەو شەڕەی لوبنان کە پتر لە پانزە ساڵ پێوەی تلایەوە. بە هۆی پێکهاتەی ئایینی ئەتنییەوە، عیراق بۆی هەیە بگەڕێتەوە سەردەمی کۆلۆنیایەتی و هێزی دەسەلاتی ناوچەیی ڕەت بکاتەوە. بەریتانیا، سێ هەریمی ئەتنی/ ئایینیی لێکدان و عیراقی نوێی لێ پێکهێنان. ئەو هەرێمانە، بەسرا و موسڵ و بەغدا بوون. سیناریۆی وا، وای لێ دێ کە دەعوە بەسرا و باشووری عیراق وەڕێوە بەرن و کوردەکان باکووری عیراق و موسڵ، و

سـەددام و بەعـسییەکانیش ناوەڕاسـتی عیـراق، لە بەغـداوە کـۆنترۆڵ بـکەن. کەرتبوونی وڵات دەبێتە کارەساتێک و تەرازووی هێزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەنگ دەکا. خوارووی عیراق، لە نەجەفەوە تا بەسرا دەبێتە پاڵپشتی ئێرانی ئێستا بەهێز. باکووری عیراق ـ موسڵ ـ ڕەنگە بەرەو تورکیا دایبشکێنێ. لە کاتێکدا بەغدا کە نزیکەی سێیەکی سەرجەمی عیراقە، دەکەوێتە هەژارییەکی تەواوەوە و لە داهاتی سروشتیی وڵات بێبەش دەبێ.

ئەم سیناریۆی خراپترین حاڵەتە، خزمی نزیکی باوەڕی منە کە بە چاکترین چارەسـەری دەزانـم: فدراسیۆنی سێ یا پتری وڵاتـان. وڵاتە یەکگرتووەکانی عیراق. دیارە ئەمە، تا ئەو دەمەی خەڵکی، بە جۆرێ لە جۆرەکان فێر دەبن لەگەڵ مافی بەرابەردا بژین و بە جیاوازیی یەکدی ڕازی دەبن، زەحمەتە. بە هەرحاڵ، ئەوە ناوکی دیموکراسییەتە.

لە بەدبەختیـی، ئەو داروەدەسـتەیەی کە لێـی دەوەشـێتەوە حـوکمڕانیی بکـا، دەعوەیە. لە بەریتانیا، ئەمانەم ناسین و زانیم ترسـهێنەر و ڕژدن و بە نـاوی خـودا و بـاوەڕی دۆگمـاوە، خەڵکی زیاتر لە عیـراق دەکوژن. دەعـوە، لە ژێـر سایەی سەددامدا، مەودایەکی ئەوتۆی سـەرکەوتنیان نییە، چونکە لە لایەکەوە سـەددام بە چـاکیی ڕێکخراوەکەیـانی پاکسازی کـردووە و لە لایەکـی تـرەوە، عیراقییەکان ئەوەندە بۆ لایەنگرانی خومەینی بە پەرۆش نین.

سەیر لەوەدایە کە پتەوترین بنکەی دەعـوە لە نـاو یەخسیرە عیراقییەکاندایە کە ساڵی ١٩٨٨ لە ئێران گەڕانەوە و پڕ بوون لە سـۆز بـۆ شـۆڕشـی ئیـسلامی خـاوەن بەنـدیخانەکانیان. نەعمـان و جەمـاعەتی دەعـوەم لە مانچـستەر، لە بە عەقڵەوەچـوونی کـاری بەربەریـانەی خـومەینی ئاگـادار کـردەوە، کە بە نیـازی چاکەکاریی ئاگر بەرپا دەکات. دیموکراسییەت لای ئەوان، ماف و سەربەستیی هەمـوو ئەو کەسـانەیە کە لەگەڵیانـدا هـاوڕا بـن. دەعـوە، عیـراق دەکـاتە کەمبۆدیایەکی دی. ئای میللەتە کلۆڵەکەم.

حەقیقەتـی گـرنگیش ئەوە دبـێ کە واشـنگتۆن ئەو هەڵەیە دەکـا یـان نـا، کە بڕیاری پێکەوە هەڵکردن لە گەڵ دەعوەدا بدا. پێدەچێ جۆرج بوش ئاخرێکەی زانیبێتی سەددام چییە. بەڵام ئەو هیوایە گەلێ زیادە، کە سـەرانی ئەمەریکا لە

شەو و ڕۆژێکدا دەرسیان لەو هەلآنە وەرگرتبێ، کە لە ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستدا کردوویانە. جارێکی تریش وەبیرم دێتەوە کە چۆن نەعمان و قسەکەرەکانی تری دەعوە فێر ببوون وەک دیموکراتیخوازی بێ زەرەر خۆ بە ڕۆژاوا بناسێنن. دەترسم کۆشکی سپی پێی وابێ لەگەڵ دەعوەدا کار دەکرێ.

دەزانم دەعوە دەخوازێ کار لەگەڵ واشینگتۆندا بکا و دوایی، بە کاوەخۆ هەڵگەڕێتەوە و لە پشتەوەڕا تەقە لە ڕۆژاوا بکا. ئەگەر بلوێ، ئەمە لە هەموو جیهاندا دەکەن. جەوهەری بزووتنەوە ئیسلامییە توندڕەوەکان ئایین نییە، بەڵکو زیاتر وزەی ڕقە. ڕق لە ڕۆژاوا بە گشتی و ئەمەریکا بە تایبەتی و لە سەرووی هەموو شتێکی تریشەوە، ئیسرائیل.

باسی ئاشتی و چارەسەری کێشەی فەلەستینی ئەم هەستی ڕق و کینەیەی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست ناگۆڕێ. ئەبو عەباسی تێرۆریست و دارودەستەکەی، بە بەردەوامیی باوەشێنی ئاگری خۆیان دەکەن. جا سەددام پشتیان دەگرێ یا دەعوە یا هێزێکی تری ناو خۆڵەمێشی عیراق، جیاوازیی نییە.

تێکشکانی سوپای عیراقی، هێندێ قسەی هیوابەخشی بە دوودا هات کە ئاشتی سەرانسەریی جێبەجێ دەبێ. بەڵام من ئەوەندەم هیوا نییە. گۆڕانی نوێ لە سەر کۆن دەبینم، چاوەڕوانی کۆن. (جۆ کلارک)ی وەزیری دەرەوەی کەنەدا دوای دیدارێکی لەگەڵ هاوچەشنە ئێرانییەکەیدا، باسی ئەوەی کرد کە چۆن بۆ گەلانی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست پێویستە باوەڕ بە یەک بکەن. بۆچوونی مندالآنەی لەو بابەتە، جاروبار دەگوترێ. باوەڕ؟. باوەڕکردن لە وڵاتی مندا، وەک ئەوەیە بڕیاری مەرگ بە سەر خۆتدا بدەی. ڕەنگە شتی وا لە پشتەوەی باوەڕی ڕۆژاواییدا هەبێ. ئەگەر وایە، بۆ ڕۆژاواییەکان وا چاکترە بە دوای سەرچاوەی وزەیەکی تردا بگەڕێن و بچنەوە وڵاتی خۆیان.

مەسەلەیەکی سەرەتایی دیکە لەم باسەدا هەیە. ئەوەش لە لایەن سستەرێکی گەنجی کوەیتییەوە باس کرا. کە هێزی هاوپەیمانەکان بە سەرکەوتویی گەیشتنە کوەیتی پایتەخت، دیتیان خەڵکی، لە خۆشی مانەوەیان دوای حەوت مانگی دۆزەخ، گەشکەی خۆشیی گرتوونی. هەرچۆنێ بێ کوەیتییەکان توانییان خۆ بگرن، بە هۆی دەستەیەکی کەمی بەرهەڵستکارەوە،

خۆراک و ئاو بە هەموو کەس دەگەیشتن. لە داهێنان و توانای کاتی ناچاریدا، توانای سەرنجڕاکێشی مرۆڤیان خستە ڕوو. سستەرە کوەیتییەکە کە نیوەی ڕوخساری لە بن پەچەوە بوو، بە شانازییەوە باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن پشکە ئەرکی خۆی بەوە بەجێ گەیاندووە، کە دەرزی کوشندەی لە چەندین سەربازی برینداری عیراقی داوە.

بە هێمنی و ساردییەوە باسی کارەکەی دەکرد، و ئەمەش بۆ ڕۆژاواییەکان ئەوە دەردەخات کە لە بەشەکەی جیهانی مندا، لەگەڵ چیدا هەڵسوکەوت دەکەن ـ توانایەکی قووڵی ڕقی کوشندە.

ئەوە پاتۆلۆژیای کلتووری ئێمەیە. مەسەلە هەر خەڵکی لاسەنگی وەکو باوکم و سەددامی نەخۆشی مەزنایەتی نییە. لەو باوەڕەدام دەردەکە گەیشتۆتە سەر ئێسک. ئەگەر ترس مەکینەی کۆمەڵگەی سەددام بێ، ڕقیش سوتەمەنییە و لە نەوتەکەمان پتر لە قولاَییدایە.

پێشوتر گوتم کە ئێمەی عیراقی، ئەگەر بڕیار بدەین یەکێکمان خۆش بوێ، بەوپەڕی سۆزەوەمان خۆش دەوێ. لە هەستی نەرێتیشدا ، هەمان شت ڕاستە. بە دەگمەن لێمان دەژنەویت بلێین کە یەکێکمان خۆش ناوێ. زۆرتر، ڕقمان لێیەتی. لە هەر یەکێکماندا، جێگەی زۆر بۆ ڕق هەیە. دەبێ هەموو سەرۆکێکیش، ئەو جێیە پڕ کاتەوە.

لە ناو قەڵەشی سۆزی مێژوودا گیرمان خواردووە و ناتوانین لێی دەرباز بین. پێم وایە ئەم کۆنە قینانە، بە تایبەتی لە لای خەڵکی باکووری ئەمەریکا، جێی لێ تێگەیشتن نییە. ولاَتە یەکگرتووەکان و کەنەدا دوو ولاَتی تازەن و جانتای سەفەری چەندەها سەدەیان پێ نییە. لەبەر ئەوە، ڕەنگە سەرکەوتنی دانیشتوە ئەسڵییەکان بۆ ئەوان بگەڕێتەوە. خەڵکی ئەم دوو ولاَتە ڕۆژاواییە، توانای ئەوەیان بووە خۆیان نوێ کەنەوە چونکە دەبوو کارێکی وا بکەن شتێ لەو هەموو کلتوورە جیاوازانەی کە هاتنە ولاَتە تازەکەوە، دروست بکەن. کێشە وسۆز و چاک و خراپ هەن بەلاَم نەگەیشتوونەتە ڕوحی ئەمەریکایی باکوور، وەک ئەو بابەتی میراتییەی من کە وا لە هۆشدایە.

ئێمەی عیراقی، پێدەچێ حوکمی کۆیلەیەتی دووبارەوەبووی وەک پێچی ناو بازنەی ترسمان بە سەردا درابێ. بەڵام دەمەوێ باوەڕ بکەم کە دەتوانین ئەم شێوازە کۆنە بگۆڕین. پێم وایە ئەم جەنگە، سەرەتای ئەو گۆڕانەیە.

تێکشکاندنی ئـامێری ترسـناکی سـەربازیی سـەددام و ئاشـکرابوونی وەک ناپاک و تاڵانکەر، یەکەم درزە کە کەوتبێتە بازنەکانی ترسەوە و هیواداریشم وا بـێ. بەڵام موخـابەرات و دامودەزگـا نهێنییەکـانی تـر، لەوە ئـاڵۆزتر و بە دەسەڵاتترن کە بە هاسانیی دارمێن. وەک (ساواک)ی دڕندە و لە هەمان کاتدا بێتوانای شا نییە کە کاتێ مەلاکان دەرفەتیان قۆستەوە، هەرەسی هێنا. وەک سـوپا عــاتیفییە ملیـۆنییەکەی سـەددامیش نیـیە کە زۆربەی لە سـەربازی ئیجبـاریی پێکهـاتووە کە باوەشـیان بـۆ سـەرکەوتووەکانی بەرانـبەر خۆیـان کردەوە.

هەرچۆنێ بێ، باسەکە سەنگەرگرتنی دەزگای خەفیەگەریی عیراق دەخاتە ڕوو. دەیـانەوێ وەک هێزێـک بمێنـنەوە تـا لە هەمـوو پاشـەڕۆژێکی عیراقـدا حـسێبیان بـۆ بکـرێ. ئەبـو فیـراس و (ڕازی)ی گـۆریللا و خالیـدە (هەڵـۆ)ی خەفیێ سوورفل ـ بە هاسانیی دەسبەردار نابن.

بەعسایەتی، تا ماوەیەک، بە شێوەیەک لە شێوەکان دەمێنێ و ئەم زەرووە بە هاسانی بەری نادا. هەر حیزبێکی سیاسی نەبوو بەڵکو سستەمی کۆنترۆڵ کردنی هۆش بوو. ئەو منداڵانەی کە خەبەریان لە دایک و باوکی خۆیان دەدا، لە شەو و ڕۆژێکدا نابنە دیموکراتیخواز.

وڵاتەکەم بەرەڵڵاییەکی تەواوە. دوای زۆر ساڵ لە کاری دژەسستەم، هۆش و کەسـایەتی خەڵـک وا چەمـاونەتەوە و گیرسـێندراونەتەوە، کە بە لایـانەوە بیری خۆیان ئاساییە و بیری هەموو خەڵکی دی خیانەتکارییە. بۆ من هاسـان بوو ببم بە خەفیەی مۆساد و دواییش خەفیەی موخابەرات چونکە ژیان لە عیـراق و وڵاتە عارەبەکـانی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاسـتدا، ئەوەیە هەر لە سـەر بێشکەوە فێری دووڕوویی و فێڵکردن بیت و قەدبڕ بڕۆی. بۆیە لەو کلتوورەدا کە من تێیدا گەورە بووم، ویژدان ئازارت نادا کە پەساپۆرت تەزویر بکەی، کاری ڕەش بکەی، خەریکی چەک بی، لە تاقیکردنەوەدا قۆپیە بکەی. ئەمانە

بەشێکن لە شێوەی ژیان.
تەواو مەحاڵە لە کەرەسەی وا، دیموکراسییەت دروست بێ. بەڵام دەبێ لە جێیەکەوە دەست پێ بکەین. نامەوێ باوەڕ بێنم کە بۆ هەمیشە، بەم ڕێیە ترسناکەدا بڕۆن. دەمەوێ باوەڕ بکەم کە مەودادانی زانست و فرسەت، ئەگەر بەبێ تیرۆر و زۆرداریی بێ، تێماندەگەیەنێ کە ژیانبەخشین لە ژیانزەوتکردن چاکترە. حەز دەکەم تێبگەین کە لایەنی هاوبەشمان لە لایەنی جیاوازمان بەهێزترە. ئایین و سستەمی سیاسیی دەبێ فێری پشودرێژیمان بکەن نەک چۆن سووکایەتیی بە یەک بکەین و دژایەتیی یەکتر بکەین. دەمەوێ بۆ شتە جوانەکانی کلتووری عارەب بگەڕێمەوە - ڕۆشنبیریی سەردەمی هاروونە ڕەشید - بەڵام بە پەروەردەی مۆدێرنی دیموکراسییەت. دەزانم ئەمە بە هیوایەکی خەیاڵیی دەچێت. بەڵام ئەگەر هەوڵی بێ وچان نەدەین، بە ڕاستیی چارەنووسمان تێداچونە. هێندەی پەیوەندی بە منەوە هەیە، دەمەوێ لەگەڵ (بان)دا، خۆم لە ڕابردوو بدزمەوە. هەوڵ دەدەین پێناسەی نوێمان هەبێ، وڵاتی نوێمان هەبێ و خۆمان بۆ گرنگترین پێداویستی ژیان تەرخان بکەین: منداڵمان هەبێ. لە هەموو شتێکی دنیادا، زیاتر حەز دەکەم لەگەڵ (بان)دا کۆرپەیەکمان ببێ. دەمەوێ ژیان ببەخشم، منداڵم خۆشبوێ و بە سروشتیی پەروەردەی بکەم چونکە دەزانم دەشێ جوانیی، لە ناو ڕوحی مرۆڤدا گوڵ بکا. دەمەوێ دڵی منداڵی خۆم خۆش بکەم، زانیاری و هێمنییان پێ ببەخشم. دەمەوێ پشکی خۆم لەوەدا بە ئەنجام بگەیەنم کە چەند مرۆڤێکی ڕێکوپێک لە سەر ئەم گۆی زەوییە دروست ببن. ئەگەر بەشەکەی من لەم جیهانەدا ئاسایشی لە ناوچەواندا نووسرابێ، دەبێ لە سەر بێشکەوە دەست پێ بکەین. دایکم هەوڵی دا بەڵام دەسەڵاتی نەبوو.

لە هەموو شتێ پتر حەز لەوە دەکەم کە سۆز پێشکەش بکەم. ئەوجا، بە دڵنیاییەوە سۆزم بۆ دێتەوە. ئەوە، لە هەموو شتێ زیاتر، باوکم و ئەو حیزبەی کاری بۆ دەکرد، لێی بێ بەش بوون. هەرگیز بە تەواوەتیی هۆیەکەی نازانم. ئێستا، ئاخرێکەی ئەوەم بۆ دەرکەوت کە هەوڵی تۆڵەسەندنەوە، هەر

بازنە و پێچکەکان دەسوڕێنێتەوە. دوا حەقیقەت ئەوەیە کە چاکترین تۆڵەیەک لە باوکمی بکەمەوە، ئەوەیە منداڵی خۆمم خۆش بوێن.

ئەمانە، بۆچوونی سەیری پیاوێکن کە خزمەتی مۆساد و موخابەراتی کردووە. بەڵام تاکە ڕێگەی دەربازبوون لەم سەرما تۆقێنەرە، هەر خۆشەویستییە، کە شکی دەبەم.

**- تەواو -**